شیعر

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

سابیر گۆران

هاڵاوی زامەکانم

هەولێر ٢٠٢٣

شیعر

هاڵاوی زامەکانم

سابیر ساڵح عەزیز
سابیر گۆران

هەولێر ٢٠٢٣

ناوی کتێب: هاڵاوی زامەکانم

نووسینی: سابیر ساڵح عەزیز (سابیر گۆران)

بابەت: هۆنراوە

دیزاینی ناوەڕۆک: سۆران تاودەر

دیزاینی بەرگ: حامد سەقزی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

قەبارە: ١٧*٢٤سم

جۆری کاغەز: باڵکی ٧٠ گرام

جۆری بەرگ: هارد کەڤەر

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٤٧٨/٢٠٢٣ – هەولێر – هەرێمی کوردستان

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی شاعیر چاپکراوەو مافی دووبارە چاپکردنەوەی
بۆ خانەوەدەکەی پارێزراوە.

پێڕست

لاپەڕە	بابەت
١٣	پێشکەشە بە
١٥	سوپاس وڕێز
١٧	بەرکوڵ
١٩	دەستپێک
٢٤	تۆران و دابڕان
٢٦	لەو ساکە بێ تۆم لە ڕۆڕۆم
٢٧	ئاهی دڵم
٢٨	هەلپەرستی
٣٠	پرسیاری ئازار
٣١	نزگرە
٣١	هەتوان
٣٢	خەونی باوەش
٣٣	نێر گزی ژاکاو
٣٥	پاشای نارەوا
٣٧	شیرین
٣٧	تاڵاویی بێ وەفایی
٣٩	چیرۆکی عەشقێکی ئەبەدی
٤٢	عەباو پێچەی داپیرە
٤٤	ئەمشەو بەگوڕ داگیرساوم
٤٦	تینووی گۆڕین

بابەت	لاپەڕە
بەستەی عەشق	٤٧
بووکی داماو	٤٨
دەنگی یەکبوون لە دەی شوبات	٥١
ژانی برینداریکی شەیدا	٥٢
جەژنەی ئەمساڵ	٦٠
نامەیەک لە کەرکوکەوە	٦٠
هەن لەگوێی گادا خەوتوون!	٦١
ئۆ باڵی دڵ	٦٤
بۆ سێ پاڵەوانەکە	٦٥
دڵدارەکەم بناسن	٦٨
پەلەهەورێکی بارگران	٧١
نامەیەک بۆ دەزگیرانەکەم	٧٤
شەش نامەی خوێناوی بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر	٧٧
من و مام هەباس	٨٩
سەرماو گڕی داستانێکی تر	٩٥
پرسیار لە زەمان؟	١٠١
دوو هۆنراوە بۆ نەورۆز	١٠٦
سروودی نەورۆزێکی تازە	١٠٩
شەترەنجی ژیان	١١١
سروودی بۆ پێشمەرگە	١١٥
نامەیەک بۆ بۆرژوا خاپەرۆکەکان	١١٦
بڵێسەی ئاگرێکی هەمیشەیی	١١٩

بابەت	لاپەڕە
هەڵەبجە هێرۆشیمایە *	١٢٢
سەردانی گۆڕی ڕەنجبەر لەنەورۆزی نەوەت و یەک	١٢٤
ڕەنجبەر کێیە؟	١٢٩
پەیامە مێژووییەکانی هەبوون ونەبوون	١٣٤
تەکان بەرەو ڕابوونێکی ئەڤیناوی	١٣٩
بوونەوەرێکی عەنتیکە لە ئەستێرەکی بەجێماو !	١٤٦
خەونی بە مرۆڤبوونی مرۆڤ	١٥٢
سروودی بانگی ئاشتی و خۆشەویستی	١٥٥
چەند فرمێسکە وشەیەک بۆ پەژار	١٥٦
کیژۆڵەی کوردستانی	١٥٨
حەیرانێک بۆ هەولێر	١٥٩
لێم ببوورە	١٦٠
سەگوەڕ	١٦١
مەرگی ناو چەماوەی داخراو	١٦٢
کێوی قاف	١٨١
ئەسمەرە دڵدارمە	٨١٢
چۆلەکە	١٨٣
من قوتابیم	١٨٤
تۆپ تۆپێن	١٨٥
سیحری باڵای	١٨٦
عەشقی خوایی	١٨٧
بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم	١٨٨

لاپەڕە	بابەت
١٩٠	بۆ هەولێرەکەم
١٩١	بۆ وەچەی نوێ
١٩٢	گەندەڵی چییە؟
١٩٣	سڵاوی بێ پایان لەژن
١٩٤	کۆبانی تۆ شە ڕەفی نیشتما نی
٢٠٤	هەڵاتن
٢٠٤	مەشکە لە دار!
٢٠٥	بۆ یادی ڕاپەڕینی هە ولێرەکەم
٢٠٦	تا کەی شوکر بین؟
٢٠٨	بۆ هەڵەبجەی بریندار
٢١١	سروودی " سەدای نەورۆز"
٢١٣	میدیای حیزبی
٢١٤	کۆ چ مەکە هۆ کەسی دایە
٢١٦	کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان
٢١٧	دوو هۆنراوە بۆ هەڵەبجە
٢١٨	سروودی بۆ سەربەخۆیی کوردستان
٢١٩	فیشاڵی مێژوو
٢٢٠	لەناو ڕەزان
٢٢١	شەڕی کورسی
٢٢٤	دەلۆی لۆ دیسان حەیرانە
٢٢٥	ئاڵا
٢٢٥	بۆ ساڵی نوێ

لاپەڕە	بابەت
٢٢٦	چاوەڕوانی سەرفرازی
٢٢٦	کش وماتی
٢٢٧	چیرۆکی ڕزگاربووەکی ئەنفالکراو
٢٣٠	چەکداری حیزبی
٢٣٢	کۆمپانیای خێرخوازی
٢٣٤	سەرۆک و کوڕسی
٢٣٥	لاوکی چیای شەنگاڵێ
٢٣٨	غەدری خۆیی
٢٣٩	کۆنە قەوان
٢٤٠	دەردی پاییزو پیری
٢٤١	شیعر جوانی درەخشانە
٢٤٣	تاڵاوی چاوەڕوانی
٢٤٤	ئەنفال و ئەنفالچی کۆن ونوێ
٢٤٦	دەڵێن جام پڕبێ لێی دەڕژێ
٢٤٨	گفتوگۆی مووچەخۆرو حوکمەت
٢٥٠	چاوەڕێی مووچە
٢٥١	ئەنفالستانی ئێجە
٢٥٣	بۆ ساڵوەگەڕی ڕاپەڕین
٢٥٤	"جاشکۆڵەی بە ڕەوشت!
٢٥٦	شوانی وانابی
٢٥٨	دەبێ کەی ئێمە تەمبێ بین؟
٢٥٩	بەڵێنی عاشقانە

بابەت	لاپەڕە
حوکمداری دروست بەرپرسیارییە	٢٦٠
عـەقـڵی زیـنـدوو	٢٦١
نوقمی تەماشا	٢٦٣
بێزاخ	٢٦٤
بڕواناکەم لەبیرم کەی	٢٦٥
ئەستێرەی درەوشاوە	٢٦٥
مردم لەداخی جاسووسی	٢٦٦
مەتەڵ	٢٦٧
پاشەوپاش	٢٦٩
بەسیە کوردێنی کەرترێن!	٢٧٠
تەپڵی شەڕێ	٢٧١
جوێندان نەنگییە	٢٧٢
وەرە زگی خۆت مەدڕە!	٢٧٣
مەرد جارێ دەمرێ	٢٧٣
شیعر نووسی لە خۆ بایی	٢٧٤
خۆش خەیاڵ	٢٧٦
بۆ ژن لە هەشتی مارس	٢٧٦
ژاوەژاوی دەوڵەتی درۆ	٢٧٧
بۆ شەهید یاسین	٢٧٨
وسم شیعرێکتان بۆبنو چۆن	٢٧٩
مانگی تابان	٢٨١
بۆ دایکی جەرگ سووتاوم	٢٨٢

لاپەڕە	بابەت
٢٨٤	هەولێرییەکان بۆ بێدەنگن؟
٢٨٨	وڕێنەی سەر پردێ
٢٩٠	لەساڵیادی مەرگی باوکم
٢٩٤	گفتوگۆی نەسازاوەکان
٢٩٧	نەخێرم پێ هەزم ناکرێ
٢٩٩	مەهێڵن دەربازبی
٢٩٩	ڕاپــەڕیـن
٣٠٠	بەرشەقدانی مامۆستا خانەنشینەکە
٣٠١	تەکنۆلۆژیای بورجوازی مافیای گزی
٣٠٢	سێلقی
٣٠٣	شۆک!
٣٠٣	تامپۆن لە فەنتەلۆس
٣٠٥	هەستی گیرۆدە
٣٠٦	مامۆستایەکی پاڵەوان
٣٠٧	ئەشقت کۆن نەبووە هەرنووە
٣٠٨	وەختە ئەم ژینە جێ بێڵم
٣١٣	هەنجەت
٣١٣	بەرپێنە
٣١٣	وشەی من
٣١٤	شەوێکی شووم لە تاران
٣١٥	چیبکەم لەداخی ئەم گەلە
٣١٦	پەری خەیاڵ

لاپەڕە	بابەت
٣١٧	بۆ سی و هەشت ساڵیادی ڕەنجبەر
٣١٨	گڵکۆی سەگێکی پیرۆز کراو
٣٢٣	سێ بروسکە شیعر بۆ ڕەنجبەر
٣٢٩	چوارینەی خەیام
٣٢٩	جامی شەڕاب
٣٢٩	چوارینە ؛خەیام
٣٣٠	ڤیستیڤاڵی ڕەنگەکان یان تەفرەدانی لاوان؟
٣٣٢	ئەنفالی دارستان
٣٣٣	قەڵەمەکەی جەمیل ڕەنجبەر
٣٣٤	زامی ڕەنجبەر
٣٣٤	ئاڤێستا
٣٣٥	من و پایز
٣٣٦	بەتەمبەڵی و بەگەندەڵی
٣٣٨	دوکان سوتاوێکی لەنگەی هەولێر
٣٣٩	پاش هەرەس
٣٤٠	شیعرێک بۆ موحەمەد ڕەسوڵ ی هاوڕێم
٣٤١	سروودی بەرگری لە خاک شەرەفە
٣٤٢	حوشتر
٣٤٣	جاشکی قەڵەم بە دەست
٣٤٤	شەیدای تیشکی خۆرەتاوم
٣٤٦	نارەزایی خانەنشینی ڕاستەقینە
٣٤٧	قەل

لاپەڕە	بابەت
٣٤٧	هەولێر
٣٤٧	دەسەڵات
٣٤٨	تروسکایی
٣٤٩	بۆ ڕەنجبەرێک برینەکەی چڵ ساڵە خوێنی لێدەڕژێ
٣٥٠	ڕیشەی غەدری ئەم سەدەیە
٣٥٢	ببنەوە مرۆڤ
٣٥٦	بۆ کۆچی ئەمجارە
٣٥٧	ساڵیادی مەجیدی برام
٣٥٨	کۆڕۆنا ..لوتکەی شەڕانگێزی
٣٥٩	ڕۆڵە گیان
٣٦٠	جانتا هەڵگر
٣٦١	یاسای پارێزگاری چەتە
٣٦١	مامۆستا زارا
٣٦١	مەیدانی نەبەردی
٣٦٢	دوومەترەقی زوڵمستان!
٣٦٣	ڕۆندك
٣٦٣	دیوەخان
٣٦٤	باجی سەرکزی
٣٦٥	بۆ نەوزاد ڕەفعەت
٣٦٥	لە تەنهایی دا
٣٦٦	هەولێری نازدار
٣٦٨	کۆستێکی گران

بابەت	لاپەڕە
بۆ دیدەنیت	٣٦٨
لەعەشقا	٣٦٩
سلێمانی	٣٦٩
ژینا ڕۆژهەلاتی	٣٧١
کینەسازی کورد کوژی	٣٧٢
ڕێز بۆ کەردانێن	٣٧٣
چاونوقانێک	٣٧٤
پاش مەرگە سات	٣٧٤
شارژمکەوە	٣٧٥
دهۆکی دەلال	٣٧٦
زمانی کوردی	٣٧٧
فیشاڵی بنەماڵان	٣٧٨
بگەڕێوە شیرینەکەم	٣٧٩
کورتەیەک لەژیانم	٣٨٠

پێشکەشە بە:

- گیانی شاعیری چەوساوەکان، برای شەهیدی جوانەمەرگم مامۆستا (جەمیل ڕەنجبەر) و شەهید (یاسین)ی برام.
- گیانی بەرزاوی (ئاسک)ی دایکم و (حاجی ساڵح)ی باوکم.
- چینی ڕەنجدەر و زوڵم لێکراوی وڵاتەکەم بەگشتی.

سـوپـاس و ڕێـز...

- بۆ (ئایشێ)ی هاوژینم کەپشتیوانم بووە، لەکاروانی سەختی ژیانم.
- بۆ هەموو ئەو کەس وکارو هاوڕێیانەی پشتگیریان کردم و بوونە هـۆی بەچاپ گەیاندنی کتێبی "هاڵاوی زامەکانم".
- سوپاسـی هەمـوو ئەو بـرادەرانە دەکەم کە بە تێبینییەکانیـان ئەم کتێبەیان دەوڵەمەند کرد بە تایبەت برایانی عەزیزم کازم کۆیی و فەرید عەبدوڵڵا.
- جێـی خـۆیەتی سوپاسـی یەکە یەکەی کارمەنـدانی چاپخـانەی شەهابیش بکەم کە زۆر دڵسۆزانە کاریان بۆ بە جوانیی ئەم کتێـبە کـرد بەتـایبەتی هەردوو بـرای بەڕێـز سـۆران تـاودەری بەڕێـوەبەر و کـاک حامدی دیزاینەری بەرگ.

بەرکوڵ

شیعر خوێنانی لە دڵا شیرین، لە ساڵی دوو هەزار و هەژدە، بە تەمابووم شیعرەکانم بە ناوی "مەرگی ناو چەماوە" بە چاپ بگەیەنم بەڵام بۆم نەڕەخسا، پێشەکییەکیشم بۆ دەستنووسە ئامادەکراوەکەی ئەوسام نووسیبوو بەناوی "دەسپێک" کەلەدوای ئەم بەرکوڵە دامناوەتەوە و دەستبەرداری نەبووم. هەرچەند من زۆر درەنگ کەوتووم لە بڵاو کردنەوەی کتێبی شیعری تایبەت بەخۆم، لەبەر زۆر هۆکار، وائەمجارە بڕیارم داوە زۆربەی شیعرەکانم لەم کتێبەدا بڵاوکەمەوەو تا دیدەتانی پێ ڕۆشن بێتەوە، گەلەک حەزم دەکرد شیعرەکانم بەخۆشاوی ژیان ناوببەم بەڵام بۆم نەکرا، چونکە لە گەڵ زۆربەی ناوەرۆکەکەی نەدەگونجا، بۆزانین؛ چەند شیعرێکیشی تێدا نییە، کە زۆر حەزم دەکرد لەگەڵ ئەم شیعرانەدا بن، چونکە بە ڕای چەند هاوڕێیەکی نزیکم ئێستاکە وەختێکی لەبار نییە، بۆیە با بمێنن بۆدەوروزەمانێکی تر، هەندێ لەو شیعرانەشم لەلاپەڕەی فەیسبوکی خۆم بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەم کتێبەیە جیاوازە و تەتەڵە کراوە، هیوادارم سەڵیقەتان هەبێ بۆ خوێندنەوەیان. بێگومان فۆرم وناوەرۆکی تێکستەکانیش بە پێی قۆناغەکانی ژیانم گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە، شیعرەکانیش هەمە چەشنەن؛ دڵداری، کۆمەڵایەتی، فیکری، مێژوویی، تەوس "تەنز"ی سیاسی هتد... . بەروارو پێڕستیشیان بۆ داندراوە، تا بە ئاسانی بگەن بەهەر شیعرێکی بتانەوێ زووتر بیخوێننەوە، خوێنەران و لێکۆڵەرانیش بە پێی ساڵ و ڕۆژی نووسینیان، شیعرەکان هەڵبسەنگێنن. هەندێ لە هۆنراوەکانیشم وەک ئەوەی مێژووی ژیانی خۆم و کۆمەڵگاکەم بە شیعر یاداشت کردبێ ئەوهایە. بۆیە لەهەندێک شیعردا بۆباشترگەیاندنی ناوەرۆکەکەی ڕەنگبێ گرنگی کەمترم دابێ بە فۆڕمەکەی .هەروەهاهەندێ

زاراوەو وشـەش هەیە کەدووبـارە بـوویتەوە بەهـۆی هـاتنە پێشـەوەی ڕووداوی نوێ و هەڵوێست وەرگـرتن لەهەمبەریـان، بەتـایبەتیش لەم سـاڵانەی دواییـدا. بەهیچ جۆرێـک لایەنگـری هـیچ لایەنێکـی دیـاریکراوم نەکـردووە، هەرچەنـد لە هەندێ کاتدا سـۆزم بۆیـان هەبـووبێ، تەنهـا بەرگـریم لە گەلـی کـوردو چینـی زەحمەتکێش و ماف خوراو کردووە، ڕاسـتە هەنـدێ لە شـیعرەکانم وشـەکانیان ڕەقە، چونکە وێنەی واقعێکی تاڵم کێشـاوە کە بـوویتە تـاڵاو لە قـوڕگی خـۆم و گەلەکەم، بێگومـان هەق و ڕاسـتیش هەردەم ڕەقە. دوا وتەم؛ شـاعیر بـوون بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە، بەئومێدم لە خوێندنەوەی شیعرەکانم وەڕس نەبـن، خۆ ئەگەر لە گەنجییەوە عەشق ڕای نەکێشامایە سەر ڕێچکەی شیعر، ڕەنگبێ ئێستاکە من دوور بوومایە لە کۆڕی شیعر و شاعیران، فەرموون ئێـوەو هـاڵاوی زامەکانم کە ڕەنـگە هەر تـاکێکی کـۆمەڵگە خـۆی لە هەنـدێک شـیعروکۆپلەیاندا ببینێتەوە. هیوادارم ببێ بە خۆشاوێکی بە تام و چێژی لێ ببیـنن. هەربـژین و بمێنن بە خۆشی و ئاسوودەیی شیعر دۆستانی ئازیز...

هاڵاو: هەڵاو: هەڵمی بەتین و گەرم

سابیر گۆران

هەولێر ٢٠٢٣/٣/٣١

دەستپێک

سابیر گۆران

"بە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر هەتا توانیم شیعرەکانم لە فەوتان ڕزگاربکەم".

نزیکەی نیو سەدەیە، لە ساڵی هەزارو نۆسەدو شێست ونۆوە سەروکارم لەگەڵ شیعردا هەیە. لەوکاتەوەی لەگەڵ شاعیری چەوساوەکان، شەهید جەمیل ڕەنجبەری برام، لە بنمیچی یەک ماڵ و لە یەک قوتابخانە و لە یەک پۆل دا گەورە بووین، وەک جمکەش لەمنداڵی دایم پێکەوەبووین. منیش خولیای شیعر ببووم، هەندێ دەمان لەگەڵ شیعردا دۆست و پێکبووم، هەندێ دەمانیش بێتاقەت و دڕدۆنگبووم. چەندین دەفتەری شیعریشم فەوتاوە . کەهەندێ لەو شیعرانەی کەفەوتاون کاتی خۆی زۆرم خۆش دەویستن . لەبەر ئەو بارودۆخە نالەبارانەی ژیانم تێدا گوزەراندووە "سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هتد"نەمتوانیوە بەردەوام دەست لە ملانێی شیعر بکەم، بەهەر حاڵ لەوچل و نۆساڵەدا، ناوەناوە دوور دەکەوتمەوە لەگۆڕەپانی ئەدەبی و ناوەناوەش نزیک دەبوومەوە، بەڵام هەرگیز بەڕۆح لێی دانەبڕاوم .لەسەرەتادا شیعری کرچ وکاڵی سیاسیم دەنوسی نەمدەوێرا بە هەموو کەسێکی نیشان بدەم، تاکەکەس کە نیشانم دەدا "جەوهەرکرمانج" بوو بەوپێیەی ئەودەمی هاوڕێیەتییەکەمان پتەوبوو .دواتر تووشی هەودایەکی بەتێن و عەشقێکی گرداری بەئاکام نەگەیشتووی گەنجانە بووم، وەک سیامەند بۆخەجێ و وەک مەم بۆ زینێ دەسووتام و پێوەی دەتلامەوە، ئەگەر چاودێری دایکم نەبوایە ڕەنگبێ تووشی کارەسات و گرێیەکی دەروونی ئەوتۆ ببوومایەوە کەدەرچوون لێی مەحاڵبێ . جا دەستم بەنووسینی شیعری ئەویینداری کردو شیعر لەناخمەوە وەک کانی هەڵدەقوڵاو وەک چرۆ چەکەرەی دەکردو یەخەی پێدەگرتم، تاکە پەناگەم بوو کەخەمەکانمی پێ هەڵبڕێژم و لەبیرخۆمی ببەمەوە. لەساڵی حەفتاو یەک تا دەهات بڕوام بەتوانای خۆم پتر دەبوو . تا جارێ چووم بۆ ماڵی پەشێو لەسێتاقان، دەفتەری شیعرەکانی خۆم دایێ، ئەویش بۆ ڕۆژی دواتر لەسەر دەفتەرەکەم بەقەڵەمێکی سەوز، حەوت خاڵی بۆم نووسیبوو، ئێستاش ئەو دەست خەتەی پەشێو لای من ماوە.

که ئەوە دەقی نووسینەکەی پەشێوە:

برا لەم سابیر

چاوەکانت ماچ دەکەم

تـۆ یەکێکـی لەوگەنـجە خـوێن گەرمـانەی، لە شـاری هەولێـر هەوڵ و تەقەلای ئەدەبـــی یـــان هەیە. نـــامەوێ لەم ســـەرنجەما بەســـەرت دا هەڵبدەم، ئەوەندە هەیە ئەڵێم هەوڵت داوە، سەرەتایەکی بەهێـزت هەیە، شاعیرە هەرە بەرزەکـانی جیهـانیش سـەرەتایان لەتـۆ باشـتر نەبـووە. بەڵام:

١. زۆربخوێنەوە بەتایبەت شیعرەکانی گۆران و کامەران و مەولەوی.

٢. بەرهەمی شاعیرانی بێگانە بخوێنەوە.

٣. بایەخ بە فۆرمی شیعر بدە وەکو وشە و کێش و پاشبەندی بەهێز.

٤. هەنـدێ هەڵەی زمانەوانیـت هەیە بەخوێنـدنەوە بەسـەر زمانـدا زاڵ ئەبیت.

٥. زۆر ســـەرکەوتووی کەهەوڵـت داوە تەعبیـر لە تەجـروبەی دڵـداری خۆت بکەیتەوە.

٦. هـیچ زۆر لەخـۆت مەکە لەنووسـینا، وابـزانە بۆخـۆت ئەنووسـیت و زاتی خۆت لەیادبێ.

٧. ئازابە و دەربەستی زمانی خەڵک مەبە.

ئیمزا عەبدوڵا پەشێو

١٩٧١/٤/٢

نامەیەکی مامۆستای پایەدار عەبدوڵلا پەشێو
کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی نووسین
لای سابیر گۆران



ڕەنگبێ هەبێ بڵێن ئەدی بۆچی تا ئێستا وەک شاعیرێکی ناودار نەهاتوویتە پێشەوە؟ لەوەڵامدا دەڵێم: پرسیارێکی بەجێیە، بەڵام وەڵامدانەوەی لەم نووسینە کورتەدا ناکرێ!، ئەم هەویرە ئاوی زۆرهەڵدەگرێ چونکە بارودۆخ زۆربەی کات دژی ویستی من بووە.جگە لەوەش من خۆم لەڕاست شیعردا زۆر بەپارێز بووم، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ نازناوی شاعیربوونم نەداوەتە پاڵ ناوی خۆم. پێم وایە هەندە ئاسان نییە ببیە شاعیرێکی چاک و ناوت لە پاڵ شاعیرە گەورە و سەرکەوتووەکاندا بخوێندرێتەوە. هەرکەسێ هەستێ و چەند شیعرێکی ناکامڵ بنووسێ و خۆی بەشاعیر بناسێنێ و پێی وابێ شان لەشانی نالی و مەحوی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزاو هێمن و شێرکۆ و پەشێو و هتد دەدات، کارێکی نەشیاوە و دەبێتە حەشرەکەی حەزرەتی شێخی گەورە! . ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانبوو. هۆکارێکی تریش بارو دۆخی کەسی خۆم هاندەر نەبوو بۆ بەچاپ گەیاندنی دیوانی شیعری تایبەت بەخۆم. جگە لەوەش دوای ڕاپەڕین من نامیلکەیەکی شیعریم لەکۆڕەوەکەیساڵی ١٩٩١لەمەهاباد بەچاپی دەستی، لەماڵی "سەییدیان"بەدەستی کوڕەکەی چاپکرد، بەناوی (سروودی نەورۆزێکی تازە)، تەنیا شێست دانەشم لێ فۆتۆکۆپی کرد، هەرلەوێ لەمەهاباد بڵاوم کردنەوە. پاشان کەهاتمەوە، دوو سێ دانەم هێنابۆوە بەنیازبووم لەگەڵ هەندێ شیعری تر لەهەولێر دووبارە چاپی بکەمەوە، کەچی لەساڵانی حوکمڕانی کوردی و براکوژیدا وازم لەویش هێنا.چونکە ئەوەی من خەونم پێوەدەبینی، ڕێک پێچەوانەکەیم بینی . وادیارە قەدەری من وایە نە شیعر واز لەمن دەهێنێ و نە منیش پێم دەکرێ بە یەکجاری دەست بەرداری شیعرببم. ئێستاش وا بەو درەنگ وەختەوە ئەو دیوانە شیعرەم پێشکەش بەخوێنەران دەکەم، با وەک مێوانێکی ئێسک سووک لەدەرگەی ماڵەکانتان بدات، هیوادارم بەچاوێکی پڕ سۆز و بەخشندەییەوە بیخوێننەوە و دەرگای دڵتانی بۆ بکەنەوە، دوور لە تێڕوانینی حیزب حیزبێنە و بینەوبەردەی بێتامی سیاسی ناشیرین! کەخۆم زۆر بێزم لێی دەبێتەوە. من

تەنیا لەبەرەی گەلی کوردی چەوساوە و مەزلوومم، بڕیاریشمداوە قەت ئەو سەنگەرە چۆل نەکەم. بێشک هەندێ لەشیعرەکانم لەهەندێکیان بالاترو دلگیرترن لەلای خۆم، بێگومانم لای خوێنەران و ڕەخنەگرانیشدا هەروادەبێ، چونکە هەندێک لەو شیعرانە، شیعری بەرگری و هەلوێست و ئازاری ڕۆژانەی میللەتە، بەناچاری هەندێ وشەو دەستەواژەی زبری تێدا بەکارهاتووە کە تەمەننام نەدەکرد لەوجۆرە شیعرانە بنووسم و بلاو بکەمەوە، بەلام بێدەستی خۆم، ئەو زروفە سەقەت و نارێکەی ولات بە سەریدا سەپاندووین، وای لێکردم بیاننووسم. هەرچەندە شیعر بۆ من خەمرەوێن بووە بەلام زۆر وەخیش مایەی سەرئێشە بووە بۆم . چ لە کاتی ڕژێمی بەعسی و چ لە زەمەنی دەسەلاتی گوێمەدێی خۆمالی. شیعرەکانیشم هەمەچەشنەن، فیکری و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و دلداری ونیشتمانپەروەرین . هەندێکیشیان شیعری گەپ و هەلوێست و بەرگرین، زۆربەیان لەم چەند سالەی دوایی دانووسراون، لەفەیسبوکیش هەندێکیانم بلاوم کردووەتەوە، زۆر شتی تریش ماوە باسی بکەم، با جارێ ئەوەندە بەس بێ. هیواخوازم بەدلی گەورە و چاوی لێبوردەییەوە بیخوێننەوە و هەلی بسەنگێنن. سوپاس بۆ هەموو ئەوانەش کە هانییان داوم و هاریکارم بوون بۆ بلاوکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی شیعرەکانم. ئەمڕۆکە بەپێویستم زانی بیخەمە بەر دەستی ئازیزانم، تابچێتە ناو کتێبخانەی کوردی و لەفەوتان دەربازیان بکەم. پێش ئەوەی مەرگ بمگاتێ و شیعرەکانم شوونبزربکرێن. فەرموون لەگەل ئەو چەپکە شیعرانەم کەلای خۆم خۆشەویستن، هیوادارم جێی ڕەزامەندی ئێوەی ئازیز بێت...

هەر شادو بەختەوەر و گەشاوە بن.

هەولێر ٢٠١٨/٧/٢٦

تۆران و دابڕان

ئەوە یەکەمین شیعری منە

هەرچەندی لێی پاڕامەوە   بەو دڵەی پڕ لەزامەوە
بێ سڵ وەڵامی دامەوە: "چیدی نەیەیت بە لامەوە!
ئیدی وەختی دابڕانە   پایزە و گەڵا ڕێزانە"
بە چاوی پڕ فرمێسکەوە   تێکەڵ تاسەو هەنیسکەوە
بە دڵساردی و پەشۆکاوی   زۆر بەعادزی و داماوی

بەرەو دواوە گەڕامەوە   پشتم شکاو چەمامەوە
یارەکەم بۆچی تۆراوی؟   خوا لێت هەڵناگرێ گۆڕاوی
ئەو زیزبوونەت لە، سەرچییە؟   دەردی دڵم دەرمانی نییە
من بێ تۆ ناتوانم بژیم   بێ پرشنگی نیگاکەت، نیم
گیانە بادەوە لای دڵت   با نەگەچلێ عومری گوڵت

پارە و زێڕ دادی دڵ نادا   خۆت لە دەرد و بەڵا لادە
بۆ نەهامەتی و غەمباری   دڵت بردم بە بێ عاری
بۆچی بێ سووچ بەجێم دێڵی   تەنها و سەرگەردان بەوێڵی؟
ئادەی پەشیمان بەرەوە   ئارامەکەت ئاشت کەرەوە
تۆ گەر یارێکی لە باری   ناشکێنی گفتی دڵداری

بێرەوە لای ئازیزی خۆت   دەزانی چەند سووتاوم بۆت؟
گەر تۆ دووبارە بێیتەوە   بەهارم دەگەشێتەوە
دڵم بۆتۆ ئاوێنەیە   ئەو عەشقەی من بێ وێنەیە
تکا و نزام لێ وەر بگرە   دڵ لە سەر پۆڵووی ئاگرە
توخوابا دڵشکان بەس بێ   ئارامەکەی خۆت مەبەس بێ

چۆن دەتوانی لەبیرم کەی؟   عەشقی گڕدارم لەناو دەی؟
شێت و شەیدا و بێ قەرارم   تازە کەس ناکەم بە یارم
تۆم لە یاد ناچێ تا ماوم   ئەی هێزی بینینی چاوم
عەشقی ڕاست قوربانی دەوێ   ئالای بەرزە و قەت نانەوێ
تا ئەو دەمەی لە گۆڕ دەنرێم   هەر گۆرانی بۆ تۆ دەڕێم

هەولێر ١٩٦٩/١١/٢١

لەو ساکە بێ تۆم لە ڕۆڕۆم

گیـانە خـۆزگەم ئەو کـاتەیە یـارەکەی خـۆم ئاشـت بیـتەوە
چـــاوم لەم چـــرکە ســـاتەیە باوەشـــت بـــۆم بکەیـــتەوە

بەرهەمـــی دڵ ئـــاگر دەگـــرێ توخـــوا زوو بیکـــوژێنەوە
وا ئـــارامی گیانـــت دەمـــرێ بیگەیـــێ و بیبـــووژێنەوە

بە ئەوینـی پـاک پێگەیـی چـۆن دڵـت دێـت بیفەوتێنـی؟
چەند سە و بەدکارمان تێگەیی! کێ باغی گوڵ دەسووتێنی؟

بێـرەوە لام قوربـانی تـۆم خێـرا بمبەخشـە یـاری خـۆم
لەوساکە بێ تـۆم لە ڕۆڕۆم خوێناوی جەرگی خـۆم دەخـۆم

ئـادەی پرشـنگی چـاوانم گرفتـاری خـۆت ئاشـت کەوە
خـوا دەیزانـێ بـێ تـاوانم بڵـێ هەڵسـە خەونە ئەوە!

ئەوسـا لە ئامێزێـت دەکەم، هەڵـدەمژم بـۆن هەناسـەکەت
کڕنۆش بۆخوای جوانیت دەبەم بۆ من بێ دەنگوباسەکەت

جا بچین بۆ شـایی شـێخانی بە بـڕوای بە یەک گەیشـتن
نەشـمیل بـە سـاز و گـۆرانی لە جیـاتی فرمێسـک ڕشـتن

گـوڵی دەسـکردی نـەورۆزم ئـاوداوە بە خـوێن و ئەسریـن
تا دەرکەوێ چەند دڵسۆزم بە هیـوای تـۆم تـا هەم لە ژیـن:

هەولێر ١٩٦٩/١١/٣٠

ئاهی دڵم

وامەزانە کە درەنگ درەنگ، دێمە سەر ڕێت
خۆشەویستیت ساردبۆتەوە و گیراوە جێت

وا مەزانە گەر جار جار بۆ دیدەنیت بێم
عەشقم ڕوو لە نەهاتە و ڕەنگبێ ئیدی نێم

تەنیا گیانە لە بەر پارێزگاری ئابڕووت
ڕێکخستنی زەماوەندی دڵی سڕبووت

نەک ببمە کۆسپێک لەرێگەی بەختەوەریت
نەک بە ئاهی دڵم، گوڵم هەڵبوەریت

تا مابم ئاسوودەیی و شادی تۆم دەوێ
بێ تۆش بم هەر دەخوازم ژینت سەرکەوێ

گەرچی لە داخی دووریت دڵ قەت نەسرەوێ
با بە خەیاڵ هاودەمی گیانیت بم لەوێ

تکای دڵمە، ڕێ نەگری لە بەشدار بوونم
بۆ ئاهەنگی بە بووک چوونت، گیان دەرچوونم

بە خوا دەبێ کۆڕێکی خۆشت بۆ بگرم
یادەوەریت، بەرز ڕابگرم تا دەمرم

جا با ئەشکی شین و شاییم تێکەڵاو بێ
ژینی پەستیش لە پێشوازی منی لاو بێ

هەولێر ١٩٦٩/١٢/١٧

هەلپەرستی

شــیرینی مــن لە کــوێ فێربــووی، تــۆ هەلپەرســتی
وەک فەرهــاد خســتمتە کێــوان، خــۆ دەمپەرســتی

بۆجێت هێشتم بە غەریبـی و کەساسـی و پەسـتی؟
کەخــۆم پێشــەنگی لاوان بــووم، بۆخۆشەویســتی

ئــاخۆ کــاڵبووی بێســتانی پێنەگەیشــتوو بــووی؟
لەمەیـدانی عەشـق و جـوانی، بەهەڵە چـوو بـووی؟

نەتــــدەزانی ئەویــــن دائــــیم قوربــــانی تیــــایە؟
وەفــــایە شــــەرت و پەیمانــــی هەتــــا هەتــــایە؟

وەک گــــڕی دۆزەخە عەشــــقی جوانــــان لێــــرانە!
گەر یــــاران لە ڕێــــی دڵ نێــــنە مەیــــدان شــــێرانە!

بەسەرســەختی بەســەر گیــانی کڵــۆڵ ســەرکەوتی
یــا بە ئەنقەســتی هــاتی بە ســەر دڵ تیــژ ڕەوتــی

بێ دەربەستی لەژێر سـایەی خـۆ ویسـتی خەوتـی
بـێ بەزەیـی بـووی گوێـت نەدا، ئاکـامی چەوتـی

جــــا چیــــت داوە لە بریــــنی قــــووڵی هەژاری!
دڵ پێکــــراوە بە پڕشــــنگی چــــاوی ڕاوکــــاری

گــوڵم هەر خــۆت، نــاوە نــاوە، ڕێگــات پــێ دەدام
سوێندت بەخوای جوانی دەخوارد: دەتگوت بەوەفام

کــاتی هەڵپەڕکــێ و ئــاهەنگی، جەژنـــی نەورۆزان
هەربەدواتبووم، هەند خولیـاتبووم، شـێت و سـەرگەردان

لە بیـرتە، سـڵاوی چێشـتانان، بەی بـای ئێـواران
سـەر وەختـی جێـژوان و گەڕان، پیاسـەی بـن داران

زوو زوو بەمـــاچی هەوایـــی کەدەتنـــارد لە دوور
لە پەنـــجەرەڕا دەتخســـتمە، ئەو دیـــوی ســـنوور

ئەندێشـەی ڕووت تـێکەڵ دەبـوولەگەڵ بەژنـی ژوور
دەبـــووە ئـــاوێزانی گیـــان و گەردنـــی بلـــوور

منـــت کـــردە وشـــکە ســـۆفی تـــا بتپەرســـتم
گیـرۆدەی نـازو فیـزت بـێ، گشـت هەسـت و نەسـتم

ئەی ســـەرچاوەکەی کانیـــاوی ڕوونـــی هەڵبەســـتم
هێشتاش بەو ماچەی سەر کوڵمەت لێدراو و مەستم

بـــێ تـــۆ غەمبـــار و بـــێ هێـــزو ڕوو لە شکســـتم
بەم دەســـتبەردانە زاڵـــمانەت، زوو پەکـــت خســـتم

بـــۆ وات پـــێم کـــرد ؟ خـــۆ منـــی لاو زۆر بە دڵپـــاکی
تۆ لەیلا و خـۆم مەجنـوونی تـۆ بـووم بە بـێ بـاکی!

گیانی زۆرداری تۆم پەرست، ڕاست یەخسیرت بـووم
ئەی هەلپەرست چـۆن وا خێـرا مـن لەبیـرت چـووم؟

هەولێر ١٩٦٩/١٢/٢٨

پرسیاری ئازار ؟

سەرما و تۆفانی زستان بـێ یـارم، کەی دەبـڕێتەوە؟
فرمێسکی چاوی چاوەڕێی پـارم چـۆن دەسڕێتەوە؟
کەی گــریە و ڕۆڕۆ بــاڵی ســتەمی دەکێشــێتەوە؟
دەبـــێ ڕەشـــەبا بە ڕووی بەدکــاری هەڵگەڕێــتەوە؟
تاکەی دڵەی وێڵ، بەم دەشــت و دەرە بســووڕێتەوە؟

کــۆمەڵی نەزان کەی گــرێ کــوێرە دەدۆزێــتەوە؟
کەی هەستی ناسـک بەگـوێی ئارامـدا دەچـرپێتەوە؟
چـۆن هیـوا و ئەویـن بە پشـتی بـرین دەپەڕێـتەوە ؟
کەی گوڵی نەورۆز خونچەی ژاکاوی، دەگەشـێتەوە؟
دەشـــێ پێکــراوێ تیغــی ژەهــراوی لە بیــرچێتەوە؟

ئــاخۆ دڵ دەبــێ هەر لە گریــان بــێ ونەحەســێتەوە؟
کەی بای بەهاردێ، شەختەی دڵی یار دەتوێنێتەوە؟
خـوایە وەڵامــی پرسـیاری ئــازار، کەی دەدرێـتەوە ؟
گەرچـــی ڕێــم دوورە، بەڵام تەم دەبـــێ بـــڕەوێتەوە !
با لەڕێی یاری شیرین گیان دەرچێ و نەگەڕێتـە وە !

هەولێر ١٩٧٠/١/١

نزگره*

نـزگـــره و ئـــاهی دڵـــی بـــێ تـــاوان
هانـــای هێنـــا بەر پڕشـــنگی چـــاوان
کەچـی بـێ ئاسـار دڵـی جـێ هێشـتم
ژیـــنی ئـارامـــی کـــردم بـــە گریـــان

١٩٧٠/١/٣٠

هەتوان

نـــامیلکەی شـــیعرم گەر گەیشـــتە تـــۆ
تێـــر بیخوێنـــەوە بەیـــادی جـــاران
بـــا بـــۆ پڕشـــنگی چـــاوان بـێتـــە گـــۆ
ببـــتە هەتـــوانی عەشـــقی بـــێ دەرمـــان

١٩٧٢/٩/٣٠

(*) لە ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٧٢ی گۆڤاری هەولێردا بڵاوکراوەتەوە.

خەونی باوەش

دڵــــم ســـــوارە و لە ڕێـــدایە بـــۆ ســـەر کێـــوی
هەڵمژینـــــی شـــیلەی دەمـــی جـــوان بزێـــوی

دانـــــــامرکێ کـــــوورەی دەروونـــــــی زامـــــــداریێ
وڕێـــنەی دەســـت لە ملانبـــوونی بەژنـــی یـــاریێ!

مـــاچ و مـــووچی ســـینەی ئـــاوێنە و گەردنـــــی
ڕێبـــوارێکی پشـــوو ســـوارە، یـــاد کردنـــــی

شـــەیدا و تـــامەزرۆی نیگـــات هەر چـــاو لەڕێیـــە
عەوداڵـــی خەونـــی باوەشـــی یـــار لەیلێیـــە

حوزەیران ١٩٧١

نێرگزی ژاکاو

پرشنگی چاوەکەی، ئارامی دڵشکاو
ئەی پەرچەم خاوەکەی بەهەرزان نرخێنراو

مانگە گیراوەکەی دڵداری باڵکراو
نێرگزی ژاکاوی بەردەم باو، جۆگە ئاو

گلێنەی دزراوی منی جەزرەبە دراو
ڕەنگ زەردی بە عەشقی پاک خەتابار کراو

شەتڵە ڕەیحانەکەی لە ڕیشە هەڵکێشراو
مەعشوقە ڕەندەکەی نا بەدڵ بەشوو براو

بەو ئەڵقەی جەرگبڕ، زنجیری کرد دەستت
سووتاندی باغی پڕ لە میوەی بەهەشتت

سەر پیکی ئاواز و شمشاڵی نووساندم
بۆم نەبووی بەو بووکەی خەیاڵی نەخشاندم!

ئاخۆ چۆن دەتوانی بژی بێ من لەو لا؟
ئارامی دڵت وا بە تەنها گیان دەدا!

ئەو ڕۆژە، پەیمانت بە دڵدا خۆت ویستت
تا ماوە هی تۆ بێ گیانی خۆشەویستت

ئاخ چەند زوو لێم ونبوو ڕوخسار و پێخوستت
واشێت بووم بەجادووی چاوی باز و مەستت

بێگومـــان هەر چرکەیەکـــی پـــێکەوە بـــوون
هەرســـاتێکی دەســـت لەملانـــێ و بەرە وپیرچـــوون

گەنجینـــەی زێـــڕ و ئەڵماســـی دونیـــا دێنـــێ
غەمـــــی دڵان لە بـــــێخەوە دەردەهێنـــــێ

گیـــانە ئەوەی شـــیرناتی تـــۆ دابەش دەکـــا
پێکـــی مەرگـــی هێـــواش بـــۆ گەرووی خـــۆی دەبـــا

لەچـــاوی تـــۆم، گیـــانەکەی خـــۆم، گـــوڵەکەی تـــۆم
لەچـــاوی خـــۆم، گیـــانەکەی تـــۆم، دڵەکەی خـــۆم

لە ســـــایەدی و پێشـــــوازی بەری بەیانـــــا
لە سروەبـــــای فێنکـــــی دەم ئێوارانـــــا

لە نـــازی پیتیـــی هـــۆنراوی وەختـــی ژوانـــا
لە ئـــاهی هەناســـە و چـــرپەی ســـاتی دوانـــا

لە پەرســـــتگای ئـــــارامی کەنـــــار یەزدانـــــا
لە باوەشـــــی پـــڕ لە ســـۆزی هەرزە ژیانـــــا!

لەنـــــاو تـــــاریکی شـــــەو، ڕۆژ بـــــووین
بـــــۆ نـــــاخی ئاســـــمان هەڵـــــدەچووین!

ئەوەنـــــدەی کـــــە پـــــێکەوە بوویـــــن
لە گـــــوڵزاری خواوەنـــــد دەچـــــووین!

هەولێر شوباتی ١٩٧١

پاشای ناڕەوا

"لە شانۆگەری کۆمیدی پاشای زۆردار
لە نەورۆزەکەی شەست و نۆ
دەوری خزمەتچیم دەبینی منی هەژار
لە سەر شانۆ !
یاریشم وەک تەماشاکەر ئامادەبوو پۆشتە و پەرداخ
تـێرو پـڕ بە من پێـکەنی منی گیـرۆدە و دڵ پڕ داخ!"

ئـاهەنگێ بـوو
بـەهاری هـەزاران لاو بـوو
نەورۆز بوو هەر بابا بـوو بـۆ خۆی لـەڕاو بوو!
منیش وەک ئەکتەر لە نواندن، بەشدارێ بووم
خزمەتچی کۆشک و بن دەستی زۆردارێ بووم
ماستاوی داوا کـرد مـاسـت و ئـاوم هێـنـا!
فـەرموو یەک یەک بیـانخـۆوە
گـەورەم جـا خۆت بشلەقێنـە!
پاشا گڕی گرت قیڕاندی: قۆڵبەستی کەن!
بیگرن، تێر و پڕی لێدەن، زیندانی کەن!
من لەوساوە، بڕیارم داوە وەک کاوە
بگرمە بەر ڕێبازی سەختی چەوساوە!

ئەوسات، نیگات چۆنی بینیم من هەر ئەوهام
دژی پاشـای نـاڕەوا هـەر وا لـە ڕێگـام
بـۆیـە ئـاوا بـە نـاکاوی خۆت لێ لادام؟
کـەچی زۆر بڕوام بە تۆ بوو، منی ناکام!

وا تـــزانی وەک ئەو هـــەژارەم! ژیـنـــم دڕکـی زۆری تـیـایـــە
ئەو ئەکـتەرە خزمەتکـارەم! خۆشـت لـێم بـووی بەم پاشـایە!
پەشـیـمـانـیــت لـــەم ئـەویـنـــە ئـاگریـنـــەم، نـاڕەوایـــە
دەسـت هەڵگـرتن لەم هەنـاوە پـڕ لە خوینـەم، بـێ مانـایـە
تـۆدەزانی، مـن لەو عەشـقەت چیـتر شـک نـابەم بەوخـوایە؟
خـواش دەزانـێ، نـیمە پـایە و کۆشـک و قەمەرەو سەرمایـە
ئەوەی هەمە چەنـد شـیعرێکی، بـێ سـەروپای سـەر بە تەمە
سەرگوزشتەی عاشقێـکی، زوڵـم لـێـکـرای دڵ پـڕ غـەمـە!

هەولێر ١٩٧١/١/٢٠

شیرین

خولیای بینینت دڵ دەسووتێنێ
چاو پێکەوتنێکت دونیا دەهێنێ
هەندەی ئازاری ئەم دڵەم دەدەی
بە جێم دەهێڵی و پەرگەندەم دەکەی
بێسوودە تا دێی، خۆشترم دەوێی
بەهەشتە ئەو جێی نازدارم لەوێی!
شیرین لەخەونێش ببیە مێوانم
خۆم فەرهادەکەی کەژ و کێوانم!

هەولێر ١٩٧٠/٨/١١

تالاویی بێ وەفایی

"بۆ ئەو شۆخەی شەیدای کردم، لەدەستم ڕۆی
لە گەڵ سروەی بە یانێك خۆی، لێم ونکرد ڕۆی! "

دڵبەر:

برۆ لاوکۆ، دەی زوو بە زوو، پەشیمانم بێ سێ ودوو
گفت و پەیمانم لە بیر کە، دڵ بە یارێکی تر ژیر کە!

دڵدار:

جوانێ نەکەی جێم بهێڵی بێ هۆ پەڕەی دڵ بکێڵی
بێ تۆ ژین هیچ مانای نابێ بەزەیی خوات بەدڵدابێ

دڵبەر:

لە بیر بەوە خۆشەویستیم لە مرۆوە عاشقی تۆ نیم
دەست دەکەم بە ژیانێکی خۆش چیدی نابینم خەونی بۆش!

دڵدار:

توخوا ئەمجارەش وەرەوە شێت وشەیدای خۆت ئاشتکەوە
یارەکەم دەی بێرەوە لام نەمام بەو عەشقەی تۆ سووتام!

دڵبەر

لە مەولا قەت ناتدوێنم جۆللانەی خەم ڕاناژێنم
خزمێک هاتیتە داخوازیم بەختم هەستاوە و بەو ڕازیم!

دڵدار:

تا ماوم هەر چاوەڕێتم سەوداسەری تۆ بووم شێتم
هەی بێ وەفا بۆ جێتهێشتم؟ تاڵاوی مەرگت پێ چێشتم!

دڵبەر

لێمگەڕێ خۆم نافەوتێنم ڕووی گەشاوەم ناژاکێنم
لەگەڵ تۆی هەژار بێ بەشم بۆ هەمیشە بەخت ڕەشم!

دڵدار

ئازیزکت و پڕ گۆڕاوی زێڕ و زیویان نیشان داوی
درۆ لەگەڵ عەشقت بکەی دۆزەخ بۆدڵت دادەخەی!

هەولێر ١/١٢/ ١٩٧٠

چیرۆکی عەشقێکی ئەبەدی

+" کە گازانـــــدەم لە یـــــارە ئـــــازیزەکەم کـــــرد
بـــۆ بـــێ گونـــاح دڵـــی منـــت بەم دەردە بـــرد؟"

+ "فەرمـــووی هەرگیـــز نەگـــۆڕاوم لـــێم قەومـــاوە !
دڵ هەر وابەســـــتەی تـــۆیە و ڕێـــم لێگیـــراوە

تـــو خـــوا گیـــانە مەڵـــێ منـــت جـــێ هێشـــتووە!
زوخـــاوی دەردی دووریمـــــت پـــێ چێشـــتووە!

بینـــــای چـــاوم ! هەمـــــووی تـــــاوان لەم و لەوە!
عەشـــقکوژی ! ســـووچی عەقڵـــی؛ تـــاری شـــەوە!

تـــۆ چـــی بڕیـــاردەی ئامـــادەم بە دڵ و گیـــان
سەریشـــم تێچـــێ هەر دەیـــکەم ڕۆحـــی ڕەوان!

وەرە گـــوێ لە گرفتـــی یـــاری خـــۆ ت ڕابگـــرە
دەیـــان دەردو ســـەدان مەینەتـــیم لـــێ بکـــرە!

ئـــارام گیـــان بە تـــاقی تەنیـــا، چـــیم پـــێ دەکـــرا؟
ئەنـــدامی خێزانـــی خۆشـــم، چـــوون بە گژمـــا!

جــگە لـــەو خــزم و هاوســێ و بەدکــارەی ســەر ڕێ
کـــۆنە خـــوازی فیتـــنە گەڕیـــش هەر لێـــی گەڕێ

تەنیـــا لەبەر ئەو عەشـــقە جـــوانەی مـــن و تـــۆ
بـــێ ئابڕوویـــان دادەنـــام بـــێ هـــیچ گفتوگـــۆ

بـــڕوات بـــێ تـــا مـــابم هەر تـــۆی خۆشەویســـتم
ئیـــدی کەس نـــاچێتە نـــاو دڵـــی شکســـتم

دەســـت لەملانبـــووین بـــۆ بە هەشـــتێ
ئەندێشـــــەش نەیدەگەیشـــــتێ

گەر هێشـتاش پـێم بـڕوا نـاکەی، تـرپەی دڵـم بخـوێنەوە
گیانیش فیداتکەم تێم ناگەی، خۆم لەناو دەبەم بەم شەوە!"

+" جـــا بە پەلە و خەمنـــاکی لێـــی هـــاتمە وەڵام
تـــۆ نـــا، مـــن بـــبمە قوربـــانی! عەشـــقی ناکـــام!

ئـــازیز توخـــواکەی بمبەخشـــە لەوەی گـــوتم !
بـــا بەم عەشـــقەت بمـــرم تۆخۆشـــبی! مـــن چەوتـــم!

هەرگیـــز باســـی خـــۆ ســـووتاندن نەکەی گیـــانە
گەر چـــی زوڵمیـــان لێکـــردین، هێشـــتاش تـــاوانە!

نـــــــامەوێ قەت لە ئـــــــاڵۆزی دا بتبیـــــــــنم
کەژاوەی مەرگـــــی مەعشــــووقی خـــــۆم ڕاژێـــــنم!

دەمویســـــت هەرچـــی خۆشـــی هەیە پێـــت ببەخشـــم
گیـــان و دڵـــم، تێکـــڕای هەســـت و نەســـتی خۆشـــم

بە ناچـــاری دەســـــتم بـــــرد بـــۆ گیرفـــانی خــــۆم
دەرم کـــرد نـــامەی بـــۆن خۆشـــی گـــوڵی شەوبـــۆم

بە شـــــــین و زاری دامەوە دەســــــــــتی یـــــــارم
وێـــــنەی ئەو نـــــازدارەی پێـــــوەی گرفتـــــارم!

بـــۆ دواجـــار نـــاوچەوانی ئەو گـــوڵەم مـــاچ کـــرد
کڕنۆشـــی عەشـــقی ئەبەدیـــم بـــۆ دڵـــی بـــرد ! "

هەولێر ١٩٧١

عەباو پێچەی داپیرە

-داپیــرە ساتــوەخــتی بوونی خــەڵکی دەوروبــەری بــیــنی
عەبــای ڕەشیــان لەبەردابوو لایــان فــەرمایشــی خودابــوو
ئەویش عەبای ڕەشی پۆشی چەشنی قەل لەشی داپۆشی
کاتێ ڕۆڵەی ئەویش بیــنــی   زۆر بە زەلــیــلــی و غەمگیــنــی
هەر وەک ئەوان زوو بــوو بە ئایین و خوویان
پەچــەی وەک دەڕاب ئاسایان دا بە ڕوویــان

+تازە ئەوەی ئەو کفنە ڕەشە داکەنێ
نابێ ئیــدی لێرە بــژی و پێبکەنــێ!
بێشک ئەوەی لێی لا بدا بێ ئابڕووە!
لەدەستووری باپیرە گەورەی دەرچووە!

دەی گۆشاوگــۆش !کیژۆڵەی عاشقی دڵخۆش
جگەرگۆشــەی بێ عەبا و پێچە بێ سەرپۆش
هەرزەی بێــخــەتا پــڕ لەجۆش   کیژۆڵەی دڵساف و کەم هۆش
ڕیسوا و شوون بزر و ونکــەن جەرگی لەتلەت و کونکونکــەن!
بــۆ دۆزەخییان بەڕێ بخــەن! نەکەن لــەم ڕێــگایــە لادەن
بەســەر لاشەی جوانــان بــازدەن
زەماوەنــد بــۆ مەرگیــان سازدەن!

(داپیره بە دەرزی و داوی، حوکمی چاوی
درووی بۆ جەرگ و هەناوی، بەهەشتاوی
پێچەو عەبای کردە سەری پڕ بە بەری
ڕۆڵەی مێیەی چ ناشیرین بێ چ پەری
پێی وابوو کە بەم لەشپۆشینە دەپۆشرێ
پەردە لە سەر حەزو کردەی بەد دادەخرێ

لەکوێ باوی عەیبەوعەبای نەگریس مایـە؟
کوا پێـوەری جوانی و حەیای ژن ئەوهایـە؟
پـێچەو عەبای بـیـری کۆنە خواز و چڵکن
کەی شایستەی ڕێـزو بەهای دایک وخوشکن؟)

هەولێر ١٩٧٠/٢/٢٠

* حوکمی چاو: هێزی چاو

ئەمشەو بەگوڕ داگیرساوم

بێ یارخۆم یەڵـدایە ئەمشـەو لە چلـلەی هـاوین زسـتانە
شیوەنی شەیدایە ئەمشـەو سەرتاپام لە خـوێن خەڵتـانە

بە مەرگـم هـەرزانــە ئەمشــەو   دەردی دڵ هێنـدە گـرانە
یـادی دەسـت بەردانە ئەمشـەو قـوڕ پـێوانی دڵـدارانە

لەوســاکە یــار لــێم تــۆراوە خەو و خــۆراکم زوخــاوە
چەرخی گـەردوونێ گـۆڕاوە گەرداوی حەشرێ هەسـتاوە

هـۆ مانـگ ورۆژی جـارانی خۆشـیم لەکـوێی؛ بگەڕێـوە؟
تاقە ئەستێرەی ئـاسمانی بەختم؛ سەر لە نوێ هەڵبێـوە

شــەوقی پرشــنگی ڕوخســاری بــێ وێـنەت داڕێـژە ئێـرە
زامــی ئــارامی بێچــاری ئەو چـاوەت ســارێژ کە، خێـرە!

لەدووریـت وەک بـابەگوڕگوڕ ئەمشـەو بەگـوڕ داگیرسـاوم
ئاگری عەشقت وەک تەنوور مەشخەڵی هەڵچوو لەچاوم!

وا دڵـە کـۆست بارەکەی مـن   دەمرێ بۆ دیدەنیت جـوانێ
بەشایی دۆست کوێری دوژمن دیسانێ بـۆم وەرە ژوانــێ!

نەختێ بەم گفتە پاراو و هە نگوینەت بملاوێنەوە
وەرزی غەم لە باوەشی ئەم ئەوینەت بڕەوێنەوە

بەم پەنجە ناسکانەت نەرم بمشێلە نۆرەی وەفایە
شەمی خەیاڵدانی شیعرم، دێوانەی بەزم و سەفایە!

گەرلەڕێی خوا جارێک بەناو خەونێکمدا هاتی و ڕۆیی!
دڵ بخافڵێنی نەک ناکاو تووشم بێنی دەستخەڕۆیی!

بێییت و ئۆغرکەی لەم خەونەم ئاوابیت بێ ماڵئاوایی
گیانم ئەم جەستە کونکونەم بەجێ دێلێ بە تەنهایی

هەند شپرزە و خەستە حاڵم دەمکوژێ ژینی بێ تۆیی
بگە هانای مەزڵووم دڵم بەداخی ئەو عەشقەت ڕۆیی!

کەرکوک هاوینی ١٩٧٢

تینووی گۆڕین

تینووم، تینووی تیشکی چاوو جوولەی ئەو زارە هەنگوینەی
برسیم، برسی لەنجەی گیـان و گەڕانـی نـاو بـاخی سـینەی

دوور لە تـۆم خەم هێـزی لە گیـانی شـەکەتی مـن بڕیـوە
دڵ بـــێ ئـــۆقرە و دەربەدەرە بـــۆ هەوارگەی تـــۆ فڕیـــوە

گیـــانم بە گـژ گیانکێشـــی ئەم نـــازدارە بـــێ نـــازەم دادێ
بە گـــژ هەر تـــاقمێکی کەم کە بە گـــژ ئەم ڕازەم دادێ

هۆشـم بە گـژ بە شـوودانی کـچ بە زەبـری خەنـجەر دادێ
بە گــژ بەدکـــار و جەلــلادی دڵـــداری بـــێ مەفەر دادێ

شـــەیدای دۆزیـــنەوەی چـــارەم بـــۆ ئاشـــقانی ئەم ژیـــنە
تینــوێتیم دەشــکێ و بــاڵ دەگــرم، بە ســازدانی ئەم گــۆڕینە

تـــا ئەڤینـــدارم دڵشـــاد بـــێ بـــە ســـارێژی ئەم بـــرینە
هەرلە شایی و زەماوەنـد بێ گەنجـی هوشـیار و بـێ کیـنە

دەردو نـــاسۆر بە یـــەکجاری بـــارگەوبنەی تێکنـــێ و هەڵـــێ
بـــا بە نەفـــرەتکەین بەدکـــاری تـــا خـــۆری ئاشـــقان هەڵـــێ

خـــوایە ئەو ڕۆژە کەی دادێ ؟ وڵاتـــی دڵـــم ڕزگـــاری بـــێ
هەولێـر شـاگوڵی شـاران بـێ قـــەڵای بەرزی دڵـداری بـێ

هەولێر کانوونی دووەم ١٩٧٢

بەستەی عەشق

یــــارەکەم زێـــدە ئــــازیز بـــووی، لە نـــاو دڵـــی گرفتارمــا
شازادەی شـیعری بــێ فیزبــووی، لە دەفـتەری پـڕ شــاکارما

بــۆ لەم شــارە بە غەریبــی جێـت هێشــتم، پەیـمان وانـابی؟
خۆتـــۆ گفتـــت بە دڵـــدا بـــوو؛ لە گەڵ منـــدابیت تـــا مـــابی

ئەو دەستە ناسـکەی بەرایــی دەتخســتە پەنـجەم لە شـایی
تەلی کەمـانجەی پچڕانـدم، ئەڵـقەی زێـڕ، بڕیـاری جیـایی!

تاهەم لە سەر ڕێـت دەوەسـتم، بـۆ سـەیری ئەو بـاڵا جـوانە
ئێشـــکچیم بە دڵ ناوەســـتم، قوربـــانی تـــۆم بە چـــاوانە!

چـــاوم وێڵـــی پـــڕشنگێکی دیـــدە مەســـتی ئەفســـوونکارە
گـــوێم وشـــتی پێکەنینێکـــی ڕێـــکەوتی دیـــداری یـــارە!

لە گیانی خـۆت ڕا ببیـنـــە ئەوشەیدای تۆی پەرست دوێنێ
هێشتاش لەشین و گریانە بەستەی عەشقت بۆ دەخـوێنێ!

ئــــەم بـرینە کــولاوەی مـــن بەردەوام خوێنی لێ دەتکێ!
فرمێسکی ئەو دوو چاوەی من بە هیچ بەربەستێ ناوەستێ!

سوێندم بە شەوقی ڕووی گەشت تا مـاوم هەر بـۆت دەنـاڵم
لەو دنیاش بێ تۆبم بەهەشـت دۆزەخە و بـۆت لە ئەحـواڵم!

هەولێر ئاداری ١٩٧٣

بووکی داماو

(پێشکەشە بەو نەو بووکە نابەدڵ بەشوودراوەی بەچاوەکانی پێی گوتم خۆشم دەوێی!)

ئەی شاجوانی نێو شەوەزەنگ
جوانکیلەی سەرگەردان دڵتەنگ
تریسکەی گوڵی ڕەنگاوڕەنگ
یاری درەنگ وەخت وبەسەنگ

کە چاوەکانت هەڵدەبڕی وا بە حەسرەت و کەساسی
ئەوها گوناح لێم دەڕوانی هەروەک بڵێی بۆ من خاسی!
پەری لە تاریکی خنکاو! بێ چرا و یار !
گیانی پتر لە تۆم سوتاو بۆ تۆم بیمار!

خەیاڵ دەیکاتە میوانی   ئەندامی ناسکۆڵە و جوانت
تێر نابێ لە ڕاموسانی، بوکی نەو، سەر وەختی ژوانت
سوڕ بزانە کە نالوێ بۆم بێمە پێشوازی ئەم عەشقە!
بەدوای ئارەزووی خۆم بڕۆم، دەبمە سۆتەکی ئەم زەوقە!

وەک باخی سێوت دەیەوێ جەستەی بزێوت دەیەوێ
وەک کوڵم و لێوت دەیەوێ گیانی پەشێوت دەیەوێ
بە پیک و دووزەلە و تەمبوور نەغمەی بلوور، ئاویان بدەم
قافیەی شیعرێکی بێ قسوور بۆتۆی مەغدوور، بەوان ڕێکخەم!

چاوبازی دەم نوقڵ و قەشەنگ
نێچیری دەم گورگ ونەهەنگ!
دەزانم کە بەناڕەوا کەوتیەداوی!
لای ملهوڕێکی دەسڕۆی وا لـەم کونجـەدا، بەند کراوی!
هەر وەک ئاسمان و ڕێسمانە خـوا دەزانێ چـەند تاوانە
تۆی جوان دەگرێ لە باوەشیاو ناگرێ نرخی ئەم چاوانە!
بێ ئـاگایـە لە نـاسـۆری گوڵەنـدام لـەم جـۆرە ژیـانــە
تێنـاگـا لـە ئـاهو نـاڵـە و ژانی ئـەم جـەرگ سـووتـانـە!

ئەی فریشتەی پشتگوێ خراوم زۆر لێکراوی دڵشکاوم
منی دڵ نـەرم و تامـەزرۆش لەم نـێوانـە تێـدامـاوم!
بـێـدەستی خۆم وەک پەروانـە دەگەڕێم چەشنی دێوانە
بـۆ تـەوافـی ئـەم چـاوانـە وا دوو دڵ و پـەشـــۆکـاوم
بە عەبـداڵی، خول دەخۆم بە دەوری ئەم بەهەشتە جوانە
بێ ویستی خۆم، لـەدەریای ئەندێشەی بێبن دێم و دەڕۆم!
من لە جیـاتی تـێـئـاڵان و ماڵـوێـــرانی تـۆش لـە ڕۆڕۆم
شەڕابی خەم دەخۆمەوە و سێ ژەمە نـانی خـەم دەخـۆم

باڵندەی پەڕ و باڵکراو، خاسەکەوی قوڕگی نەهەنگ
دڵنشـــینی ئـــاژاوە و جـەنـــگ
بـــووکی هەش بەســـەرو دامـــاو
ئەشـکی تاسـاو لە ڕووی گوڵڕەنـگ
بـــەژن و بـــاڵا چـــەشنی لاولاو
پـاییزی ژاکــاو، شــیلەی هەنــگ!

منـی هەژار چـیم لەدەسـت دێـت؟ وا کـار لە کـار تـرازاوە!
کڕیـاری بـاوکی چاوبرسـیت لە جەسـتەی خـرپن ئـاڵاوە!
ویسـت و ئـارەزووش بە تەنهـا، دەربـازت ناکـات لەم داوە!
دڵگرانــم کە ئــەو داوایەی دەیـکەی خەیاڵێــکی خـــاوە!
هەرچــی بـکەی ؟ئەو کـۆرپەڵەی بەڕێـوەیە، هــی ئەو بـاوە
مەگەر خـودات پەنـات بـدات، ئەگینـا تـازە قـەومـاوە!
ئەم ژیـانە نـا شایستــەی لـێــرە بە ســەرتا سـەپـاوە
بەنەریتــی چەرخــی بەردیـن دەمیـان لە گۆشـتی تـۆ نـاوە
دژی هەناســەی ئـــازادین، مەرگیـــان بە خەڵات دانـــاوە
تـاکەی دەوامــی هەبــێ ئەم عەقـڵە کـۆن و بە جـێماوە؟
دەستەی عاشقان دەی تووڕدەن! بیری پووچەڵ وبەرمـاوە!

گوندی گرتک ١٩٧٢/٥/١٤

★ سۆتەک :، سووتووی جگەرە

دەنگی یەکبوون لە دەی شوبات☆

درک و داڵ چقــڵ و چزوویــان شــکا، چەمــا بە یەکجــاری
چاوی پیسـی" سـێوو دوویـان" کوێربـوو، ڕژا، لە داخبـاری

کەدەنگــێ هــات مــوژدەی هێنــا لە ئاسـۆی کوردســتانەوە
هەواڵـــی یەکبـــوونی گەلـــی ڕژانـــدە نـــاخ و گیـــانەوە

پەرتەوازەیی لە وڵات بە تەواوی ڕەوانـــــــــــــــــــدەوە
فێنکـــایی بە دڵـــمان داهـــات ئەم مـــیللەتەی حەســـاندەوە

دەی شـوبات بـوو کە ئـاواتی هەمـوو یـاخود زۆربەمـان بـوو
بـــۆ دوارۆژی پڕشـــنگداری خۆمـــان و بـــۆ کۆرپەمـــان بـــوو

لەمەو دووا گشـتمان دەبیـنە خـاوەن کوردسـتانی شـیرین
ئەو درویــنەی کەوا ئەیکەیــن پەرێــزی پــاگژ ڕائەگــرین!

ئەو تەقەلایەی کە ئەیـدەین لە پێنـاوی گشـتی ئەیکەیـن
بـۆ بەژەوەنـدی هـیچ تاقمێـک پەلامـاری یەکـتر نـادەین !

چەند خۆشحاڵم کە گەل پێکڕا بـەرەو ئاسـۆ هەنگاو ئـەنێ
جارێکی تـر ڕێگـە نادا دوژمن شـاد بێ و پێی پێبکەنـێ !

هەولێر ١٩٧١/٢/١٠

☆ تێکەڵبوونەوەی باڵی م، س جەلالی لەگەڵ پ، د، ک مەلایی.

ژانی بریندارێکی شەیدا

ئەو شـیعرەم لەمیهرەجـانی شـیعری (کـۆمەڵی هـونەرو وێـژەی هەولێـر) لە هـاوینی ١٩٧٣ لە هـۆڵی گەل خوێنـدەوە، هەرچەنـد لەشـیعرە بـزر بووەکانـدابوو، بەڵام لای هاوڕێیەکم مابوو، داوامکردەوەو ئەویش بۆی گەڕاندمەوە.

خوشـــــکەکانم، براکـــــانم
گەردەســـتم خســـتە ناوڕیشـــەی زامەکـــانم، زامەکانتـــان
گەر پێمگـــوتن کوردســـتانم کوردســـتانی زگ ســـوتاوتان
خـراوەتــە نــاو زەڵکــاوی کـێــمی نــاو لەپــی بــرژاوی
دەســتی پـڕ ژان و ئـازاری، ڕێـژنە چەپـڵەی بەرهەتاوتـان!
نــارەحەت و تــووڕە مەبــــن! بــــەشیعرەکەم پــێمەکەنن!
بگـرین بـۆ عەقڵـی سـەقەتی، خوڕافـاتی بـاوکی باوتـان !

ئەگەر نــرکەی شیعرەکانـــم
پێیــان نەکــرێ، پەردەی گــوێی دوژمــنە هەرە گەورەکــانم
بــــەشاڵاوی ڕقیــان بـــدڕن
ئەگەر چەقــــۆی دوو دەوی پرسیـارەکـانــــم؟
بۆیــان نەلــوێ زمــانی شــڕی دڕۆزنە گەورەکــان بــبــڕن
دیســـانەکە زویــر مەبــــن، بــــەشیعری مــن پێمکەنـــن
بە زریکــــەو داد و فیغانــــم، بە هـــاوارم ڕامـەچەنــــن!
قرقرتۆک:بینەقاقا

چونکە هێشتا ڕستەی هەستی بریندارم
لە گەرووما بە ئاوساوی بەند کراوە
وشەی پێشمەرگەی داخدارم
وا لە دادگای بێدادی دا وەستێنراوە
پیتی بێڵ و بیووری شانی هەژارم
لە مەیدانی بێکارییدا
لە ژێر قەڵا
دێرینەکەی دەردەسەری و برسێتییدا
بەلێواری تەلاری بەخوێن ڕەنگ کراوا، هەڵواسراوە!
خوشکەکانم، براکانم
دەزانن بۆ قرقرتۆکی ڕازەکانم
بەگاز و چڕنۆکی تاوان دەردەهێنن؟
ناهێڵن هاوارەکانم لە سەر شانۆی دەزگیرانم
بگاتە گوێی هاوڕێکانم؟
تومەز ئەوان دەزانن تیشکی خۆر دێنم
بۆ تاریکە شەوی ڕێگای نیشتمانم
بۆ نیگای چاوی بۆرژاوی بینەرانم

گوێگرەکانم ...
دە بفەرمـــــوون بــــۆ وەڵامـــــی
پرســــیاری کـــوا چ قەومـــاوەی گەورەکـــانم؟
بـــۆ وەڵامـــی، کـــوانێ ؟ کـــوانێ؟
چ ڕوویـــــــداوەی بــــــرادەرە ســــــــادەکانم!؟
گــــوێ لە هـــــاواری ئەکــــتەری
نـــــاو چڵپـــــاوی، پەژارەکانتــــــان ڕابگــــــرن
گــوێ لە نــاڵەی شــیعری برســـی و دەردی دڵـــی
گــڕی بە تیـــــنی ئەویـنـــــی دڵـدارەکانـتـــــان ڕابـگــــرن
جـــا دەبیـنــــــن چ قەومــــاوە ؟
خەڵکـــی هەناســـەی ســـواربووە
بـــێ یـــار و بـــێ دڵـــدار بـــووە
سەیرکەن وا :
بەگـزادەکان
سواری ماینی کەحێڵ بووینە! زاک وماک لێک هاوێر دەکەن!
وردیلـەکـان فێـری زوڕنــا و هەڵپەڕیـــن و بلوێـــر دەکـــەن!
باری قرشەی . شەغرەی گەنمی جوتیارەکان
لـە سـەر پشتی کـەرە بـۆز دادەکـەلـێـنـن!
بـەردەوام هـەر
شەقڵی ڕق و مۆری چەوساندنەوە بـەسەر
ڕەوسەکانــــــدا دەوەشێـنـــــــن !
دەی پـــێم بلـــێن، چ قەومـــاوە؟

سەیرکەن وا ...

خـــاتوو زینـــی خۆشەویســـتی
بە ڕێنـوێنی، کـۆلکەی سـاختەی مەرگەوەڕی داسـتانەکان
دەدڕێـــتە بەر نـــووکی تیـــژی
خەنجەری مێشـکی وەسـتاوی! پەڕی زەردی ئەفسـانەکان
ئـاوی چـاوی کـاکە مەمە جـگەر سـووتاو و تۆراوەکـان
خـــوێنی دڵـــی عاشـــقە بـــێ پشـــتیوان و ڕاونراوەکـــان!
دەکـــرێتە دەرمـــانی ژانـــی
کەڵـبەی ڕزیـوی "شـــەوە"کان !

پـــێمان بڵـــێ چ ڕوویـــداوە؟
بـــۆ چـــی وا عـــادز و تـــووڕەی؟
هۆشـــت لەسـەر خـۆت نەمـاوە؟
+ دەی سەیرکەن!
هێشتا ڕستە مۆری دەستی "بەرخۆکە"کان
لە گەڵ قـرمەی، ڕێـژنەی گـوللەی
چەکدارە ترسنـۆکەکان، دەسـت لەملانێـن!
هێشـتا "بەردی گەورەو گچـکە"ی
پەندە بۆگەنیوە کانمـان! بەناوی خوا پاڵمان دەنێـن!
دەرەبـــەگـــە لـەرزۆکەکـــان!
کـــێڵگەی خێـــرو بەرەکەتمـــان دادەچێنـــێ
کە گەردەلـــوول و گێـــژاو هێـــرش دەهێنـــێ

هانا بۆ بەر عەلی مێوانە مێوانەی

عەقڵی کۆنەی، مێژووی پڕ فیشاڵمان دێنێ

پەنــا بــۆ بەر خەونــی پــووچ و هەڵ بزوڕکاومــان دەهێتنــێ!

وتەی عەجایب! لە مێشکی، وشـک و بەنجکراومـان دەردێنـێ!

چ قەوماوە؟

+ دەی ســـەیرکەن : ڕەشەبــایـــە

تۆفـانــە لافــاو لــە خــوێنی ســاوای نــاو لانــک هــەستــاوە!

چــاو ئاسـمانی شـین نـابینێ !گـوێ پەردەی خـۆی دەدڕێنــێ!

فەرتەنەیە و کەس لەهەقـــی کەس ناپرســـێ

وەیشـــوومەیە و زینـــدوو لەمـــردوو دەترســـێ!

بــێلن بــا دوژمــن تێـپەڕێ! ســەگ بە خــاوەن خــۆی بــوەڕێ!

لوولەی بڕنۆکانتان شـۆڕکەن! فسـکە فسـک و قسـەی قـۆڕکەن!

شەرم مەکەن!

+ بهـــێلن حەســـەن و مـــریەم

بەدەســـتی جانـــداری ســـوڵتان

مریـد و چڵکـاو خـۆری ئاغـان سـەرببڕدرێن!

بە نـا هەقـی و بەخـوێن ساردی

بەوعەشـــقە پاکەیانـــەوە لەنـــاو بدرێـــن!

+ بێلــن شیرینـەکـەی فەرهـاد پیـرێـژن یـاری پـێ بـکات !

بێلن کۆمـارەکەی قـازی لە مەهــاباد

ڕەزا شـــا تیـــر بـــارانی کـــات!

زووکەن" زولفەقار"ی ئیمام! بـۆ حەزرەتی گورگ، بێـنـن!

تــا ملــی ڕۆڵــەی ئەم گەلەی پــێ پەل بــدات!
دەی کــڵاوی خۆتــان بگــرن تــا بــا نەیبــات!

+حەی یـاهوو حەی ! دەروێشـەکان زەرگ بێـنن!
دەم و قەپۆزتـان سـندم کەن بـاش خـوو بگـرن !

هەتـــــا کەف و لیکـــــاوی لالغاوەتـــــان
بــــنکە و هەواری کافرەکـــــان ڕادەمـــــاڵێ !
تــا ورشــەی شــیر و نەعــرەتەی ئەوحاڵەتــان
شــــەیتانەکان لەو هەرێــــمانە نـــاهێڵێ!
چ قەوماوە؟
+ سەیرکەن وا :
بۆیاخچییەکان ...
بــووکی زێــڕی ڕەش و گەنمــی قەنــدەهاری
لە بەرچــــاوی کـــــوردەواری
بــــێ مــــارەبڕین دەگـــۆزنەوە!
قاچاخییەکان، وا لێـرەوە یـا لەوپەڕی سنوورەوە!
چـوکلێتــــەکان، لە ئاســــماندا دەقـــۆزنەوە!
خۆشــحاڵی خۆیــان دەنــوێنن
وەک سوێســکە هەڵــدەبەزنەوە !
بەربووکەکان
دەســــت بەخەنە و لالێـــو بە زەردەخەنەوە!

بـێ چـاو و ڕوو، دەقیـژێنن، هـاتووین بـۆ بردنـی بـووکێ!
دایـک و خوشـک و کەس وکـاری شـاری بێنـازی کەرکـووکێ!
قـەڵات و بـابـە گوڕگـوڕی نـابێ بـکەن نـووکـە نـووکێ !
لە چاوی حەسوود بەدوور بێ! بـووکمان گەلـێ جـوانە بـووکێ!

✯ ✯ ✯

رێبوارەکان ....

هۆ دڵدارە بێدارەکان

گەرچی ئەمڕۆ

نیشـتمانی پـڕ کەلاوە و ئـازار و ژان، پرسـەبارە
خەڵکـیش چـاو پـڕ لە گریـان و پەشـۆکاو و بـێ قەرارە

قەینـاغ و داس و هەسـانی شـەهیدەکان

دەسـت و پەنـجەی بـووکی مەبەسـتیان پـێ دەوێ
خەنـاوکەو گـوارەو خەزێمـی، جـوانەمەرگە چاوکاڵەکـان
دڵـی پـڕ ئەویـن وگەرمـی زاوای خۆیانیـان پـێ دەوێ

کەچی هێشتان....

هێشـتان دڵـدارە ئازاکـان

لەمەیـدانی بەرگریـدان

وازیـان لە عەشـقی پیـرۆزی ئەم خاکەیـان نەهێنـاوە
هێشـتا گڵـپەی بیـری گەشـی چەوسـاوە دانەمرکـاوە

هێشـتا پێشـمەرگە وریاکـان

سـەنگەرە خوێناوییەکـانی حوزەیرانیـان بەرنەداوە

پـاڵە و سـەپانە برسـییەکان

وازیـــان لە زامـــی پــڕ لەســـوێی، گڵێنەکانیـــان نەهێنـــاوە
دڵدارەکان
دەســـتیان لە گەردەنـــی چیاکـــان
بـــــاڵای ژینـــــی سەرفـــــرازی، بەرنـــــەداوە

تـا تێـر شـیری مەمکـی دایکـی کـوردەواری هەمـووان نەبـین
تـــا تـێـــر بـــەفراوی کـانیـــاوی ئـــازادی کوردستـــان نەبـین
بــڕی تیـنـوێـتـیمـان نـــاشکێ و
هەنگاوێـکمـــان ســـەد هەنگـــاوە
سـەریـشمـــان لەو ڕێــیە بــڕوا هەرگیــز نـاگەڕێـینـــە دوواوە!

هەولێر حوزەیران ١٩٧٣

رستەمۆری: تەزبێح
بەرخۆکە: شێتێکی هەولێربوو

جەژنەی ئەمساڵ

ئای لەم جەژنەی ئەمساڵم چەندە بێ تۆ بووم
جەژنی چی؟ قوربان! زەقنەبووت بوو لە لای من
خۆشبەختی ئەو کاتانە دێتن بەرە و ڕووم
خۆم خزمەتچیت بم و تۆش بێی ببیە شای من

★لەساڵی ١٩٧٥ نووسیومە، ٢٠١٥ دەسکاریم کردووە

نامەیەك لە کەرکوکەوە

کیژۆڵەکەی سۆز و عەشقی تاقگەی گڕی خۆشەویستیم
ئەی بەرهەمی هیوای گەشی قیبلەی جوانی تۆ پەرستیم
ئەی ئاوازی عودو سازی هۆنراوەی پەرگەندەی ئێرەم
گەشاوەترین گوڵە باخی ناو هەولێرە دڵگیرەکەم
وام لە شارێ
کەرکوکی بێ بەش لەخۆشی و زەماوەندی نەو بەهارێ!
وام لە ناو دڵی خوێنینی سارێژ نەبووی گشت دڵدارێ
لە شوێنێکام
لە سەرچاوگەی مێژووی کۆنە برینێکام
لە کەرکوکام
لە کەرکوکی زاوا مردووی تازە بووکام!

له کونجێکیا بەغەمگینی هەڵتووترکام*
چەندین پرسیارم لەخۆم کرد بۆ هیچ کامیان، نەمبوو وەڵام!
چیم بۆ نەکرا تەنیا بۆ باوەشی گەرمی ئێوە سووتام
تا لە توانام دابوو بۆ تۆو بۆ خۆم و بۆ کەرکوک گریام!
کەرکوک ١٩٧٢/٣/٢٨

هەن لەگوێی گادا خەوتوون!

خۆشەویستم
پەری ئاوازی هەڵبەستم
خەڵکانێکی کرچ وکاڵ هەن
دواکەوتووی مێشک بەتاڵ هەن
وا ئەزانن وەک خۆیانین ئاشنای تاریکایی شەوین
ئێمەش هەڵپەی ئەوەمانە ڕابوێرین و لێی پاڵ کەوین
چیدیکە بە دوای گزنگی خۆری ئازادی ناکەوین
بەڵام گیانە ..
کوانێ ئەو مێشک سڕانە بیریان لە لای نیشتمانە؟
ئەوان لەگوێی گاداخەوتوون تێکوشینیان!بۆگیرفانە
وایانزانی
شوورەی پەیڕەو و بڕوامان نزم ئەڕوانی

---

*هەڵتووترکان؛ دانیشتن لەسەر چینچکان.

وەکو ئەوان

تیری ئێمەش نادا لە نیشانە کە دەرچێ لەکەوان

کت و مت کۆپی خۆیانین

گەل و خاکمان بەلا ناوە خەریکی بەزمی شەوانین

بەڵام گیانە ، سوێندبێ بەم وڵاتە جوانە، ئێمە وانین

ئێمە عەشقی نیشتمانین هەر لەڕێی کاروان و ژوانین

☆ ☆ ☆

خۆشەویستم لەگەڵتامە ئەی بنیاتنەری هیواکەم

بەتەمامە گەشتێکی خۆش ئەنجام دەم لەڕێی ئەم خاکەم

جابۆ هەستی پاکی و نەستی خەڵک وخاکمان، کڕنۆش ئەبەین

چەکی بیری مرۆڤدۆستی لەشان ئەکەین، وچان نادەین

ئەڕۆین بۆ ناو گوند و شاری

دەشت و چیا و بن ڕەشماری

شوێن پەنجەمان نیشان ئەکەین

تا بەکامی دڵمان ئەگەین

بەلاسکی ناسک و پەڕەی گوڵ

بەنەغمەی چۆلەکەو بولبول

هەوارێکی تازەو عەشقێکی سەر لەنوو بنیات ئەنێین

کوردەوارییەکی پێشکەوتوو ناوی بەهەشتی لێ ئەنێین

بۆ خۆم، بۆ تۆ، بۆ چەوساوە و

بۆ دڵدارە چاو لەڕێگا و ڕێبوارەکان

بەیەکەوە ڕاوی بیری سڕ و ڕزی و نەزۆک ئەنێین

شاخی زۆرسەختی ژەنگ گرتوو لەبن وبۆتکەوە، دەردێنین

نەک بەقسە بەکردار نوێن
کەللەی بۆشی پڕ کراو لەفوو منداڵ دێن پێی ئەکەن تۆپێن!

گیانـــــە ئێمە مانـدوو نابیـن خاوەنی بیـر و باوەڕیـن
ئێمە بێڵ و قازمە و خاکەناس بەدەستین
کوتکی کاوەین: دوژمنانمان باش ئەناسین
زۆر بەهەستین،
ئێمەی کرێکار، ئێمەی جوتیار
وەک شێر لەمەیدان دەوەستین
ناشترسین لە داڵ و کەمتیار! ڕەوە گورگی پاشای زۆردار!
کەڵبەی دوژمنان ئەشکێنین قەڵای بێکاری ئەڕمێنین
کۆڵ نادەین و ماندوو نابین دەستبەرداری وڵات نابین
چ لە ئاشتی و ڕاویژبین یان لـەنـاو کۆڕی خەبات دابین

گوندی پیرئۆمەر   تشرینی یەکەمی ١٩٧٣

ئۆ باڵی دڵ

خۆشم دەویێی یاری شیرین لەچاوما نەخشای تا مردن!
لە گیانەڵام سەرێک بـــــدە ئۆباڵی دڵمت بـە گەردن!
قـەت هـەواڵـێکـم نـاپـرسی؟
بەجێت هێشتووم بە کەساسی!
گیـانە هـیچم لە تـۆ نـاوێ تەنهـا بەیەک نیگـای چـاوێ
هەناسـەکەم بـۆ بێنـــەوە تیشکێـکی چاوەکـەت بـاوێ!
دڵەکەم بـــۆ ببووژێنـــەوە بــە یەک ئیشـــارە و ســڵاوێ
خـــوا دەزانـــێ چەنـــد پەشـــێوم ڕوو لە نەهـــات و نشـــێوم
توخـــوا جـــارێ ســـەرم لێـــدە و بێـــرە ڕەت بەو وەرەوە لام
ئەی دڵــبەرە دڵگیـــرەکەم دڵـــڕەقییەکەت دەرچـــوو لە تـــام
بە ڕووخۆشی بڵــێ چـۆنی تـا غــەم یەخەی گیـانم بەردات
دۆستانم بێن بـۆ چـاو ڕۆنـی دڵــم لــەو دۆزەخـــە دەرکــات
ئەو بەدکارە!جێ بێلە و لای ئارامت خۆشبەختی بەخـوای!
بێ تۆیی سەختەچاوەکەم دڵـم دەڵـێ تـۆش وەک مـن وای!

هەولێر ٣٠ /٧/١٩٧٥

بۆ سێ پاڵەوانەکە

بۆ مامۆستا جەعفەر

کاکە جەعفەر ...

مامۆستای داناو پڕ هونەر

هاوڕێی ئازیزم کەتۆیان هەڵدەواسی

وایانزانی

ڕێگەکەت کوێر دەبێتەوەو نامینێ باسی

وایانــدەزانی ئێمەشـــیان لە گەڵ تـــۆدا هەڵواسیـــوە

جەرگی گشت شۆڕشگێڕەکانییان بڕیوە

پــتر لەوەی کە دڕنـــدەن کوێـــر و نـەفـامـــن نازانـــن

هــاوڕێ نەبەردەکانتــان ڕژد تــرن لەجەرگەی مەیــدانن

ئێوە ئێمەن، ئـێمەش هەڵگری ئـاڵای ڕێـگەکەی ئێـوەین

درێژە پێـدەری شۆڕشــی میللەتـی کـوردی چەوسـاوەین

ئـێمە ئێـــوەی چــاونەترس و بـــاوەڕدار و جەنگاوەریـــن

بازی بێریان چەندە دووربێ، ئـێمەهەر بۆتـان دەهێـنـین!

کاکە هاوڕێم

یادت دەکەم و ناشگرێم

چونکە تۆ دژی گریان و نووزانەوەی

چونکە تۆ هاوڕێی برین و هەڵسانەوەی

هــاوڕێی ئەوانەی کە درێــژە، بەو ڕێیـــە پیـــرۆزەت دەدەن

نــاوی تــۆ لەدڵ وگیانیــان، بەخــوێنی گەش نەخــش دەکەن

هــاوڕێی ئەوانەی کەهەردەم، خەمــی ئەم مــیللەتە دەخــۆن

هەنگاودەنێن، شوێن پێی تۆ بەرنــادەن بە ڕێــی تــۆدا دەڕۆن

کــاوە زوحاکــێکی فەوتان بــوو بـــە ڕەمزی ســەرفــرازی

هەتــا ئــەم میللەتــە مــابێ نــاوی دەمیــنێ لــە بـــەرزی

کــەچی ئــێوە نــەمردوونـــە لەدڵــمانـــن بــە پــێوەنـــە

سەری چەندیـن ئـەژدیهای نـەقـوڵای واتـــان پــەڕاندووە!

ئاڵای چەوساوانتان لەسەر چیای هەڵگورد داچەقانــدووە!

ئێوە کــاوەی ڕاســتەقینەی شۆڕشــی ئەمجــارەی ئــێمــەن

ئێــوە گــڕی داگیرســاوی هەڵســانی ئەمجــارەی ئــێمــەن

ئێوە هەزاران بزمارتــان
لە دارەبـــازەی زۆرداران داکوتـــــاوە
سەدان خەنجەری دەبان و جەوهەردارتان
لـەبـڕبـڕەی پشتـیـان داوە
نــاوکی کۆرپـەڵەی ئـازادیتـان بڕیـوە
ئێـــوە ئـــاڵای خوێناویتـــان لە دڵتانـــا هـەڵـواسیـــــوە
ئێـــوە گشـــت خوێمژەکانـــان لەگیانتانـــا هەڵواســـیوە!

هەولێر ئەیلول ١٩٧٦

مامۆستا جەعفەر عبدالواحیدو ئەنوەر زۆراب و شەهاب شێخ نوری لەپـایزی ســاڵی ١٩٧٦ بەدەستی ڕژێمی بەعس لەسێدارە دران..

دڵدارەکەم بناسن

دڵدارەکان ....

هـۆ عاشقـە بـێـدارەکـان

ئەوساڵانەی هەرزەکاربووم

لەکــۆڕی ئەویندارێدا لێـو بـەبـاربووم

چەند کیژۆڵەی قشتیلەو جوانکیلە هاتن

خـۆشم ویـستـن

خۆشیان ویستووم

بەڵام هیچیان، وەک ئەویارەی، ئێستا هەمە

دەرسی ئەڤینیان بەشەوق، فـێـر نەکردووم

هیچ کامیان وەک ئەو دولبەرەی لە دونیادا وێنەی کەمە

ئـاوا دڵ و هۆش و بیریان بەیەکجاری لێ نەسەندووم!

ئەو فێـری سۆزی هۆنراوی پڕ لە چێــژی عەشـقی کــردووم

ئاشنای زامی سارێژ نەبووی پرسفت و سۆی کوردی کـردووم

فێری کردووم

لەوســـاتانەی لەســـەرخاکی داگیرکراومـــا، مەرگ دەبـــارێ!

ئەو شــەوانەی کــۆرپە لە بەر مەمکــی دایکـــی هەڵــدەگیرێ

بەگـــژ مــردن دا بــێمەوە و دەســتی بەخــوێن ســووری ببــڕم!

بەگــژ زۆردار و خوێنخۆرانــدا بــێمەوە و جەرگیــان بـبـــڕم!

دڵدارەکان

دەتـــــانەوێ دڵدارەکـــــەی خـــۆم بە ئێـــوە بناســـێنم
بە زمـــانێکی ســــاکارو جـــوان جگەرگۆشـــــەم بلاوێـــــنم
دڵدارەکان، دڵدارەکەم
کیژۆڵەیەکی کۆچەری
هەژارێکی دەربەدەری
ئەم کوردستانـە ئازیـزەی
ئەم خاکە پەست و دڵزیزەی
منی مەست و ئێوەی شەیداو خۆشەویستە
هی گەلـێـکی سەرگـەردانـە وا ژێر دەسـتـە
دڵبەرە سەوداسەرەکـەم
هەرچی برین و ژان هەیە، ئەو دەناسێ
خۆشەویستی مرۆڤایەتی و جوانییە
لەدانیشگای زانست و پاکی دەرچووە
کانیاوەکەی دادپەری و یەکسانییـە
دەرسی خۆڕاگری و هەستی کۆڵنەدانی تیا خوێندووە
ئەوەی بـڕوای لەپـۆڵابـێ
بە دەهـــۆڵ و پیـــک و زوڕنـــــای عـوڕوبـــە ڕانـەتـەورابـــێ
بەوەهمـــی کۆنـەسیپـــاران   لـــە مــرۆڤ کوشـتن نەگلابـــێ
ئەوەی گیـــانی بە تیشـــکی خـــۆری ئـــازادی ئـاودرابـــێ

ئـەو دەناسێ

هـــیچ پێناســـەکی پـــێ نـــاوێ ئاســـان دەکەوتە بەرداســـێ!

خێرا دەکەوتە ناوباسێ!

***

دڵدارەکان دڵدارەکەم

پەریـزادە نازدارەکەم

خەنجەرێکـــی جەوهەردار و بـــێ کێڵانـــی پێشـــکەش کـــردووم

لەو فێرگـە یەکسان خوازەدا پەروەردەبووم

تێی گەیانـدووم

کەخوێنمژێ، دزێ، حیزێ!

دەرگـــــای کڵـــــۆڵێ زامـــــدارێ عاشـــــقێ دژە بەدکـــــارێ

بە نـــــارەوا ڕاهـــەژێـنــــــێ، ئارامییـــــان بشوێـنـــــــێ

بـــێ فەرمـــانی هێـــزی چـــاکە یـــان هـــی شـــەیتان!

بـــێ ســـێوو دوو، بە بـــێ هـــیچ هەڵوەســـتە و دامـــان

قـــوڕگی بگـــرم، بـــۆی بـــێمە نـــاو جەرگەی مەیـــدان

کـــوردانە ڕایبوەشـــێنم مەردانە تێـــــی بـــــسرەوێنم

هەولێر ٣ /٧/١٩٧٧

پەلەهەورێکی بارگران*

پەلەهەورێکـــی ســـەنگین وا لەم ئاســـمانی کوردســـتانە
دەیەوێ دابـــاریتە ســـەر ئەم کـــێڵگە تێنـــووە وشـــکانە
جوتیارەکـــان چـــاوەڕێنە بۆیـــان پاراوکـــات دەغڵـــودان
ببـــووژێنتەوە کانیەکـــان، ڕەزو بـــاخ و جـــۆگەو بێســـتان
وا وەرزێـــرە هەژارەکـــان چاویـــان بڕیـوەتـــە ئاســـمان
پـاڵە و ســەپان شــوان و گـاوان بەتەمـای ئەو پەلە هەورەن
زەوی تیراوکـــات بە بـــاران ئاســـوودەکات دڵـــی هەمـــووان

پـەلـە هـەورە بـارگرانـەکـــە
هۆ ئاودێری سروشتی خوایی
دابـبـارە و نـــۆژەنـــکەوە و تێـراوکـەوە لێـــوی زەویی
بـێـنـەوە شـــایی ئینسان و حەیوان و باڵنـــدەی کێـــوی
زووکە ســـەردانێکمان بـــکە بەهانـــای برســـییەکان بـــگە
قەدەرێـکـــە چاوەڕوانـیـــن بماندەیـتـــێ دڵنیـایـــی
مەمـــانخەرە دڵەڕاوکـــێ و ڕۆخـــی تینـــوێتی و وشـــکایی
تەبـــارە و مـــاڵاتی هەمـــووان، بەتەمـــای تـــۆن هەوری بـــاران
شـــەکەت و تینـــوون، چـــاوەڕێن، خێـــرا چـــارەیکە دەردی گـــران

هەوری باڵدار

به شــەوقتر له نیگـای چـاو، تەڕتـر له خـوڕەی تـاڤگەی ئـاو

ببـاره بـۆ هەناسەسوار

خـاک و خەڵـک و زینـدەوەر گشــت، کەوتـوونەته حەلا و وەلا

دای بــارێنه به نــاوی خــوا بیکـــه هەوره تریشقـــه و هەرا

پـــــەله هەوره بارگرانەکه

ئـــارامبەخشه نەخشینەکه

که داباریـــت بیــرت نەچــێ لەپێویســـتیمان دەرنەچـــێ

دڵۆپەکانــت ئاگایــان له لاســکی ناســکۆڵه و چــرۆ بـــێ!

کوڵیک و حاجیله و هێرۆبێ

زووکــه بگـه به هـانـایـان

بەڵام ئامان! بـاو بـارانت لـه سەرخۆ بێ!

ئـاگــات لـــه مـەڕومـاڵاتـــی بـــێ ئـــالیک و کــاو و جـۆبـــێ

تەرزەکانــت به تـووڕەیی، نـــەدەن بـــه ســـەر مــاڵی نـــەدار

نەرمه نەرمە، بەهێواشـــی، بـــا ئەو نـــیعمەتەت بێتەخـــوار

بۆ ئێمەی بێ سەبر و قـەرار

نـەبیـتـه لافاوی لاســـار!

هـەوری نـازدار

بـاران و بـای تـووڕەی زستان یاخود بەهـار

بە ئەسپایی پـاراوکە سروشت و زەوی و زار

پڕشـنگی خـۆر کە پەڵـکە زێڕینـــەی ڕەنگـین، دەنەخشـێنێ

بە بـــارین و دڵـــۆپی زۆر، بەهەشـــتی جـــوانی دەنـــوێنێ

بەهارێـــکی ئەفسوناویـــش , بـێنـــە بـــۆ ئەم نیشتمـانـــە

با ژینێکیِ خۆش سـاز بـێ بـۆ، هەرچـی بەسـیفەت ئینسـانە!

هەولێر ٢٠٢٢/٨/٢١

✯ ئەم شیعرەم (پەلەهەورێکـی بـارگران) بە یـادی شـیعرێک نووسـیوە، بەناونیشـانی (پەلە هەورێکی ماندوو) کەلەساڵی ١٩٧٢، لەمیهرەجانی شیعری، کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی، لەهۆڵی گەل خوێندمەوەوە، لەگەڵ چەندین شیعری ترم فەوتاوە. بە هیوای ئەوەی ئەم پەلە هەورە جێی پڕبکاتەوە.

نامەیەك بۆ دەزگیرانەكەم

دەزگیرانی خۆشەویستم
نزیکترین هاودەمی هەستم
کانگەی بەرامەو هەناسەی ئەوین و سۆزی هەڵبەستم
گەر دەتەوێ بە ڕاشکاوی و بێدەربەستی! بتپەرستم
وەک دەتەوێ دەروێشی جوانی باڵات بم
ڕۆژو شەوێ قوربانی میهرو وەفـات بم
بەفیدای دەردو بـەڵات بم !
هەمیشــە هاودەمی من بـە، قەت و قەت پشتم تێ مـەکـە
بەدوای عەشقی گڕگرتووما شاخ بەشاخ، دەشت و دەرتەیکە
لە گەڵ ویژدانی زینـدوومـا کاروانی ڕەنجدەران سەرخـە!
ڕێی چینی کارگەری بـگرە و وەفـاداری خۆت بە دەرخـە!

گیانە گیانە گەر دەتەوێ بە بێ سنوور خۆشتم بوێ
لە گەڵمابە لەو مەیدانە، تا چەوساوەی گەل سەرکەوێ
گـەر دەتەوێ وەک دەتـەوێ
مەرگم بە پێش مەرگت کەوێ
عەشقت لە دڵما چەسپا بێ، قەت تۆم لەبەرچاونەکەوێ

تەنها و تەنها هەر تۆی تیا بێ، ئاڵای دڵداریت نەنەوێ

لە گەڵمابە، تا بەشخورای خاکمان مافی خۆی دەستکەوێ

گەر دەتەوێ دڵم لە ناو گڕی ئەو عەشقەت فەنا بێ

پەیمانی گیانی گیانی بێ، دەست لەسەرسینگ بۆت وەستابێ!

لە ژوانێکی کوانووی خەبات، دڵم ئاگر بباریێنێ

لە تۆ زیاتر کەس نەبینێ! شیعرم هۆشت بشێوێنێ

وەک دێوانە بتکەم بەشەم خۆشەویستیم داتگیرسێنێ

هەتا مابین کەس پێی نەکرێ لە یەکترمان بڕەنجێنێ

وەرە لەشەوی تاریکی زستانی ساردی بێ ئامان

ڕەگی زۆرداری دەربێنین

لەقرچەی گەرمای هاوینی، دەشت وچیای پڕهات ونەهات

داگیرکەری خاکی وڵات بە یەکەوە دەرپەڕێنین

ئازیزەکەی دڵم گیانە

با چاوی کیژی بێنازی چەوساوەی ئەم نیشتمانە

بەکلچووکی خۆشەویستی دابڕێژین

ئاسوودەیی لە دڵی گەل دابڕێژین!

ڕقێکی نەرم و جوان، پیرۆز!

بۆ مافی گەل بنەخشێنین

مەشخەڵی سەرفرازی نەورۆز

بەرەو دەم کەل، هەڵگیرسێنین!

واتـــای هەستـــان دژی بێگانـه پـەرستی

ڕابوون دژی عەقڵی قوندەی کۆنەویستی

تۆوی وەستان، دژی ئاغا و شێخ و شـەیتان! دابچێنینـن

مافی گەلمان بکەینـه وێـردی سەر زمـان، دانەمێنیـن

ژنیش شان بەشانی پیـاوان، بێـنـیـنـه کۆڕی تێکۆشان

تا یەکسانی بەرهەم بێ بۆ کۆی ژینی نێرومێی ئینسان

دەنـا نـه تۆ ئازاد دەبی و نـەچەوساوە و نەکوردستان!

هەولێر ١٥/ئاداری/١٩٧٩

شەش نامەی خوێناوی بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر

"لە چڵەی شەهید نووسراوە"

نامەی یەکەم

مانەوە بێ ڕەنجبەر:

هاوڕێکاکەم

کاکە ڕەنجبەری براگەورەم

کە هەواڵی شەهید بوونی تۆیان پێدام

هەند شپرزەو نارەحەتبووم کاس بووم تاسام

نوقمی پەژارەو خەفەتبووم یەکجار شێوام

چەندی بیرم لەم هەواڵە دەکردەوە

بۆم نە دەکرا بەم ڕووداوە جەرگبڕە بڕوا بکەم

چۆن بڕواکەم کتوپڕی کاکی لاوم لەدەست بدەم؟

تا ئەندێشەش توانای نەبوو مەرگی تۆ بێنتە بەرچاوم

کێ دەتوانێ خەبەرێکی کەمەر شکێنی وای بدەنێ

وەک گۆچان کوور نەبێتەوە و پشتی نەشکێ؟

کێ بۆی دەکرێ؟

ڕەنجبەرێکی خۆ نەویستی جێی بهێڵێ، ڕانەچەنێ؟

خۆی ڕابگرێ و لەڕیشەوە هەڵنەقەنێ؟

هاوڕێم هەرگیز نەمدەزانی
وا بە زوویی لە شەقەی باڵ دەدەی، دەفڕی
پلەی بەرزی شەهیدبوون بەباڵات دەبڕی
ئێمەو ئەو هاوڕێیانەشی خۆشت ویستن
ئەو هاوژینە دڵ کون کونەی
ئەو کیژۆڵە پەپوولانەی سەرفرازیت بۆ دەویستن
بە نـاکاوی بـەجێ دێڵی بەسەرگەردانی وبەوێڵی

کاک ڕەنجبەری پێشمەرگەی کوردی دڵسۆز، شۆڕشگێـڕم
ئە ی پێشڕەوە نەبەردەکەی ڕێگای سەختی پڕ هەڵدێرم!
کەهەواڵەکەڕاست دەرچوو هەرچی خۆشەویستی تۆ بوو
هەر کێ کوردی ئەسڵزادەو بەشەرەفبوو، دڵ پڕسۆ بوو!
لە ناخەوە بۆ تـۆ گریان
هاوڕێکانت سەری ڕێـزو نـەوازشیان بۆت دانەوان
دایە ئاسک جەرگی کونـاودەر بوو بڕا
بەدایەڕۆ و بە ڕۆڵە ڕۆ، دونیای تاسان!
ساڵح گۆران پشتی نووشتایەوەو شکا
لەپرسەکەت وەک مەنجەڵی چێشت دەکوڵا
ئەو هاوسەرەت کەدایکی کۆرپەکانت بوو
ئەو گوڵانـــەش
ئەو ئەستێرە گەشاوانــەش

کە بەقەدەر چاوەکانت لات ئازیز بوون
مات و دڵـزامدارو زیـزبـوون
هـەرەوەزو بـوێـر، هەریـار
مانەوەبێ سەرپەرشتی باوکە ڕەنجبەر!

[illegible]

ئای کەجوانبووی

هاوڕێگاکەم دوای چەند ڕۆژێ
هەموو بۆلات کەوتینە ڕێ
تا تەرمە خوێناویەکەی تۆ
لە بن چیای کێوە ڕەشەوە
لـە دێی پیـرانـە ڕەشـەوە
بەناوکۆیەی شەهید جەعفەری هاوڕێگات
بۆهـەولێـرەخەمبارەکەی ژێردەست ولات
بەسەر بڵندی ببەینەوە؛
"ئای کە جوان بووی
وای چەند بەرزو قارەمان بووی
کـە بـەو جـلکە پێشمەرگانـە
لەناو گۆڕێکی ساکارو هەژارانە
بـە دڵنیـــایی خـەوتـبـووی!

دلێـرانـــه پاڵ کەوتبـووی
کە سمێڵە قەترانی یەکەی تـۆم بـەدی کرد
کاتێ سەرە کوێستانییەکەی تۆم بەدی کرد
کەدەتووت تازە چیای قەندیل
بـەفری بـــەدیاری هێنـــاوە
بۆسەری بەرزی کاک جەمیل"
جا بڕوام کرد، زانیم ڕەنجبەر
ئەو کاروانەی چۆل کردووە
مامۆستاکەم گیانبازی کردووە بۆ وڵات
منی تەنیا جێهێشتووە لەڕێی خەبات
ئەو بەچکە شێرە مەردەیە ئەوپێشمەرگە سەربەرزەیە
ئەو شاعیرە بە هەڵوێست و کۆڵنەودەر و جەربەزەیە
نانی دیلی ژینی دیلی نەویستووە
ئەو شۆڕشگێڕە مەزنەیە، لە پێناوی ڕەنجدەراندا
لەپێناوی ڕەش وڕووت و بێچاراندا
گیانی بەخاکی کوردستان سپاردووە
بۆیە ئاوا هاوڕێکانی تـە زانـدووە

برینی قووڵ

هـــاوڕێگاکـەم
ڕەنجبەرە دڵ پـڕ هیواکـــــەم
ئەو برینە قووڵەی کەوا لە جەستەی تۆی شەهید دابوو
چەند لەگەڵ توانـاو بـڵـنـدی
تۆی پێشمەرگەدا گونجابوو
ئاواتت بوو بە سەر بەرزی و کەڵە مێردی
بەدروشمی (کەم بژی مەردوکەڵ بژی)
وەک کاک یاسین بەڕووسووری
دەست لە ملانێی مەرگ ببی
مەبەستت بوو، لەڕێی شۆڕشی چەوساوە
گیانی پاکی خۆت ببەخشی
لەڕێی خاکی ئەم نەتەوە زۆرلێکراوە
خوێنی گەشی خۆت ببەخشی
هاوڕێ تۆ لە ناو دڵمانی
لە ناو خوێنی جگەرمانی
تۆ نەمردووی قەت ناشمری
تۆ گەورەی، گەورەییەکەشت
بەقەد گەورەیی وپیرۆزی ڕێگاکەتە
تۆبەرزیت و بەرزییەکەشت

بەقەد باڵای چیای هەڵگوردی وڵاتەکەتە
چ مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ، هەیە ئەمڕۆ
خۆزگە نەخوازێ وێنەی تۆ
مێژوو ئەوها ناوەکەی وا بە شانازی
لە سەر ترۆپکی نەمری
لەسەردەفتەری چەوساوە و خاک پەروەری
بە ئاوی زێڕ تۆماربکرێ ؟
بە گوڵاوی نێرگزی کوێستان
لەسەر ئاڵاو لەسەر هەواو
لەسەر دار و بەرد و چیا بنەخشێنرێ؟
تا کوردستان و کورد هەیە لەیاد نەکرێ

نامەی چوارەم

وامدەزانی قەت ناگریێم

هاوبیرەکەم
ڕەنجبەرە بەتەگبیرەکەم
وامدەزانی بەرامبەر گشت کارەساتێ
خۆم ڕادەگرم، قەت ناگریێم
کەچی هاوڕێم
کە خەبەری شەهید بوونی تۆی کۆڵنەدەریان بۆ هێنام
وەك دێوانە، گڕم گرت بەتین داگیرسام، وا پەشۆکام

گریان دەستی لێ سەندم و لە دە سە لاتم دا نـە مـا
چـاوەکانـــم بـــوون بـــە کـانـــی و
جۆگەی خوێنیان بـۆت هەڵبەسـتا
پشـــــتم شــــکاو چەمـــــامەوە
منی هاوڕێی گیانی گیانیت، بەتاقی تەنها مامەوە
جەمـــیلە مانـــدوو و مـــردووەکەم
هۆکــــاکە لە خـــۆ بـــوردووەکەم
هەندە بەکوڵ بۆت گریاوم هەنا سەبـڕبـووم، تاساوم
وشـــەی تـــەڕ و پــــاراوم نـــازولاڵ بـــووە
ئەگینا بـۆ هەرچەندی دەکەم بـۆم نـاکرێ؟
بە هۆنینێکی کوردانە هاوڕێگاکەی خۆم بدوێنم
ئەو هەستیارە خۆنەویستەی
هەرخۆشی ئـەو گەلـەی دەویسـت، بلاوێنـم
گوێی بێ دەنگی ئەم زەمانە
کش وما تە بـدڕێـنـم
دۆست و دوژمن سەرسام بکەم، بە شاکارێ بتا سێنم!
کێ پێی دەکرێ؟
شـیعرێکی پـڕ حەسرەت و کارەسـاتباری وا دا ڕێـژێ ؟
زامی ڕەنجبەری پێشـمەرگەی بەرمەیـدانی تیـا بنێـژێ!

بۆن كرووزی جەرگی دایەی
ڕۆڵەی شەهیدی دووبار بێ
هاڵاوی هەناسەی بابەی
دڵ بریندار‌ی لێ هەڵسێ و بێ قەراربێ
دادو فیغانی هاوسەری، شەیدای ڕەنجبەری لێ باربێ!
خەمی هەر سێ كیژۆڵەكەی باوكەشەهیدی نازداربێ
چ هۆزانڤانێ شاعیرێ
شیعرێكی وای بۆ دەگوترێ؟
گەر دەتوانێ با بەدەنگبێ و بۆی بهۆنێ
بوێربێ وسەركێشی بكا و جا بیخوێنێ!

نامەی پێنجەم

ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ

مامۆستای ئەلف و بێ زووكە
قوتابییەكانت چاوەڕێنە
زەنگ لێی داوە و ئێستاكە كاتی فێربوونە
ڕەش وڕووت و بێچارەكان بەتەمای تۆنە هەنووكە
وەرە دەرسی پەروەردەیی و شۆڕشگێڕیمان فێر بكە
واتای شۆڕشی جوتیاریی و كرێكاریمان فێربكە
وەرە مانای نەبەزین و كۆڵنەدانمان تێبگەیەنە

وەرە نرخی خوێنی گەشی شەهیدانمـان تێبگەیەنە
بۆ چی دەڕۆی؟کێ قوتابی وا لە ناکاو جێ هێشتووە؟
کـێ کـــاروانی ڕەنجدەرانی یەکجار وا شڵەژاندووە؟
هێشتا زووە، نابێ بڕۆی!
ئەی خـۆت نەتگـوت ئەم مـیللەتە چەوسـاوەیە
پێویستی بە ڕۆشنبیری شۆڕشـگێڕو ئـازا هەیە؟
هاوڕێکانت چاوەڕێن بە، قسەو کرداری بێوێنەت
شیعر و گوتاری مەردانەت
ئەم شۆڕشە درێژخایەنـە
لـەم هـەوراز و نشێـوانـە
بگەینیە ترۆپکی ئازادی و بەسەر ئەو چیایانەی بخەی!
لەوەرزی میوەڕنین و دروێنەشدا
هەرەوەزیان لەگەڵ بکەی!
لە شینگێڕی و لێ قەومانی بێ وێنەشدا
دەسباریان لەگەڵ بگریت و قەت و قەت پشتیان بەرنەدەی
لە گۆڤەند و شایی و سەرکەوتنەکانیشدا
سەرچۆپیان بۆ بگریت و ڕێکیان بخەی!

شەهید نامرێ

هـاوڕێ گیانی گیانییەکـەم
خەمخۆرەکەی ڕەنجدەرانی وڵاتـەکـەم
ئـەی ڕەنجبـەرە بـوێـرەکـەی
ڕەمزی سەربەرزی و نەبەزیـن
ئـەی دڵـدارە هـەریـارەکـەی
کوردستانی نـوقـمی دەریای ژان و بریـن
هەڵۆی سەر لووتکەی بڵند و قەد شاخانـم
کارمامـزی دەشتی هەولـێـر و گـەرمییانـم
گەر شۆڕشێ قـوربانی وا گـەورەی هەبێ
بە بیـری شۆڕشگێـڕی تۆ جـۆش درابێ
چۆن بڵێسەی تێکڕای نیشتمان داناگرێ؟
دوژمـنـە فاشیستەکانیـش نـاتۆقـێنێ؟
گەر میللەتێ، ڕۆڵەی ئاوای پێشمەرگەبێ
پەیامبـەری وەک ڕەنجبـەری بـەڕێـوەبێ
چۆن لەژێردەست داگیرکەران ڕزگارنابێ؟
هاوڕێکانی جەمیل ڕەنجبەر
ڕێبوارانی ماندووی سەنگەر
ئەی پێشمەرگە ئازاکانی کوردستانی لەت لەت کراو
ڕۆڵە لە خۆبوردووە کانی کوردی بێلانە و ماف خوراو

شەهید هەر بە لاشە دەمرێ
شاعیری چەوساوان نـامرێ
رۆحی بێگـەردی زیـنـدووە
لە شەققەی باڵ دەدا و دەفڕێ
نەمریش بە باڵای شاعیری گەل دەبڕێ
دەفڕێ و دەفڕێ
گیانی لە ناو گیانتان دایە
خوێنی لەناو مێشکی کراوە و دڵ و شادەمارتان دایە
ناوی لە گەڵ ڕاچڵەکیـن و دەنگ و پە لامارتـان دایە
هەتا وەکو پێشمەرگەیەکی بەباوەڕ بـەپـێـوە بێ
رۆشنبیرێـکی شۆڕشگێـڕ تەکان بداو بەڕێـوەبێ
شەهـیـدانی ئـەم ڕێبـازە زویـر نابن
قەت خامۆش و دڵگـیـر نابـن
لـەیادی ئـەم گەلی کـوردەن
شەهیدی ئەم خاک و هەردەن
لـە فـیـکری وەچەی داهاتوو
دەنەخشێن و مات و مەلوول و کز نابن
دەچنە ناوتیشکی ئەستێرەو مانگی هێشتا هەڵنەهاتوو
قـەت بـزر و عـادز نـا بن
دەبنە ئەستێرەی گەلاوێژ
پێروو و تەرازوو بۆ ڕێگای سەربەرەولێژ

ڕێی کاکێشان

لە بۆ کاروانی تێکۆشان

دەبنە هەتاوی سەرلەنوو، بۆ سبەینێکەی کوردستان

دەبنە چراخان بۆ نەوەی، لە گەڵ ئازار ڕانەهاتوو

دەبنە مێژوویەکی زیندوو هێزێکی لەبڕان نەهاتوو

شۆڕشێکی دروستی بەئاکام گەیشتوو

جگەرگۆشەی دایکی بەسۆزی وڵاتن

تەکاندەر و پێشەنگی ڕێچکەی خەباتن

تا خەڵکی بە وەفا و عەشق و ئیمان هەبێ قەت ون نابن

تا بەرگری لە دادگەری ئینسان هەبێ کەون نابن

چلەی شەهید ١٩٨٠/١٢/٢٨

جەمیل ڕەنجبەر لە ١٩٨٠/١١/١٨ شەهیدبووە

من و مام هەباس

+ئەرێ ئەی کاکی ئەزموندار
تێرلەزەمەن! هۆ مام هەباس؟
جەربەزەی نێو مێژووی غەدار
تەژی ڕووداوی دەعەجان، کوشتن و گێچەڵ هەراوباس!
بۆمان بەیانکە پوختەیەک، هەواڵی تازە، دەنگوباس؟

+ هۆکوڕی خاس
پێمان ناڵێی کام دەنگو باس؟
بەناشکوری نەبێ فەرموو؛
ئەوەی هەمانبوو و نەمانبوو
خودانێکی بێدەنگ و کەڕ
دڕدۆنگ و لاپرەسەنگ و کاس
نا دیارێکی کون فەیەکون، خوڵقێنی گیاندار، جن و ناس
سەروەختێکی جەنجاڵی پڕ لە زۆرداری و نەهامەتی
کەس کەس نەناس؟
خۆویست تاسەر ئێسقان سازاو، لە گەڵ ترۆپکی کۆیلایەتی!
ناونراو بە کوردایەتییەکی ژەقنەبووتی
خاک نەناس عەشقی ئەلخەناس

کلـکـه بـیـور و تـەورداس!

نوقمی ڕق و کینه و چڵپاو

کەس خۆ نەناس !

گەلێکی سەرلێشێواو و بێ فریاد ڕەس!

هیواییێکی بێ دایک و باو !

سەرێکی بێ کەللە، قوچاو!

ئاشێکی ئاو لێ بڕاو و

وڵاتێکی لەت لەت و دابەشکراو و

پڕ تەڵـەی لـەتـراز دانـدراو

کۆڵەکەی زڕ ! ڕانـەوەستاو !

+ئەی کاک میرزای تێر لە ئـەزموون، هۆ مام هەباس

ڕۆڵەی زەمـەنی بێ سنوور، پـڕ هەرا و باس

هی دەورانی چەرخی چەپگەردێکی نـاجوور

لەگشت ئیقلیمی خوارو ژوور، نێزیک و دوور

تو خوای ڕاستان

تو سەری ئەو ئازیزانەی لە ڕێی ئەشقا هیچ نەوەستان

چ بـاسـێـکی شــاراوەی وا هـەیــە لاتـان؟

بەسوود بێ بۆ میللەتی کوردی بەستەزمان

بە ئەسپایی بە گوێماندا بچرپێنـە

بە نهێنی بۆچەوساوەکانی بـێـنـە

تا ڕەنجدەرانی کوردستان
لێقەوماوی تێکڕای جیهان، بە ئاگا دێن!
لەم دەریا شێلوو و ئاڵۆزە قووڵە دەردێن!

+ئەمـڕۆ ڕۆژی وردبوونەوە و لێکۆڵینـە
ڕۆژی زانستی پەروەری و شـەیدابوونە
شەیدای ڕزگاری چەوساوەی نیشتمانە
کاتی تەبایی و یەکبوونی، ڕیزی گشت مافخوراوانە

+هۆ کاکی خۆم، میرزا هەباس
ئەی جەربەزەی تەمەن بە قەد، تەمەنی ڕۆژ، کوا دەنگوباس؟
ئەو مـرۆڤـە دڵدارانــەی
لە پێناوی گەلی خۆیان لەڕێگا بوون
ئەو دڵدارە بە جەرگانەی
ئەو گیان بازانەی بۆ خاکی خۆیان فەوتان گیان فیدا بوون
چییان لێدێ ؟ چیان لێهات؟
بوون بـەپرسیـاری بێ وەڵام؟
بوونە هەتوان؟ بۆ دەرد و غەمی هەژاران؟
یان پەژارەی ڕووت بۆ ژینی کەسوکاران؟

+ نا نا ئەوان بوون بە مێژوویەکی زیندوو

بوون به پێشەنگی گەلێکی لە خۆ بوردوو
بوونە بەستە، بوونە پەیام
بوونە مەرهەم بۆ سارێژی پەژارە و زام!
ئەوان گەیشتن بە ئەنجام
مەینەتی بۆ ئەوانەیە
هێشتاکە لەژیاندا ماون
لەڕێی ئەوان لایاندایە
دەستەمۆ و سەرگەردان بوونە
دەستەوەستان
لەخزمەت دوژمنـانـدایـە!
ملی کەچە بۆ ڕەشەبا و تۆفی زەمان
سەربەرزی جاویدانـیـش هەر
بـۆ ئەوانـەن؛ دەژیـن لە پێنـاو ئـازادی
یان بوون بە قوربانی خاک و گەیشتن بە مەرگی شادی!
ئەوانـەش کە دەژین لـە پێنـاو سەربـەرزی
گیـان فیدان لە ڕێی دادوەری و سەرفـرازی
نـەژیان ژینی بنـدەسـتی بە نامرادی و سەرکزی

+ هۆ مام هەباس
ئەی جەربەزەی تەمەن بە قەد تەمەنی خاک
هۆ خولقاوی خوداوەندی گـەردوونی چـاک

سروشتی پاک

کوا دەنگو باس ؟

لە چاوەڕوانیـدا، خێل بووین!

بۆ سەرکەوتنی ئینسانی چاکە خواز، ڕاس★

هەند تێڕامایین! هێڕ و گێل بووین!

+هۆ کوڕی خاس

هاوڕێی دڵدارانی چیاو

گوڵە حاجیلە و نێرگز و بەفر و ڕێواس

ئەی کەڵ ژیاو

ئەی دژە باوی قەتیس ماو!

کام دەنگ ؟ کام باس؟

بە ناشکوری نەبێ فەرموو

ئەوەی هەبوو، ئەوەی نەبوو؟

خودانێکی بێدەنگ و کاس

سەردەمێکی جەنجاڵ، تەژی ستەمکاری

مات و بێسەنگ

کەس کەس نەناس!

گەلێکی سەر لێشێواو و کەس خۆنەناس!

هیوایێکی بێ دایک و باو

ئاشێکی ئـــاو لێ بـڕاو و

زەمانێکی لە خۆبـایی و تـەڵـەکـەبـاز!
پـڕ لـە فـاقی دانـراو لەتـراز
پـڕ نیفاقی دەعوەتی قـاز!
ڕووداوی پێش بینی نەکراو
چەرخێکی بێ نمەک، هەرگیز ڕانەوەسـتـاو
مێژووێکی پڕشوورەیی، بـە درۆو فیشاڵ پـف هەڵماو!
کوردێکی ئـازا و دڵسافی، وەتی هـەیـە هەڵ خەڵەتاو
دوارۆژێکی گەش و ڕوونیش
دەربازبوونیش
دەخوازم بۆ میللەتێکی خاک داگیـرکـراو
سەراسیمە و بێ فریادڕەس، تەفرەدراو!

هەولێر ١٩٨٤/٩/٢٠

کۆڵەکە: ئەستوندەك
ڕاس: ڕاست
دەعەجان: زۆر ناشیرین

سەرماو گڕی داستانێکی تر

"لە میهرەجــانی شــیعری زانکــۆی ســەڵاحە ین
لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر ١٩٨٥/٣/٦ خوێندم :"

ئەی بەفرەکەی ئەم زستانەی
شاری شەیدای زەردەخەنە
نەوبووکەکەی دڵ زامدار و دەست بەخەنە
ئەی زستانی بێـئـامـانی
مەڵبەندی خەم وپـەژارە
جێنزگەی هەرچی ستەمدیدە و هەژارە
بۆچی لێمان بووی بەمیوان؟
لەم کەرکووکە، لەمەڵبەندی بابەگوڕگوڕ
شاری زێڕی ڕەش و شیعر!
پێشوازی تۆمان پێناکرێ
بەرگەی تۆفی زستان ناگرین
زووکە بارگەت بپـێـچـەوەو لێـرە بـڕۆ!
ڕۆڵە جگەرگۆشەکانی ئـەم مەڵبەندە بێ بـەهـارە
تـۆیـان نـاوێ
منـاڵـە بێ بـەرگەکانی ئـەم شـارە مات و بێـزارە
دڵیـان بـە تـۆ ناکرێتـەوە!
ئەی بەفرەکەی ئێـرە بڕۆ!

جوانی وسپییێتی تۆ دادی ئەوان نادا !
بوویان بوویتە مایەی مەرگ و دەردەسەری و نەهامەتی
لەسەرمانــا شپــرزەبوون، مـاونـەتـەوە بـە پێی پـەتی!
هەرچەند بەفر گوڵ ئاسایی
جوانی و پاکێتی لەگەڵ دێ
کۆرپەکانی کـورد ئـاسایی
قەندیل و هەڵگورد ئاسایی
بــۆنی نێرگـزی لـێـوە دێ
بەڵام سەد ئـاخ لەم سەردەمە
پـڕ چـەرمـەسـەری و ستەمە
بەفریش شەختە و سەرما دێنێ
زستانێکی بێ ئەمانی وەها دێنێ
کەس ناپرسی!
منالی پێخواس و برسی
دەتۆقێنێ
کە بـەڕێـگا و بانـدا دەڕوا
لەهیکراو بێ ئیـزنی پاشا
دڕکی بـە پـێـدادەچـێـت و پـێی دەتەزی
لەحەژمەتی تۆف و سەرما هەڵدەلەرزی!

ئەی بەفرەکەی ئەم زستانەی
شاری شەیدای زەردەخەنە
کەرکووکەکەی
بووکی دەست و پێ بەخەنەی
ئـەم نیشتمان و مەفـتـەنـەی
پڕ لە وەیشوومە و گۆبەنە!
ئەی زستانی پڕ لە زوقمی
ئاشنای ئەم کوردستانە
پڕ مەینەتی و پڕ داستانە
دەزانی بۆ تۆ لێمان بووی بە بێگانە؟
لە مەڵبەندێ کە سەرچاوەی گڕی گشت ئاگردانێکە
تێشووی سەفەری باوەڕی گڕی هەموو سووتانێکە
سەرما مرۆڤ هەڵدەواسی
تەڕ و وشک دادەپاچی
زستانی پڕ نەهامەتی
لێرە بووە بە خانەخوێ
بۆ نەگبەتی، تەنها زمانی ترس دەدوێ
بەفرومناڵی ئەم شارەش بوون بەبیانی
هەرچەند زستان
دڕندەیەکی سامناک و نـاگەهـانـە
کەچی دیسان هەر لێرانە

وا لەسەرخاکی دڵی ئەم خەمبارانە
برین بە پێوە دەوەستێ
باڵ بەرەو ڕەوەی چەقیوی گەل وەدەنێ
داستانێکی تری کۆڵنەدان دەنووسێ

هۆ ئازیزە تاقانەکەی دڵم گیانە
لەم زستانە پڕ قات و قڕی و تۆفانە
گەردەروونم وەک کوڵخانێکی جۆشدراو
وەک ئاگردانێکی تازە و نوێ داخراو
لە هاڵاوی ئەم ئاگرەی تیا نەبووایە
دەبوا هەر زوو جەستەم ڕەق هەڵگەڕابووایە
دەبوا تەرمۆمەتری ورەم بێتە خوار سفر و دابەزی!
گشت ئەندامی لەشی لەڕو داهێزراوم هەڵ بلەرزی

ئازیزم تۆش وەرە بمگرە لەباوەشتا
گەرمی ترم پێ ببەخشەو
بمبە بۆسەر چیای سەرکەشی وشە و شیعرا!
تا گیان و دڵ پتر لە جاران داگیرسێ
تا پەیامی هەڵسانی ئینسانێکی تر
بە گڕێکی سوور بنووسرێ !

وردیــلەکان

منداڵــە بێ داڵدەکانی

ڕەحیماوا و ئازادی و شۆڕیجە و ئیسکان

بەسینگی ڕووت وقووتەوە

بەبرسێتی و بەپێی پەتی

وەرنە وازی

هاوڕێکانتان چاوەڕێنە

بێنە بەزمی دز و قازی!

وەرن بەم بەفر و شەختەیەش، گوێ مەدەنێ

تینی کـوورەی دڵی هـەڵ قـرچـاو بـرژاوم

دەبەخشم بە گیانی یەک یەکتان بەتەنێ!

تیشکی بیر و شەوقی جیلوەی

هەر دوو بـیـلـبـلـەکـەی چـاوم

پێشکەش دەکەم بەسۆز و عەشقی گڕداری

بـە کـیـژ و کـاری دڵـداری

ڕۆڵەی کەرکووکی مەفتەنێ

(منالّی گەڕەک وەرنە دەرێ

پاشا بدەنە بەرخەنجەرێ

منــداڵیـنـە وەرنـــە وازی

بۆ چاوشارکێ و زۆرانبازی!

ڕاپـەڕن، هـەسـتـن لـە خـەوێ

بێچووەی شێر نانوێ بەشەوێ

مـنــداڵـیـنـە چـیـتـان دەوێ

هـەمـیـشـەبـەهارمان دەوێ

نـانی قـەنـدەهارمـان دەوێ)

مـنـداڵـیـنـە

ڕووت و ڕەجاڵ و برسیـنـە

کە دڵتان لە عەشقی ئەو بابەگوڕگوڕەی

هی ئەو گڕەی

دڵی منی تێـدا بێ هەرگیز نـاتـرسـن

شیعردەڵێن و هەڵپەڕکێ دادەبەستن!

لە وازی گورگ و مەڕانێ وغارغارانێ

خۆتان براوەی یەکەمن، قەت نابەزن

لەبەرزوقمی بەفری هیچ تۆف و زریانێ

چۆک نادەن و هەڵ نالـەرزن!هەڵ نالەرزن!

هەولێر ١٩٨٥/٣/٦

پرسیار له زەمان؟

هۆ زەمانە؟

خولّقێنەر و لەناوبەری، بوونی جوانی لەم ژیانە

پێمان بڵێ بۆ تائێستا

بـارگـرانی و قـورسایی ئەم دەرد و ژانەی ئـەم جیهانە

لەسەرشان و پشت و سەری، پیل و ملی چەوساوانە؟

هۆ زەمانە ؟

پێمان بڵێ بۆتا ئێستا؟

چ لێرانە چ لەوپەڕی ئەم دونیایە بەرفراوانە

کردەی کارگەرەکان بـووەو

بــردەی ئەم بیرۆکراتانە؟

کردەی ڕەنجدەرەکان بـووەو

بردەی ئەم تاقمە کەمانە؟

هۆ زەمانە؟

کاتێ ئێمەی ڕەنج خوراوی ئەم جیهانە

بـە ئاواتی گەیاندن بـەژینی یەکسان

ژیـنـی ئازاد و کامـەران

ڕاپێـچ دەکـەن!

دەستەیەکی هەڵخەڵەتێن، بێرۆکرات دێن
تاقمێکی کەمی دڵ ڕەقی، خەڵک چەوسێن
بەدروشمی باق و بریقی! سۆز ورووژێن!
بەری ڕەنجی شان و بازووی ئێمە دەبەن؟
درۆ نەبێ هەرگیز ڕاستی ناڵێن!
یاری بە دوواڕۆژمان دەکـەن!
خەونەکانمان ژێر پێ دەخەن!

هۆ زەمانە

لەم دونیایە پڕ ئازار و بێ ئامانە
ڕەنج خوراوان
ڕەتـێـنـراوانی کـوردستان
ڕوو لەکام قیبلەی نوێ بکەن؟
هەر قیبلەیێ ڕووی تێدەکەن
بەردەڕەشی ڕاستەقینەی لێ دەدزن!
هەر ئاواییەکی بۆی دەچن
بۆ بێگاری و خزمەت نەبێ ڕایان ناگرن!
کەی بیانەوێ ؟ گەر بیانەوێ!
وەک گاجووت و مەڕو بزن
کەوڵیان دەکەن، سەریان دەبڕن !

هەند بێسەر و سەرگەردان و گەوجێندراون!
بەخۆڕایی لەڕێی وەهمی چرووک دەمرن!
مخابن کە بۆ چەوسێنەریان پێناون!
بۆ ئەوانەی کەمتر لە جووتێ پێڵاون!

کارگەرەکانی کوردستان
چینە چەوسێنەرەوەکان
لەزمانی مافخوراوەکان حاڵی نابن
ئەوان بەسەرزاری نەبێ
بۆ قوربانی و مسکێنی و بێگاری نەبێ
ئێوە بەمرۆڤیش نازانن
هەند شەیتان و لەبلەبانن!
ڕەش بەسپی و ناهەق بەهەق
شەڕ بەئاشتی بەچەوساوەکان دەفرۆشن!
هەند بەدمەستن، بۆ مەرامی گڵاو سەرخۆشن
ئەوان بەسەر سەری ئێوە
تەڕادێنێ و سەیران دەکەن
ئەوان لە ژێر دروشمی ساختەی ناوی ئێوە!
بە خۆڕایی زەق زەق لە پێش چاوی ئێوە
ڕێکخستنی براکانتان
جەنگاوەرە هاوڕێکانتان

بەرەو مردن ڕاپێچ دەکەن!

بۆ ئاکامێکی ڕەش دەبەن!

لەبەردەرگای دیوەخانی هەر فەرمانڕەواو پاشایێ!

هەر ملۆزم و مێردەزمە و بەرپرس و کوێخا و ئاغایێ

هەر نۆکەر و بەچکە شێخ و دەست کەلایێ!

هەر میرێکی قۆڵبڕ و کۆلکە مەلایێ!

بە خەتێکی زل و زەبەلاح نووسراوە

"خودا بەردی گەورەو بچووکی داناوە"

ئەوەی بەشان و شەوکەتی

لێ هاتوویی و عەزەمەتی

حەزرەتی پاشا هەڵ نەدا

ئەشەدو بیللای باش نەکا!

زوڕنا نەژەنێ و دۆڵ نەکوتێ و نەدا خاوە!

زۆر بەڕوونی ماستاوی خەست نەگرێتەوە کڕنۆش نەبا

بەردەوام یان ناوەناوە، سەگوەڕ نەبا!

نابێ چیتر، لێرە بژی و نقە بکا

هۆ چەوساوە و ڕەنج خوراوی

کوردستانی جەرگ سووتاو

خاک لەتکراو، بن پێ خراو

منی هاوڕێی ستەم دیدەتان

لەم کەین و بەینەی ئاغاکان

بــه ئــاگام و رێــنــوێــنــی ئێــوەش دەکــەم!

مەینەتی خۆم لە گەڵ ئێوەش دابەش دەکەم

چیتر نەکەن!

بۆ بەرژەوەندی تاقمێکی نەفام و کەم و بیرۆکرات

ببنە سووتەمەنی خەبات

چیتــر نــەکــەن!

لــەبــەردەمی ئەم زاڵم و دەجاڵە مــەودا کورتانــە

مامە حەمەیی و مەرایی و ماستــاو بکەن!

چیتــر نەکەن لەبەردەمی ئەم کەمانە چۆک دابدەن!

نەکەن ..نەکەن بۆلەتێ نان، پارووی جەور

کردەوەی کەم، بۆ ئەو کەمانە ئەنجام دەن

بە پەمپ لێدان لەرێی ئەوان، نابنە بەور!

هەرگیز نەکەن، بۆ بۆرژوایانی بچووک !

مەبنە کلکی قازمــە و تەور

بۆسیاسەتبــازی تەقڵەباز! بــۆ بیرۆکراتیانی چرووک!

بۆ سەری ئاشووب پڕ جەور، چۆک دا مەدەن!

نا نا هەرگیز کڕنۆش مەبەن! چۆک دامەدەن!

هەولێر ١٩٨٥/٩/١١

جەور: ستەم

دوو هۆنراوە بۆ نەورۆز

[illegible]

منداڵینە بە داخەوەم   منیش کە مامۆستای ئێوەم
بۆم ناکرێ نەورۆزێک سازکەم   لە دۆخێکی ئا لەم شێوەم
لە چنگ فاشیستێکی پڕ قین   ئاوس بە شەڕ و هەڵواسین!
کەهەست بەبوونی خۆت نەکەی   چۆن تام لەجەژنی خۆت دەکەی؟
تا لە نەورۆزێکی بالآی   بەرزی بێوێنە و ئەندازە
جەژن نەکەم بە ئازادی   ناڵێم هات ڕۆژێکی تازە!
بشمرم لەم پێناوە دا   گەر شەهیدیش بە پێوە
دەچمەوە بەگژ ئەژدیهای   نادادی و ئەم چەشنە خێوە!
تا نەورۆزێک دێت میللەتی   ئێمەی لەناودا دڵشاد بێ
جەژنێک بێ گشت چەوساوەی ئەم   وڵاتەی تێدا ئازادبێ
نەخۆ ڕۆژێ لە ڕۆژانا   لە نەورۆزەکەی خۆم دیل بم
لە تافی گەنجێتی ژیانا   هەر پرسەبار و زەلیل بم
بەڵکو لە ڕێی کۆڵنەدانا   خۆم چارەسەر و کلیل بم
لە ناو کۆڕی شاعیرانا   لە لوتکە دا بم جەمیل بم!

١٩٨٥/٣/٢١

[illegible]

لەکوردستانی نوێ بڵاو کراوەتەوە کەمێ دەسکاریم کردووە

منـاڵیـنـە

ڕووت وقووت و ڕەجاڵینـە

لـەم نـەورۆزە

دڵی ڕەنجاو و بـێـدارم پڕ بریـنـە

تـەژی سـۆزە

لەجیاتی خەندە و پێکەنین

جۆشی داوم گریان و شین

گەرچی گریانم خۆش ناوێ

ڕێم پێ دەگرێ تاو نا تاوێ

منالینە

کیژوکوڕی بێنازی ئەم خاکە جوانە، دڵغەمگینە

ڕەوشتێکی سەیرم هەیە

نازانم بۆچی ئەوهایە؟

لەناوخۆشی و شادیدا بم گریانم دێ!

لەناو تاڵی و ئەشکەنجە پێکەنینم دێ!

سروشتێکی سەیرم هەیە

سەرگوزشتەی من ئەوهایە
شێت نیم بەڵام ئەوساتانەی تووڕە دەبم، کەهەڵدەچم
لەشێت دەچم!
لەخاکی دابەشکراوی، کوردستانی لەت لەت دەچم
لە لاوی زنجیرکراوی، بەردەم سێدارە و پەت دەچم
کە ڕۆژ هەڵدێ
تیشکی خۆر لە ئامێز دەگرم
چاوم بەرپێی خۆم نابینێ
هورِ و کاسم
لەداخی ئەم چەرخە دەمرم!

کە شەودادێ
بەفر و شەختە و تۆفانیش بێ، لای من بای دێ!
لە هیچ شوێنێ هەدا نادەم، ئۆقرە ناگرم
تا یارە ئازیزەکەم دێ دەرۆم وەکو با گڤگڤەم دێ!
پێچەوانەی شەوکوێرانم!
بەرەو دەشت و زورگ و تەلان و چیا دەچم!
عەودالێ ژوانی یارانم!
دەبمە تۆپەلێ هەتاوو لە ئاگری نەورۆز دەچم!

نەورۆزی ١٩٨٥

سروودی نەورۆزێکی تازە

دیســـــان نەورۆزی کـــوردانە بەهـــارەکەی پەرێشـــانە
وا کـــورد ســـتان ڕازاوەیـــە تەمـــای پێشـــوازی کـــاوەیە

هـــۆ کـــوردینە هە تـــا کەی وا لە نەورۆزا دیـــل و لا ت بـــین
لە سەر خاکی باپیرانمان ژێر دەست وبـــێ دەســـەڵات بـــین

دەی هەمـــوو یەکـــبن مەردانە ڕک و کیـــنەی کـــۆن فـــڕێ دەن
کـــورد لە ڕۆژێکـــی ڕەشـــدایە لەم هەورازەی بە ســـەر بـــخەن

کـــوتکی کـــاوە بوەشـــێنن ڕزگـــاری بـــۆ گەلتـــان بێـــنن
تـــا لەم ڕۆژە ڕووی خـــۆری نەورۆزێکـــی تـــازە هەڵبێـــنن

بڕووخـــێ کۆشـــک و تە لاری ئەژدیهـــاکی داگیرکـــاری
وێرانبـــێ قەڵای شـــەڕخوازی جیهـــانی ســـەرمایەداری

هـــۆ ژن و پیـــاوی کوردســـتان ڕامـــاڵن ئۆردوگـــای تـــاوان
دانیشـــتن ئەمـــڕۆ نەنگـــی یە، بشـــکێنن زنجیـــری زینـــدان

چەكی شۆڕش بـكەنە شـان   بـڕۆن بـۆ نـاو كـۆڕی خەبـات
گیان بـازی بـكەن و سـەرتان   بـۆ نیشـتمان بـكەنە خەڵات

بەو ئـاگرەی لە دەروون و گیانتـان مەشـخەڵی هەڵسـاوە
بســووتێنن هەر شــوێنێكی   وا ســتەمكاری لە نـا وە

بڕوخێنـن هە ڕ زوحاكێ   چڵێس و پیس و خوێنـڕێـژ بـێ
بیە وێ داهاتووی كوردان، ڕووی بـەرەو هەڵـدێر و لێـژ بـێ

تـا ئەم جەژن و ئاهەنگەمـان، بە یە كجـاری لـێ پیـرۆز بـێ
دوژمن ڕیسوابێ و كوردیش بە شادی لە ئـامێز نەورۆز بـێ

هەولێر نەورۆزی ١٩٨٥

شەترەنجی ژیان

ئەم شیعرە پێش ئەنفال و کیمیا باران نووسراوە و لە نامیلکەی (سروودی نەورۆزێکی تازە) دا هەیە، کە لە مەهاباد، ساڵی (١٩٩١) بڵاوم کردۆتەوە، لێرەکەمێک دەسکاریم کردووە

ساغ بۆتەوە لەم گەردوونە
کە بردنەوە: بە یەکبوونە
دۆڕاندنیش ؛ دابەشبوونە
شێخ و ئاغاو مەلای ساختە! دژی چەوساوەی بەدبەختە
هەندێ شەترەنجزانیش کاتێ ، گەمەیەکی شەترەنج دەکەن
شەڕە قۆچ و ململانێی فیل و ئەسپ و قەڵا و پیادەی
بە زرنگی تێدا دەکەن
لە بۆ دەستخۆشی و ئافەرین، بۆ پێکەنین
یاریەک بۆ کەیف و ڕابواردن هەربۆ ئافەرین لێکردن
تێکڕای توانای هەست و بیریان
هۆشی مێشکی سەودای سەریان
لە دار و بەرد و چیا دەدەن
پەنا بۆ بەر گشت کونجێکی زانستی ئەو یارییە دەبەن
تا پێشبڕکێیەک، گرەوێک، دەستێ شەترەنج ببەنەوە
ناویان لەڕیزی یەکەمی سەرکەوتووانـدا ببیننەوە

هەندێ بە ناو یاریزانی سەرکردەی گەلی کوردیش هەن
بە خۆیان دەڵێن شۆڕشگێڕ یان دەمڕاستی ئەم میللەتەن

وا بــەردەوام دەدۆڕێـنـن خـەڵک و خـاکیش دەتـۆڕێـنــن!
بەڵام هەرگیز پێ لێنانێـن چەند سەری خەڵک لەقوڕنێـن!
ئـەوان زیاتر دەفیشکێنن! کۆشکی هیوای گەل دەڕمێـنــن!
لای ئەو سەرە بە تاڵانە!
گرنگ مانەوەی خۆیانە
ناو بانگی پڕ درۆیانە
لای ئەوان براوە دۆڕاوە!
دۆڕاو براوە!
لـەبـەر چاویان، ڕۆژێ، هەر چوار وەرزی ساڵێ، بەهەزاران
خـەڵکی هـەژار و بـێـتــاوان چ لـە دێهـات چ لـە شـاران
ببنـە قوربان، دەست کورتی و خۆویستی ئەوان
دەربــەدەر و ئــاوارە بــن بـۆ گــوزەران بـێـچـارە بـن
لەبـەردەمیـان سەدان ئەسپ و فیل و قەڵا، بکەوێـنـدرێ
دەیان بنکەش بڕووخێندرێ، کش! لە پاشاو وەزیر بکرێ
پاشاش بـمـرێ !
هێشـتـان خۆیان یـاریـزانـن!
سەرکردەی نـەوجەوانـانـن!
حاشـا حاشـا! لـە دڵسـۆزی نـەخـوازەڵا خـۆڕاگــربـن!
مەگـەر هـەرداوەتی قـازی قەڵـەو یـان وێسکی و مامربن!
بێـشک ئـەوان، خـۆڕاگـری پـلـە و پایــەن !
ســــەرەخــۆرە و مـێــردەزمــەن
مـردووی ناوبانـگ و سەرمـایـەن!

چۆن گورگی بەد بەشوانی مەڕ دادەندرێ؟
کەی کەر باری ولاغی بەرزە هەڵدەگرێ ؟
خوا هەڵدەگرێ ؟کێ ئەو دارِزینە هەڵدەگرێ؟
گەر سەرکردەی خۆبەزلزان هەڵی بگرێ؟
گەر گای بنە و دەغەزاری لەخۆبایی
هەڵی بگرێ !
ئەگینا کێ ؟
ئۆباڵی دابەش بوونی وای
ئۆباڵی ڕووڕەشبوونی وای!
لەمرۆژە پێ هەڵدەگیرێ؟

☆ ☆ ☆

ئەی سەربازە ئازاکانی
ناو گەمەی شەترەنجی ژیان پێشمەرگەی ئازا و پاڵەوان
بـیـنـەرانی لـە خـۆبـردوو
جەماوەری ماندی ومـردوو
ئەوا کات کاری خۆی دەکات
سەیرکەن چەند خێرا دەڕوات
کـاتــێ دۆڵی دێـریـن دڕا !
پشتێنەی سنوور چۆڵ کرا !
وامـانـزانی لە نـەبـوونی بـەزم و ڕەزمی زوڕنا و دۆڵە!
کەچی دیسان وا دەساڵە بـەبێ وچان، زوڕنا و دۆڵە!

بەڵام ئاوەدانی ئێمـە هێشتـا هـەروا ڕوو لـەچـۆڵە!
چارەنووسمان تەمتومان و ناڕۆشنە بەدەست زۆڵە!

☆ ☆ ☆

تا کار لەکار نەترازاوەو هەتا زووە
تاتروسکەی هیوا ماوە و ئاوا نەبووە
تا مێگەلی مەڕی برسی کوردی بڵاو
گەلە گورگ ڕای نەداوە، تێی نەداوە!
ڕمی خۆتـان بچەقێنـن
یاریکـەرە نەزانـــە ترسنـۆکەکان
خوردە بۆرژوا، قرچۆکەکان، ببەزێنن
ڕێگـرانی شۆڕشی گەل دەرپەڕێنن!
ئاڵای یەکبـوونی یـەکجاری کوردەواری بەدەسـت بێـنـن
خـۆری نـەورۆزی سەربەرزی لـە کـوردستـان هـەڵ بهێـنـن
خۆشەویستی و گەل پەروەری بێ غەل و غەش بچەسپێنن!
بـوونی وڵاتـێـکی یـەکسـان بـۆ چەوسـاوان دامـەزرێـنـن!

هەولێر ١٩٨٦/١/٣١

سروودی بۆ پێشمەرگە

ئەی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی دوژمـن بەزێـن
ڕۆڵـەی کـاوەی ئاسـنگەری چەکـوش وەشـێن

هــۆ نیشــانەی، ســەر بڵنـدی ئەم مـیللەتە
هێـــرش بەرە، ئەمـــڕۆکە ڕۆژی هەڵـــمەتە

بە سەر سـەر و لاشـەی خـوێنمژان سـەرکەوە
لـوتکەی چیـا، وەک خــۆر لە کەل بەدەرکەوە

ئەی ئـــاواتی نەورۆزی تـــازەی کوردســـتان
پـــارێرەری مـــان و یەکبـــوونی کوردزمـــان

قەت مەهــێلە داگیرکەرانـــی چـــاو چنـــۆک
سـاتێ ئـۆقرە بگـرن تـاکو دێـنە سـەر چـۆک

ئەی پێشـمەرگە گلێـنەی چـاوی چەوسـاوە
تـا تـۆ هەبـی، دوژمنـان خە یاڵیـان خـاوە

کـاتێ دەنگـی تـۆی پڵینـگ دێ، خـۆ فرۆشـان
دەبـنە ئـاردی نـاو دڕك، بـۆ خـۆ حەشـاردان

وەک گەواڵـــەی هەوری تـــووڕە، بگـــرمێنە
مـوژدەی ڕزگـاری یەکجـاری بـۆ گەل بێـنە

هەولێر نیسانی ١٩٨٧

نامەیەك بۆ بۆرژوا خاپەرۆکەکان

هـۆ بــۆرژوا درۆزنـەکان
هۆکاری دەرد و ژانەکان
کەچە سەرکردەی خاپەرۆک
بۆ ئەوەی ببنە شۆڕشگێڕ!
دڵسۆزی گەل و نیشتمان، نەک زڕ و گێڕ!
دەبێ خۆتان لـە بـچووکی نـاوەوەتـان! دابـمـاڵـن!!
نەک بە دەمامکی شوانەوە، خەڵکی بکەن بە بەڵاگێڕ!
تاکـو دەنگتـان، ببێ بـە دەنگێکی دلێـر، هی هــەژاران
دەبێ بەسەر حەزی بچووکی ناوەوەی، پیستان زاڵ بن!
لەناوبۆتەی، سەنگەری عەدالەتی چەوساوان قـاڵ بن!
وای بــەقسە و خۆدەرهێنـان، بەلفە لێـدان!
جوینەوەی گۆتەی سواوە!
دروشـمـی درۆی ڕازاوە!
بـنـبـڕکردنی زۆرداری لـەســەر کارگـەر و چەوساوان
چەند ئاسانە
هەر بۆ خەڵک بە کوشتدانە
ختۆکەی سۆزی ساویلکانە
کە بەکردار خۆتان سەرێکی چەپەڵن
باش دەزانم، کەدەزانن!

شێخی بەرماڵی ساختەباز و کەچەڵن
تەنها، بـەناو شوڕشگێـڕن
لەڕاستیدا چەوت و چوێڵن
دژی پێـشرەفتی کۆمەڵـن
پڕ لە کینە و کۆنەخوازی و وشەی بریقەدار، فیشاڵن
برەودەری خێڵ پەروەری و پیا هەڵدانی کۆنە چاڵن!
قەت دیوتانە گورگ خزمەت بە مەڕبکا؟بـێگومـان نـا
ئەدی چۆن چینی بۆرژوا، خزمەت چینێکی جیا دەکا؟!
چـۆن ئـازادی بـۆ کرێــکاران فــەراهەم و بەرپـا دەکا؟
ئەی چۆن چینی چەوساوە بە، خوێنمژی متمانە دەکا؟
مەڕ چۆن بە چەقۆی سەربڕی باوەڕ دەکا؟
چۆن هانا بۆ بۆرژوای دوژمنی خۆی دەبا؟
بێ چەکوشی، تەور و بیـوری، دەست و قامی کارگەرانی
بێ هـوشیـاری ڕەنجـدەرانی زوڵم لێـکراوی جـیـهانی
دەرناچن لە بن پێی قازانجی نا دادی!
سەرمایە دزی سەدان ڕووی، دژ ئازادی!
بێ یەک بوونی سەر لە بەری کرێکارانی
قەت ناگەن بە؛ مافی بەختیاری و یەکسانی
سەردەمێکی جوانتر لەوەی دوێنێکەتان، سەرانسەری
نەفرەت لە سەرمایەی بەدخوو! لە خوێنمژی بێکار، نەبوو!
لـە خشـتـەبـــەری مـرۆڤـی ساکاری زۆر نـەدار نەبوو!

بـــــۆرژوا ترسنـۆکـەکان بنـکردە خـاپـەڕۆکـەکان
لە بچـووکی خۆتانـەوە دەڕواننە هەڵوێستی بەرزی
ڕۆشن فیکر و شۆڕشگێڕان، ڕەنجدەرە ئازا و مەردەکان
چەوساوەی قوربانی دەر و خەباتگێڕە بەکردەکان
بۆرژوا بێ سیفەتەکان
جــگە لە خوێنــدنەوەی تیــوری ماتریــالی ژیــانکردن
ئەوچەندین ساڵەی ناکۆک بووم، بۆ گوزەران لە گەڵ مـردن
دەرکەوت چەندە خۆپەرسـت و پاشـقوڵ گـرو زۆڵ و بەدن!
لە جوانی و شادی تێناگەن
لە شـۆڕش و دادپەروەری و ئـازادی مـیللەت هەر نـاگەن
دەرک بە خۆشویستنی خاک، ژن و ژیان و عەشـق نـابەن
هەتـــاکو هەن! بە بچـــووکی لەســـەر زەوی دەمێنـــنەوە
بەهــیچ کلـۆجێ نــاگۆڕێن، بە ســابوونیش پـاک نـابنەوە
هەر بە تۆقیــوی و پــۆخڵی بــۆ نــاو خــاک دەگەڕێــنەوە
تەنیــا مەرگ توانــای هەیە بۆیەکجــاری ســوڕگومتان کــا
هەر زەحمەتکێشی ستەمدیدە پێـی دەکـرێ ئیـدارەتان دا
چـەپــەرۆکی پیــرۆزی پێـتــان ڕابگـا و تێـتــان هـەڵــدا!
ڕۆشــنبیری لە خــۆبردوو لە دەسـتی دێ چارەتــان کــا!

هەولێر ١٩٨٥

بلێسەی ئاگرێکی هەمیشەیی

گەر دەترسن بەدەست واڵایی بمدوێنن، بمبەستنەوە
بە قـەفی زنجیـری تاوان شەتەکم دەن بمپێچنەوە
تاکو بوێرن لە گەڵما بێنە دووان
بۆم هەڵخەن سێپێکی زیندان
ئازاترین قامچی وەشێنی پـاشا بێنــن دارکاریم کات!
لێم نەپرسێ کێیت وکێ نیت؟سەربەکام نەتەوەو هۆزیت؟
بەبێ پرسیارو بێ وەڵام، ئەشکەنجەم دات!
وەک ڕاوچی چۆن نێچیر دەگرێ پرمداتێ و دەسگیرم کات
وەک بولبولێـکی باڵشکاوی نێـو قەفەس یەخسیـرم کات
هەربۆخۆشی و گاڵتەو جەفەنگ بمداتەبەر قۆنداغە تفەنگ
دەربەست نایم، دەربەست نایم
بەرە و ئاسۆ هەنگاو دەنێـم
بەقەد تەمەنی ئازاری
مێژووی گشت چەوساوەی دونیا سووتێنراوم
بەقەد هاژە وخوڕەی تاڤگە و
شەپۆڵی هەرچی ڕووبار و دەریا هەیە تاسێنراوم
بەقەد هەواری کۆچەری
چی کوێستانی و چی گەرمیانی دونیا هەیە ڕاپێچراوم
مـن زامێـکی بـەژان هاتووی مێژوویەکی شێوێندراوم
ئازارێکی کەنەفت و لەش داهێزراوم
مەهابادی جوانەمەرگ و هەڵواسراوم

شێخ سەعیدو سەیدرەزای لەداردراوم
نەء ژیلەمۆی ئاگردانێکی سەرلەنوێ خۆشکراوم
نەء بڵێسەی ئاگرێـکی هەمیشەیی، داگیرساوم

تاکو بتوانن لەگەڵما بێنەدوان
بۆم هەڵخەن سێدارەی تاوان
بەدکارترین جەلادی سوڵتانم بۆ بێنن، دارکاریم کات
دڕەندەترین قازی بێنن بڕیاری خنکانم بدات
پێویست ناکات لێم بپرسن، کێیت و کێ نیت؟
سەربەکام نەتەوە یان دەستە و گرووپیت؟
بەکووچە و کۆڵانی شاردا، ڕامبکێشن
جا بمدوێنن!
من خەمێکی تازەهەڵچووی
ئەم گەلەنیم
بەدەرزی و دەرمان چارم کەن!
بە ئاسانی تیمارم کەن
خەفەتێکی لەدەست دەرچووی لەخۆبوردووی دونیا دیتەم
بــرینــێکی کـــولاوەی پێی منداڵێـکی ئـەم وڵاتــەم
خوێنمژەکان بۆ نامناسن؟
جاشە بێ ئەرزش! گەمژەکان! دیارە ئێوە هوڕو کاسن!
داخی گرانم
من هەر هەوارێ دادەنێم
لە شارو دێی نیشتمانم
ڕەشەبا دێ
ئەستوندەی ڕەشماڵەکانی لە بێخەوە هەڵدەکێشێ
هێلانەی ڕەشوێڵەکانی   بەسەر یەکدا دەڕووخێنێ

گەلەگورگ تاو دەداتە ناو مێگەلی
پەرش وبڵاو و بێ خاوەنم
بە هەر لایەک گوزەر دەکەم بۆ ڕەتێنراوی وەتەنم
بۆ کوێ دەچم
مەرگەوەڕێکی هەر لێیە، هەڵەتەم کات
کوێرە ڕێم پێ نیشان بدات!
بۆ هەرشوێنێ هەنگاو دەنێم
عیزرائیلێکی هەر لێیە گیانی هەژاران بکێشێ!
تەمەنی گەنجێتی گەلم وێران بکات، هەڵبلووشێ!
هێشتاکە هەر دەربەست نایم!
بەرەو مەبەست هەنگاو دەنێم
چونکە پشتیوانەکانم ڕۆڵەی کۆڵنەدەر وخاسن
ڕێبازەکەی من پیرۆزە، ئەرێ ئێستاکەش نامناسن؟
من بە لایلایەی ئەو دایکەم
بە شیری مەمکی ئەو ئاسکە*م
نەبەردانە فرچک دراوم هەست وسۆزی پێ ئاوداوم
بە ئاوازە سیحراوییەکەی کوردانە پێی گۆش کراوم
دژی زوڵمی فاشیستەکان شێلگیرانە جۆش دراوم
هەتا لەم دونیایە ماوم لە گوێمدا دەزرینگێتەوە
هەر دەیڵێم و دەیڵێمەوەو دەیلێمەوە و دەیڵێمەوە
من بەفر نیم بەباو باران گەرماو زریان، بتوێمەوە
خەباتگێڕێکی نەبەردی کوردی ئەم کوردستانەمە
سەرم لەپێناوی دانێم پێم وایەهێشتاش هەرکەمە!

هەولێر هاوینی ١٩٨٥

ئاسک : ناوی دایکمە
ئەرزش: نرخ

هەڵەبجە هێرۆشیمایە *

* لەچلەی کیمیابارانی هەڵەبجە نووسیومە

هۆ خەڵکی ئازادیخوازی، دانیشتووی ئەم گۆی زەمینە
تەژی لە شەڕ و ئاژاوە و پڕ لە کینە و سەربڕینە!
گوایا ئەمە سەدەی پێشکەوتن و زانست و زانینە
کەچی وا کوردی بەدبەخت! کوردی بەجێماو بێتەخت!
درایتە بەر چەکی کیمیای دۆژمنێکی وا سەرسەخت
هەڵەبجەی بووکی نیشتمان لەناو ژەهرا گەوزێندراوە
عیلم و زانین، تەکنۆلۆجیا
بۆگەلێکی پەرش و بێدەرەتان تەنیا، بۆتە بەڵا!
سەیرکەن وا
هەڵەبجە بەبۆنی سێوی سەرمایەی بۆگەن خنکاوە!
گەردەلوولی ڕقی بەعسی و کیمیاوی پێدا ڕژاوە!

هەڵەبجە خڵتانی خوێنە و دونیاش قوڕقەپی کردووە!
چاویان لەئاست قەتل وعامی، ئێمەی بێکەس، نوقاندووە!
هاوارمان نابیستێ هیچ کەس!چون ویژدان باریکردووە!
دەنا وا خەڵکی هەڵەبجەی
سڤیل، بێوەی
ژن و زارۆی بەستەزمان ولاو وپیریان
بە گازی خەردەل وسیانید پێنج هەزاریان

گیانیان بێ گوناح کێشراوە! تەرمیشیان بڵاوە لەم ناوە
ئەوە کردەوەی خوا نییە ئێوە بۆ ئێمەو سازداوە؟
بۆچی بۆچی؟ خوایە تاکەی؟ ئێمە دەخرێینە ئەم داوە ؟
ئەوە سەدەی پێشکەوتنە؟
یان سەدەی پاکتاوکردنە؟ قڕکردن، ئینسان کوشتنە؟
ئیمپریالیستی جیهانی هەر تەنها قازانج دەزانی
هەڵەبجە زامێکی قووڵە، تا هەن لێتان نابێتەوە!
ئەم کیمیا بارانەش هەرگیز لە بیر ئێمە ناچێتەوە!

★ ★ ★

هەڵەبجە هێرۆشیمایە!
کوردستان کێڵگەی تاقیگەی گشت زۆردارانی دونیایە!
ئەمڕۆ لێرە، ژیان، دووان، هەناسەدان قەدەغەیە
پرسەی پێنج هەزار مرۆڤی کوردی تەنیای هەڵەبجەیە
هیچ وڵاتێ لێی نەپرسین، نەیان وت ئێوە کێن؟کێ نین؟
بۆیە وا بە پەستی و ماتی، کوردستان گشت پرسەیەتی
نە موسڵمان نە مەسیحی نە کۆمۆنی و ڕۆژهەڵاتی
کەس نەی پرسی لە هەڵەبجە و لەکیمیاوی و کارەساتی
بە بەر چاوی هەموو دونیا وا بە کرێ تێدەپەڕی
نەیوئێن نەهیچ زلهێزێ دەنگێکی بۆمان هەڵنەبڕی

هاوارمان، ناگاتە گوێی کەس
با دووبەرەکی بەس بێ بەس
دەنا ئێمەی بێ پشت و کەس
دوژمن تووشمان دێنێ هەرەس
دەکەوینە ژێر دەست ناکەس!

١٩٨٨/٤/٢٦

سەردانی گۆڕی ڕەنجبەر لەنەورۆزی نەوەت و یەك

ڕۆژی نەورۆزی ١٩٩١

ڕەنـجبـەرەكـــەی ڕەمـــزی سەربـــەرزی ونەبـەزیـــن
شاعیـرەكـــەی تینـــووی سەرفـــرازی كـــورد لـەژیـــن
هـۆ كاكەگیـان جـوانەمەرگە عەگیـدەكەی خـاكی كـوردان
مامۆسـتای شـیعری شـۆڕش وبەرخـودان و قوربانیـدان
جەربەزە خـۆڕاگرەكەی نـاو جەمـاوەر، كـونجی زینـدان
لـــەم نەورۆزە پـڕ لە جـۆش و ڕاپـەڕیـــوە، هـــاتیمە لات
ئەم سـەردانەم وەک جـارانی تـرنییە هەر باســی خەفەت
باسی كۆست و ئازاری كـوردی بێبـاک لە كـۆڕی خەبـات!

نا ئەمجارە مۆژدەكی خۆشم هێناوە
وا داروبەردی نیشتمان خرۆشاوە
شایستەی باسكردنە بۆ بەرزی باڵات
بۆ تۆ و شەهیدانی وڵات
لووتی لەشكرەكەی عۆجە شكێنراوە!
كوردی باشوور ئەمڕۆكە گشتی هەڵساوە

★ ★ ★

ڕەنجبەرەكەی زەحمەتكێشی كوردی دڵسۆز
شەهیدەكەی ڕێی نـەورۆزی بیـری پیرۆز

هەستەوە ئـەو گۆڕەی پتـر لە دەساڵە
تیای خامۆشە ئەو دەنگە بەرز و زوڵاڵە
تیای چاوەڕێی ڕزگاری دەکەی بۆ وڵات، هەڵ تەکێنە!
سەری وەکو بـەفـر سپیـت بـە بێباکی دەربهێنە!
تێر تێر باوەشمان پیا بکە!
یەکە یەکە ماچمان بکە!
بەزمانی شیعرە پاراوو
ئاگرینە گڕگرتووەکانت
لەم شانۆیە سەربەستەدا، وەک کەوی سەرشاخ بخوێنە!
بە تیشکێکی چاوەکانت
ڕێی تێکۆشانمان ڕۆشنکەو بەبێ پەروا بماندوێنە!

★ ★ ★

تەماشای لوتکەی سەفین و قەڵای دێرینی هەولێر کە
سەیری بڵێسەی شۆڕشی ئازادی کوردی دلێر کە
تەماشاکە سلێمانی
هەڵۆ ئاسا لە پیرەمەگروون، ئەزمری، خۆی دەڕوانی
خاڵەشەهاب، وەک شێر لەبەردەرگەی سەرا، ڕاوەستاوە
ئەسپی شۆڕشی تـاو داوە
فایق بێکەس وپیرەمێرد لەگەڵ گۆران
لە سەرگردی مامەیارە و سەیوانی جێی ژوانی یاران
هەڵپەڕکێیان دابەستاوە لە گەڵ شۆخ و شەنگ ولاوان

وا ئەمڕۆژی ساڵی تازەی ئەم بەهارە
یەکـــەم جارە لـە وڵاتێکی ڕزگـــارە!

★ ★ ★

کاکە، کاکە
وا ئاووگڵی ئەم خاکە
گەڕاوەتەوە باوەشی ڕۆڵەکاکانی
وا گیانی قازی و بارزانی
وەک فریشتە بە ئاسمانی
کوردستاندا دەخولێنەوە
لەبەرزیدا وەکو مۆم دەتاوێنەوە
لەشادیدا وەکو گوڵ دەگەشێنەوە

★ ★ ★

ئیستا وا ئەحمەدی خانی
لەبادینان شیعر دەچڕی
بوونی کوردان لەسەر پرا دەلالی جوان دەسەلمێنی
حاجی ودڵدار
لـە شاری کۆیەی پـڕ ئازار
دەستی جەعفەریان گرتووەو
دەڕۆن بەرەو بابەگوڕگوڕی بریندار

ئێستـاکـــــه وا مامەڕیشـــــه، لەهـێـرشـــــه،
هەڵدەکێشـــێ ڕەگـــی فاشـــیزمان لەڕیشـــه
وەرە ســـەیری مەشـــخەڵانی بـــابەگوڕ گـــوڕ
چـــۆن بە ئـــۆردووی دوژمنەکـــانی داوە دڕ؟
لە کەرکـــووکی تـــازە بـــووکی زێـــڕی ڕەش ئەمـــڕۆ هەرایـــە
شەهید ئەنـوەر وەکـو پڵینـگ، لە سـەر قەڵاکەی وەسـتایە
لەشکری بەعسی ئەنفـالچی، هێـتلەری سـەردەم شـکاوە
تەنیا لاکی بـۆ گەنیویـان لە مەیـدانی جەنـگ جـێ مـاوە!

ڕەنجـبەرەکەی ڕەمـزی شۆڕشـگێڕی وئیـرادەی نە بەزیـن
پێشـــمەرگە ڕۆشـــنفکرەکەی گەلـــی جەســـتە پـــڕ لە بریـــن
ئێستـا گیـانی بەرزە فـڕی تـۆو گشـت شـەهیدانی وڵات
وەک مەلی ئازادبووی قەفەس، لە کوردستان گوزەر دەکـات
ئێستا کوڕەکانی کاوە
پێشمەرگە گیان فیداکانی، دەسووڕێنـــــەوە لەم نـاوە
ئێستاکە باوکی شەهیدان
ئێستا حاجی ساڵح گۆران
چاوەڕوانی مامە دەکات
بێت مەدالیای پیرۆزبایی و کۆڵنەدانی لەبەرۆکدات
ئێستاکە دایکی شەهیدان
دایە ئاسک بە بێ وچان

له ناو گۆڕەکەی هەڵساوە
هەرپێنج فەڕزە
دەست بە دوعا لە سەر بەرماڵ
بۆ پێشمەرگەی کورد وەستاوە
نوێژان دەکا چوار وەرزی ساڵ!

کاکە ئەمڕۆ
لە زێدە ڕەنگینەکەی تۆ
ئەستێرەی بەختمان لە تاقی، ئاسمانێ دیارە وەستاوە
نە بت ماوە، نە سەی دڕی فاشیستی چنگ بە خوێن ماوە!
ڕێی گڕی عەشقی پیرۆزی، چەوساوە و شۆڕشمان بگرێ!
هیچ بەربەستێ بۆی ناکرێ، ڕێگای بیری گەشمان بگرێ!

نەورۆزی ۱۹۹۱ ڕاپەڕین

ڕەنجبەر کێیە؟

"چوار ساڵ دوای ڕاپەڕین"، پازدەمین ساڵیادی شەهید، نووسراوە...

وتیـــــان ڕەنجبەرمــــــان پــــێ بناســـــێنە
کــــــوڕی ئەو ئاسکـــــــە دڵ پــــڕ برینـــــــە
ڕۆڵەی ئەو بــــــاوکە ســــــاڵح گۆرانـــــــە
لــــــــوتکەی دڵســـــــۆزی وجەرگ بریـــــــانە
منیــــش پێـــم گوتـــن، گـــەلێ ئاسانـــــە
ڕەنجـــــبەر هەڵویســــــتی بەرزی ئینســــانە
پـــێمان بڵـــێ ڕەنجبەرکـــێ یە ؟ئەوهـــا بە پرتـــاو لە ڕێـــیە؟
وەک تفەنگـــی وڵاتپــــارێز ئامــــادەیە و لە ســـــەر پێـــیە؟
هەگـــبەی خەمـــی چەوســـــاوەی ئەم کـــوردەی پێـــیە؟
ڕەنجبەر هــاوڕێی هەمـوو ئەوانەن وەک منن
لە گەڵ دز و وجەردە و تاڵانچیـــان دوژمـــنن!

ڕەنجبــەر هەرگیـز نـەمـردووە
ویــژدانی زیـنـدووی مێـژووە
جەستەی تێکەڵ بەخاک بووە
بەڵام گیانی لە گەڵمانە، بۆ یەک چرکەش نەنووستووە
لە چاکەو خراپەی هەمووومان، ورد و درشتی بە ئاگایە

بەرە و لوتکە تەکان دەدا، ئەو هەرلە هەڵکشان دایە

لە خزمەتی چەوساوەی نیشتمان دایە

لێم دەپرسن ڕەنجبەر کێیە؟

ئەو بە تەوژمە لەو ڕێیە؟ ئەوها ئازاو لە سەرپێیە؟

خەمی هەژارانی پێیە، پیشمەرگەی بیری نوێیە!

شاعیریکی شۆڕشگێڕی لە سەرخۆیە

دژی شەڕی براکوژی و خۆبەخۆیە

ئامانجی ڕزگاری کورد وکوردستانی سەربەخۆیە

هونەرمەندێکی ڕەسەنی داهێنەرە

لە هەموو کات و شوێنیکدا ئامادەیە

کڵاوی "سەخرەجن" ی لە سەرە!

چاوی تیژی ئەم کوردەیە

بۆ کوێ دەچن؟ئەو ڕەنجبەرە

لە هەمووتان بە خەبەرە

ئەوەی چی بەخۆی شک نایێ

با نەترسێ! چی لێ ناکا!

قەلقەلاشک لەخۆی بەشک !

ئەوەی زۆری پێکوەناوە !

بە تۆبزی غەدر بردوویە، بەهۆدە پوولی داناوە!

ئەو پێویستی بە هیچ نییە، چییان لێ نابا!

تەنیا ڕووی هەندێ ڕەش دەکا

پارەکەیان لێ دەستێنی و

بە سەر زوڵم لێکراوانی، ئەم میللەتەی دابەش دەکا!

تف لە چارەی خودی بێ دۆن، سەرمایەداری دز دەکا!

نەفرەت لە تاڵانچیانی مۆن، وڵات فرۆشی سەرکزدەکا!

ڕەنجبەر بۆ ئەوە شەهیدبوو، تا کوردستان شەهید نەبێ

تا منداڵی کورد هەژارو ڕووت و ڕەجاڵ برسی نەبێ

گەل دڵنیا بێ لە دواڕۆژی سەرفرازبێ و ترسی نەبێ

ڕزگاری بێ لە بێ دادی بگا بە لوتکەی ئازادی

ڕەنجبەر بۆ ئەوە شەهید بوو، تا داگیرکەر لێرەلاچێ

هەرچی زوڵم و زاڵم هەیە، بنێژرێ ولە قوڕێ ڕاچێ!

تا نان و ئازادی پێکڕا لە کوردستان دەستەبەربێ

نەک ئاغای کۆن بەهی تازە بگۆڕین گەل قوڕبەسەربێ!

(ئەگەر کورد تێکڕا تێر نەبێ

چاوی ئازادی کوێر دەبێ!

کەمی بەرزو زۆری نەوی!

چۆن سەربەخۆو سەردەکەوی؟)

ڕەنجبەر کێیە؟

ڕەنجبەر هاوڕێی شەهید ئارام وجەعفەرە

عەبدولخالیق و ئەنوەرە

هاوڕێی گشت لێقەوماوانە، گیانی زیندووی شەهیدانە

خۆشەویستی هەزارەها

خەباتگێڕی ماندوونەناس بەئاگای جەرگەی مەیدانە
ڕەنجبەر کێیە؟
وا چاپووکە لەگشت جێیە!
ڕووناکبیرێکی هەولێرە
بەشکستی دوژمنی ئەم کوردە فێرە!
ژیرو جەربەزەو بوێرە، چاوی تێرە
ڕەوشت بەرزە، ماستاو ناکا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی!
کڕنۆش نابا، لە بۆ پارە وپوول و کورسی!
ڕەنجبەرکێیە ؟
ئەوها دەست پاک، دڵپاک، داوێن پاک بەجێیە؟
بێشک ڕۆڵەێ ئەم هەولێرە، بەشمەینەت وغەریبەیە!
ئەم شارە غەدر لێکراوە دڵشکاوە بێ تەبیبەیە!

کەبۆئەوان، بوو بە پێشمەرگە بەچرا
تالەهەژدەی یازدەی هەشتا لە سواری هەسپەکەی گلا!
بۆیەکجاری لەگۆڕستانی باداوان
لە سەید مەعرووف داگیرسا!
هەولێری ڕۆشن کردەوە
گرەوی خۆ بە شەهید دانی بردەوە!
بەڵێنی خۆی بەجێ گەیاند

کەچــی ڕەنجــبەر، هێشــتا هەرنەحەســایەوە
ئێستاوئێســـتاش، هەر بە زویـــری مـــایەوە
چونکە هێشـتاش، نە کـورد ئـاڵای هەڵکـردووە
نەکوردستان، لە چەنـگ خـوێنمژان دەرچـووە
تا ئەم گەل و نیشتمانە، بەتەواوی ڕزگـارنەبێ
جەمیـل ڕەنجـبەر، لەگۆڕیشـدا ئـۆقرە نـاگرێ

با هەموومان، بەدڵنیایی پێکەوە
هەڵسینە سەرپێ و هاوارکەین!
کولێرەی یەکسانی دابەش کەین!
ڕەنجبەر لە ئـازار ڕزگار کەیـن
تێکڕا بڵێین
بنوو ڕەنجبەر لە گۆڕەکەت بحەوێوە
ئارام بگرەو لێی پاڵدەوەو بحەسێوە
وا هاوڕێکانت بەڕێوەن
هاوبیرانت، بۆ ئامانجە پیرۆزەکانت بەپێوەن!

هەولێر ١٩٩٥/١١/١٨

پەیامە مێژووییەکانی هەبوون ونەبوون([1])

پەیامی یەکەم

دۆزەخی هەبوون ونەبوون ★

لە وەتــی هەم هەســت بە بــوونی کەســێتی کـوردێنیم نـاکــەم!
لەم ســەردەمەی ســفڵەگەری و ســەودا و ســازش گێــڕیم نــاگەم!
هەمــوو دەم هەر هەڵــێ هــاتی نــاو وڵات یــان   پەراگــەنــدەم؟
کەی لەجــادووی هــزری دژوون؛گـۆتەی چەتوون؛خەســاودەگەم؟
پەی بــە توانــای زوڕنــا ژەنــی کـوردی دەهــۆڵ دڕاو دەبــەم؟
کــوانێ ئــاهورا مەزداکەی زەردەشــتی تەمتومــان و خـــەم؟
خواوەنــدی کــرداری چــاکەی میللەتــی بــن نیــر و ســتەم؟
خوایە کەهەی! کەی ڕەوایە؟
دووکەڵی ژەهری سەرمایە
پشتێنی ئۆزۆنی پساند !
تخووبی بەرزیتی بەزاند!
کلکدارێکی ناتیزەی گەوجی سەر شێت بە تەمایە!

---

(١) ئەم شــیعرەم لەســەدەی بیســت نووســیوە.هەر خوێنــدنەوەیەکی بــۆ بکــرێ، دەبــێ ڕەچــاوی شــوێن و بەروارەکەشی بۆ بکرێ، ئەوسا بۆ چەند برادەرێکی نزیکی خۆمم خوێندووەتەوە. "هەولێر شوباتی ١٩٩٨سەروەختی کوردکوژی و قاتوقڕێ"

بوونەوەری سەر گۆی زەوی بفەوتێنێت بێ بڕوایە!

ئەوەکەی حاڵە خودایە ؟

بێدادی لە لوتکەدایە !

چەند چاو ترووکانێکی تر!

چەند لەخەوهەڵسانێکی تر!

سەدەی خوێن و شەڕی گڵاو

سەدەی پێـڵاو !

میکیـاژ، گوڵاو !

جێمان دێڵێ بە ئەسپایی!

چیمان نەکرد بەیەکتری بەخۆڕایی؟

ئەی چیمان کرد بۆیەکتری بەخێرایی؟

کێ دەزانێ

ڕێچکەی ....

بوخچەی ....

سەدەی بیست ویەکی دادێ؟

چ زۆردارێکی چەپەڵی! کەللە پووچەڵی پێدادێ؟

کوندەی کینە و ژەهری پێ یە؟

یان شیڵەی هەنگوینی نوێ یە؟

زەمەن بێڕەحم و بەغارە، پێشکەوتنی بێ ئەژمارە

قـەرەج هـەر وا کـۆلـەوارە

شاهەنشای بێ تەخت وکارە

هێشتا گا لەسەر ماسییە و زەمین لە سەر قۆچی گایە!
بێ ئەنـدازە ڕاگـیـراوە، ئـەم ئـەفلاکـە، لـەم حەوایـە!
زانای نەبینراوی بـاڵاو توانای بـەنـاو!بـزوێنی چـاو!
کانیاوی کەوسەری گیانی جوانترین جواناوی هەتاو!
لەگەڵ تارمایی وخەیاڵی ساختەی گومبوو، بمکە هاوڕێ
لە گەڵ ئەفسانە و هوڕێنە و خەونی مردوو، بمخەرە ڕێ
من ئەییووبی ئەم ڕۆژگارەِ بـەد مەزەب و پـڕ گومانەم!
ئارامگری، بێ چـارە و گۆڕەوشێردراوی ئـەم ژیانەم!
تەواو ئیدی سەرەمەرگـە بە حاڵ نووزەم لە بەرماوە
نەمـا ئـەو ئـارام و ئۆقـرە مێژووییینەی دڵ تـەواوە!
نهێنی بـوون و نـەبـوونی ئـەو دونیام، بۆ بدرکێنە
وەرامێکی ڕاست وڕوونی ئەو پرسیارانـەم بـۆ بێنە
بەسیە گەوجاندن، بەرپێنە!
سەرلێ شێواندن، تـرخێنە!
تا ئەو جەورەی لە کوردکراوە، سەربوردەکەی یەکاڵا بێ
تا ئەو دکرەی سەدان ساڵە، بە من دەکرێ ئاشکرا بێ!
کێ دڕندەیـە، بـەدکارە؟
بە گوناهی ئەنفالەکان
زیندە بە چاڵ، ژەهرباران
قـڕ کـردنی سەدان هەزار کـەسی کـوردان گـرفتـارە
بیکە سەر دەفتەری دۆزەخ ! بیکە نێو دەرەکی ئەسفەل

هەلاجی کە وەکو لۆکە، هەلا هەلا لەت لەت، پەل پەل
ئاهۆراکەم، ئەی مەزدا گیان!
کەی حەزرەتی گا دەغەزرێ؟
کەی کەڕەنای سوور لێدەدرێ؟
کە بۆت دەکرێ ئەم دونیایە لەناوببەی؟
دەپێم بڵێ بەتەمای کەی، تێکی بدەی؟
وەک دەفـەرموون!
لە ئاخیرەش، دۆزەخێکی تر دادەخەی؟
گەر ئەو دۆزەخەش بڕیاری، موکوڕە هەر پیادەی دەکەی؟
بۆم بەیان کە؛ ئەمجارەیان نۆرەی کێیە و کێی تێ دەخەی؟
خەڵکی وەک من جەزرەبەدراو :بێ ئاڵا، بێ بوون، بێ وڵات؟
پەڕپووت..نەدار و ڕووت وقووت، ڕوولەنـەهات؟
یان شەیتانی خائین بێ بار ؟
هەبووی دەستڕۆیشتوی زۆرکار؟
خەڵکی چاو چنۆک کینـە دار ؟
پۆشتەی شەڕاوی ڕیـز سوار؟
فیــزاوی هار؟
هەڵگەڕاوە و عــاسێ کە بەر بووەتە گیانی خـەڵکی هـەژار؟
هیلاک بووم لە بێ هوودەیی ؛هەی یاهووهەی، پەرێشانی!
زۆر لە مێــژە شەونوێــژ دەکـەم، بـە ئاشکراو بە پـەنهانی!
تا لەم دۆخە دەربازم کەی، بۆ ئەو لاکەی جاویدانی!

بۆ بەهەشتی ترش و مێخۆش

بۆ نۆشینی خۆشاوی هەنگوینی دەستی، پەری ڕووخۆش

بۆ باوەشی پڕ لە میهری، مەیگێڕی تەڕ پۆش و پڕجۆش!

پڕ لە میوەی فەقیر نەدیو! بە بینینان ببم سەرخۆش!

تا بەجۆگەی شەڕابەکەی، مەست بم و پێی ببم بێ هۆش!

هۆ ئاهورا، ئەی مەزداکەی ئاوێستا بێ خودانەکەم

پڕ بووە جامی تووڕەیی ساڵانی چاوەڕوانەکەم

چما لە سەرچی ماتەڵی؟

کەی حەشرەکەی؟

کەی ئەم ئیبلیسە دادەگری لەسەرکەڵی!

داری شەڕی سەربڕین و زگ هەڵدڕی؟

گەر وا دەکەی

هەر وا دەکەی

دەی زوو بە زوو

بەبێ هیچ پرسیارو وەرام و سێوو دوو!

ئا ئەم بوونە لاپرەسەنگ و خوار وخێچ و نا تەبایە

ئەم دۆزەخەی کە لێرە بۆ ئێمەی خوادا جۆشت دایە

لەناو بە دەی!

بەسیە وەختی داخرانی ئەم نمایشە پێ ڕابوێرەیە دەی

خێرا ئەم وشکە کەڵەکە کۆتا کە دەی

ئەم ژینەی لای من بێکەڵکە، لە ناوبە دەی!
بە کون فەیە کونەکەی خۆت، تێکی دە دەی!
مەزدا گیان دەی! ژێراو ژوور و نغرۆی کە دەی!
تێکی دەدەی....! تێکی دە دەی....! تێکی دەدەی !

هەولێر   شوباتی   ١٩٩٨

★ ئەم شیعرە مامۆستا موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی

پەیامی دووەم:

تەکان بەرەو ڕابوونێکی ئەڤیناوی

پێشکەش بەجیهانی سەرمایەداری و عەولەمە

هەرچەند بەرەو ناخی دوورایی ئاسمانێ گوزەر بکەن!
جەنگی سێیەمی جیهانیش لە پشت زەمانێ جاڕ بدەن!
ئیقلیمگیری و جیهانگیری
ئەستێرەکانیش گشتگیری!
ببنە موڵکی هێزی سەرمایە و بەدفەڕی!
چەند پێ بگەن!
هەست بەبوونی خودی ! بەدی ! بایی بوونی خۆتان بکەن!
قوڵابگیری کاولکاری و ئاوەدانی

قاوغی پووچەڵ وقەپێلکی شارستانی!
ئەنتەرنێت و شۆڕشی زانیاری تازە و
بۆمبی هێدرۆجین، ئەتۆمی! دوامۆدێلی بێ ئیجازەو!
سەدان دۆزینەوەی دیکە و داهێنانی بێ ئەندازەو!
مانگی دەستکرد ! مرۆڤی خۆکرد ! ئەنجام بدەن!
پێشکەوتن لە ناوک بازی زەڕە و فیزیا وکیمیا بکەن!
بەرەهایی پەی بە بوون نەبوون ببەن!
مەنتیقی چش!
تیوری بێ بنەماو فش!
کەندووی بەتاڵ!
هەبوونی پفدراو بە فیشاڵ!
دڵتان تاریکستانێکی چڕی وایە!
پڕی ماری دەعبای هاری نەپرژایە!
مێشکتان هەر بچکۆڵەیەو کەم بینایە!
چاوتان تەڵخ و گوێتان لە ڕاست هەق نووسایە!
کۆشک و باڵەخانە بەرزو جوانەکانتان
بچنەکەشکەڵانی فەلەک تاقی ئاسمان
بە پوولێکێ قەڵپ ناچێ !
تا هەر چی زۆرلێکراو هەیە
هەر چی مرۆڤی جێماو هەیە

له بوونی خۆی دڵنیا نەبێ

ئاشتی بە هەق بەربا نەبێ

بە پەیژەی ئازادی و شادی بەرچاو ڕوونــی هەنگــاو نەنــێ

ئەم بوونەتان بە هیچ دەچێ ! لە بنــاغەوە هەڵ دەکەنــرێ!

تا نەیێنە ســەر بــاوەڕی هـــەرە بـــەرزی خۆشەویســتی!

دانەمەزرێ کــۆمەڵگەیەکی زەمینـــی دوور لـــە پـــەستی

هەبوونێکی مرۆڤ دۆستی بــێ چینگەرایــی و ژێردەســتی

....؟.....!....؟....! ....؟ ....!

سەر هەڵدانی ئەم ژیارە بێ عەشقێکی سپی بێگەرد

بێ پەرستنی سروشتی جوانی گیان لەبەر داروبەرد!

بێ یەکسانییەکی ئینسانی بوونی ژیاو !

تەواوتەواو

ئەمخۆخۆری و ئەم وەحشەتە

ئـەم دڵـــەڕاوکێ زەحمەتـە

دەبتـە ئـاردی

نا و دڕک و داڵی جـەنجاڵی

مێژووی لـە زەڵکـاودا خنکاو

زوڵمی بـە فیشاڵ سەپێندراو

مەحاڵـە هـەر دادەتـەپێ

سبەی دووەی نغرۆ دەبێ!

★ ★ ★

(خودی مرۆڤ کە ساوابێ

خونچەگوڵی باخی خوابێ

پێش ئەوەی خوڵیا و مێملی

کاری خراپ و نـاڕەوابێ!

پاکە بەڵام، خوانەکا بۆی بلوێ بێتام بەرەڵڵابێ!

لە نێـوەندێـکی بـەدفـەڕ بێ

فرچکدراوی ڕووگەی شەڕ بێ!

ئەژدیهاییێکی حەوت سەرە !

لە مرۆڤـایـەتی بـە دەرە !)

بێ ڕۆشنایی سۆزی ڕەهای ؛ دڵی پڕ لە عەشقی ئافرەت

بێ ئارامی و ئاسوودەیی گیانی مێیینەی بێ مەینەت

بێ زانستی

هونەری جوانی ناخ ناخی مروڤی بێ کینە و خەفەت

هـەنـاسەیـەکی وەڕسـتی دەمـامـک دراوی درۆیـە!

ژیـانـێـکی پـڕ خۆپەرستی و دەستخەڕۆیـە

چاوبرسێتی، هەڵپەی پووڵ ویستی بێ عاری

بێ تـام و بـۆیـە، نـامۆیـە

سڕبـوو بـە جورعـەی تلیاکی ئـاییندارى

ژەهری فیشقۆلۆجی فیکری جەهلاندنی قەدیم دروستی!

سەرقاڵ بەوەهمی دۆزەخی گەمڑاو بەخۆشی بەهەشتی

ئافەریدەی فریوکاری

جەللادێکی زێدەبایی ناکەس بەچەی ناقۆڵایە
هەرەسێکی داتەپیوی شوورەییە بــەرەڵڵایــە
سەرمایەداری و بێکاری و چی و چی و چی...؟
جەنگەڵستانی شەڕخوازی و پڕ نا دادی
حەزی نــەزۆکی زۆرداری و خــەتــاکاری
غوربــەتــێــکی زێـــدەڕۆیی ئەبەدیــیە، بــێ هــاوتــایـــە
بەدبەختییەکـی مسـۆگەری   ئێسـکگرانی بـێ مانایــە
لە ڕێچکەی مرۆڤایەتییەکی سـەنگین وگـران داکەلایــە
خودی بچووک و ترسنۆک!
خەمۆک، ڕفۆک!
لەرزۆک، بیژۆک!
جاڕس، چڵکن!
منجڕ، کوڵکن!
پەلکێش دەکا بۆخەرەندی گۆڕی بێ بن!
ڕووەو نەبوون، نەبوون نەبوون!
بــەرە و چارەنووسی نــا ڕوون
تا ئەو خودە نا پــەسند و ملهوڕەتان لە ناو نەچێ!
ئەوسیستەمە قێزەونــە! بە یەکجاری
هەلا هەلاو تەفر و توونا و نـغــرۆ نــەبێ
مەحاڵە ئەو نەبوونەتان نابتە هەبوون!

بەسیە تا کەی حاڵی نەبوون؟

وێـران بـوونی ماڵی دەروون ؟

تەکان....تەکان.... بەرەو مرۆڤێتی ئینسان!

زانی ویـــژدان !

تاکو چیتر هەست ونەست و جەستەی ژنان

لەمەیخانە و تیاترۆخانان ..هەڕاج نەکرێ

لەجامخانە و میدیای هەرزان هەڵنەواسرێ

لە بەناو پەرستگە و ماڵی پیسکە پیاوان ئەتـک نەکـرێ!

لای شەرەفسز! بەسەبایا و کەنیزە و ئەنفـال نەبـردرێ

تا ڕۆحی سەرجەم مرۆڤەکان لـەڕەگەوە نەڕووشـێندرێ

تێکڕای ئینسان دەرباز بن لە دڵەڕاوکـێ و ژێرچەپـۆکی

ژانی ژینی؛ دەردی بێ بنی خەمۆکی

حوکمی پڕ لە چەوساندنەوە و غەدر و تاوان

ڕابـــوونێکی ئـەڤینــــاوی بێ چاڵ و قـۆرت پەیـدا ببێ

هـەبـوونـێکی مـرۆڤ سالاری

بێ زوڵم و فیـزە و پاسەپـۆرت بـەرپا ببێ

تا حـەسوودی و ڕق و کینـەی قـرێـژاوی کـۆتـا ببێ

"من هەمبێ وخەڵکیش بۆدۆزەخ" ببڕای ببڕای ڕیسواببێ

ئەوسا هەمە ڕەنگی گۆڕ بۆ "خودی ونبوو" هەڵدەکەنین

هەمئاهەنگی بە "چەرخێکی سەرنوگومبوو"، پێدەکەنین

"موڵکداری "و "ڕەگەز سالار"ی " سەرمایەداری " ئەودەمە

نـەتـەوەچی فاشیستگەری "ئیمپریالیست "و "عەولەمە"

دەبنە مێژووی نالەباری و شەرمەزاری و خەوش و گەمە!

کەئەمانەش تەفر و توونبوون

دەچنە "مۆزەخانەی نەبوون؛!

بەختەوەری و دڵخۆشی وخۆشگوزەرانی

دەبنە بەشی هەمیشەی ژینی ئینسانی

هەولێر نیسانی ۱۹۹۸

پەیامی سێیەم

بوونەوەرێکی عەنتیکە لە ئەستێرەکی بەجێماو !

"ئەو پەیامە شیعرییە خەیاڵئامێزەشم لە سەدەی بیست، لەداخی کوردکوژی نوسیوە".

"پێشکەش بە کورد لەهەرکوێیەکی دونیا هەن"

هۆ سەرمایە گوزارانی گڵۆبالیزمی ئەمڕۆی جیهان
خاوەنی پێشکەوتووترینی تەکنۆلۆژیای زانستی ژیان
گەر ئەمجارە سەفەرتان کرد لە ڕوانگەی گەردوون ناسییدا
لە وێستگەی باڵا دەستییدا
گوزەرتان کرد
بە تریشقە تازەکانتان بە مانگە خۆشبەزەکانتان
وەک بروسکەی هەوری خوایی! بە دەست و برد
ناخی ئاسمانتان کون بە کون! لووس پشکنی!
لە پڕێکا
لە قوژبنێکی لاتەریک، تەم و مژاوی و نارێکا
ئەستێرەیەکی پەرگەندە و بێ خودانی★!
کزو بێ هێز، دوورەپەرێزتان دۆزییەوە!
"ئەڵلا ورمان لە جێی نەرمان!★"
نەڕژێ هێزە و تێر و هەمبان!
تووڕ درابووە دوورترین شوێنی !

تـاريـكايى كـەونى يـەزدان !

خەڵكێكى سادە و غەريبى سەرسوڕمێنتان لەسەر بينى!

پەز و بزنى ! لەڕ و لاوازتان تيا بينى!

بـێ دوو دڵى بيـانناسن!

لێيان مە پرسن خەڵكى كوێن؟

هـەر بينيتان بێ پێناسن !

خۆيـەتى دەق !

ئـەو عـاجباتيەى لەوێيە ! كـورد زمـانـە!

چەنديـن جار هەر ئـەنفال بووە

دراوەتە بەر پەلامارى هـەق و نـاهـەق !

ماڵوێرانەى مێژووەكەى بە سەرچووە !

كەوتۆتە بەر ژەهرى خەردەڵ، شەق وپێلەق !

بەستەزمانەى وەتى هەيە

پەللارى قيرسياو بـووە

قوربانى ئەم و ئەو بـووە

قەت پەندى وەرنـەگرتووە

بۆتە عيبرەتى زەمانـە!

لەبەر شكست و براكوژى و

كيميا و تاڵانى بێ وچان

لەژێر چەكمەى داگيركەرى

كۆن وتازەى لەمەڕ خۆمان ..

میللەتی خەم !

دیسان کۆڕەوی فەرمووە!

ئەو ئەستێرە گۆشەگیرو بەجێماوەش!

کوردستانی بزر بووە!

یەکەم سەدەی دوای بیستەمینی زایینی!

بێ تێڕامان لوولی داوە و

ڕاپێچی ئەوێی لابەلای، خەونی ئـــــاڵۆزی کــردووە!

ئاخۆ دەبێ لەم سەدەیەش ئەم کوردە هەرسەرگەردان بێ ؟

ئەم وڵاتە لەت و پەتەش لە بوونی خۆی بەدگومان بێ ؟

سیڤەرێکی قەلەندەری هەڵپەسێردراوی شەیتان بێ ؟

لۆزانێکی هەڵگەڕاوەی، ڕۆژئاواو ئالی عوسمان بێ ؟

مەهابـادی بێ فریـادی خنکاوی زوڵمی زەمـان بێ ؟

جەزائیری حەفتاو پێنجی سەددام و شاهی پیلان بێ ؟

پەڵەیەکی ناشیرینی تەختی تەوێڵی ئینسان بێ ؟

☆ ☆ ☆

من نازانم بۆچی لێرەش

هێشتا لە سەر ئەم ئەستێرە، دەربـەدەرەش نیگەرانـم ؟

لەم سەدەی بیست و یەکەمە و لەم دەڤەرەش بە گومانم؟

خوانەکردە لەکۆشی ئەم پارچە عەردە بێ مەفەرەش

لە بەر زرم وهۆڕ و ڕمبەی خزم وخوێش!

ببتە بشێوی و هەڵێ هات!

بگرە و بکوژەو ڕاکێش ڕاکێش
نەخوازەڵا قەزا و بەڵا
بێچووی حاڵ و سوغرە و نزا
وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش
وەک تەنی بن مەنجەڵی چێشت
هەر دیتت لێرەش خوێنیان ڕێشت
چ بکەم ئەوجا؟ قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆما؟
هەنجەتی تڕ نانی جۆیە
گێچەڵی کورد خۆبەخۆیە
بە خێشە خێش!
یان خێرا چاویان بێتە ئێش
عەلۆ و خەلۆ وقالە وخلە!
دیسانەوە هەقایەتی
مێش وگامێش ! بەیتی بلە !
خوانەکردە ئێرەش ببتە؛ هەرا و ئاژاوە و کێشمە کێش!
کۆنەقینی برای خەنجەر لەدەست یان هەردەم نیوە کێش!
مام وبرازا و خاڵ و خوارزا
پوور و پوورزا و خزمی تازە!
خۆ پارێزی ئاگرە سوورە
دادیان نەدا، لە خۆم دوورە
بە یادی گۆڵمەزی جاران!

نە بایان دیبێ و نەباران

پەتای جەلالی ومەلایی !

کوشت و بڕی، شوونەواری !سەر زەوی دایکە نیشتمان

ڕایانکێشێتەوە مەیدان بۆ شەڕگەکانی کورد قڕان!

قەتار قەتار چەکدار بەغار، سەنگەر لێدان

دایکی کوڕفەوتاو لێو بەبار

دەست لێک بەردان

بەکرەجۆ و ڕانیەوهەکاری شەست وچوار، مەسیف، بادینان

سی و یەکی ئاب و دەبابەی بەعس و جەندرمەی بێ حیساب

ڕاجیمەی پاسدار بێ شومار، ڕاوە دوونانی بێ کیتاب

ئەوسا بێ فریادرەس تەنها

لێرە! چی بکەم خوای بێ هاوتا؟

لەوێ! جار جار لە سەر زەوی! ئاشتی دەهاتە سەردانم

لێرە ! تۆقیوم گەر نەیێ ؟ چ کارەساتە مێوانم ؟

خوانەخواستە، لەم شەوەزەنگە نەهەنگە!

لەم ئەستێرە خەیاڵپڵاوە لاپرەسەنگە!

بیتە هەڵڵاو بگرە و بەردە!

شاڵاوی شەلم کوێری ئەم چەشنە جەردە دەست پێبکا!

کرمنی و ناکۆکی براکان ! ئەتک و بوختان سەرهەڵ بدا !

هێزی ئاڕ ئاڕ بینەوبەردە!

گۆنگەری تیرۆر و تاڵان

مار پێوەدان بێرەش بگا

چی بکەم ئـەوجا ؟

بە فیتی ئەقڵی سەقەتی

گیرۆدەی هەر هەمان دیرۆک!

هەمان لۆژیکی خێڵەکی

وا بەستەی بەگزادە و بەرۆک!

بۆ پارەو پوول و بۆ کورسی بێ هیچ هەڵوەستە ومەترسی

بـە شەوقـەوە بیکەنـەوە شـەڕە قازیفـە و بیکـەیسی

کەس لە ئازادی و دوارۆژی کوردو کوردستان نەپرسی

کەس لەمەرگی براوکەسی خۆی لەشەڕگەکان نەپرسی

ئەوجا لەدەست بەجێماوی و بێ جێماویم بۆ کوێ هەڵێم ؟

لەم غوربەتی و بەد بەختییە دەردی کاریم بە کێ بڵێم؟

لەم بێدادی و گومڕاییە کەس گوێی لە دەنگی مـن نییە

لەم بێکەسی و نامۆییە چارەی نەگبەتی من چییە ؟

هـاوار هـاوار ....

هاوارێکی بێ سەدا و یار، هاوار بۆ خۆم!

بوونەوەرێکی عەنتیکە و بێ سەرم هەر، خۆم خۆم دەخۆم!

هەولێر ئاداری ١٩٩٨

★بێ خودان : بێ خاوەن

★ئەڵاورمان لەجێی نەرمان: نزای سەلامەتیە

پەیامی چوارەم:

خەونی بە مرۆڤبوونی مرۆڤ

"پێشکەش بەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی"

شەوێك لە خەونێکی ڕەوا
دڵ پڕ جۆش وخرۆش و نەوا
لە گـەڵ کۆمەڵێ هـاوەڵی
مــرۆڤ پەروەری بە بـڕوا
بەهەشتاوی و بە سەر قاڵی
چوومە بەردەم دەروازەی خوا
بە گریان و پاڕانـــەوە لە بەخشندە و گەورە و توانا
داوام کرد ئەو ئەهریمەنە نەگریسەی ببەستێتەوە
دەوری لێ بستێـنێـتـەوە!
لەو خەونەمدا ؛ بانگەوازم دەکرد ئـاوا
خوا گیان! خواگیان ! با سەدەی بیست ویەکەمین!
ســـــەدەی هـەزارەی سێیەمی ؛ مێـژووی زایین
ببتە سەدەی خۆشەویستی ڕەهای تێکڕای مرۆڤی زەمین
پاکیزەیی و جوانی و شادی
لێ بوردەیی و داد پەروەری
تێکەڵبێ بەجوولەی خوێن و
دڵی پـڕ عەشقی خاوێن و
هەناسەی ئینسانی بێ قین
با خۆشی و خەندە و پێکەنین

ببته سیمای سەردەمی بێ چەوسانەوە
زیندە بەچاڵ بێ خەمۆکی و گریان و شین
دنیـــا ببتـــە نیشـتمانی سەرتاسـەری بـووژانـــەوە
ئاشــتی تەواو، حەزی ڕەواو ڕەهـا ڕەهـای حەسـانەوە
کوردستانیـــش بـــە ئـاڵاوە شـــاد و واڵا بـــێ و ڕازاوە
بـۆ مرۆڤــی ئەو سـەردەمەی چاوەڕێیـــن بێـتە ئـاراوە
ببتە پیرۆزترین جێگەی! ئـاینگەی سـەر ڕووی دنیـاوە!

قیبلەی عەشقێکی گرداری هەمیشەیی
بەهەشتێکی گیانی گیانی نموونەیی
پڕ لە باخ و پڕ لە جوانی ئەفسووناویی
لەوێ بە سەربەستی ژیاو
بێ ترسان لە گرتن و ڕاو !
لە دۆزەخـی ئەتۆمبازی و پیلان و داو!
لەسەرجۆگەی هەنگوین، میوەی قەت نەخوراو!
ئاوی حەیاتی کانیاوی کوردەواری بخۆینـەوە
تا یەکجاری بە زیندوویی و بە ئازادی بخولێینەوە
تـــا لە ســـەر ئەم خـــاکە پـــاکە و لە باوەشـــیا
دوور لە ئـــازار، ئاســـوودە بســـووڕێیینەوە
مرۆڤی تێـر ڕەوشـت بەرزی و تێـر بـڕوا بـین
پڕ لە نەشـئەی سـەرفرازی و تێـر هیـوا بـین
مرۆڤی مرۆڤ بە بێ ڕیایی و....

ساخته و دووڕوویی و مەرایی و....
نەک وەک ئێستای پڕ غەدر و کوشتن و بڕین
بژین بۆ ژین   تەژیی لە ئاشتی و تەبایی
سروودی بوون بە مرۆڤبوون
بۆ نەمری و شادی بچڕین
با بە دڵە ڕاوکێ و ژەهری ئیرەیی و خەمۆکی نەمرین
بۆ دڵنیایی بوون بچین   بۆ چارەنووسی ڕوون بچین
دەستتان بخەنە نێو دەستم تا زیندوون بێن بەرەوهەبوون
بەڵێن بدەن، چ دەسترۆیشتوون چ زەبوون، تا تێنەچوون
خێرا و پێکڕا، وەک مرۆڤی باڵا و بڕوادار ڕەفتار کەن
خۆتان لە مەرگی نابووتی دژە مرۆڤی ڕزگار کەن

تا ئەم بوونەش نەبتە نەبوون
ئازاد بژین لە تەك هەبوون
گەر وا نەکەن
زۆر بە تامەزرۆیی و بڕوا، بڕیار نەدەن
هەر وا نەکەن
هاکا خێرا ئەم گەردوونەش نغرۆ دەکەن
تێکی دەدەن!
بە ناڕەوا ئەم بوونەش بە نەبوون دەدەن
تێکی دەدەن! تێکی دەدەن!

هەولێر   حوزەیرانی ١٩٩٨

سروودی بانگی ئاشتی و خۆشەویستی(*)

کــوردە دەی یەکبگــرن، دەردە؛ دوو بەرەکــی و دڵڕەشــی
بابەس بێ براکوژی و ژەهری پارە و کورسی و بەشبەشی

هەر بە خۆشەویســتی و تەبــایی، دەمــرێ خۆپەرســتی
بەدیموکراســی و ئاشــتەوایی، دەردێ ڕیشــەی پەســتی

لەنــاوبەن میکرۆبــی خۆخــۆری و ڤایرۆســی چەکبــازی
تــا هەڵبــێ گەزەنگــی ئــازادی و خــۆری ســەرفرازی

بــەرپاکــەن دادوەری و بــڕوێنن، بیــری ســەربەخۆیی
ئەی کــوردی بــێ ئــاڵا، مەچــۆ بــۆ شــەڕی خۆبەخــۆیی

وەرن بۆ باوەشــی گفتوگــۆی؛ جەرگســۆزی و پێــک هــاتن
تا گەنجی کورد پیشەی نەبتە دەست بەتــاڵی و هەڵاتــن!

دەردە بــێ دەوڵەتــی تــا ئێســتا و شــەرمە بــێ زانســتی
کوانی گەل پەروەری و خەبــاتی ســەختی خاکپەرســتی؟

بــا ئــاڵای یەکبــوونی کــورد زمــان هەڵــبکەین لە دڵــمان
ڕیسوا کەین نــاحەزی ئاشــتیمان بــۆ بەرزی کوردســتان

هەولێر ١٩٩٨/٢/١٥

(*) لە ژمارە دووی گۆڤاری نووسەری نوێ ساڵی ٩٨ بڵاو کراوەتەوە، کەمێک دەسکاریمکردووە...

چەند فرمێسکە وشەیەك بۆ پەژار(*)

ئای کەساتێ
مرۆڤ هەواڵی ناکاوی مەرگی دۆستێکی دەگاتێ
چۆن دەشڵەژێ؟
بە نەمانی پەژارێکی ورە بەرزی چەشنی چیا چی بەسەردێ؟
بەفەوتانی ڕۆشنبیرێکی هاودەمی
مرۆڤدۆستێکی هاوخەمی گڕێکی داخداری یاخی
لە ناخیدا دادەگیرسێ
کە ئازیزێکت وا خێرا جوانەمەرگ دەبێ دەمرێ
گریانێکی وڕکن، تووڕە یەخەی ڕۆحی پەستت دەگرێ

خۆی بوو هاوڕێی وشەی ڕەسەنی کوردی بوو، خۆکردی بوو
ویژدانی ڕاپەڕیوی ئەو خەمی درشت و وردی بوو
هەمیشە زیکر و ئەحواڵی ئەو شاعیرە هەژارە بوو
خۆشەویستی و فیداکاری ئەو مستەفا پەژارە بوو
بۆ کوردستان
لە ساماڵی زیوینیش دا

(*)"لەکۆڕی چللەی ماتەمینی مستەفای پەژاری شاعیر، لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێرخوێندمەوە، گۆڤاری کاروان ڕێکیخستبوو."

شەستە باران و ڕەهێـڵەی دادەباران
بەسەرخاکی لەتکراو و بێ ناونیشان

خەمەکانی خۆم کەم نەبوون تۆش بەخێربێی ئەی پەژارە
دۆستی هەڵوێستی بڵند و شەهیدی سەنگەر، سێدارە
کۆچی ناوەخت و غەریبـت ئۆقـرەی لە بەرما بڕیـوە
چ کۆستێکە بزربوونـت ڕاستییە یان خەونـم دیـوە؟
تۆ بۆ گیانت تەسلیم دەکەی؟ هانا بۆ بەرمەرگ دەبەی؟
ئـەی بـە تــەمای ململانێ و خۆڕاگری
چەند دەیەیەکی تـر نـەبـووی؟
ئەی تۆ نەبووی لە ڕۆژانی قات و قـڕی
لە دژی مـردن وەستابووی بە بێ باکی؟

تۆ فێرخوازانت فێر دەکرد
تێبکۆشن بۆ بەرزی کورد
فێـــرت دە کردن، هۆیها لـە داگیــرکەرانی وڵات بـکەن
بــۆ ســتەمکار و خائینــان کڕنــۆش نەبەن
تۆ دەتفەرموو :جاش قەڵەم قەت پێم ناوێرن!
لە ئاســت وشــەی نــاقۆڵام دا کــز و کوێــرن
شــەلم کوێـــرم یـەکێکیان لێ نا بوێـرم، نـا هـاوێـرم!
لە مەیدانی هەقخوازیدا بە تەنیاش بم هـەرخۆم شێـرم!

١٩٩٩/٤/١٥

کیژۆڵەی کوردستانی

شیعرێکی لیریکییە

کیـژۆڵــەی کوردستــانی خــۆت لێــم مەکــە بیــانی
هــەر ئــازیــزی جـارانــی قــەدری تــۆم تــازە زانــی
وەک پەپوولــەی بــێ بــاڵم بــۆ شـیلەی گـوڵ دەنــاڵم
ڕەحمــێ بــکە بــە حــاڵم عــەبـدالی چــاوی کــاڵم
دەمبینــی کە دڵ گیــرم بە ڕواڵــەت کــە فــەقیــرم!
بە دیـنـم، بە عەشـقی تــۆ شــەهیدم بە دەسـتی تــۆ!
دەروێشــی دەرگــای تۆمــە یــاری خــۆم هەر بــۆ خــۆمە
هــەمیشــەکــە ڕۆژمــە خەمــی دووریــیەکەی تــۆمە
دەمێکــە دەنگــت نــایــێ نــایــێ دەنــگی چ نــایــێ
لەم ســەیران و خۆشــییە بێبــەش بیــن بــێ هۆشییــە
شەبەق سەر لــە بەیـانی نـوێژ دەکەم بـۆ خـوای جـوانی
پاشــام گەر تــۆ بێـیتــە لام قــەبــووڵ دەبــێ ســـکاڵام
بــە دەرکــەوتـنــی بـــاڵات دەبـــووژێـتـــەوە وڵات!
غـەم و پـەسـتی و نـەهاتی کـۆتـایــی دێ کــە هــاتی
لە "بوتـگە"*ی دڵـت مـەستـم خەریکبـوو بـتـپـەرسـتـم
بـەدیدەنی سـەرتـاپـات دڵـەی شـێت، ئـۆخەی دەکـات

هەولێر ١٩٩٩

*بوتگە : بتخانە

حەیرانێك بۆ هەولێر

حەیران لە پیرە هەولێرێ
خەم دێ و بەخەمێ قووڵتر و پڕ لە ژانترم دەسپێرێ
بەم ڕۆژی جەژنی نەورۆزە
خەڵکی لەگەڵ یەک دڕدۆنگن ئاشتی کۆمەڵگا ئاڵۆزە!
دەستی ئەنقەستی شەڕخوازی
بە داهاتووی ناڕۆشنم ڕادەبوێرێ و دەکا وازی
زێدەکەم خۆشترین شوێنە
ئاوی کانیاوی زۆزانی ڕۆشنترە لە ئاوێنە
کەچی هەروا لە ژێر هەڕەشەی دوژمنە
بەشی ئەم کوردە داماوە شەق و جوێنە
خاکەکەشمان دابەش دابەش، خوێناوی و پچڕ پچڕە
بەهۆی سەرکردەی منجر و خۆپەرست ونجڕ ونجڕە
کوردستانەکەم شەهیدی ئەنفال و غەدری زەمانە
مخابن وێرانبێ چیدی بەسیە ئاشتی بۆی دەرمانە
هەولێر شێت و شەیداو وێڵی ئازادییە
واوەیلای جەژنی شادی و ئاشتەواییە
دەستە خوشکی مەهاباد و کەرکوکە هی سنە و وانە
هی قامیشلۆ و مەریوانە بینایی سلێمانی جوانە
هەولێر گوڵێکی ئازیزە پایتەختی کەسەرە، زیزە
قەڵاکەی سەرچاوەی سۆزە مێژووی عەشقێکی پیرۆزە

نەورۆزی ۲۷۰۰ کوردی - ۲۰۰۰/۳/۲۱

لێم ببووره(*)

لێم ببووره....

هەستی من لەگەڵ ویستی تۆ گەلێک دووره

ئاسان نییه وا به خێرایی بتوانم

بەحەزی تۆ بچمەوه دۆخی جارانم

لەم ماڵەدا هەرچی بکەم هەر مێوانم

دوو زەمەن دوو شوێنی جیاواز

عەشقێکی به سۆز و دڵێکی پڕ مراز

منی ڕاهاتوو به ژیانی نیعمەت و ناز

چۆن دەتوانی وەک دەتەوێ

دامبڕێنی لەو ژیانەی پێی ڕاهاتووم، خۆم دەمەوێ

وەک بەفری بەر تیشکی هەتاوێکی بەتین

وەک دڵێکی پڕ له خۆشەویستی و ئەڤین

هەروەک گیانێ زۆر بەهێزبێ، بەزەحمەت ڕیشەکێش بکرێ

وەک درەختێ ڕەگی لە بنی دەریا بێ هەڵ نەکێشرێ

خوا دەزانێ ئێوەم هێندەی دڵ و گیانی خۆم خۆش دەوێ

بەڵام قەت ناتوانم دابڕێم لەو چارەنووسەی دەمەوێ

(*) ساڵی ٢٠٠٠ له فلیمی چارەنووس گۆرانی بێژ نوری گەرمیانی به مەقام دەیڵێ .

سەگوەڕ

خـــــوایە دابـــــڕزێ دڵـــــی، شــــەڕباز و کینـــــاوی بەدان
هەڵپەرســـــت بەدان! خەریکـــــن! چـــــاوچنۆک بەپێـــــوەدان!

نـــــاحەزی حولحـــــولی، بەچـــــکەی حـــــاڵە! گەنـــــدەی لەوەڕە!
ئەوەی پـــــاگژ بـــــێ مەحـــــاڵە، بێـــــتە ئاســـــت ئەم ســـــەگوەڕە!

جەرگـــــی پارەپـــــارە بـــــێ کـــــێ ژینـــــی هەر بـــــۆ پـــــارە بـــــێ
خـــــۆ فرۆشـــــی پـــــوولەکی بەم خـــــاکە هەر قەرزارە بـــــێ!

قەڵاکەی هەولێـــــــــــــرە مەردە ئـــــــــــــارامی هەیە بەرزە!
گۆینـــــــدەی ســـــــپڵەش ڕوو زەردە ســـــــمەکەرە ! لەم ئەرزە!

ئەوەی ســـــاغ بـــــێ خـــــۆی و پەیقـــــی بێشـــــک هەر چەوســـــاو بـــــووە
زڕ هـــــونەر! چەنـــــد بـــــاو بـــــێ ڕیســـــی پەتـــــک !هەر ڕیســـــواو بـــــووە

شـــــاعیر هەنـــــد عەشـــــقی کچێکـــــی قەیـــــرەی کـــــوردە لات بـــــووە
بەم دەردەی شـــــێت بـــــێ چـــــش! ئەویـــــش قوربـــــانی وڵات بـــــووە!

هەولێر شوباتی ٢٠٠١

مەرگی ناو چەماوەی داخراو

[redacted]

موکور بوو بەر لەوەی بمرێ هۆنراوێکی وا دارێژێ
ئەوەی خەڵکی نەوێران یان بۆیان نە دەلوا بیبێژێ
ئەو گوناحانەی کە هەرگیز پاگژ نابنەوە بە نوێژێ!
لێشاوی حەسرەت و داخی کوردی بێ نەوا هەڵڕێژێ
دەیویست بڵێ :من دەمەوێ بۆنی گوڵێکی وام بۆ بێ
لە کێڵگەی براکوژان نەڕوێ و بۆیان نەشێ و نەیاندیبێ!
تێهەڵکەم لە حەیرانێکی دڵڕفێن کەس نەیچڕیبێ
سەربەند و دوابەند ولۆی لۆی جودابێ لە پێشینی خۆی
شیعرێکی ساکاری شاکاری بێگرێ
چاوساغی گەل بێ و دەستی لێ قەوماو بگرێ
لەسەرکەشی و چەمووشی کەسیان نەپرسێ
لە بێجێی و گرژی و مۆنییان نەترسێ!
وشەکانی ئازا و هەق بن تیژ بن وەک خەنجەری دەبان
لەڕاست ناهەقدا چاوزەق بن ! سەنگەر بن بۆ مافی ئینسان
پەڕو باڵی نەرم و ڕەق بن! نەچنە ژێر ڕکێفی شەیتان!
بێباک بن لە تێهەڵدان و بەندیخانە و زمان بڕین!
لە هەڕەشەی دەرکردن و شەڕی دەروونی و نانبڕین!

حەزی من وایە و دەمەوێ بـۆم هەڵکـەوێ
شۆخێکی نەشمیلە و جوانی وام خۆشبوێ
نـە بـەرق و کینـەی ئـێـرە و نـە هی ئـەوێ
کـۆیلەو دەسـتەمۆ نەبـووبێ، هۆشـی لەسـەرخۆ نەچـووبێ
گیـانی تـەژی مـۆسیـقـا بـێ بــە ناسـازی نـەژەنـدرا بـێ
پاییزەی حەزێکی سەرمەست بێ تەنیا بۆ ئەوین خوڵقا بـێ
هەرخۆشەویستی مەبەست بێ بۆ هیچی تـر نە سـازا بـێ

بەشی ۹
[illegible]

دەیویسـت بڵـێ :مـن وام دەوێ چ لێـرانە بـێ چ لــەوێ
لەشـعرێکی بەچێـژ وخـوێ لەگوتـارێکی ڕاسـتگۆی نـوێ
نهێنییەکـــی ســـادە و بایەخـــداری ئەوتـــۆ بـــدرکێنم
بـە سنووری، نـا مـاقـووڵی
خۆکردی نێوان گـوێچکەڵە و سـکۆڵەی دڵـم هــەرەس بێـنم!
ئـەو تخووبـانەی دێگەڵــە و سماقــووڵی ! تێـک بشکێـنـم!
هەر هەرەسە! و هەراسان وبڕ بـڕو لــەت لـەتی کـردووین!
شوورەییەکی تەرەسە! و نووچی قووچە! ئـابڕووی بـردووین!
ئەم (دووانە!)ی بەدبەختیـیە! عەیـامێکە قوڕگییـان گرتـووم!
ڕاپـەڕیـــن و کـــۆڕەوە پـیـرۆزەکـەشـیـــان زەفـــت کـــردووم!

ئەو چەمـــاوە داخـــراوەی دەورەی داوم!

دیــوارەکەی لە دیــواری بەرلیـــن دەچـــێ!

ئەو بیــرۆکە لاتــڕقەوچەی تێــی ئـــاڵاوم!

لە گیاندانی ناو قۆرتەکەی! مـردن دەچــێ!

ئەوە مــــنم کـــونە مشـــکم لێکـــراوە بە قەیســـەری !

ئەوە مـنم ! لە خــاک و ئــاوو هەوای خـۆم بـووم بێــبەری!

ئـەوە نیشتمانی مـنـە؟!

یان خاکی برای دوژمنە؟

یان هی جەلالی ومەلایی!

سەربەگۆبەن ! ناتەبایی

دڵپڕ لە کینەی بێ بنـە!

ئــاش وەســتان و شکســتێکی ماڵـوێرانـــە

هەر پیلانگێـــڕی و نـــۆکەری و بێگانـــانە

هەر تێکـدانە ..خـوێنی لەڕێــی هـیچ ڕژاوە

بەشداربووی هەڵخەڵەتاوە

لەناو گێژاوی نووچدانـە!

تـــــاڵاوی ڕەشی مردنە ! کورد کوشتنـە

عەقلێکی قوندە و سەقەت، بێ سەر و بنە!

بەشی ٣

قامچی

بـاپیـرانمان

بەرلەوەی لە دایک بـن و بێنـە ژیـان

باوکیان نیازی بوو بێگومان

منداڵی کۆیلەیان ببێ و بە کۆیلەییش بێنە دووان!

کۆیلەی کۆیلەش !

وەختێ کە منداڵیان دەبوو بێ پشوودان

نەوە دوای نەوە پشتاوپشـت وەچەی نـوێ کـۆیلە دیسـان

دەبوونەوە قامچی دەسـتی دوژمنـی خوێنخـۆری خۆیـان!

دەچوونەوە.. ناو حەڵقەی زیکـری نـۆکەری جـاری جـاران!

سەر دەرنابەم لەم بێ زاخی و بێ دۆنییە!

ئەو بێ سەری و خۆخۆریەم لەسەر چییە؟

دوای قـرتێبـوونی ئـەنفال و ژەهـراوی بـوون و مـردنم!

گـوایە ! لە پـاش دەیـان سـاڵەی خەبـات و شۆڕشـکردنم!

کـوانێ بـۆ مـن بـوونم نیـیە؟

ڕێبـازێکی ڕوونـم نیـیە؟

لەقووتـووی هـیچ عەتارێکـا!

لە مێژووی هیچ پەیامبەر یان زۆردارێکا!

چ پێخوست و شوونم نییە؟

دەرفەتی دەرچوونم نییە؟

پەندێ لەشەڕگەی خۆکوژی و خێڵبـازی وپەرتبـوونم نیـیە؟
تروسـکەیەکی ئومێـدی چـاکبوون و یـەکبـوونـم نیـیە؟
خـوایە گیـان دەرمـانی دەردی کـوردو جاشـایەتی چیـیە؟
چـارەی ژەهـری منمنـۆکێی! کـورد و پاشـایەتی چیـیە؟
ئێمەی کۆیلە، بۆ دوژمن بێتام ڕووخاوین
کڕنۆشاوین!
بەسەرسەر دەخشین تادەمرین
هەر ژێـر چەپۆک و پێنـاویـن!
لە ئاست یەکتر شێری نەڕین
گێچەڵکەری زۆر بـە زەڕیـن!
عەشقی نرکەی مەترەلۆزی
کوڕی قۆزی
گەرمەی پێکدادان و شەڕین!

[illegible]

[illegible]

دەیویست پێش مەرگی ناوەختی
بـە ژانی گیانـەڵای سـەخـتی
لەشیعرێکی ڕوون بەرۆکی براکوژی ئەم عەسرە بگری
بە کوڵ بۆ ماڵوێرانی و بەد بەختی ئەم میللەتە بگری
بگری بۆ زامی سەر دڵی کچ و کوڕی کورد تا دەمری!
ئێوەی فیلەگەورەی کۆیلە
بـە زەنگوڵـە و بـە پلپلـە!
هەرچییەکن وەکو یەکن!
شەڕانگێز و پاشمەرگەنە!
ڕێک دوژمنی جەرگبڕی پێشمەرگەی ڕاستەقینەنە!
گەر ڕاستی ودەوێ بۆ مێژوو
بێ سێو و دوو!
هەم پاشدز و هەم پێشدزن!
دز و درۆزن !
لەناو بازنەیەکی خڕن
کاسەلێس و تەقڵەباز و هەمباندڕن!
لەڕێی پایە و پارە و گیرفان، قەل و شەیتان!
ورگــی فەقیــر و هــەژاران هەڵ دەدڕن بــێ ڕاوەستـــان
نــان و پیــاز و گۆشــتی قــاز و زوڕنــاژەنیتــان بــە قــورعان
نە بــۆ گەلە و نە بــۆ خــاکی پیــرۆز و جــوانی کوردســتان

تەنهــابۆ زگ و بەرزگتــان خۆشــبێ وەتەن! خۆشــبێ وەتەن
یــاکورد قــڕان یــاخود نەمــان بەرز بــێ نرخــی دۆلار و یەن
بــڕژێ خــوێنی پیــر و زارۆک و نەوجەوان بە عــیلم فــەن!
ئەی ڕەقیــب خــاتر جەم بە تــۆ !قەومــی کــورد نیــوە مــردووە
تا وا دوژمن بن خۆبەخــۆ کوا ئــاڵا ی بـــــەرز و زیندووە؟
ئێــوە و کوردێــنی و خەبــات و قــوربانی کوجــامەرحــەبا
هەنــدێکی دەخــۆن بــێ حەیــا ئەوەی مــاوە لە بــن عەبــا!

بەشی پێنجەم ە

لاستیق لە پێکانی دوژمن

بڕیاربوو بەرلەوەی بمرێ
لەشیعرێ یەخەیان بگرێ!
وشـــەی تەزرەکـــوت وەک کـــوچکە بەســـەریان داببـــارێنێ
ڕســـتەی عاشـــق وەک مـــۆتەکە خەولە چاویـــان بتـــارێنێ
دۆخینـــی بەرژەوەنـــدی نـــا کـــوردێنییـــان بـبـەزێـــنێ!
ئێـوەی زێـدەتـر لـە بـەنـدە
دەهۆڵ دڕاو گەورەی گەنـدە!
دڵ و دەروونتان پڕ هەڵدێر وخەرەندە
خۆتان هێندە پێ فەیلەسوف و پسپۆڕی بە توانایە
لـە ئـێـوە بتـرازێ ئیـدی سەر لـەبـەری نـاڕەوایە
نا دووربین و نا پەسەندە
نابێ سەر دەرکا لەم عەردە!
کێی دڵسۆز و پووڵ نەخۆربێ مولکی گشتی ئاو دیونەکا

بۆ گەل وخاکی خەمخۆربێ ڕۆڵەی خەڵکی هەتیو نەخا
بە بێباکی و بە خۆڕایی
وەک گورگی هار نەخواو نەبا
ڕاستەوخۆ یان لابەلایی!
لەپەرخەی خەوی قووڵدایە فەقیرحاڵ و نەگونجایە
لە کاروانی تێکوشین ! و قۆرخکاری بە جێمایە
تەنیاوتەنیا پوول وپایە و هەرچی سەرمایەی دنیایە
شایستەی ئێوەی پاوانچی لە بەرهەم بردن باڵایە
بەری ڕەنج و نەسرەوتنی جەنابی شێخ و ئاغایە
بازرگانچی! بە خوێنی چەوساوەی وڵات ناقۆڵایە!
هەڵکەوتوویی ئەوان لە گێلی و دڵسافی ئێمەدایە
چەندچاوچنۆک و خود پەرستن خودایە
پێیان وایە ڕەزامەندی تۆیشی تیایە!
دەیویست بەڕاشکاوانە لە مستیاننێ
ئێوەی ملیاردێری ئەمڕۆ و لاستیق لە پێکانی دوێنێ
ژمارەی ئەو دۆلارانە و سۆزانییانە و لەکوێ هێنا؟
ئەو پلانە دۆزەخییانەی براکوژیتان چۆن داهێنا؟
بەد و نابیناو نادانن! وەفاکوژ و بێ پەیمانن
بەهای مرۆڤ و ویژدانی بە ئاگا هەرگیز نازانن!

[illegible]

[illegible]

کێشمەکێـــشی دووبەگـــایی و کـــەڵەگایی

ڕمبوهـــۆڕی بەگ لە تەک بەگ، ســـێبەگایی!

وێرانکـــاری و پـــەلاماری مـــەڕی لەڕو دەســـتەوایی
بێـــزەوەر تـــر لە ئاغـــایی و دەمـــاوی ســـەگ! نـــاڕەوایی
ژەهـــری مـــارە ناکەســـبەچە و پیلانگێـــڕی و کەڵەگـــایی
زەرەنـــدێکی ژەقـــن و ژارە، شۆڕشـــگێڕی و بـــێ وەفـــایی
خیانەتبـــازی و دووبەگـــایی ! گیـــرۆدەی کـــاری مافیـــایی
سیاســـەتبازی و ســـێبەگایی ئـــاڵوودەی دەردی مافیـــایی
جەردە و تـــاڵان پەوەرانـــی ئێـــرە و دائیـــم بـــەرەڵڵایی
جەردە و تـــاڵانپەروەرانی ئەولاو هەردەم بـــێ یاســـایی
لەهەرکـــوێ بـــێ دزی و هێـــزی بەربەرەڵای کە لە گـــایی
دڕدۆنـــگە لە گەڵ تەبـــایی و گەلپـــارێزی و وڵاتئـــاوایی
گەندەڵکاریی بێ ڕکابەر
ستەمکاریی ڕادەبەدەر
ناحەزە لە گەڵ ئازادی و خەبات بۆشایی و جودایی
خەیاڵپلاوە دادپەوەری و یەکسانی وخەونی ئینسانی

بەشی ٧
هەژارترین غەریب

ئــای دەردە کــوردێنی و مەردی ئێــرەم چ ســەخت و دژوارە
تــف لــەو دەمەی پاشــەوپاش و دڵبــەرداش وخــێچ و خــوارە!
ڕوو لە کێ بکەی ڕاســت وچەپ یەکســەر تۆپێنــت پێــدەکەن!
هانا بــۆ کــوێ بــەری خێــرا بــەکونی دەرزیــت دا دەبــەن!
هاوەڵ کۆیلە نقە نقە گەورەکانم!
برادەرە چاو برسییە چەورەکانم
کۆنە هاوڕێی هەژارە چاو بەورەکانم
گوێیان لە دەنگێکی جیاواز لە خۆیان بێ
چاویان لە ڕەنگێکی جیاواز لە خۆیان بێ
هی کــورد و کوردســتــانییــان بێ هــەر زوو کوێــراییــان دادێ!
هی دوژمنی خوێن خۆیان بێ یەکسەر کیفەی سمێریان دێ!
هی بێگانە وداگیرکەری نیشتمان بێ
لە خۆشییاندا باڵ دەگرن
هێنـــدە ملکەچـــی دەنوێنـــن هەر لە ســـەر ئــاو و ئاگـــرن!
لووتیــان لە زەوی دەخشــێنن بەڕێــز لە باتییــان دەمـــرن!

لێــرە و لەوێ بە ڕۆژی ڕوون بــێ یــان بـــە تــاریکی شــەوێ
قەت لــە خاوەن کــۆیلەدارە گەورەکانییــان هیچییــان نــاوێ
هەر سەرکاری و پێشخزمەتییان بەرکەوێ! هیچییــان نــاوێ
ئــەوان فێــرن

بۆ گەل و خاک و نیشتمان هیچیان ناوێ، ڕوو لەخێـرن!
ڕاهاتـوون هەردەم نـا تێـرن! سەرکز و چاو بـەرە ژێـــرن
لەڕاست خەڵکی قوڕبەسەر و ستەمدیدەش، دەڵێی شێرن

لە سای سەری؛ ئاغا"ڕەفیق" یۆڵداش "کۆیلە گەورەکانم
لە تاریکستان داش بە داش! بەلاش نوقمی تـەمتـومـانـم
لەدنیای پوولپەرست فوول کاش مایە پووچ و سەرگەردانم
لە گەڵ خودی خۆم دوژمنـم بێ ناسنامە و نیشتمـانـم
غەریبتـریـن غەریـب منـم سەیر و سەمـەرەی جیهانـم!

بەشی ٨
زیندووی مردوو

ئەوکەڵەگا شکستخواردووە دیلانە
هەر ئەو فسۆس پاڵەوانە زەلیلانە
گشت عەشقێکی نوێ و پیرۆزیان لە من قەدەغەکـردووە
گشت جەژنێکی نوێ و نـەورۆزیان لێرانـە لەناو بـردووە
وەتـەی بەنـدەی بێ ئیـرادەی وەکو مـن لـە دایکبـووە
لەوساوە زیندووی مردووە!
چەند عەیامە بەرواری بە کار بردنی بـە سەر چـووە!
بە ناو چاڵی خەڵوەتێکی قـووڵی بێبـن دا ڕووچووە

لە گەڵ عیفریـت و دەجـال و جنۆکەدا تێکەوتـووە
تەنیا و تەنیا جێگە هەیە بـۆ پـەرستنی ئەژدیهـا
لە بن دنیاش، ڕێگە هەیە بۆ خۆشویستنی کەڵەگا!

بەشی: ٩٠
ڕۆشنتر لە ئاوی کانی

جێی خۆی بوو بەر لەوەی بمرێ ژانی دڵـی بێتــە کـوڵێ !
بـە زمانـێکی ڕۆشنـتـر لــە ئـاوی کانـــــی هەڵبقوڵــێ!
گۆی بەر قاشۆی چاپووکتر لە پێشینی خۆی، بیـانئەنگێوێ
نـەخۆ عومـر کـورت بهێنــێ و ڕێـک نەکەوێ بیانکەوێنــێ !
ئه مڕۆکه له سەر ئه م خاکه
نه زان و گه مژ ه بی چاکـه!
بگرە و بکوژە و تاڵانی چاک بکە و ڕاکە!
با گەل ژێر دەست و برسی بێ
هه میشـه لـه مـەتـرسی بێ
ڕۆژیـێـتی کای کۆن بـە باکـە!
تێـکـە و فڕکـە!
ڕەزو باخی وڵات بۆ خۆت قرچ و بڕکـە
زەوی وزار و دەغڵ و بێستانشی شڕکـە
گیرفان و بانقی پێ پڕکە
دارو دەستەی دەورو پشتی خۆت پێ مڕکە!

سەرمایەی نازدار پەیداکە
گەل ئا سایشی بۆ چییە؟
ترسی نەبێ و برسی نەبێ خەتەرناکە!
لەولا ڕاکە و لەولا داکە
پاسەپۆرتێکی جیهانی و
ڕەگەزنامەی چەند دەوڵەتێکی بیانی و
هەندێ کۆمپانیاو پاپۆری بازرگانی و
هەندێ ڤێلاو هەندێ قەسرو هەندێ خانی و
هەندێ دۆست و هەندێ دۆڵەنگێوی گیانی و
هەبێ چاکە!هەبێ چاکە ; هەبێ چاکە
هەندێکی بگرە و هەندێکی بەرەڵلاکە!
چاکەو چا کە!
تا کەو تا کە!
پاکە و پاکە!
هەبێ چاکە هەبێ چاکە هەبێ چاکە!

بەشی ١٠
دەعبای حالۆری

دەبوایە بەر لەوەی بمریّ
دەمامکی گشت کۆنـەوەهمـە پیـرۆزەکانمـان دابگـریّ
هەرچی ڕاستی کوژراو هەیە
لای خەڵکی ئاشکرا بکریّ
هەرچی جوانی نێژراو هەیە
دەریان بێنیّ ! لە ژێر کاریگەری جەهلی پیرە سیحریّ!
ئەمڕۆکە لە سەر ئەم خاکە جوان و پاکە
عێل و چەکداری بەرەڵا بۆچی چاکە؟
تا پـارەی مـۆڵ، بـۆ کاکی مەسئول پەیداکا؟ ببـا و ڕاکا؟
یان ئێشکچی و دەرگەوان بیّ تا ڕابوێریّ و خەم بەباکا ؟
لەو لاکە! هەر وا وەیلا یە و لاکەلاکە!
لەولاکەی کە، کۆچی شووم وترسناکە!
ئەهـا بەو خـوایە تـاکەی کە لەم گیانـدارانەی بـیّ بـاکە
حەیـفە پیـرۆزی ئەم خـاکە وئەم قوربانیـانەی کە پـاکە
نابووت بێت بە؛خوێنڕێژ و دەعبای حـالۆری و
سـیخوڕی ملهـوڕی بە زی و تـۆڕی دزی و
لـەم چەشنـە دێـوە ناپاکـە
لەم سەگسارە دەم بەخوێنەی
لەم بـراکوژ ە دڵ پـڕ کینەی

که له خراپەکــاری تاکـــه تاکـــه و یەکجــار کەتنناکـــه!
بابەکوشـــتەی گەل وخــاکە پــاکه وخــزمەت وەتەن ناکــا!
هەتــا ئه و هــا بەرەڵــلا بــێ! مــــردن بــۆخۆت تەمەننـاکە
نەکیـر و مـونکیر وەسـتابێ پێـو یسـتت به تەڵقـین ناکـا!
پاکه و پاکه !نەبێ چاکە!
تاکه وتاکه! نەبێ چاکه!
نەبێ چاکه نەبێ چاکه

بەشی ١٧
هیچ و پووچ و هیشان

له سەره مەرگێ دەیفەرموو ئاخ لەدەست هیچ ئۆف خودایه
ئەم ژینه چەنده بێ فەڕبـوو تـا کەی وابێ ئـەم دونیایـه ؟
یەککوو یەککوو !هیچ به دەست هیچ!
بۆش و سەگۆڵ و سمێڵ فش و بن لادین و کارۆدۆڤیـــــچ
هیچ و هیچ جەنگی جیهانی سێیەم و چوارەم لەپای هیچ!
خوایه هیچ هیچی لێنایه هیچ له دوای هیچ دوایی نایـه!
یەککوو، هیچ چەند نارەوایه
ئەمه چ حاڵه ؟ چ خوایه؟ سووچی منبوو؟ یان هیچ خوایه!
سەیره هیچ چەند نارەسەن و نەپرژایه
لافیتەیـەکـی داخـدار و بێ مـەعنـایـه
له دەورەی قەڵای هەولێرێ هەڵواسرایه

فەرتەنەیـەکی شاخـدار و پـڕ بەڵایە
لە شاری شێخی بێ پەنا هەڵکرایە
دروشمێکی قێـزەون و واق وڕمایـە
لەدەرگەی پەرستگاکاندا هەڵکۆڵدرایە
ئەوە چ حاڵە؟ چ خوایە ؟
ئەو مەینەتی و هیچێتییەی ئێمە لە کوێی زەمەندایە؟
هەرچی لاوە
ئەوەی عەشقی جوانی مانگ و جیلوەی چاوە
کەلێنێکـــی نـــا سامناکـــی بـــۆ نـــەمـــــــاوە
ئەوەی هێشتا بـۆ هـیچ خـوێنی نەڕژێنـدراوە!
ئـــازادی بـــوون و نەبـــوونی لە دەســـتداوە
بە فەتوای هیچ
بەداوای بێ بنەمای هیچ
لەگەڵ هیچ دا لێی قەوماوە
لەبەردەم بارەگای هیچ و پووچ و فیشاڵ
دەیەها ساڵ ! وەستێندراوە
بێ ئاگا یـان بـە زۆر کـراوە
بە قوربانی چەکمە و پۆستاڵ
لە شەڕگەی هیچ دامـەزراوە!
دەروێـش ئاسا سوغرەکێـش و چەقۆکێـش و ماڵ وێـرانـە
ساڵ دوازدەی مانگ ڕەتێنراوە! بەخوڵیای هیچ!سەرگەردانە
لە ترسی هیـچ هیچەکانـی ئـەم چەرخی دەور و زەمانـە

ئـەم کەنـدووە لاپـرەسـەنـگ و کـونـاودەر و بـەتـاڵانــە
ئـەم نـا ساغ و شەڕانـگێــز و ژەهـر ڕێـژ و کاڵفامانـــە
هەر کۆیلەیی و نائومێدیان بـۆ کردوویـن بە دەستمایە
لەم سەحرا و ئەنفالستانـە مەرگچێنـە لـەم ڕێـیـایــە!
بەملکەچی و ڕووت و قووتی ڕایانگرتووین بەبێ سایـە
ئـەوە چ حاڵـە ؟ چ خوایـە؟
ئەم بوونە وەک نەبوون وایە
لە بەر هیچ ! مردن و ژین لە سەرەتاوە
تێکڕای هیچە و خەونێکی هەڵبزوڕکاوە
هیچ لە ڕێی هیچ، پیلانێکی دارێژراوە
دژی گوڵ و جوانی وئەوین! سازدراوە
داستانێکی پـڕو پـووچی ئـاڵۆز وحـەلـەق مەللەقـە
گـڕکانی کینــەی مرۆڤی شکستخواردووە ئـەحمەقـە!
هەسپە شێیەکی باڵداری! زەبەللاح، خۆشپەڕ، چاوزەقە!
مەتەڵێکی عەنتیکەیـە یـان عیزرائیل یـان لەقلـەقـە!
گێچەڵێکی بێوێنەیـە ! هەو بی و هەو نەبی! بە شەقە!
☆ ☆ ☆
بێ گوناح وا لە گەڵ هیچ دا کەوتووینـە چاڵێ ؛ خودایە!
لە بەردەست هیچ هیچەکانی؛ مردووی مۆدێل وسەرمایە
کەشتییەوانی بە گوڕ ملهوڕ تیرۆرچییانــی ئـەم جیهانـە
بەم دۆزەخەی جۆشیان داوە بۆ ئینسان، کەبەنـاو ژیانە!
هەند کیناوی و خۆ پەسند و بەد و زۆڵن
داگیرکەری بیـر و هۆش وخـاک و خۆڵن
بۆ قازانجی زێدە هیچ عەبداڵ و وێڵن
زەوی و ئاسمانیش دەکێڵن هیچ ناهێڵن

هێندە بۆشن

هەنـد حەوایـی و ڤایرۆسـاوی و قەڵاچـۆکەری نەخۆشـن
حوکمڕانی بان بـۆرژوا و بـان مـافی ئینسـان ! بەدهۆشـن
شەڕ بەدار و بەردی ئێسـتا و داهـاتووی گەلان دەفرۆشـن
هەمـوو شـتێ لـوول دەدەن و بـێ تێـڕامـان دا دەدۆشـن
هەند هەڵپـەی بـازاڕی ڕەشـی زێـڕی سـپی خۆفرۆشـن
سـەری سـەرجەم کانەکـانی مـۆر دەکـەن و دادەپۆشـن
هیچ ناهێڵن!هێندە تووشن!سرک!ولووشکاوی وچەمووشن
مەغـۆل و تەتەر و ڕۆمـی! دوای عەولەمە و قەرەقووشـن
تـاڵانکەری ئـابڕووبەری بـێ حەوسـەڵە و حەپەلووشـن
هەمـوو شـتێ لـرف دەکەن و بـێ بەزەیـی هەڵدەلووشـن

هەند جیوەیی و سپلە و سووکن

لە نـاو تـونێلی گیـانێکی کێـوی و منجـڕی بچووکـن!
لە ناو گێـژاوی شـەپۆلی حەزی پـووچ وەهمـی چـرووکن!
هـیچ نـاهێڵن چ پەنـا و پـێچ و قـوژبنێ جـێ نـاهێڵن
بەر سـێبەری دار بەڕوویـێ، دارەبەنـێ جـێ نـاهێڵن
(لە بـانی بانیـان هـاوارە یـارم لە بـانی سەربەنـێ
ڕێـی دڵ گیـراوە نـازدارم پەرچەمـی نـاگری لە خەنـێ
جێـی ژوان نەمـاوە دانیشـین پێکـڕا بـین بە تـاقی تەنـێ
غەزال عـادزە لاسـە شـۆڕ برینـی کەوتیـتە بـەدەنـێ)

هیچ ناهێڵن

زەوی و مـانــگ و ئـەستـێــرە نـــە دۆزراوەکانیـــش دەکـێـڵـــن
نـاهێڵن کــەو لە ســەر شاخـــان بقاسـپێنن بـــە دڵ و بە گیـان
دولبەر بە لەنجە بـۆت بێنن شەمامەی جـوان جوان لەبێسـتان
نـــاهێڵن کــۆترە باریکـــە گــمەی بـــێ لە دەرکـــی لیســـێ!
بەستەی عەشق و دەست لەملانێ سەربەست بچڕێ لە هەیوانێ

جێژوانێکت بۆ ناهێڵن

دەزگـا سـازی هەرچـی و پەرچـی بـان ئاغـا و ســەرداری خـێڵن
هــیچ نـاهێڵن بـۆ تەنیـایی و مەرگــی هێـواش جێـت دەهـێڵن
هــیچ نــاهێڵن بــۆ خــۆت جــودابی ســـەردەمێ لە حەیرانـــێ
حەســـــاوەبی و بە ئاســــوودە بــــژی کەمــــێ چاولێکنـــانێ
گەر لە خەونێکـــــی عاجبــــاتی بچــــیە ئەودیــــوی زەمـــانێ
دەنـــا نـــابێ هەناســـەت بـــێ لە چ عەرد و چ عاســـــمانێ!

هەولێر حوزەیرانی ٢٠٠١

کێوی قاف*

ویـــــڵ و غەریـــــبم دەگەڕێــــم وەک دێـــــوانە
لە کـــــوێ بیـــــت هەر دەتـــــدۆزمەوە بەم زووانە

ئەگەر لەکێـــوی قـــافیش بـــی هەر دەتگەمـــێ
ورەم پـــــــۆڵایینە و بەهێـــــــزە نـــــاچەمێ

خـــــــودا فریـــــــادڕەس و پەنـــــــای هەژارانە
عەشـــق ودووری یـــار پێویســـتی خـــۆر بـــارانە

گەر خـــواکردی، پێـــت شـــادبوومەوە ئەمجـــارە
ڕەنـــگ بـــێ شـــێت بـــم بـــاوکەڕۆ بـــکەم لەم شـــارە

خوایـــــــاربێ بێئومێـــــــد نـــــابم لەم هەوڵانە
خەون و تێکۆشـــان بنـــاغە و سروشـــتی ژیـــانە

ویـــــڵ و غەریـــــبم کەوتـــــیمە ئەم کێـــــوانە
شـــــار و دێ بەدوات دەگەڕێــــم وەک دێـــــوانە

* لە ۲۰۰۰ گۆرانیبێژ نوری گەرمیانی کردیتیە تایتڵی فلیمی چارەنووس، بەمەقام دەیڵێ.

ئەسمەرە دڵدارمە*

(ئەسمـــەرە دڵـــدارمـــە خـــوێن شـــیرینە یـــارمە
لە نـاو شـۆخ و جوانانـدا ئەو مـایەی حەیـاتمە)★

بەهاری ڕەنگـاوڕەنگی ئێسـک سـووک و قەشـەنگی
وەک ئاسکی بریـنـداری گەزەنگـان بـۆی دەلەنگـی!

بە نـــاز و جـــوولەی هەرزە دڵـــم دێنیـــتە لەرزە
ڕۆژێ یەک جـار دیتنـت وەک نـوێژی بەیـان فەڕزە

بەرزی لە دڵـــما بەرزی جـــوانی لە هەزار تەرزی
وەک مامزی کێو ودەشتی دەڕۆی گیانـــت دەلەرزی

کـاتێ دەڕۆی بـــۆ زانکــۆ بەردیــش دەهێنیــتە گــۆ
وەرە دەســـت لەملانـــم کە نـــاتوانم بـــژیم بـــێ تـــۆ

کوڵمت بەفری کوێستانە ڕووت وەک مـانگی تابـانە
چیـدی بە نیگـای چـاوت مەمکـوژە توخـوا گیـانە

" ئەسمەرە دڵدارمە "گۆرانی هونەرمەند نوری گەرمیانیە، دوو دێری یەکەمی فلکلۆرە،
ساڵی ٢٠٠٠ ئەو دوودێرەی دامێ کەلەناو کەوانەم داناوە، منیش کۆپلەکانی ترم نووسی .

چۆلەکە

ئەی چـۆلەکە جـوانەکەم   وەرە بـۆ لام گیـانەکەم
هەرگیـز ئـازارت نـادەم   تەنیـا تەماشـات دەکەم

وا دانـم بـۆ هێنـاوی   لەم نـاوە بـۆم دانـاوی
کە تێربـووی لەم سـاوارە   بفـڕە بـۆ ئەم گـوڵزارە

هەرکە گەیشـتیە ئەوێ   بخـوێنە وەکـو کەوێ
شـەوێ بـڕۆوە هـێلانە کـاتی خەو، پشـوودانە

سـەر لە بەیـانیش داهـات بەسـتە بڵـێ بـۆ وڵات
من و تـۆو هاوڕێکانمـان دەیکەیـنە بەزمـی خۆمـان

ئەی چـۆلەکەی ژیـکەلە خـۆر بێـتە ئەم دەمـکەلە
منیش دەچمە قوتابخانە جێی خوێنـدن و گەمـانە

٢٠٠٤/٢/١٠

من قوتابیم

کوردســتانی شــیرینم جــێگەی بــوون و ئەڤیــنم
ئــاو و هەوات ســازگارە   ئاســمانت و ڕشــەدارە

خۆشەویستی لەلای من   تۆی قیبلەگاو پەنای من
من خاکی خۆم خۆش دەوێ   بە هیوامە سەرکەوێ

خــوایە گیــان بپــارێزی پێشــمەرگە و مەتەرێــزی
فێرگەم خــاوێن ڕادەگرم گــوێ لەمامۆســتام دەگرم

مــن قوتــابیم دەخــوێنم دیموکراســی دەچێــنم
تاخۆشــیت تییــا ببیــنم ســەرفراز بــبم لە ژیــنم

لە گۆڤاری هەنگ بڵاوکراوەتەوە   هەولێر   ٢٠٠٤

تۆپ تۆپێن*

کـوڕگەل زووکەن وەرن ڕاکەن   ئەم تـۆپێنە تەماشـا کەن
ئەی تۆپێنزان بەدڵ وبەگیان بەرزکەوە ئاڵای کوردسـتان
بەرگــری تیــپمان پــۆلایە ڕاهێنەرمـــان بە توانـــایە
گۆڵچییەکەمان پاڵەوانـە   تۆپ زەفـت دەکـا لەو ئاسـمانە
کـاپتنمان چـاپووک و ژیــرە زۆر بە ئاگـا و بە تەگبیــرە
وەرزشـــکارانی بــێ کیــنە یاریگـــا پێتـــان شـــیرینە
ئەگەر گولێـک کـرا لێتـان   وەو نەرمـێ تونـد بـێ پێتـان
هەڵۆ وهەڵمەت پەلاماردەن   گۆلی سەرکەوتن تۆمـار کەن
لە بەرگری و هێرش کردن   سـارد مەبـنەوە ڕۆڵەی مەردن
بـەگیـانـی خۆشەویستی وپـاس
بەدەست دێ گۆل وکاس، سوپاس!

هەولێر نیسان ٢٠٠٤

☆ ئەوشیعرە لە گۆڤاری هەنگی منالان ژمارە ٩٣ بلاو بۆتەوە.

سیحری باڵای

دایکردۆتە ڕێـژنــە بـارانـێـکی بـە خـوڕ ســەر بـە کـڵاو
چەندخۆشەخۆم و یارم لە ژێری بین، دوور لە چاوی گڵاو!

خۆم بۆی ببمە چەتری سەری   بگەڕێـم بـەنـاو باخـەڵی
دەسـت وەرێنـم لـە کەمـەری ماچ کەم کوڵمی سوورە گوڵی

شەیدای ڕۆحی بووم، شێت دەبم گـەر نەونەمام نەمدوێنێ
چ سیحرێکە دڵکێش دەکات تـا وەک بولبول بۆی بخوێـنـێ

هەرچەند نەخۆش و کەنەفتم حەزدەکەم عەشقەکەم سەرخەم
لـە گەڵ یارێـک گفتم دابـوو ئەو ژینـەی ماومە بـەسـەر بـەم

نـەبوونی باشترە تەنیایی و ژینـی بێ هـاودەم بەبێ ئـەو
کێ هـەیـە گیـانی لێسەنـدرێ و چاوەکانی بچێتە خـەو؟
٢٠٠٥ / ٢ / ٢٠

عەشقی خوایی

ســالّی ٢٠٠٥ ئەوشــیعرەم لەســەر داوای مامۆســتایەکی قوتابخانەکەمــان، دەربــارەی خواپەرستی نووسی، تەنیا هەر ئەوشیعرە تاقانەیەشم هەیە لەم بابەتە.

برســی دونیــا و تــۆبە کــارم هــاتوومە دەربــاری بــاری
پەشــــۆکاوی ڕۆژی حەشرم دایــــمە دەکەم گــــریە و زاری

خــوایە لەو بەنــدەت ببــوورە بــا نەمرێــت بە گرفتــاری
فەرمــــووتە دەروازەی تــــۆبە والآیــــە بــــۆ خەتاکــــاری

منــی بــێ هێــز و بــێ چــارە هــاوار دەکەم پــڕ بەزاری
خــولّقێنــــەرم بــــگە هانــــام لە تەنگــانە و شــــەوی تــاری

هەر دەم خەیــالآتی تــۆمە پاشــام توانــا و کردگــاری
لە زیکــری تــۆ نقــووم بــوومە لەترســی ڕۆژی بــێ یــاری

ڕەحمــێ بە حــالّی بەنــدەتکە پەشــیمانە بە یەکجــاری
تــوواوەتەوە بەو عەشــقەی تــۆ بــەشکەم بێیــتــە هاریکــاری

زەرەرمەنــــد و مــــوبتەلا خــــۆم زۆرم کــــردووە گوناهبــــاری
دەرگــای عەفــووت بــکەوە بــۆم خــۆت لێبــووردەی تۆبــەکاری

کــــوردێکی ســــادە و غەریــــبم دەنــــالّێنم بە ئــــازاری
مەگەر هەر خــــۆت دەرمبێنــــــی لە گــــومڕایی و دەردەداری

سوێند بەعەشقی خۆشەویستی نووری پاکی خــوداکەی خــۆم
گەلێــک پێویســت بە ئــاوڕێکی پــڕ بەزەیــی دەروازەی تــۆم

هەولێر نیسان ٢٠٠٥

بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم

هــاودەمەکەم نەکەی ئــۆغرکەی ناکــاوی بــۆ ئەو دونیــا
عــومری شــەکەت بــووم بــێ قەڵا زەحــمەت بــڕ بکــا بە تەنیــا

لە هەرکــوێ بیــت بەدواتــدا دێــم وەک دێــوەرە بەبــێ وچــان
تــا لە خەیــاڵیش دا نــیمە بــێ تــۆ بــۆ چــرکەیەک ژیــان

ئــەی ئازیزتریــن ئازیــزی دڵــی شــەیدام تــۆم خــۆش دەوێ
گەر بەهەشت بێ تۆ بــێ دۆزەخ خۆشــترە لام دەچــمە ئەوێ

قەت بیــر لەوە نەکەیــتەوە جــێم بێڵــی ئەی گــوڵی ســوورم
چەنــدی لــێم نێزیــک ببــیەوە پــێم وایە هێشــتا لێــت دوورم

"ئایشێ" کەم ئەی هاوسەرەکەی خاتوون و ماندووی خێزانم
مــن بــێ تــۆ بــێ نەوا و هێــزم قوربــان خــۆم بە هــیچ نــازانم

دڵ ڕێی پێم، نادات بێم، بۆ لای باڵات نێم، بــۆم، دەرنەکەوی
شــیعریش خامۆشــە تــا خەنــدەی گــوڵزاری تــۆم بەرنەکەوی

دونیای ڕوونم لێ تاریکـه   بـێ تیشـکی ڕووی گەش و ئاڵـت
بەخـتم ڕەش و دژ و ڕکــه   لـێم دیـار نەبـی چـاوی کاڵـت

لە چـاوانی تـۆوه سـەیری   جـوانی ژن و ڕەوشـت دەکەم
بە هەناسەی عەشقی تۆوه   کڕنۆش بۆ خوای سروشت دەبەم

مەرگم بە پێش مەرگت کەوێ   (ئایشـێ) ی نـازدار و بەوەفـا
دەردو بەلاّت بەر مـن کەوێ   لە گەڵ مـن زۆرت چێشـت جەفـا

هەولێر ٢٠٠٧/٥/٧

بۆ هەولێرەکەم

هەولێـــرەکەم شـــارە جـــوان و نـــازدارەکەم
دێـــرینترین شـــوێنی خـــاکە پـــڕ خێـــرەکەم

ئەی مەڵبەنـــدە مەنـــدو ژیـــرو بـــوێرەکەم
شـــارە هەردەم خـــۆڕاگر و چـــاوتێرەکەم

دکتاتۆرەکـــان بچـــووکبن یـــاخۆ گەورە!
ســـەریان لە ئاســـت قەڵا نزمەو!دەمیـــان چەورە!

هەولێـــر لەمێـــژووی نزیـــك ودووری
ســـەری قەڵاتـــی دانەنەویـــوە

لەوەتەی هەیە ڕۆڵەی جەســـووری
بە ڕووی زۆرداری هەر ڕاپەڕیـــوە

بەنـــووکی خـــا مەی (ڕەنجبەر)ەکـــانی
مێژووی سەربەرزی بـــۆ گەل نووسـیوە

بە خـــوێنی گەشـــی جـــوامێر و جـــوانی
زگـــی بـــێ دەنگـــی دنیـــای دڕیـــوە!

هەولێر ٢٠٠٩

بۆ وەچەی نوێ

ســـــەردەمێکە بەئومێــــدی هـــــاتنی تیشـــکی خـــــۆرێکم
تایەکســـــانی بنۆشـــــم وەک ئــــاوی تــــرێ لە پێکـــــێکم

مــــادام ڕووم لە ڕوونــــاکییە تــــاریکی هەر دەبـــــێ بـــــڕوا
مــــرۆڤ گەر هــــاتە مەیــــدانێ پێــــداگر بە بیــــر و بــــڕوا

دادگەریــش دەبــێ بەرپــا بــێ ئەمســـاڵ یــا ســـاڵانی دابــێ
دەنــا هەرگیــز بەخـــتەوەری بەشــی هــیچ تــاکێکی نــابێ!

ســـەرم قوربـــان ئازادییـــە و دڵ بـــۆ ئــاڵای وڵات دەگــری!
تا وەچەی نــوێ ئـۆخەی بکـا و داری هیـوای گەل بەربگـری!

٢٠١٠/١٠/٦

گەندەڵی چییە؟

"کۆمێنتێکم بوو بۆ پۆستی هاوڕێیەک لەسەرگەندەڵی"

گەنـــــدەڵی هـــــیچ بنـــــی نیـــــیە
چاکســـــازییش قەت پشـــــتی نیـــــیە
کوردســـــتانیش ســـــەری نیـــــیە
هەژاریـــــش هەر دەســـــتی نیـــــیە
دز و جەردەیـــــش هەســـــتی نیـــــیە
بازرگـــانی خـــوێنی خەڵـــک، منەتـــی نیـــیە
زوڕنـــاژەن و دمبگچـــیش هـــیچ کلکـــی نیـــیە
زۆردار و خـــوێنمژیش بێشـــک دڵـــی نیـــیە
مەسینـــــە هەڵگـــــریش هـــــیچ کـــــات
چـــــاو و ڕووی نـــــاو خەڵکـــــی نیـــــیە
تونـــدڕەو و تیـــرۆرچیش هەرگیـــز دینـــی نیـــیە
ئەڵـــقە لە گـــوێ و چڵکـــاوخۆر ویژدانـــی نیـــیە
بەرژەوەندخوازی حیزبیش هەر عەقڵی نییە!

٢٠١٤

سڵاوی بێ پایان لەژن

سڵاوی بێ پایان لە ژن

هەم هاو ژینن، هەم کیژ و هەم دایک وخوشکن

چرای شەوگاری تاریکن

تەواوکەری نیوە ناچڵەکەی منن

بەرهەمهێنی بونیادی ڕیشەی مرۆڤن

ژنی ژیر و ئازا و مەزن   دژی چەوسانەوە و غەدرن

دژی کاولکاری و شەڕن خاوەن دڵی چەشنی بەفرن

سەرچۆپی جوانی سروشتن کانیاوی عەشق و هەڵبەستن

ژنی مەزن، هاوڕێ و پاڵپشتی پیاوانی مـەرد و بـەرزن

پڕ بەهرە و لەبار و تـــەرزن

گوڵزاری جوانی چوار وەرزن

تێکڕا بڵێین بــەڵێ بــۆ ئـــازادی ژنـــان

هەوێنن بـــۆ شارستانی وشـادی ژیــان

هەشتی مارس ٢٠١٥

کۆبانی تۆ شەرەفی نیشتمانی

بەشی ١

مـن نەمدەویسـت بەم تەمەنەم قەتماغەکـان هەڵـدەمەوە!
لەم زەمـــانەم ! دەرگەی زام و ئازارەکـــان بـــکە مەوە!
بەڵام چ بکەم؟ بێ دەستی خۆم دوای بەرخودانی کۆبـانی
هەسـتم بـزوا و پێنووسـەکەم هێنـامیە گـۆ بە ئاسـانی
لە کوێندەرێ دەست پێ بکەم ؟
دەست بۆ کام زامی قوول ببەم ؟
لە کارەساتی شەنگاڵ و برینە پڕ خوێیەکانی
لە زوممار ولە مەخموورو زامە کۆن ونوێیەکانی
برینە دایم کراوە و هەرگیز سارێژ نەبووەکانی
ئەنفال یەک و.... ئەنفال هەشت و
ئەنفال نۆ و ! دەی ! بادینانی ! ؟
هێشـتا فرمێسـکی خـوێنینی کیژانـی وڵات نەسـڕابووەوە
قیژە و نرکەی سەردولکەی ئەم کۆستە مەزنەم نەبڕابووەوە
زامـــی کۆبـــانی و ڕۆژئـــاوا بە ڕوومانـــدا کـــرایەوە
قەپاغی مێژووی پڕ لەسوێ و پـــڕ نەگبەتی هەڵدایـــەوە
ئاش وەستانی بە قورمیشی پڕ شووڕەیی و ....!؟

موفاوەزەی ژێــر چەپۆکی و بێ شکۆیی و ....!؟
دەردی براکــوژی و خۆخــۆری کــۆنی بە بیــر هێنــاینەوە
خــۆڕا گــرییەکەی کۆبــانی دەرســێکی نــوێی دا دا یــنەوە
دوای شکســتی بەردەوام هــات ئومێــدی بــۆ گێــڕاینەوە
داســتانی ســەنگەری عەشــق و بەرگــری بــۆ نووســینەوە
تۆڵەی ئابڕووی تکێندراوی غەدری دوێنێی سـەندینەوە!

بەشی ٢

هێشتـــاکە پـاکیــزەکانــی ئێــزیدیــیە مــەردەکانــی
پاشماوەی موغ و پیرانی ؛ خوادای چاکی زەردەشتیانی
غــەدر لێکراوی شەنگاڵی
ژێر پێ و، ڕننــۆکی سمکۆڵی
چەپەڵە نەگریسەکانی جاحش! ڕزگاریان نەبوو بوو
لە ژێر باری برینە پـڕ شوورەییەکە، دەر نەچوو بوو
ژانی جەلەولاو سەعدیە و زۆری دیکە
لە ناخمان دانەسەکنابوو نەبڕابووەوە
هێشتا پایتەخت
لە چاو قوچانێکی ناوەخت
واق وڕمابوو!
سامی هەڵێهات و ڕاکە ڕاکە باش بەری نەدا بوو!
لە نێوان بەرگری و خۆ بە دەستەوەدان تێدا مابوو

تا شێرە کیژ و کوڕانی شەڕڤانــەکانی کۆبـانی

بە ئیـرادە و ورەی بەرزی بە باوەڕی جوامێــرانی

دەرسێکیان دایە دوژمنان

دیسان کوردیان هێنایەوە   بـۆ بـەرچاو و دڵی گەلان

خۆشەویستی نیشتمانیان کردەوە وێردی سەر زمان

وەک داستان و حیکایەتی کـۆن و نوێی بـەر ئاگردان

بوون بە خاڵی پڕشنگداری مێژووی خۆڕاگری کوردان

☆ ☆ ☆

هەر وەک ئەفسانەی دیرۆکی کوڕان هاتوونـە مەیدانێ

وای لە بەر دەست و مەچەکی   کیژان کاتی بەرخودانێ

ئەم قوربانییە و ئەم بەرگرییە بێوێنەیە

لە بەردەم زوومی کامیرای مرۆڤایەتییە

هەر وا سانا و بە خۆڕایی لە مـرۆژە تۆمار نەکـراوە

ئەوەی ئەمڕۆ لەوێندەرێ   ڕوودەدات و ڕوویان داوە

باوەڕ پاکی و خۆنەویستی و دڵسۆزی خاکی پێوەیە

ئـەوە مـۆری بـەرز ڕەوشتی   میـر خاسانی ڕۆژاوایـە

دەڵێی مێژووی نوێ و خاوێنی   نەتەوەیەکی دیکەیە!

بەش ۳

ئـەز قوربانـی

تفەنـگـی ژەنگاوی شـــانـی

کیژە شەنـگ و شۆخە شەڕڤانەکانیان بـم

کـوڕە لاوی عەشـقـی ئـــازادی و شەهیـــد و زینــدووەکانیان بـم
مادام بە جەستەش لەویَ نیــن بــا بە دڵ قوربـان ئەویَ بیــن!
ئێمەش ئێوەش، ناونیشانمان هەرچییەک بیَ و لەهەرکویَ بین
ئــاخر ئـــەوان نرخیـــان گەڕانـدۆتـــەوە بـــۆ قـوربـانـــی دان
ئەوان مەدالیـــای شـــەرەفیان پێشـــکەش کـــردەوە نیشـــتمان
بەڵـــیَ ئـــەوان لـــە کۆبــانـی مێــژویان نـووسیـــەوە مێــژوو
مێــژووی گەلێکــی لە بیــر چــوو مێــژووی خەبــاتێکی زینــدوو
نەک لاپەڕەی پـــڕ فیشـــاڵ و درۆی زل و پێـــدا هەڵـــدان
نەک خۆســـــەپاندن و غەدر و خیـــــانەت و دزی و تـــــاڵان

ئـای شەهیدە بێنازەکان

بینیتان چۆن بەرخودانڤان

ئێــوەی فەرامـــۆش کراویشیـــان هێـنـــاوە یـــادی نـەتـــەوە
جیــای کــردنەوە لە جاشــولکە و خیــانەتچی نەوە دوای نەوە
ئیتر لە دوای کۆبـانیَ گشـت بــە نــاو سەرکــردە و بـنـکــردە
خاوەن چەندین مەتەلـۆکەی هەڵبەسـتراو، سـاختە سـەربوردە
مەسـئولی خێــڵ و بــنە مــاڵە فەرمــانڕەوای دز، نامەسـئوول
شـــەیدایانی هەوەســـبازی و ناوبانـــگ و قۆرخکـــاری و پـــوول

نۆکەری بێزراو لە خاک و میللەت بە دوور
دزی بودجە و نەوت و گومرگی بێ سنوور
دەبــێ زوو کەن تــف کەنەوە ! ئەوەی پێشــتر بردویــانە
لە ژێــر زەمینــی ئێرەیــە؟ یــان بــۆ دەرێ ناردوویــانە؟
هەتا زووە! هەرچی زەوی و ڤێللاو پــارەی گەلتــان لایە!
بڕشێنــەوە! بیگێڕنــەوە بــۆ گەلــی خــاوەن سەرمــایــە
ئەگینــا بــەر لــەعنــەتی مێــژوو دەکــەون
ئەمڕۆسبەی، یەک بەدوای یەکدا دەکەون

بەشی ٤

نەوەکانی دوای کۆبانی نمەک حەرام بـن گەر بێلن
ئەم قۆنتەراتچییە چاو برسی و بەزیوانە
سامانی گەل، ڕەنجی باو وباپیرانتــان، هەڵ بلووشن
لێ مەگەڕێن، ئەم بیر پووچە ڕزیوانە
ئەم کەترە دێوە، دزێوانە!
بەرهەمی ڕەنجی ئەم خاکە دابدۆشن
شەمەندەفەری نیشتمانتان وەرگەڕێنن
بۆ ویستی چەپەڵ و ناحەز بتانڕەتێنن
نا مەهێلن

مەهــێڵن پێکــی بێبــاکی ڕەزی کوردســتان بنۆشــن

دەبا بەس بی چیتر دەرسی حیز بی و میز بی

ئەڵقە لە گوێ و چاو بەرەژێر گوێ لە مـز بــی!

بــۆ ئەنــدام و کــادرە مردۆخەکانتــان مەخــوێننەوە

چیـتر دەرســی شــانازی بە قوتابییەکانتــان مەڵێـنەوە

تازە ئیدی بەرژەوەندی چرووکی حیز بی

حیز بی حیز بی !

پوولێکی قەڵپ ناهێنی دوای کۆبانێ

دەبا بەس بی، با چیدیکە کوردایەتی

بـە ئاقـاری بازرگانی گیرفان ویستی

نــــەبەیـنـەوە!

دەبا مافی پاشماوەی لێ قەوماوەکان بدەینـەوە

بـــا چیـــدیکە لە ژێـــر دروشـــمی پەڕۆدا

کفـن بـۆ ڕۆڵەی بــێ نـازی گەلمـان نەدڕیـن!

تـــا چیـــدیکە لە ژێـــر ســـێبەری درۆ دا!

هــیچ وخــۆ ڕا! بــۆمەرگی گەل هەڵــنەپەڕین!

[illegible]

لـه كۆبانی تێكۆشینـه شكستیـان بـه شكسـت هێنـا

له باشووریش تێگوشینه ! جەرگی گەل پڕی له خوێنه!

دڵی منیش تەژی برینه

قوربان دایکی، جەرگ سوتاوی، شەهیدانی کۆبانینه

ئاخ ڕۆژئاڤا ئۆف کۆبانی   پڕ مایەی حورمەت و ڕێزی

بونیادی بوونم قوربانی   وڵات پـارێـزی مەتەرێـزی

کیژ و کوڕانی مشتەنوور

کە گڕیان بەردایتە گیانی

دڕنـــده تونـــدڕەوەكانی داعشـــی بیــر كـــوێر له خـــوا دوور

خولیای وەهمی بەهەشتی پڕ میوەو مەزەی شەڕاب وحوور

کیژە شەڕڤان ....

نارین و ڕەیحانه و جەیلان

بوون به مەشخەڵ و ئاگردان

چوونه ژوان ودەست له ملانێی

خاکی دایکی جگەرسووتاوی نیشتمان

له مەیدانی خۆڕاگری و ڕەوشت بەرزی

دڕیـان داوه بـــه تاریـــکی و گـــزی و نـاهــەمــواری بـاشـــوور!

بوون بەتریفەی مانگە شەوی ڕێی ئەنگوستە چاوی بێ نوور

تەنیایی کۆبانی

گریاندی تاساندی بزواندی،

کوردانی، خەڵکانی هەندەران

هەژانـــــدی ویژدانــــــی ســــــڕکراوی مێـــــژووی ژان

غەدری ســــــایکس بیکــــــۆ و پیلانــــــی دوژمنـــــــان

لە قەنــدیل تــا کــانی کــوردە ســڵاوی وەفــا و بەرخــودان

لە کوردســـتانیان بـــێ هەمـــوان چ لە نزیــک بــن چ لە دوور

لــە بــاشوور تــاکو ڕۆژئــاوا لــە ڕۆژ هەڵات تــاکو بــاکوور

هەلە بشکێنن تەڵیسمی هەرچــی پێــی دەگــوترێ ســنوور!

بەش: ٦

دوای کــۆبــانێ و بــەرخــودانی خــۆڕاگــری و کۆڵنــەدانــی

کۆنە بازرگانچی خوێن گشت سیاسەتوانانی گوێ لەمشت!

کەون و نوێیەکانیش هەموو!

بچنەوە بــۆ نێــو گەلانی! دۆخی متــبــووی پشتی مێــژوو!

نەوەیــەکی ئــازای دیکــە

پۆلێ سەرکردەی پاگژی نەبــەردیکــە

بە هەلهەلەی قرمەی گوللەی

کــچ و کــوڕانی شـــەڤانی کۆبــانی لـــە دایــک ببــنەوە!

حیزبچێتـــی و جەردەگەری بنبـــڕبکەن بیـــر بچـــنەوە!

نـــاعەدالەتی و مەینەتـــی ڕیشـــەکێش کەن، بســـڕنەوە!

بـە کۆبـانی هەمـوو دونیـا کــوردی ناســی

شایســتەی شـانازیمانی جێـی سوپاســی

لەمە بە دوا کەس شـــــەرمی بە

کـوردێنی بـوونی خـۆی نەبــێ!

وا خــــۆر لە کۆبـــانی هەڵـــدێ

نەتەوەیەکـی لە بیرکــراو ! بـــەرەو ئاســۆ هەنگــاو دەنــێ

جلی شەڕڤانان لە بەر کەن

بۆ زەماوەند خۆتان ڕێک خەن

لەبەر گەنـدەڵچی و تـاڵانچی و پـیلانگەران!چـۆک دامەدەن

بە زمانی لووسـی بەر پرسـی نـا بـەرپـرس بـڕوا مەکەن !

شەڕڤــان بــە بـیروبــاوەڕە خـاکپـارێــزە بــێ وێـنـەیـە

ڕاست و دروست، پڕ بە پێستی پێشـمەرگەی ڕاسـتەقینەیە

ســـەرکردەی قوربانـیـــدەرە گیڤــارای ئەو سەردەمـەیـــە

لە ئــــازاری میللەتەکـــــەی بە خەبەرە، نەک گـەمـەیــــە!

نە وەک چەشنی لای خۆمان بێ

خەمی کورسی وپوولی قەڵپی ئـاودیوی ئەو دیـو تـاڵان بـێ!

هەرداڵدە دەری ئەنفاڵچی وخێڵ پەروەری بــێ ئەمـان بــێ !

نەخشەسازی مل بادان بێ بـرا کوژێــکی بـێ پــەیمان بــێ

ئەڵقە لە گوێی شاو سوڵتانی تورکیای عوسمانی وئێران بێ!

هەر وەک حاجی قادری کۆیی دەفەرموێ

لەحەسرەتی خۆ خۆری کوردان وا دەدوێ:

(لە بەر حیزە بەخۆیی و ناتەبایی

لە ژێر حیزی حیزان بووینەتە دۆشەک!

هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک

ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەک!)

ستەم دیدە خێر نەدیوەکان هۆ کوردی لات

بەسیەتی بەس

بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی نێو خۆی وڵات

ببنە یەک دەس★

با هاواری مـن و حـاجی لـە گوێتـان بزرینگێتـەوە

ئەوەی لەڕێی ڕاست لای داوە بۆ بڕیاری گەل بێتەوە

دڵنیـابـن، دەنـا هەرگیـز مێـژوو ڕەحمتـان پێ ناکا

بەڕیسوایی و بـە بەدناوی نـاوتان دەبا هەتا هەتا!

هەولێر ٢٠١٤/١٠/٢٧

★دەس: دەست

چلەمین ڕۆژی بەرخودانی کۆبانی

هەڵاتن

کــوڕە مەســئولی لمــووز حەوایـــی
خــۆ فشــکەرەوەی کــڵاش ســۆلانی

بــۆنی نەوت لێیــدا !خــۆی بــۆ نەگیــرا
پاشەوپاش هەڵات یەکڕاست قوجــانی!

٢٠١٤

مەشکە لە دارا!

دەڵــێن ئەم حکــومەتەی ئــێمە بەردەوام مەشــکە لە دارە
لە ڕاستیشدا ئەو مەشکەیە بێ سـێپێکەو هەر لە خـوارە!

ئەو کــاتەش لە دارە، کەرە و دۆیەکەی بــۆ حوکمـــدارە!
نەک بۆ کەسوکاری ئەنفـال، ڕۆڵەی بــێ پشــت و هەژارە!

٢٠١٥/٢/٢٣

بۆ یادی ڕاپەڕینی هەولێرەکەم

بیست و چوار ساڵی بەر لە ئێستا بوو
هەولێر، ڕاپەڕی دونیا هەستا بوو
شارەکەی حەیران هێشتاش غەمبارە
دایکی شەهیدان دڵیان زامدارە
پێشان بە دەستی فاشستی بەعسی
ئێستاش گەندەڵچی و چاوبرسی کورسی
هەندێ بۆ پلە و پوول و دەسەڵات
لێ یان گۆڕاوە ئازادی و خەبات
چڵکاوخۆر هەڵباز ئەمڕۆ لە باون
دڵسۆزی وڵات گشت بە جێ ماون
لە یازدەی ئازار هەولێر ڕاپەڕی
ڕەنجبەر بوو ناوکی نۆبەرەی بڕی
کەچی ئێستا کە دیار نی یە ناوی
ئامانجەکانی خوراون بە خاوی!
بۆیە خەڵکی شار وا دڵی تەنگە
سەرباری داعش، گەندەڵی جەنگە!
نە ئازادی هات نە دادپەروەری
خەونی شەهیدان وەک گوڵ هەڵوەری!
کاسە کە پڕ بوو بێشک لێی دەڕژێ
چی نەخوازراوە دەشێ بقەومێ؟

هەولێر ٢٠١٥/٣/١١

تا کەی شوکر بین؟

شـوکر خـۆ شـوکرانە دەدرێ لەجیـاتی جەژنـانە و مـووچە
کێـی نـاڕازی بـێ نـاحەزە لێکـدانەوەی چەوت و پـووچە!
دەبـێ شـوکرانە بژێربـن چـون ئاسـایش بەرقەرارە!
باسـی گۆڕانکـاریش نەکەن! ئەهـا! داعـش سـەری دیـارە!
خـۆ کارەبـاش جارجـارە دێ گەرمـاکە ناتـان برژێنـێ!
وەزیـری بـا! بەخێری خـۆی گاز بۆ هەندێ و ێستگان دێنـێ!
داخکرای شەڕ و نەدار بـۆچی سـوپاس گـوزار بـن بەم حـاڵە؟
بـەئاگر بەسـتی درۆیینـەی براکـوژییەکەی چەنـدین سـاڵە؟
خواهەڵنـاگرێ حەکـیمانە ئەم خەڵـکە دەچەوسـێننەوە!
قەیـران سـواری قەیـرانەو وەک ڕێگـر گەل دەڕووتێنـنەوە!
لە بەر بەرژەوەنـدی کەسـی و مانەوەتـان لە سـەر کورسـی!
ڕۆڵەی ئەم کوردسـتانە و گشـت خسـتۆتە بەردەم مەترسـی!
بەسـە هەتـاکەی شـوکربین لەئاسـت بـێ ویژدانـی حیزبـی؟
وەچەی خێڵ و ماڵباتی شێخ پیادەی غەدر و سواری فیزبـی؟
گەنـدەڵچی ئێـرە بـێ بـاکن گاڵتەیـان دێ بە چاکسـازی!
حوکمەتـۆکەی بـنکە تەسـکیش! بەهاوڵاتیـان دەکـا وازی!
دەرچـووی زانکـۆ کیـژ و کـوڕی خەڵکـی شـپرزە و بـێ کـارە
بەچکەی بەرپرسیش لێی دەڕژێ مەستـی شـەڕاب و دۆلارە!
بیسـت وچوارسـاڵی تەواوە بە تەمـای چـاوێکی سـاغین!
کەچی وەک فسـفس پـاڵەوان لەگـژ یەکـدان، جەردە و یـاغین!

خــوایە کەی داری ئــازادی کــوردی بــێ دەوڵەت بەر دەگــرێ؟
بازرگانچی سیاسی فشۆڵ بەس بی! یەخەی میللەت نەگرێ؟
ئەم هەرێـــمە لنگـــاو قـــووچەی ! لەم چڵپـــاوە وەردراوە!
گەر مــوعجیزەی یەکبــوون دەنــا دەر بــاز نــابێ لەم گێــژاوە!
مێـــژوو لەم ڕۆژگـــارە شـــوومەش بێگومـــان دەپێچێـــتەوە!
تفـــی زەمـــانەش بەڕووی نـــا پاکـــان هەڵ دەگەڕێـــتەوە!

هەولێر ٤ /٧ / ٢٠١٥

بۆ هەڵەبجەی بریندار

هۆنراوە /١

هـەڵەبـجـەی خنـکێنـراو بــە گــازی سـیـانـیــی
شــارەکەی ســووتێنـــراو بەکـیـنـــەی شۆڤێنــیی
مـن یەکجـار بــە تـاســـەم عـەوداڵـم بێمــە لات
نازانم بەپــێ بـێم یـان بەسـەر، بەڵـێن بـێ بە وڵات
ڕەشێنەی گلێـنەی چـاوانم بــە دیـاری دەهێـنـم
هەرچەنـــدە کــز بــووەو وا بـــە حــاڵ دەبـیـنــم
گیانەکــەم هەنــد ئەشــکی خوێنیـنـم لە ڕێتـا ڕشتــووە
ڕۆحـەکــەم نەخۆشـە بۆنــی سـێوی ژەهـراوی کــردووە
بێدەستی خــۆم دڵـی پـڕ خوێنـاوی منیشــی ئەنگاوتــووە
وا دەیەوێ خــەمـــی تەنیــاییەکەت لەگـــەڵ دابەش بکــا
دەبــا زۆرەکەی بـۆ مــن بـێ، لە ڕاهــی خــوا
ئەویکەی بـۆ مێژوو، بــۆ ئاسـمان، بۆ هــەوا
چیـدی تـۆ بەرگەی ئـەم ئـازارەت ناگریت بـە تـەنها
بـەدیار یادگاری ئـازیــزانت سـەرت پـاک سـپی بــوو
نــووزەشـت لـێبـڕاوە تـووشــت بـە زەهایمەری پیــری بــوو
هەنـدە بــە داخـی چـــــاوەڕوانی یـــارانـت
سـەردولکـەی بـچـڕی بۆ قـژی نـازدارانـت
بازن و خەناوکە و گوارەی گوێی کیژۆڵـە خنجیلـەکـانـت
دەسرازەی لانک و شـەقـشەقـەی منـداڵانـت

بەخەیاڵی خنکێنراوان، زامەکەت وا هاڵاو دێنێ
هەروا باڵا دەکات و لێت ڕادەمێنێ
ژانی بە سوێ لە دڵیەتی بڵێسەی نێڵە نێڵیەتی
شارەزوور تینووە ، گەرووی پڕ خەردەل و سیانیدە
بەداخم بۆ کانی ئاشقانت بێ گوناح ئەمڕۆکە شەهیدە
عەبدوڵا گۆران تاساوە هۆنراوەی ناسکی بۆ ناچڕێ
ناڵیش وا عادزە بۆی ناکرێ
گوێ لە ناڵەناڵ و گریانی حەبیبەی یاری بگرێ
مەولەویش قورگی نووساوە سیاچەمانەی بۆ ناوترێ
منیش هەرچەندی هەوڵەدەم
قەسیدەیەکی شایستەی بەم کۆستەم بۆ ناهۆندرێ
شایەنی ناوی هەڵەبجە و زامی پێنج هەزار شەهیدبێ

لەباخی وشەمدا زۆر گەڕام
وشەکان هیچ کامیان نەدەلوان، بۆت بشێ
پڕ پێستی ڕووداوی لەم چەشنەی خۆت بشێ
هەڵەبجەی بریندار
ڕەتێنرای دەست غەدار
دەمەوێ بەدڵ بێم سەرێکت لێ بدەم، نەک جەستە
من هەر دێم شێتی دیدەنیتم، گیانی تۆم مەبەستە
دەمەوێ بە ڕۆح بێم نەک بە پێ، جا لەوێ
پێشکەش کەم بەڕۆحت، ڕۆحم لەم هەڵبەستە!

پێنج هەزار وشەی گوڵ پەپوولەی باڵ نەخشین
بدەم لە بەرۆکی دایکی پشت کۆماوی چاو بێ تین
هەڵەبجەی زویرکراو بە شەڕی برایەکان!
شارەکەی جەزرەبەدراو بەدەست لایەنەکان!
من هەردێم، ئەمڕۆ بێ یا سبەی دەستەکانت ماچ دەکەم
ئەوەی کە قەدری تۆی نەگرتووە بێ شک بەپەندی دەبەم!

هەولێر ٢٠١٥/٣/١٦

سروودی " سەدای نەورۆز"

"ئەم سرووده پێشــكەش بەو پێشمەرگەوشــەڕڤانانەبێ كە لەشــەڕی داعــش دا بەرگریان لە خەڵک كرد"

ئەمــــڕۆژی نەورۆزی كـــوردە ســـاڵێكی نـــوێیە هـــاتەوە
ســـەدای سروودی نەورۆز دێ جەژنەمـــان بیـــر دەخـــاتەوە

ڕەنگی ســوور بە جـوانی دیـارە شـەبەقی شـەوق دەداتەوە
ئەم شـــەڕە نەگریســـە لاچـــێ كە هـــاتتە ســـەر وڵاتەوە

جەژنـــی نەورۆز و بەهـــاری ئەمجـــارە هـــات بە غەمگینـــی
بـــا ئەم مـــیللەتە ڕزگـــاركەین   دەری كەیـــن لە مـــاتەمینی

ئـــاوەدان بـــێ كوردســـتانمان ئاشـــتی ئـــاوڕی لـــێ بـــداتەوە
شـــەلاڵی خـــوێن نەبـــێ چیـــتر بـــرینەكەی دەم نەكـــاتەوە

چۆن ئاهەنگ بگێڕین كە گەل غەمبار و ڕووی لە كزی بـێ؟
نا بەرپرسییش بێ پەروا هەر خەریک جەردەیی و دزی بێ !

ڕۆڵەکانمـــان وا لە ســـەنگەردانە گیانیـــان، بەخـــت دەکەن
بە نەبەردی وا شـــەڕێکی ســـەپێندراوی ســـەخت دەکەن

بازرگـــانێکی کەم و کـــورت داهـــاتی گەل، خـــۆڕا دەبەن
ملیارەهـا دۆلاریـان بەش ناکـات هێشـتاش هەر دادەکەن

تـا دێ گەل عـادز تـر دەبـێ چـارەنووس لێـڵ و نـاڕوونە
سەبری ئەم خەڵکە چەوساوە و مەزلوومەش لەتەواو بوونە!

ئەو گەلەی لە نەورۆز ئەژدیهای لەناو بـرد، ئـاگری هەڵکـرد
لاوانـی بە جەرگـی بـۆ چەتەی سـەرکوتچی، نـابن بەپـرد!

ئەمـــڕۆژی نەورۆزی کـــوردە ســـاڵێکی نـــوێیە هـــاتەوە
ســـەدای سروودی نەورۆز دێ جەژنەمـان بیـر دەخـاتەوە

شەبەقی :بەرەبەیانێکی زوو

هەولێر ٢٠١٥/٣/٢١

میدیای حیزبی

لەبەر فیتـــنە و فیشـــاڵی نێـــوە خۆمـــان
هەراســـان و پەشـــۆکاوم، بەســـتە زمـــان
کەوتـــوونەتە وێـــزەی گەلێکـــی مەزڵـــووم
پیلانگێـڕی فــوول ئـێچ دی وان، ڕووبەڕووم!
میـدیای حیزبـــی خـــوڵامی بەرژەوەنـــدی
فـــوو دەکـــاتن بە ژیلەمـــۆی براکـــوژی
ئەی بـــێ دەوڵەت دەورە دراوی بە ئەغیـــار
یەکبن لە سەرچی بەشـەڕدێن ؟هەی لاسـار!
ناچـار منی پـیـر و کـەنـەفـت و بـێ هـێـز
هـاتوومە گـۆ تـاکەی لە گەل نـا گـرن ڕێـز؟
نەکەن یەکـــدی بکـــوژن بە فیتـــی دوژمـــن
ڕۆژگـــارێکی ســـەختە گـــوێ بگـــرن لە مـــن
بە دیـــقەت بـــن خـــۆ دوور بگـــرن لە پـــیلان
گێـــڕی حیزبـــی وەرگێـــڕن بـــۆ کـــۆڵنەدان
ئەوەی میلـــی تفەنـــگ لێـــک ڕادەکێشـــن
دەبـــێ مەرگـــی موفاجـــاتێ بکێشـــن!
بـــپەڕنەوە, بـــۆ فیکـــری ســـەربەخۆیی
وەلابنـــێن خـــۆ خـــۆری و گەلەکـــۆیی
لەڕێـــی کەس و پـــوولی گـــڵاو قەت نەکەن
زوڕنـــاژەنی و شـــەڕانگێزی ئەنجامـــدەن
لا یەنگیـــری کەنـــاڵی فیتـــنە مەبـــن
هەر بـــۆ ئاشـــتی هەنگـــاو بنـــێن تـــا هەبـــن

هەولێر ٢٠١٥/٥/٢٥

کۆچ مەکە هۆ کەسی دایە*

* کـزەی جەرگـی دایە نەڕوی توخـوا نەڕۆی
دایە و بـابە جـێ نــەهێڵی بــە تەنیـایی
دڵــم بە کەس نـاکرێتەوە هەر تەنیـا تـۆی
پـێم دەبــەخشی ئـارامی ژیــن دڵنیـایی
کەســی دایەی، ڕاســتە کە جەزرەبە دراوی
تووشــی نەهـامەتی زۆر بـووی تۆرێنـدراوی
دەزانـم کە بـێ ئومێدیـان کـردووی بـەڵام
لێــرە بــژی بــە کڵــۆڵی باشتــرە لام
لــە ژینــی ئــەولای غەریبــی و ئـاوارەیی
چارەنووســی هـات و نەهـات، بـێ چـارەیی
* دایە ئێــرە لە خەم زیــاتر چیــتری لــێ هەڵنــاکرێ
هەر بــێ هیـوایی چانــدنە خــۆ ســەپاندنە لـێمگەڕێ
لێمگـەڕێ بـا ڕزگارم بـێ لـەم بچمانــە قورتــارم بــێ!
سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم لەدەست حوکمی بەرەڵلایی
سیاسی فشـۆڵ داهێـنەری گەنـدەڵبازی و کەڵەگـایی
* ئــــازیزەکەم دەترســـــم کە لە ڕێگـــایێ
تووشت بێ بە قاچاخچی و چەتەی دنیـایێ
بـە بەلەمی کـۆن نوقمت کـەن لــە دەریـایێ
قرش هێرشت بۆ بێنێ بـکەویە حەلا وەلایـێ

دڵـــی بـــابەی جەرگـــی دایـــێ کەســـت نە گـــاتە هانـــا یـــێ
ڕۆڵەکەی خـــــۆم نەکەی بـــڕۆی ئەم وڵاتە جـــێ بهێڵـــــی
بـــا عەرەب وعەجـــــەم ورۆم ئەوخـــاکە جـــوانەت نەکێڵـــــی

*دایە گیان مـن چـیم هەیە لەم خـاك و عەردە
دەســـەڵاتی نـاچـیــز دڵـــی وەک و بـــەردە
دەزانـم کـۆچ هەڵاتنـــە لـــە دەســـت جەردە
هەنـد خـۆ ویسـت و بەدفەڕو خـۆ بەزل زانـن
هەر بە شـێوە مـرۆڤن خەڵکـی کوردســـتانن
* نا.نـا نەڕۆی کـۆچ نەکەی هـۆ کەســی دایە
نیشـــتمان پێویســـتی بە ڕۆڵەی وەک تـــۆیە
بـازرگانچـیـیـــە بـــێ ویـژدانـەکـــان ڕامـــاڵێ
نەك دڵی مافیا ودزخۆشکات، وڵات جێ بێڵێ!
گەنجی ئێرە و هەنـدەران بـێن بە بیـری نـوێ
ئەم وڵاتە بنیـــات بنـێـــن، وان لە هەر کـوێ؟
بـــە یەکبوونتـــان نـــاعەدالەتی لە نـــاو بـــەن
خـۆ ڕێکخـــەن ڕاپەڕینێـــکی تـــر بـەرپاکـــەن
دەی تەکاندەن، تووڕ هەڵدەن حیزبی بۆگەنی!
ئەو کارگەیەی، خەڵکی کۆیلە بەرهەم دێنـی !

هەولێر ٢٠١٥/٧/١٠

★ مامۆستا عبدالخالق بەرزنجی وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی

کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان

"هەستی بەرکەوتووەکی چارەسەرنەکراو"

ئەمــڕۆ نــاوم گونــدێکی ژەهراویکــراوە.. شــێخ وەســانە
نـــاوم غەدرێکـــی گەورەیە شـــارە دێـــکەی بالیســـانە!
ســـییەکانم لە کـــار کەوتـــوون چاوەکـــانم نابینـــانە
وەک ئەوەی ئەم کوردستانە ئێستاش ژێردەستی بەعسیانە!
کـوردی بەرکەوتـوو یـا دەمـرێ یـان بێچـارە و دەستوەسـانە
نـاوی مـن عەولا و زارێ یە! پەیـامێکی تونـدم پـێ یە
یـان وەرن چارەسـەرمان کەن یـان لە وڵاتەکە دەرمـان کەن!؟
وەک دوژمن بەرکیمیامـان دەن! بە یەکجـاری لەناومـان بەن!،
ئەمـڕۆ یـادی بالیسـانە کیمیـایەکەی شێخوەسـانە
بیســـت و نـــۆ ســـاڵە زامـــدارم فەرامۆشـــکراو و بێچـــارم
کە هەر نـاگەن بە هانـا مـان چیـدی مـێن بـۆ تەماشـامان!

هەولێر ٢٠١٦/٦/١٤

دوو هۆنراوە بۆ هەڵەبجە

١

هەڵەبجەکەم تا شیـری تیا بوو گـۆی مەمکی
بۆ لووشدان کۆمپانیا دەبووە دەستە خوشکی
تا ناوەکەی پڕ دەسکەوتبوو، خۆشەویست بوو
کاتـێ ئـاوەدانی و خزمـەتـی پێـویست بـوو
حیـزب لـە سـەر گـازەرەی پشـت ڕاکشـا بوو
بە بەد مەستی خەونی دەدی خۆی لا شا بوو!

٢٠١٦

٢

ئەم ساڵ شیعرم بۆنانووسرێ ڕۆژی خزمەتە پێت بکرێ
بە کێ بڵێم ئاگای لێت بێ؟ کەسێ نییە گوێت بـۆ بگرێ
حوکمەت درۆیەکی ڕەهایە حیزبیش لەخەمی خۆی دایە
هەڵەبجەش پشتگوێ خرایە پارێزگا بوون کەی ئەوهایە؟
گـەل غەمبـار و بریـنـدارە شـار پـێـویستی بـە کـردارە
گوێـم لـە گریـە و نـاڵـە نـاڵـە بێ ئومێدی و ژینی تاڵـە!
ڕۆژ ڕۆژی پیلانـگێـڕانـە فـیـشـاڵی جـەردە و گـێـڕانـە!

٢٠١٧

سروودی بۆ سەربەخۆیی کوردستان

من کە پێشمەرگە و شەڕڤانی سەرسەختی سەربەخۆییم
ڕێکخەری ماڵی کوردانم دژ شەڕی خۆبەخۆییم

سەربەخۆ خوازم هەمیشە دڵگەورە و لێبوردەمە
لە خەمی چاکەی وڵات و چەوساوەی ئەم کوردەمە

بۆ چوار پارچەی کوردستانم خۆبەخشی بێوێنەمە
یەکسانخواز و مرۆڤدۆستم چەکوشی ئامادەمە

کوردێکی دانا و بەجەرگم پێدڤێت دەوڵەتم هەبێ
بۆ دروشمبازی کەس ناشێ گەل بهاڕێ وەک ئاشێ!

بارودۆخ باش بێننە ژێربار تا گشت ببین هاریکار
خۆتان باش چەکدار بکەن بێ خەم مەبن لە داگیرکار

هەر چوار لەتی دڵ و خاکم پێکڕا بن بۆ ڕزگاری
کە ئاڵا ی دەوڵەتتان هەڵکرد بنپێ خەن ستەمکاری

جەنگاوەرێکی نەبەزم خاکی خۆم ڕزگار دەکەم
پیلانی هەرێمی و دەوڵی بە هزرم لە کار دەخەم!

من كە پێشمەرگە و شەڕڤانی سەرسەختی سەربەخۆییم
لە ڕێکی ماڵی هەمووانم دژ فیتنەی خۆبەخۆییم

سابیریش دایمە دەسووتێ بۆ چاکەی ئەم میللەتە
دەسا کوردینە یەکبگرن گەل دەرکەن لەم زیلەتە

٢٠١٦/٥/١٥

فیشاڵی مێژوو

هەندێ مێشکیان قوفڵ دراوە عەقڵیان لەسەر دا نەماوە
چارەی نییە! چی فێربکەی؟ چەندی هەوڵی لەگەڵ بدەی

ئاسنێکی ساردەکوتراوە لەسەروەختی خۆی جێماوە
گیانداریکی بیر سەقەتە مایەی سەر ئێشە و خەفەتە

خزمەتکاری ستەمکارە بەڵتەجی دزی غەدارە
بە وەهمی ئاینی و کوردێنی دوارۆژی گەل دەسووتێنی

چەوساوەکان دەرەتێنی عەقڵیشی فلسێک ناهێنی
بە فیشاڵی مێژووی کۆنە نانی کۆنە چاڵ لەڕۆنە!

هەولێر ٢٠١٥/١١/٣

لەناو ڕەزان

ئەرێ کـــاکە لە نـــاو ڕەزان کەوتیـــنە دەســـت جەردە و دزان!
گەر گەمژە و بەرژەوەنـد خـوازان ملـکەچ نەکەن وەکـو قـازان!
نەبنە پەیژەی گەندە و بێکەڵک کۆیلەیی نەبتـە پیشەی خەڵک
گـــورگ فێـــر نـــابێ بە پەزان نـــابینە مەزاقـــی ســـەگان!
ئـەرێ مـامـە لـە نـاو ڕەزان ! کەینێ دەیخۆین میوەی هەرزان؟
لە ســـەرمانا گیانمـــان تەزی میـــریش ســـەرمایەمان دەدزی!
کەمتیار بەربـۆتە نـاو پەزی! بـێ شـوان خیتکـراون بە حیـزی!
خۆشـــی لە بنکـــردەی وڵات! کڵاومـــان گرتـــووە بـــا نەیبـــات!
تلـــی لـــی لـــی و قلـــی ویلـــی ! لێـــرە دز پێـــی هەر نـــازەلی!
ڕێـــوی بـــێ تـــرس تێـــدەپەڕی ! ســـەگ بە بەڵتەجـــی نـــاوەڕی!
ئەردوئاسمان بەدەست جاشە خەڵکیش داڵغەی لای مەعاشە!
وڵاتمـــان پـــڕی لە ســـیخوڕە ئازادیشـــمان حـــاڵی شـــڕە
قوڕقەپ کەن، خۆ لاڵ و پتکەن! بۆ گەنـدەڵبـازان چـۆک دادەن!
دەبێ جوان پێیـان هەڵ بڵـێن ســەرتان بۆیـان لە هەشێـنێـــن!
بەرازی دەســـت ڕاهاتوونـــە لـــە کۆنـــڕا پـــێمان فێـر بوونـــە!

هەولێر ٢٠١٦/١٢/٢

خیتکراون: قووتدراون
هەرزەلی: ساتمەی کرد، خلیسکی برد

شەڕی کورسی

(لەسەرو بەندی کێشمەکێشی کورسی سەرۆکی هەرێم)

پــێم بڵــێن ئەو هەرایەی ئەم هەرێمــۆکەم لە ســەر چیــیە؟
واق ورمــاوم چمــا ئــەو شــەڕە شــەڕی دۆلار و کــورسـیــیــە؟
ئەم هێرشـــی ئەلکترۆنیـــیە قێـــزەونە لە پـــای چیـــیە؟
ئــەم تــرس و تۆقانــدنــە گشــت بــۆ زەحمەتکێـش و بـرسیـیــە؟

بۆچـــارەی دەردی بێکـــاری و قەیرانـــی بـــێ مـــووچەییە؟
عیلاجی کـــۆچی گەنجانـــە دەرمـانی ســەرگـەردانـیـیـــە؟
خەڵکیـــنە توخـــوا هەق بڵـــێن بـــۆ ئـــازادی و کـــوردێنییە؟
یـــاخود : شـــێت و شـــەیداییە؟ ئـــاوێزان بـــوونی کورســـییە؟

گێچەڵـــی بـــودجە و پیتـــرۆڵ و گـــومرگی حیزبـــی دزیـــیە؟
بـەدوو ئیـدارەیی و شـــەڕی ناوخـــۆ گەلتان زراو بـــــردیـیـە؟
تـــا تـــاکو هەیـــن بڵێـین گەورەم لە خۆتـــان دێ چارمـــان چیـیە؟
بـــا لەم ڕەوشـــە دەربازمـــان بـــێ گۆشـــت هەر قـــابیلی بـــازییە؟

کورســـی هەر قـــابیلی گـــورگە نەک ڕێـــوی و مـــامز و تـــاژییە!
ئــەم هــەژمــوونی خێـڵبـــازییــە دژی ویـــستی چـاکســازیـیـە
کورســـییەک بە چەقە چەق بـــێ چارەنووســـی ناســـازییە!
ســەپاندنی شـــەڕە شـــەق بـــێ وڵاتـــی بـــێ یاســـا و قـــازییە؟

نە بۆ خۆش گوزەرانییە نە بۆ نەتەوە سازییە
بێشک بۆ پێچکەی نەگریسی کورسی دەسەڵاتدارییە

نۆکەرێتی بێگانەیە میراتی خێزان خوازییە
بۆ قۆرخکاری و دزییە سوڵتانیزمی جەردەییە
بێباکی لە تووڕەیی گەل هەڵسانی جەماوەرییە

بیست و پێنج ساڵی ڕەبەقە شەڕە کورسی و چەقە چەقە
هێشتاش کۆیلەی حیزبی دەڵێن مادام حوکمەت هی کوردییە
زوڵمی خۆیی قەیدی چییە؟ لە هی غەیرە باشتر نییە؟
گەر گەل کۆیلە و ژێر چەپۆک بێ ئاڵاو بەرۆک سوودی چییە؟

دەڵێین: ڕاپەڕین مەرامی گەلی بەجێ نەهێناوە
بەرژەوەندخوازیش دێن دەڵێن گەل شوکرە و خوا پێداوە
تا هەن هەلپەرست هەرکۆیلەی ئاغای جەردە و شێخی دزن
براکوژی چەمووش، کاسەلێس حیز فورسەتن لە گژ مەرزن!

دەستمایەی ئەم کوردە تاکەی کڵاش و چۆغە و جامانە بێ؟
لیستی نوێی خنکاوی ئیجە و کۆچی گەنجی بێ لانە بێ؟

بە ناو شۆڕشگێڕی سەختە و یەکسانیزمی عەیار تەمام
تیری ژەهرو ڕقیان دا لە جەستەی ئەم کوردە دەرئەنجام

خەونی چەوساوەی میللەتیش بەدی نەهات بوو بە سەراب
بەرهەمی خوێنی شەهید و ڕاپەرینیان کردە شەراب!

ئەم شـــەڕە شـــەڕی کورســـییە! نـــاو بـــانگی پـــڕ لە نەنگیـــیە!
ڕەتانـــــدن و بە کوشـــــتدانی پێشـــــمەرگەی مەرد و برســـــییە

کێشــمە کێشــی مێــژووی قەڵــپە! موکوڕبــوونی بەد بەختتیــیە
لاپرســـەنگییەکی غەزریـــوە مرخـــی میـــری ســـەر تەختیـــیە!

گەرداوی ئـــــازاوە گێـــــڕی و ســــــتەمکاری و تـــــاکڕەوییە
ئـــــالوودە و ئـــــاوێتە بـــــوونی پڕۆســـــەی دژ دیموکراســـــییە

زوڕنـــــا ژەنـــــی و گەلـــــۆرییە چانـــــدنی بـــــێ ئومێـــــدییە
خـــوایە کەی ڕزگـــار دەبـــین لەم نـــاهەقی و زوڵـــم و زۆریـــیە؟

لەم کورســـــیە فەنتەلۆســـــییە ڕەزا قورســـــە لەعنەتیـــــیە؟
لەم مەلایـــــی و جەلالیـــــیە قیـــــڕ و بێشـــــتە مێـــــژووییە!

لەم حـــــەزی لیـــــرە و دۆلار و تـــــومەن، دینـــــار، پەرســـــتییە؟
ئەم شـــــەڕە شـــــەڕی کورســـــییە شـــــوورەییە و نەگبەتیـــــیە!

هەولێر ٢٠١٥/٨/٢٠

دەلۆی لۆ دیسان حەیرانە

سەریساڵە و خەڵکی خەریکی ئاهەنگ و خۆشی ژیانە
کوردی بندەست، بەستەزمانیش لەناو کوڕی بەرخودانە

وا لە باکوور و ڕۆژ ئاواو باشووری ئەم کورد ستانە
کەوتووینە بەر هێرشی موشەک وخومپارەی جەندرمانە

لە ماردین و نسێبین و شرناخ و دیاربەکر و وانە
ڕاپەڕینە و خەباتی خۆسەری هەقە و هی هەمووانە

کۆمکوژی ئۆغلوی بەدفەڕە و ئاق قۆینلووی دێر زەمانە
داعشگەری شەڕداهێنە سپیکەرەوەی ڕووی بەعسییانە

حیزبگەری خۆسەپێنە هەڵگری درۆی تێکۆشانە
دەلۆی لۆ دیسان حەیرانە کورد دژی کورد لە پیلانە!

هەندێ سوغرەکێشی عەجەم هەندێ هی ئالی عوسمانە
حەیران دەردێ مە گرانە هەر ناتەبایی و قەیرانە

لە سەرکورسی منمنۆکێ شەڕ و فیتنە و دۆڵ کوتانە
خۆم یەکەم یان تێکی دەدەم! دەڵێی یاری منداڵانە!

نابڕێ بەکرۆکەی خائین و مەلای خەتێ لە کوردانە
ئاخ ئەم گەلە چەند بەدبەخت و بێ دەوڵەت و پشتیوانە

گەرعیبرەت وەرنەگرین دەنا دەبینە پەندی زەمانە
چیدی کۆیلەی زۆردار مەبن ئازادی مافی ئینسانە

هەولێر ٢٠١٥/١٢/٢٨

ئاڵا

ئەم ئــاڵایە پــاک ڕابگــرن مەهــێڵن نــۆکەراوی بــێ
خــوێنی لە پێنــاو ڕژاوە لــێمەگەڕێن جاشــاوی بــێ !

ڕێمەدەن بەدەستی جەردە و چەتەی قۆڵبڕ چڵکاوی بــێ
بابۆدەولەتی کوردی بــێ! یەکبــوونی گەل بێچــاوی بــێ!

هەولێر ٢٠١٥/١٢/١٧

بۆ ساڵی نوێ

هیــوا خــوازم ســاڵی نــوێ گەل بە هوشــیاری هەنگــاو بنــێ
کیــنەی حیزبــایەتی نەگــریس بە یەکجــاری وەلا بنــێ
بــا گشــت چەوســاوەی مــافخوراو بــۆ دابینــی دادپەروەری
یەکبن لە ئاست جەردەی بێزراو خۆیانیان لێ بکەن بێ بەری!
٢٠١٥/١٢/٣١

چاوەڕوانی سەرفرازی

"لە وەڵامی ئەپلیکەیشنێکی fc دا نووسیومە"

دەمویســـت ئەو ئاینـــدەی کە چـــاوەڕوانمە، ســـەرفرازی بـــێ
بـــا زاڵمـــی خـــوێن ســـاردیش هەر خەریکـــی گەنـــدەڵبازی بـــێ !
من چیم ناوێ جـگە لە خۆشەویســتی و گەل لـێم ڕازی بـــێ
هەر توانـــایەکیش کە هەم بـــوو لە خزمەتـــی وڵات بەرزی بـــێ
ئەو سادەییەش ویستی خۆمبوو بۆ دوای مەرگم شانازی بـــێ
هەولێر ٢٠١٦/٥/٢٩

کش وماتی

هـات وهـاوارو دەنـگەدەنـگ
ئاسانـەخەڵکی دەیـبـیـستن
کشوماتی هـونەرە لێی
تێبگـــەن و پـێی بهـــەسـتـن!

٢٠١٧

پێی بهەستن: هەستی پێبکەن

چیرۆکی ڕزگاربووەکی ئەنفالکراو

"ئەوەرووداوایکی ڕاستەقینەیە، لەتەلەفزیۆنی کابرای ڕزگاربووم بینی، منیش کردمە ئەو چیرۆکە شیعرە".

هەرلەوبەیـانیەوەی دەورەی گونـدەکەی ئێمەیـان دا جـاش
عەفلەقـی گرِیـان بەردایە مـاڵی جوتیـاری کـورد بەلاش

هەر هەڵلابـوو! بەزەنـدیق و بێـدین ئێمەیـان بانـگ دەکـرد
پێیـان فەرمـانی خودابـوو، سـەرەویان بـۆ گشـت لا دەبـرد!

ئەوەی گرتیـان ئەوەی بردیـان لە زیـل و ئیڤایـان پەسـتا
کیـژو کـوڕی سـقیلیان لـۆ ئەنفـال لـوول دەدا، بەبـێ خەتـا!

کـوردی جلخـوار، جۆخۆرەکـان! دەسکێشـبوون تاکوناموسـی
گەل بە تـاڵان بـدەنە دەسـت لەشـکری فاشیسـتی بەعسـی!

ڕاوێژکـار بـۆ فەردە پـارە و دۆلاری شـین، شـێت وهـار بـوون
چـونکە ئەوان لە بنەڕەتـدا نارەسـەن و نـا لەبـار بـوون

چیم دی لەو ڕێ وبانـە خەڵکی سەر بە عەگال کۆمەڵ کۆمەڵ
فرِکـان فرِکانیـان بـوو بـۆ گرِدانـی بەشـیان چەشـنی ئـاژەڵ!

ژن و پیاویـان جیـاکردەوە تـاقم تـاقم، لێکیـان گرێـدا
سـەدان کـوردی لێـو بە باریـان لە ئۆردوگایێـک فرِێـدا

به چاو بەستراوی، بەئیمشی ئیمشـی بـۆ بیابـان ڕاپێچـراین
بە برسـێتی و بە تێنـوێتی، وەک ئـاژەڵ بـۆ مـردن بـراین

وەلەک! هـاتن دەسـت بە شمشـێر
بۆسـەرپەلدانی بەرخـی نێـر!

کەسەیری ئەولاو ئیملامکـرد بیابـان ببـووە دەریـایەک خـوێن
هەر وەلەک بوو بەحەی یاهوو کوردی دەدا بەر شەق وجـوێن

بینـیم شـەڕ بـوو لە سـەر پـڕدانە ژنـی کـوردی بە نـاموس
هەر جل زەیتوونی بوو دەیکرد کارێک نەینووسـیبێ قـاموس

کە بە شـۆفەڵ ئەنفـالچی ئێمەیـان زینـدە بەچـاڵ دەکـرد
بەر دەستڕێژی گوللەش دەدراین بە پەلە پەل و دەسـت وبـرد

نـازانم؟ چـۆن دەسـڕێژی ئەم وەحشـیانە منـی نە پێکـا؟
لە تـاریکی خـۆم دابـووە پەنـای تەرمـی مـام عەولا و کـاکە!

کە زینـدە بەچاڵیـان کـردین نـزا و نـاڵە و گـریە و ڕۆڕۆ
عەرشی خوای دەهێنا لەرزیـن! وەلام نەبـوو کەس نەیگـۆ لـۆ؟

وەک مــوعجیزە مــن نەکــوژرام! دواتــر هــاتمە دەرێ لە چــاڵ
چــوومە گونــدێک بە نــاڵە نــاڵ لێیــان وەرگــرتم عەرزو حــاڵ

یارمەتیانــدام و دەربــازبووم! نــاوم بــووە ڕزگــاربووی ئەنفــال!
ئەوەی باســـــمکرد ڕاســـــتیبوو بەڵام نـــزیکترە لە خەیـــال!

ئەنفــالە دیســـان ئەنفـــالە! ئەنفـــالی کـــوردی بـــێ ســـەرە
لە شەنگاڵ و کەرکوک، گەرمیان هێشتاش خەتەرمان لەسەرە!

گەر ئەم کوردە پەند وەرنەگرێ ئەنفــالچی خــۆی مەڵاســداوە
کەسێتی نوێ و پەروەردەی نــوێ نێــتە کــایە، کــورد فەوتــاوە

عەرەب و تــورک و عەجەم گشـــت کلکیـــان لە یەک گرێـــداوە
کــوردە دەی خــۆت داتەکێــنە لە هەر چـــی کەلتــووری گــڵاوە

دەســـــەڵاتی کـــــوردی تـــــاکەی؟
ئەنفالچیـــــەکان پەنـــــا دەدەی؟
بە بەرچاوی پاشماوە زووخــاو چێشــتووەکان، ڕێزیــان مەگــرن
ئەوان هەنــد بــێ حەیــان دەنــا هەقبــوو بە زینــدوویی بمــرن!

٢٠١٥/١٢/٢٥

چەکداری حیزبی

"کەکوڕەمەسئوڵ لەسەر فول لایت خەڵک دەکوژێ"

حیزبـــــی مـــــن حیزبێکـــــی دڕ و ئـــــازایە
کـــێ فـــززەی لێـــوەبێ یەکڕاســـت کـــوژرایە

خۆتـــان لـــێم لادەن، دوور کەونەوە خەڵکیـــنە
هەر کێـــی بێـــتە پێشـــم کوشـــتنی یەقیـــنە

عەنـــتەری حیـــزبیم و ئامـــادەی شـــەڕم
هێنـــدە لەتـــرازم بـــێ هۆکـــار لە گەڕم

حیـــزبەکەم چـــونکە کـــۆنە شۆڕشـــگێڕە
ڕفتـــار گێـــڕە و گەلـــی پـــێ بەڵاگێـــڕە!

مـــن کـــوڕی مەســـئولێکی ئەو حیـــزبەم
فوول لایت سێ فیشەک! هۆڕن؛دوو بۆ ناودەم!

دەکـوژم دەبـڕم بـێ خەم، حیـز بـم لە پشـتە
کێـی ورتەی بـێ لە عاسـتمان بـێ ڕەوشـتە!

چەکـــداری حیزبمـــان بە دەر لە یاســـایە
خەڵکی دەکوژێ و دادگـاش چـاوی نووسـایە!

لە مەیـــدانی شـــەڕی داعـــش، هەر هەژار
پێشـــمەرگەیە و شـــەهیدە و وا لە ژێـــر بـــار!

ئـــافەرین حیزبـــی بکـــوژ ســـەر ســـەلامەت
گەلـــت خســـتە قـــات وقـــڕی وهـــیلاکەت!

هەولێر ٢٠١٦/٥/٦

کۆمپانیای خێرخوازی

"کۆمێنتێکم بۆ پۆستێکی ع ح س سەبارەت پێدانی تەندەرێک
به کۆمپانیایەکی حیزبی، بەتاڵان !"

ئەم کۆمپانیـــانە هــــی خێرخــــوازانە؟
یـــان هـــی گەنـــدەڵترین چەتەی دزانە؟

خەڵکـــی تێناگـــا هـــی خێـــر خـــزانە★!
ئەم پـــارە مـــۆڵەش بـــۆ مۆڵەکـــانە

هەیە لەمێـــــژە ســـــاحێب قـــڕانە!
خەریـــــک دۆلار و زێـــــڕ و گیرفـــانە

حەیـــران حەیـــرانە دەردی گەنـــدەڵچی
ئەم نیشـــــتمانە زۆر بـــــێ دەرمـــانە

کلیـــل بەدەســــتی قاســـەی نهێنـــی!
شۆڕشــــی کـــۆن و نـــوێی کـــوردانە!

پێشـــان گـــومرگ و زەوی و ســــەرانە!
ئێســـتاکەش نەوتە و قیـــڕیش ئاســـانە!

کاک عەلی★ بۆچی خۆت مانـدوو دەکەی؟
بە تــاقی تەنهــا چــۆن باریـــان دەبەی؟

چڵکـــــــاوخۆرێکی زۆریـــــــــان لەلایە
دائـــیم خەریکـــی ئەشـــەو بـــیللایە!

جـــاش قەڵەمێکـــی پیســـکەی هەڵەوەڕ
تەڕادێنییەتـــــی دەهێنــــێ ســــــەگوەڕ

ئاگـات لەخـۆت بـی لوشـکەت لـێ نەدەن!
نەتـــخەنە لیســـتی مەغـــدووری وەتەن!

هەولێر ٢٠١٦

خێرخز :دز بە تورکی

★ عەلی: پەرلەمانتار

سەرۆك و كورسى

" لەداخی کورسی پەرستی و کۆیلەی حیزبی"

ئەگەر ســــــــەرۆکی غەدر بمـــــــایە
ڕەنگبـــــێ ئـــــاوام بـــــۆ بنووســـــیبایە
لە زێـــــڕ و ئەڵـــــماس گـــــران بەهـــــاتری
ئێـــرە تێـــک دەچـــی ناشـــێ تـــۆ بمـــری!
بەخـــوا زۆر شـــازی شـــاهی شـــاهانی
فریشـــتەی خـــوایی هەنـــد میهرەبـــانی
کورســـی و عەرشـــی زێـڕ شایســـتەی تـۆیە
گەر تۆمـــان هەبـــی وڵات ســـەر بە خـــۆیە!
بـــــژی ســـــەرۆکی بێـــــوێنەی دونیـــــا
کورســـی هەر شـــایەن تـــۆیە و تـــۆی تەنیـــا!
دیکتـــاتۆریش هەر بە خـــۆت چـــێ دەکـــرێ
تـــۆ نەبـــێ کـــێ ڕێـــز لەو گەلە دەگـــرێ؟
هەر بەر قەرار بیـــت ســـەرۆک و کورســـــی
چـــش !لە گەل دەبـــێ ڕەزیـــل بـــێ و برســـی!
گەر ســـەرۆک بـــاش بـــی ژیـــان تـــامی هەیە!
یاســـــا و دادوەری و دەســـــتوور فشـــــەیە!

٢٠١٦/٧/٢٩

لاوکی چیای شەنگاڵێ

٢٠١٤/٨/٣ ئەم کارەساتە مێژووییە ڕوویداوە.

٢٠١٦/٨/ ٣ ئەم لاوکە شیعرەم نووسیوە، پێشکەش بە: "قادر خۆرانی"و ئەوشەڕڤان و پێشمەرگانەی کە ئەوێ ڕۆژێ هەڵنەهاتن و بەرگریان لەئێزیدی سڤیل کرد."

هەی لێ لێ لاوکۆ فەرمانە
هاوارتە لە من فەرمانە

ئەو پەلامارە چەپەڵە بۆ قڕکردنی ئێزیدییانە
فەرمانی حەفتاوسێیەمی بەغدادی وئالی عوسمانە
شیرەشیڕ و هاش و هووشی ڕیشچڵکن و کاڵفامانە
بۆ بە کەنیزەک بردن و ئەتکی کیژۆڵە و ژنانە

چیای شەنگاڵێ جێگەی مێر و عەگیدانە
ئێزیدی تیای عاسێیە و لە بەرخودانە
خەڵکی سڤیل، ئاوارە و پەرتەوازەنە
لەسەر چیایێ، چاو لەڕێی خۆری تازەنە

دەروێشی عەبدی هاوارە!
نامووسی مە لەخەتەرە
ئەم چیرۆکە شەرمئاوەرە

پیلانێکە، تەژی ڕووداوی دڕندانەی پڕ ئازارە
چەتەی داعش بە ناکاوی کەوتیتە ناو کیژوکارە
پیلان پیلانی دەرەکی و ناوخۆییە!

هەڵات هەڵاتـــی چەکـــدارانی حیـــزبییە!
گەلــۆ ڕابـــن، ئێزیـــدیاتی کـــوردی ســـاغن
گشــتتان یەکبن، دژی ئەوتـاقمەی بــێ زاغـن
گازکەنە گەلێ مە خڕیـان، هەی لێـی لێـی لـێ
ئەنفــاڵچی بەخــۆ کەوتیـــنە، لە شـــەنگاڵێ
بەنـــاو خێزانـــان وەربـــوونە، چـــووینە مـــاڵێ
بۆتـــاڵانی و یەخســـیرکردنی ژنـــان هـــاتینە
هـــاوارتە لە مـــن، لــــەو دەورە!
وای لەم بــــێ مـــۆڕاڵییە گەورە!
لەم سیناریـــــۆ پــــڕ لە غەدرە!
هەی لــێ لــێ لــێ، هــاوارە لاوکــۆ هــاوارە
ئێشـــکگری، بــــە نـــاو پـــارێزەری شـــەنگاڵ
قـوچاندیان و ڕەڤیــن وەک تەیـر گرتیـان بـاڵ!
ڕاکە ڕاکە !بەرگرییـــان لە ڕوومەتـــی شـــەنگاڵێ نەکـرد
تێیان تـــەقان ! لە بەردەم داعشان ڕووخـــان!
بـــۆ کوردســـتانی بریـنـدار، هیچیـــان نەکـرد؟
خــۆیان نـــەکردە قوربانی و نـــەبوون بە پـــرد
لــــەوڕۆژەوە شــــەرم دەکەم لە کوردبـــــوونم
بێـــزم بـــۆوە لەم شێـــوازەی مرۆڤبـــوونم

هەی لـۆی لـۆ، دیسـانێ لەمە فەرمـانە

هـاوار بـۆ پێشـمەگەی ڕاسـتی و شـەڕڤانانە

چیـای شـەنگالێ جـێگەی مێـر و عەگیـدانە

ئەوە سـەرێ چەنـد مانگـانە ئێزیـدی وا پەرگەندەنـە

خەڵکی سڤیل لەسەر چیایێ چـاوەڕێی خـۆری تـازەنە!

هەی لـێ لـێ لاوکـۆ فەرمـانە خەبەر بـدەنە شـەڕڤانانە

بێـنە هانـای حـورمەتی ڕاوەدوونـراوی، شـەنگاڵییانە

لاوکـۆی مـن چەکـی لەشـانە لەسـەنگەری کـۆڵنەدانە

ئـەوە سـەرێ چەنـد سـاڵانە ئێزیـدی لەوێ عاسـێنە

خەڵکی سڤیل لەسەر چیایێ چاوەڕێی ڕۆژێکـی نـوێنە!

هەولێر ٢٠١٦/٨/٣

غەدری خۆیی

ڕاســـتە تێــر ئاگـــای لە برســـی نیـــیە
دەســــــــەڵاتداریی بەرپرســـــــیارییە

مامۆســـتای دڵســـۆز فەرمـــانبەر تێکـــڕا
نـــا بـــۆ پاشـــەکەوت مـــووچەی لەتکـــرا

خانەنشـــینی ڕاســـت پشـــتگوێ خـــراوە
دمبگچـــی حیزبـــی هـــا لە ســـەرچاوە

بـــۆ نـــۆ مانـــگ دەچـــێ حـــوکمەت قەرداره
تەقەی ســــــەری دێ هێنـــــــدە زۆرداره

حـــوکمی خۆمـــاڵی کـــورد قەڵـــپ دەرچـــوو
خەون و خەباتمـــان گشـــت مـــایەپووچ بـــوو

غەدر هەر غەدرە هەر کێـــی پێـــی هەڵســـێ
غەدری خـــۆیی بـــۆن ســـۆی لـــێ هەڵدەســـێ

گەر پێتـــان نـــاکرێ مـــیللەت بەخێـــو کەن
بـــــڕۆن وازبێـــــنن یەخەمـــــان بەردەن!

هەر کەســـێ داوای مـــافی خـــۆی نەکـــا
چەپـــڵە بـــۆ حیـــزب و نـــاهەق لـــێ بـــدا

گومـــانی هەبـــێ لە مرۆڤبـــوونی خـــۆی
هەر ڕوو زەردی و خەجـــاڵەت کەمە بـــۆی!

٢٠١٦/٩/٢٦

كۆنە قەوان

سـەیرە ئێـرە، کـێ لە سـەر هەق هەڵـداتێ گەفـی لێـدەکرێ
کـێ پێشـمەرگەی گەل و وڵاتبـێ مـۆری خیـانەتی پیادەنـدرێ!
ڕەش بۆتە سپی و سپیش بۆتەڕەش جەردە بەجوامێر دەژمێردرێ
کـێ پیلانچـی، تیرۆرچـی حیزبـی غەدار بـێ، پـاداش دەکـرێ

کێـی ڕاپۆرتنـووس، بەد کـردار بـێ بێتـام ڕێـزی لـێ دەگیـرێ
هەر کێـیش پـاک و ویژدانـدار بـێ پـتر تیـری تـێ دەگیـرێ

هەن پێم دەڵێن شـیعری تـووڕە و هەڵوێسـتی ڕوون بەدیـارمەخە
بـا نەچـیە لیسـتی مەغـدوورین! لاپەڕەی فەیسـەکەت داخە*!

بەزمە لێرە! پێشمەرگە؛جاش! جاش؛پێشـمەرگەیە و کـوڕی بـاش!
کێ بوختانچی و سوخەنچین بێ لای باشدز سەرچاو دادەنرێ!

لە بنەبـانی دیوەخـانێ جـێگەی نەرمـی بـۆ ڕادەخـرێ
دیـقەت دەنـێ، سـەیرە ئێـرە زەمەنـی پـڕ غەدرە ئێـرە

کـێ چاکسـاز، دژ سـتەمکار بـێ ئـاژاوەچی و مـاڵوێرانە!
کـێ فیتـنە چـی و دەغەزار بـێ مامۆسـتای وەفـادارانە!

مەرگ ژیـانە و ژیـان مەرگە! هەرچـی قێـزەون بـێ جـوانە!
مێشـکی مـرۆڤ، کلـۆم بـدرێ پـڕ وەهمەبـێ و پـێچەوانە

زوڵمـی زاڵـم چەنـد ئەسـتووربێ تێچـوونی لە بەرچـاوانە
ئـاگرە سـووربێ و لەخـۆم دووربـێ! بشـکێ ئەم کۆنـە قەوانە!
٢٠١٦/١٢/١

کلۆم بدرێ:کلیل بدرێ

دەردی پاییزو پیری

پـــاییزە گـــەڵارێـــزانـــە وا تووشـــی دڵشـــکان هـــاتووم
بە شمشـــێری بـــێ وەفـــایی غەدری زەمـــانە ڕاهـــاتووم

لە جەنگێکی نابەرامبـەر چەرمەسەرییەک یەخەی گرتـووم
حـوکمێکی خـواری خۆمـانە، دواڕۆژی گەلـی لێـڵ کـردووم

غەمـــی قـــووڵی ســـتەمکاری ڕۆشـــنایی چـــاوانی بـــردووم
پیرییش سەرباری خەمباری هێز و ئومێدی لێ سەندووم

یاران داخـی دڵـم گـرانە زامـی کـۆنی بە سـوێ خسـتووم
سڵاوێ دەنێرم بۆ یارم هەرچەند دوورە و بەجێی هێشتووم

بەڵکـو بەئاوڕێـک، نامەیێـک بمبـووژێننەوە وەک پێشـووم!
تا بـۆ گەلـی زوڵملێکـراوم بـێمە مەیـدان وەک سـەر لەزووم

بڵـێم بەسـیە غەدرو دزی دەسـتدەمە چەکـوچ و تەرازووم
خوێنی پێشمەرگە ئاو نییە؟ با نـەکوژرێ لەشـەڕی شـووم

تەنیـا لە ڕێی کوردستاندا شەهیدم لە ترێ سەی نەچـووم!
مـنم خەمکـی خەمـانی کـورد کە مـردم وا بـزانن نەبـووم!

٢٠١٦/٩/٢٤

شیعر جوانی درەخشانە

"بۆئەوانەی دەڵێن شیعری بڕگەیی خۆری ئاوابووە"

نەمـــانی کـــێش و بـــڕگە جـــاڕدانی مەرگـــی شـــیعرە
گەر هـۆنراوە بـێ سـازبێ بـێ تـام و خـوێ و ئـاوازبێ

ئەوەکەی پەیڤـــی شـــیعرە؟ بـــێ ڕوونـــاکی و ئـــاگرە !
ئـــازادییەکەی ڕەهـــابێ ڕەونەقـــی شـــیعری نـــابێ!

شـیعری بـێ کـێش و سـەروا هەر وەک نەخشـی سـەرئاوە
تارمـــاییەکە دێ و دەڕوا خەیـــاڵ پـــڵاوی نـــاوە !

مەرگە بـــۆ جـــوانی وشـــە ڕای خـــۆمە، وام پـــێ باشـــە!
هزری جوان هەڵوێستی جـوان خەیـاڵ و ئیلهـامی جـوان

شـــیعری چێـــژدار واتـــادار نەمـــر دەکـــا هـــۆنەرەوەر
شـــیعر خـــۆری ڕاســـتییە ڕوونـــاکی پەرســـتییە

نەک وشـــەی جڕنـــاو فڕنـــا بـــێ مۆســـیقاو بـــێ ســـەدا
ناو لێ بنێـی شـیعری نـوێ بـێ تـام و بـۆن و بـێ خـوێ

شـــيعر هيـــوا دەچێنـــێ   بەدی لە ڕەگ دەردێنـــێ
شـــيعر وێـــنەی ڕەنگيـــنە هـــزری قـــووڵ و ســـەنگينە

ديـــــواری لە پـــــۆلايە بـــــاڵا ی بە قــــــە د قەلايە
شـــــيعر وەک پەڕەی گـــولە   کيـــژی ناســـــكۆ لە دلە

شـيعری قەشــەنگ و نــازدار   ســارێژ دەكـا زامــی يــار
نەبـــوونی كـــێش و بـــڕگە لێـــدانی شـــيعرە مەرگە!

شـــــيعری تەڕ وەک بـــارانە   شـــــەونمی بەربەيـــانە
مـن حەزم لــە پەخشانـــە شـيعريش جـوانی درەخشـانە

هەندعەشقی شيعری بەرزم   وشــەی جـوان وێـنەی تەرزم
وەک پەپـــــوولەی ســـــەرگوڵان دەنيشـــێتە ســـــەردڵان

هەولێر ١٢/١٠/٢٠١٦

تالاوی چاوەڕوانی

لە بـێ تـۆیی پەشـۆکاوم دڵەکەم وا شـیوەن دەگێـڕێ
گشـت کـاتێ وای لە بەرچـاوم هەرچـاوەڕێتم چـاوەڕێ

لەوەتـای تـۆ لێـرە ڕۆشـتووی ئەم شـارەم لا کەلاوەیە
دونیـای ڕوون نـابینم ئەوەی مـاوە دیـاری و پاشـماوەیە

دەزانی من بێ تۆ چـۆنم ؟ سـەرم وەک ئـاش وایە کاسـە
نـوقمی خەیـاڵی دووری تـۆم، نـازانم دونیـا چ باسـە؟

تۆش لە گەڕان و سەیرانی هەرخەریکی کەیف وسـەفای
منت تەنیا جێ هێشتووە یـاری زاڵـم چەنـد بـێ وەفـای

باوەڕنـاکەم هیچ بریـنێ ژانەکەی هێنـدە بەسـوێ بـی
بەم دەردەت سەر دەنێمەوە من لێـرە بم تۆش لەوێ بـی

چاوەڕوانیـت لە تـام دەرچـوو نابڕێتـەوە و نابڕێتـەوە!
تـاڵاوێکی وات پـێ نۆشـیم قەت لە بیـرم ناچیتـەوە!

ساڵی ١٩٧٥ نووسراوە ٢٠١٥ پێیداچوویمەوە

ئەنفال و ئەنفالچی کۆن ونوێ

١

دار گەر نەبــــــووایە بە کلکـــــــی تەور
هەزار ســـــاڵ دەژیـــــا دەگەیـــــیە هەور

کـــــوردیش گەر خــــۆرە تێــــی نەدابـــایە
دەبـــــووا وڵاتەکەی ســــــەربەخۆ بـــــووایە

جاشــــی ڕاوێـــــژکەر! وەک کەوی ڕاوبـــــوو
بــۆ هاوزمــانی خــۆی، خــۆی دان و داو بــوو!

داخــــــی گــــــرانم بـــــۆ ئەو زڕ کـــــوردانە
چاوســـــــاغ، وەک کەوی ڕاوی خۆمــــــانە

چـــوونە نـــاو لادێـــی جوتیـــار و گـــاوان
خەڵکیـــان تەفــرەدا بـــێ ســـووچ و تـــاوان

گەر نـــا ئەنفـــالچی بیـــانی نـــاتوانێ
بە هـــیچ ســـوورەتێ بیـــان ئەنفـــالێنێ!

کـــــوردە ئیـــــدی بە کەس مەخەڵەتـــــێ
مشــــووری عەدل و یاســـــا و دەوڵەتـــــێ!

٢

دار گەر کرمـــی خـــۆی نـــاخی کلۆنەکـــا
ڕەنجـــی بـــاخەوان قەت نـــاچێ بەبـــا

کەوبـــازی ڕاوچـــی کەو دەبـــات بـــۆ ڕاو
ئەنفـــالچی بیـــانیش، خـــائین و دۆڕاو !

نـــا دادپەروەری و حیـــزب حیزبێنـــی
پاشـــماوەی ئەنفـــال دادەڕزێنـــی

جیـــاوازی نیـــیە بەعســـی کـــۆن و نـــوێ!
ئەنفـــالچی داعـــش، توندڕەو لە هەرکـــوێ؟

کـــێ کوشـــتنی مـــرۆڤ حەڵاڵ کـــا بە دیـــن
چ نـــاوی لێ بـــێ بەدفـــەڕە یـــەقیـــن!

عەرعەری کـــۆن و نـــوێ لە بیـــر مەکەن
ئەو خوێنە پـــاکە بـــە فیـــڕۆ مەدە ن
کـــوردە چیـــدی بە کەس مەخەڵەتـــێ
هەوڵی دەستـــووری عـــەدل و دەوڵـــەتێ
قاســـپە قاســـپی کەو فریـــوت نە دات
نەک دان و داو بێ و بە تـــەڵەت وەکـــات!

هەولێر : ٢٠١٥/٤/١٤

دەڵێن جام پڕبێ لێی دەڕژێ

"کاتی بێ مووچەییەکە"

چەوسێنەر کاتــێ ڕۆژیەتی میللەت سەرشۆڕکاو بێدەنگ بێ!
گورج لێی دەخوڕێ و هەڵپەیەتی تانیوە مرۆڤ و بێسەنگ بێ

پــرتە و بــۆڵەی مارانگــاز لای پــوولێکی قەڵــپ نــاهێنێ
تـــا نەغەزرێ و ڕانەپەڕێ مێشـــێك زەوقـــی ناشـــێوێنێ!

بە نیــو مــووچە و نیــو کەڕامەت! ڕاییبکێشــێ گالێســکەکەی
تێـــی هەڵـــدەدا وەك مەڕی گێــژ دەیهــاژوا بە نەقیــزەکەی!

ئەوەی ئێســـــــــتا دەگوزەرێ ئەنجـامی ناســـــــازیمانە
بیــانیمان کــردتە خــانە خــوێ و خۆشــمان چەنەبــازیمانە!

دەڵێن جام پڕ بێ لێــی دەڕژێ کاســە بشــکێ نەزرینگێنــدرێ
دەمــێکە خەڵــك نــاگزوورە بەعەزرەت مــووچەیە بــدرێ!

با کۆیلەی حیزب و جاش قەڵەم دەهۆڵ بکوتێ و زوڕنا بژەنــێ
ڕۆژێک خۆیان و شێخیان سووک سووک دەبن، لەناو مەفتەنــێ

هــا کــا چەوســـاوە هەڵســـاوە تە ختـــی زۆرداری ڕامـــاڵی
زۆرهـــات قەواڵە بەتـــاڵە دەچـــنەوە ســـەر ســـاجی عەلـــی!

پەنـــدێکی کـــۆن هەیە دەڵـــێ گـــوریس لە بـــاریکی دەپســـێ
تەنهـــا زوڵـــم لە ئەســـتووری تەڵاق دەدرێـــتن ســـێ بەســـێ

تـــا کـــار لە کـــار نەتـــرازاوە دەردی ئەم گەلە تـــیمار کەن
دەنا وەك شای مێژووی شکست دەبـێ لــەم وڵاتــە بـار کەن!

هەولێر ٢٠١٦/١/٢٤

گفتوگۆی مووچەخۆرو حوكمەت

مووچەخۆر:

دەڵـێن حـوكمەت غەزریـوە! مـووچەی خەڵكـی بڕیـوە
بەغــدا ئەوەنــدەی نەكــرد ئێــوە بە ســۆدرەتان بــرد!

حوكمەت:

ئــاخر ئــێمە نــازدارین! لە حــوكمەتی و بێــزارین
سەدا حەقـدەش نەمـاوە بیخـۆین وەک چـایی و قـاوە!

مووچەخۆر:

تــاكەی درۆ و دەڵەســـە؟ ئەم فــاك و فــیكە بەســـە!
ئەی پارەی نەوتی بۆڕی ؟ بۆ دەخۆن بە ســەر شـۆڕی؟

حوكمەت:

هەی نەفامی چاو چنۆك دەبــێ بـۆم بێـیە سـەرچۆك!
مــنم شــێخی خۆتــانم گــێلمە گــێلمەی نــازانم !

مووچەخۆر:

نەفـت بـۆ حەفتـا هەسـتاوە حـوكمەت پـاڵی لێـداوە
هەر جارەی بە بیانوویەك فیشـاڵ دەدەیـتە پـاڵ یەك !

حوكمەت:

ئێـوە چەنـد چەقاوەسـوون بێڕێـز و بــێ چــاو و ڕوون
چیتــان پــێ دەكــرێ بــیكەن ئەگینــا دەمتــا ن داخەن

مووچەخۆر:

توخوا هـۆ كـاكی حـوكمەت !بمانـدەیێ مـووچەی لەت
ئێمــە بێ پـــــارە و پوولیـن نا عیــــلاج و مەلوولین

حوكمەت:

تــا وا وەك مەڕی لەڕ بــن بــۆ ئــێمە كـۆیلەی كەڕ بــن
لێتــان دەخــوڕین بــێ پەروا سـكاڵاتان بــدەن بە خــوا !

مووچەخۆر:

خوا لێتان قەبووڵ ناکا کەوتینە حەلاو وەلا
دەبێ تەفرو توونا بێ کێ بیەوێ گەل ڕیسوا بێ

حوکمەت:

ئەوەی پێم ڕازی نەبێ با لەم وڵاتە دەرچێ
سامانی خاك هی شێخە! کێی دەنگکا چارەی مێخە!

مووچەخۆر:

حوکمەتی سوڵتانیزم ! بێ دەربەستی فشیزم
گەل هەرگیز ئێوەی ناوێ ! دەبێ بکەونە داوێ !

حوکمەت:

مووچە خۆری چاوچنۆك دەبێ بخۆی خاپەڕۆك !
هێندە پارەم پێداوی لێم هار بووی پف هەڵماوی!

مووچەخۆر:

حوکمەتی حەلەق مەلەق ! برسیت کردووین بەناهەق
پوولی نەفت و گومرگت هەمووی پە ستایە ورگت
زەلیلی قەبووڵ ناکەین ئێمەین خاوەن ئەم خاکەین
تا زووە دەبێت لاچی ئەی حوکمەتی دەگگەچی!

هەولێر ٢٠١٦/٥/٢٣

چاوەڕێی مووچە

چاوەڕێی نیو مووچە دەکەی هەی مووچە خۆری هەش بەسەر
دیوتە کەڵەشێر هێلکە بکا ! بیکاتە دەستی بەخێوکەر!
دەسەڵاتێکی نەزۆکی قرچۆک لە ئاستی فەرمانبەر
باکی نییە بەو مەراقە !خەڵک بمرێ، قوڕکاتە سەر
وا چاومان کوێرایی داهات نەهاتی چارەکە مووچە!
یان حوکمی کوردی دژمیللەت تۆپی هاویشتووە وپووچە!
ئەم گەلە هەند بێ ئومێد و دەستبڕاو و بێ خاوەنە
گیرۆدەی دەستی نامەردی عاشق بە لیرە و تمەنە
لەخوێن بەخشین، فیداکاری گەل چی لە توانا بوو کردی
حوکمێکی بێ وەفای خۆیی چی جوانی ژینمان بوو بردی!
مخابن وا دەسخەڕۆ بووین ! هیواکانمان بەری نەبوو
دەیان ساڵ چەقە چەقمان کرد ڕەنجی قەڕنێکمان بەباچوو!

هەولێر ٢٠١٦/١٠/١٦

هەش؛ خم

هەش بەسەر؛ بەدبەخت

هەش؛خم

ئەنفالستانی ئیجە

"لەداخی چەندین بارەبوونەوەی نقومبوونی یەختی کۆچبەران لەدەریای ئیجە"

ئەی شەپۆڵەکانی دەریا ماسی و قرشەکانی ئیجە
شەرم ناکەن لە ڕوخسار و کاکۆڵ و زولف و ئەگریجە؟

ئەوانە ژن و زارۆکی وڵاتی هەش بە سەرەکانن!
خەڵکی ماڵکاوڵی هەڵەبجە و سۆران و جزیر و بۆتانن!

ئەی خواوەندە بەهێزەکە بۆچی تێیان ناخوڕیەوە؟
بەشەپۆڵی دەریا بڵێی بەسە ئیتر هێوربەوە!

چیتر یەختی بەختی کوردان نقوم مەکە لەم دەریایە
نا بەڵەدن ڕزگاریان کە لە ناو دەمی ئەم عەزیایە

ئەی خواوەندی لاوازەکان لە شەپۆڵی سەرشێت بخوڕە!
پێی بڵێ بەسیە داسەکنێ! زگی مرۆڤی کورد هەڵمەدڕە

ئەی خۆت بەڵێنت پێنەدان نزای لێ قەوماو قەبووڵە؟
بۆچ نایێی بە هانای ئەو بێ مەفەرە لەم دەریا قووڵە؟

هـۆ ماسـيه گەورەکـانی خـوا نەکەن چـاو و دڵ وجەرگـی
کوردان قووتدەن بەبـێ پەروا هـی گەنـج و پیـری بێڕەنگـی

ئەوانەی پـاڵپێوەنەر و سـەبەبکاری کـۆچی ئێـوەن
خوایە تەفروتوونیانکەی هەر کێ ئـێمەی واخسـتە شـیوەن

دەریـای ئـیجە ئەنفالسـتانی وڵاتـی بـێ کەسـانە
ئەوێ گۆڕسـتانی کـوردی ڕەتێـنراو و سـەرگەردانە

ئـاخر خـوایە! ئـێمەت لەسـەر نەخشـەی دەریـا دانەنـایە
مەلەوان نین! چۆن دەربازبین لەم قوڕبەسەری وسەودایە؟

یەخت : گەمێ، بەلەمی بچووک

هەولێر ٢٠١٦/٢/٤

بۆ ساڵوەگەڕی ڕاپەڕین

"لەیۆبیلی زیوینی ڕاپەڕین کەدەستی خۆت دەگەزی"!

وا چـــارەکە ســـەدەیەکە ئـــەم مـــیللەتە ڕاپـەڕیـــوە
لە تەک بازرگانـــانی خـــوێن ڕۆژێ خۆشـــیمان نەدیـــوە!
بـۆ پـارەو کـورسی دەسـەڵات نیشـتمانییان هەرزان فـرۆش کـرد
ئـازادیـیـان بـن پـێ خـســت و دیـمـوکراسیشیان بە پەنـد بـرد!
لە جیاتی پەیوەستبوون بـەخاک، ڕەوشـتـبەرزی و دادپـەروەری
دایـانـهێـنـا مشـەخـۆری و پـیلانگێـڕی و تـاقـمـەگەری
دایـانـهـێـنـا مـۆدێلی میـری تـاکـڕەوی و قەرەقـووشـــی
تـا سـامـان و سـەروەری گەل بـەبـێ شـەرم هەڵ بلووشـــی!
ڕایـانـهـێـنـا کـۆیـلـەی چـاوشـۆڕ، ویـژدان کـڕاو! حزبـیگەری
قۆرخـچێـتی و بەرەڵایـی عـەشرەت گەری و تۆبـزی کەری!
بـرەویـانـدا بە تـەمـبـەڵـکـاری و قـەیـرانـسـازی و قـات وقـڕی!
براکـوژی چەمـووش گەوجێنـدراو لێـو ڕێژکـراو بە ملهـوڕی!
ڕاپـەڕیـن، یـۆبـیلـی زیـویـنی دزە نـەک کـوردی ســووتاو
داپڵۆسـاوی نـادادگەری و ئامـانجی چەنـد کەسـی دۆڕاو!
چـڕو چـاوی نـاشـۆڕشـگێـڕ بـەرۆکـی گـەلـیـان گرتـووە
خـێر و بـێری وڵاتـیـان گشـت لە سـەرخـۆ تـاپۆ کـردووە!
خـوێـنـی ئـارام و ڕەنـجـبـەرو مـامـە ڕیـشـە ش بـزر کـرا
بـەرە و دواوە هـەنـگـاو نـرا جـاڕی بـێ ئـومـێـدی درا

هەولێر ٢٠١٦/٣/٥

جاشكۆڵەی بە ڕەوشت!

ئەو جاشـــكۆكە بەڕەوشـــتە بۆخـــۆی دەژی لەم سروشـــتە
زيـــانی بـــۆ هـــيچ كەســـێ نيـــيە ئەفســـانەی ئاســـمان زەويـــيە
نە خەم لە حـــوكمەتێ دەخـــوا نە دەڕەتێنـــدرێ نـــاڕەوا
لە گيـــاو گـــۆڵان، دەلەوەڕێ وەك ســـەگ بە هـــيچ كەس نـــاوەڕێ!
ئەو جاشـــكۆكە هەنـــد بەڕێـــزە ناترســـێ لە كێـــی بە هێـــزە
مافيـــا و ڕێگـــر پێـــی ناوەســـتێ مـــووچە ی ببـــڕێ و دايببەســـتێ
پاشـــا بە ســـەپا ن نـــازانێ بـــێ خەم لە مـــووچە نەدانـــێ!
جاشـــكۆڵەكی زۆر بەهۆشـــە گـــرژو مـــۆن نيـــيە ڕووی خۆشـــە
ئەم جاشـــكە ناكـــا چاپلوســـی چەتەيـــی و كـــاری جاسوســـی
كـــاری بە لای سياســـەت نيـــيە نـــازانی پيســـخۆری چيـــيە؟
هەر بـــژی جاشـــكی قشـــتيلە قەت خيـــانەت ناكـــا وەک فـــيلە!
گـــوێی قيـــتە و كلكـــی درێـــژە لە مرۆڤكـــوژی بەدەســـت نـــوێژە!
خـــوا هەڵنـــاگرێ بەچـــكەی كەرە عەشـــقە لەوەڕ چـــاو لە دەرە!
نەكەن قەوچ و قەڕاســـەيكەن كلكـــی بگـــرن لە قەوچەی دەن!
بـــێ زەڕە خـــاوەن چـــوار پێـــيە بە ويقـــارە لە هەر كـــوێيە
بوونـــەوەرێـــكی بـــە كـــەلكە خـــواردنی كاو گـــيا و پـــەلكە
مـــاكەر د ايكـــی بـــێ هاوتـــايە بـــە تـــەرەب زادەی ئاغـــايە
نێـــرەی بابەلبـــاب ڕەســـەنە خـــوا پێـــداوی لا پەســـەنە!

هەنــــد خـــۆش بەزو تێـــر ئـــاليكە نـــازدارە دەڵــــێ ی پەلـــيكە

عــــەرد و بـــەرد داژوا بێباكــــە هــاو ئـاخوڕی نيـيە لەم خــاكە

كەس نايگــاتێ لــــە زەڕينــێ   خــۆی شــێرە لە ســـەر جــۆخينێ

هەركێــــی عاقــڵ بـــێ خوازيــارە دوور بـــێ لە چڵپــاوی پــارە!

دوور بــێ لە نەقيــزەی حــوكمەت! نــاڕوونی داهــات مــووچەی لەت

وەک ئەوجاشكە بژی سەربەست ! بێچووی كەری شاد بێدەربەسـت

دوور بـــــێ لە غەم و پەژارە   لەم ژيـــــنە وەك ژەهـــــری مـــــارە

جاشـــكێتی كـــوا دەســـت دەكەوێ بــــەرەڵلابی لێــرە و لــــەوێ!

كە س پيلانــت بۆ دانــــــەنێ   دوور لــــە قەيــرانچييان بەتــەنێ

كەرێـــــتی وەك مەداليايــــــە   شەرەفێـــــــكی گەورەی تيايــە

مــرۆڤ ناگــات بە باشــی كەر! ســـەد ســاڵ بــژی لە دەشـــت ودەر!

هەولێر ٢٠١٦/٧/١١

شوانی وانابی

وا نـــابی کـــاکە وا نـــابی پێشـــمەرگە لە ســـەنگەر دابـــی
ناگزوور و بێ مـووچە بـی مەسـئول لە کەیـف و سـەفابی!

وا نـابی شـوانی وا نـابی مەڕ لە گـورگ و سـەگ چـا نـابی!
سامانی گەل قۆرخ دەکەن ! هێشتاش بەمەڕمـان تێـدەگەن؟

وا نـــابی کـــاکە وا نـــابی   دیموکراســـی وا چـــا نـــابی
خەڵکیـنە نەکەونـــە داوی حـوکمی تـاقمێکی خوێنـاوی!

کـوردێنی بەم حـــاڵە نـابی   وڵات بە زوڕنـا ئـاوا نـا بـــی!
ئەم خەونەمان لەگۆڕ مەنێ مەیدە بەر بـا و چەنە چەنــێ!

ڕیفڕانـدۆم، دەوڵەت وا نـابێ ! گەل قوربـان پیلانــی "نـا"بێ
دواڕۆژ مێـژوو قسـەی دەبــێ کە ڕووخـا ئیـدی چانـا بــێ!

لە مـن مەدەن لە برام بدەن ڕەشکەی کـایە و دارکـاری کەن
ترستان لەشۆڕشی برسی بی !ڕووخانی کۆشک و کورسی بی!

وا نــــابی کـــاکه وا نــــابێ حیزبـــایەتی ئەوهـــا نــــابی
گەل پێویســتی یەکڕیزییـــە دەوڵەت بــێ بەرنـــامە نـــابی!

نـــــابی ئەز قوربــــان وا نـــــابی   دزی وا کەڵەگـــا نـــــابی
مـــیللەت بێکـــار و برســــییە نـــانی ئـــیللا یێـــی نیـــیە

وا نــــابی شــــوانی وا نــــابی دەبـــی عەدالەت بەپـــا بـــی
دەنـــا گەل لــێ و قەبــووڵ ناکـــا   ڕاپـــەڕینێ ئەنجـــام دەدا

وا نـــابی شـــوانی وا نـــابی   مەڕ لە گـــورگ و ســـەگ چـــا نـــابی
حەمـــام بە تـــڕان گەرم نـــابی ســـەرکردە دەبـــی دانـــابی

هەولێر ٢٠/٩/٢٠١٦

دەبێ کەی ئێمە تەمبێ بین؟

بە فرچکـــی زوڕنـــای حیزبـــی پڕۆپاگەنـــدەچیانی نـــۆکەر!
میللەتیـــان پـــڕ لە کینـــە کـــرد پەنـــا نەمـــا بـــۆ قـــوڕ بەســـەر!

ڕاپەڕیـــن بـــۆ هەنـــدێ نەبـــوو خەڵکێـــک بکەیـــن بە دیکتـــاتۆر
شۆڕشمان بۆتاقمێ نەبوو خوێنمان بمژن وەک مشـــەخۆر!

بـــۆچی حیزبـــی فیشـــاڵچی وا بە غەدر و تـــاڵان، براکـــوژی
ڕاپەڕیـــنمان لـــێ زەوتـــکەن ؟ نەهـــێڵن گەل ئـــازاد بـــژی؟

بە کـــوردێنی ســـاختە و گـــزی هێـــز و وزەی گەلیـــان دزی
خۆیـــان پێکـــردە ملیـــاردێر گەوج و کۆیلەیـــان پـــێ کـــڕی

دەیان دەمامکیان لە سەرنا خۆیان بە چەنـــدین بـــار گـــۆڕی
سەری گەلیان لە قوڕینا، مـــاین بەدڵســـاردی و سەرشـــۆڕی!

ئای چەندسافیلکەو کورتبین بووین قـــەڕنێ لەخشتەیان بردین
نیو سەدە درۆیان بۆ کردین بەکوشتیان داین تێنەگەشتین!

دەبێ کەی ئـــێمە تەمبـــێ بـــین؟ بە خـــۆمـــان بۆخـــۆمـــان بـــژین
پاشکۆی دینی، دیوەخانی سەرۆک خێـــڵ و ئاغـــان نەبـــین

وەک زوڵـــم لێکـــرای یەکبگـــرین! ئەوەنـــدە خۆشـــباوەڕنەبین
بەرە و پیری زانست بچـــین کلکـــی درۆزنـــەکان ببەســـتین!

هەولێر ٢٠١٦/١٠/٣٠

بەڵێنی عاشقانە

هەر چەند لە ڕەنگی چاوانی یار دەڕوانم دەحەپەسێم!
بەخەیاڵی عەشقی جوانێ لە ژوانێ، بە شیعر دەدوێم

بێ بڕژێیە حەزی کپ بووی هەڵەتەچووی سەرخەرمانم
بەڵکو هەتوانیکەی دەردی تەشەنە بووی بێ دەرمانم

سارێژکەی دڵی عەوداڵم لە بیرم بەی خەمەکانم
بە ئاوڕێکت دامرکێنی ژانی هەڵچووی زامەکانم

شیرین گیان تۆ پەری خەونی شەکەتی عومری پیریمی
تۆ ئەڤینی دڵی تەڕی پڕ سۆزی تەژی ژیریمی

زوو بمگەیێ و ڕزگارم کە لە پەژمووردەیی و تەنیایی
گفتێکی عاشقانەم دەرێ بمبەوە ڕۆخی تەناهی

هەولێر - ئازاری ٢٠١٤

حوکمداری دروست بەرپرسیارییە

"کۆمێنتێکمبوو لەسەر پۆستی هاوڕێیەکی فەیس"

وارێــــم ئەوانە ویژدانیــــان نیـــــیە
گەلیـــان بـــۆ چەپـــڵە و کـــۆیلایەتییە

دوژمـــنە هەرکێـــی باســـی مـــاف بکـــا
فەرمـــانبەر کێـــیە؟ تەقاویـــت چیـــیە؟

پووڵ هەر شایستەی شێخ کوڕی شێخە
خەڵکیان بۆ پێچکەی کورسی پێ مێخە!

دەک شـــەرمەزاربێ لەڕووی مەحشـــەرا
کـــێ خەڵکـــی لەلا کورتـــانی کەرە!

حوکمـــداری دروســـت بەر پرســـیارییە
کەی تـــاڵانچێتی مـــاڵی گشـــتییە؟

هەر کـــێ خزمەتـــی میللەتـــی نەکـــات
خـــوایە هەرگیـــز بـــە مەرامـــی نەگـــات

هەولێر ٢٠١٦/٢/٢٩

عەقلی زیندوو

١- عەقڵ

کێ کاری ئاسان ڕایی بێ
بە زوویی لەخۆی بایی بێ
عەقڵیشی زوو ژەنگ هەڵدێنێ
داهێنانی پێ نامێنێ

٢- فێربوون

ئەوەی کتێبان نەخوێنێتەوە
نەمامی نوێ لەجێی پیرە
داری مردوو نەچێنێتەوە
لە ژیانی خەڵکی فێر نەبێ
قەت بە خۆی دا نەچێتەوە!
هەرپاشکەوتوو دەمێنێتەوە
لە ژینگەکی ژەهراوی دا
بە تەنها خۆی دەبینێتەوە!
هەرکۆنە کا کاوێژ دەکا
یاسینی مەرگ دەڵێتەوە

٣- داری بەرهەم

ئەو دارەی کە بەرهەم دارە
خێری بۆ گەلی هەژارە
ئەوەی دڵی پڕ کینە بێ
عەقڵی دروستی، چۆن پێ دەبێ؟

٤- شاعیر

گەر شاعیرێ خۆی نەناسێ
با دەست داتە بێڵ و داسێ!

قەڵەمەکەی تووڕ هەڵ بدا
بفرۆشێ کوارگ و ڕێواسێ!

٥- مامۆستا

مامۆستا گەر بێ زانست بێ
یان ڕووی گرژ و تووڕە و پەست بێ
بە پەروەردکار نا ژمێردرێ
با بۆ کاری تر بنێردرێ!

٦- سەرکردە

(حەمە شێت) زۆر جاران دەیگۆ
گەر شوانیت پێ ناکرێ بڕۆ!
سەرکردەیەک گەل نەیەوێ
خەڵک پێی بڵێ لاچۆ لەوێ
دەست بە پێچکەی کورسی بگرێ
لامل بێ هەر پێ دابگرێ

یان بە مەراق خەڵکی دەمرێ!
یان بە شەقی گەل لا دەبرێ!

٧- سیاسەتوان

تا سیاسەتوان بازرگان بێ
حوکمەت وا بۆگەل نەبان بێ
دەبێ خەڵک هەر برسی نان بێ
بندەستی تورکیا و ئێران بێ

٨- زانستی خۆشەویستی

گـۆشـت بـۆ قەسـاب، نـان بـۆ نـانـپـێـژ
لـەگـەڵ بـەرد نـاکـرێـت وتـوو وێـژ
بـە زانـسـتـی عـەقـڵـی زیـنـدوو
خـۆشـەویـسـتـی دەبـێ بـەخـوو

هەولێر ٢٠١٧/٣/١٥

نوقمی تەماشا

گوتبـووت بـۆچی تـۆ نـوقمی سـەیر و تەماشـایی منـی
بۆ وا ڕووچووی کە هیچ چاوت لە ئاستمدا نـاترووکێنی؟
چاوم ناترووکێنم تـا تـۆ لە نێـو دەستمـدای، دەرنەچـی
چـون چاوەکانـت بە قـەدەر چـاو تروکـانێکە نـازی!
٢٠١٧

لە فارسیەوە

بێزاخ *

"ئەم چەند دێرە تەنزەم لەبەر بێ نەفتی وناگزوری خەڵکی نووسیوە".

کەر لە کــوێ کەوتــووە، کونــدەی ئــاوێ لە کێنــدەرێ دڕاوە؟
خەڵکی کوێی دێشێ؟ کـوێی تـیمار دەکرێ؟ سـەرم سـوڕماوە؟
بـێــزاخ بــە کــەرێ نــاوێــرێ، تــاو دەداتــــە کورتــانــی
ئــاش بــێ باراشــە و بەرمـیلمان لە سـڕەی بــەلاش قۆپـــاوە!
هەولێر بێ نەفتــە لە سەرمــان ! کـەوتۆتــە ژێـر بە تــانــی
فوول مەعاش و چەورەی★ جاشیش! هەڵـدەپەڕن بەهەرزانــی!

هەولێر ٢٠١٦/١٢/١٠

★بێزاخ : بێ غیرەت

★چەورە:نەوسن و تێرنەخۆرە

بڕواناکەم لەبیرم کەی

که تــۆم له تەک نەبــێ چــیم له جەژن و شــادی داوه ئەی یــار
بەوه مــاوم که شــێوەکەت دێــته پــێش چــاوم جــار و بــار

دەنــــا هەر زوخـــــاو دەچێـــــژم دڵ زامــــــدار و بــــێ قەراره
بــێ تــۆ گیــان هەڵ پڕووکــاوم لام چــۆل و هــۆله ئەم شــاره

چەنــد له مێــژه هەر چــاوەڕێم له جەژنێکــا ســـەرم لێــدەی
دەزانــم تــۆش بــێ مــن هەرگیــز به کــامی دڵ نــاڵێی ئــۆخەی

ڕەنگبێ لەولاش خۆت وادەرخەی که بێ من خۆش بەسەردەبەی
بــڕوا نــاکەم! تــۆش پێــت بکــرێ ســوک و ســانا له بیــرم کەی!

٢٠١٧/٦/٢٦

ئەستێرەی درەوشاوە

" بۆ کیژەکوردێکی سنەیی"

ئەو ئەســـــتێره درەوشـــــاوەیه له ڕەچەڵەکـــــی ئــــارییه
بــۆیه وا جــوان و ڕەنگیــنه له ســـنەدا چەشـــنی نیــیه
جوانێ ئاوا لەگـوڵ جـوانتر، جوانـاوی کـانگەی خـواییه
نــــزای ســـــەرفرازی بـــۆ دەکەم پـــاکیزەی ڕۆژهەڵاتیـــیه

٢٠١٧

مردم لەداخی جاسووسی

ئەو شیعرە لەداخی درۆی شاخداری هەندێ میدیاکارو بێمووچەیی نووسراوە

گەر چیرۆکـــی دەردەســـەری ژینـــی خـــۆم بـــێ کەم و کـــوڕی
بنووســـیباوە دەمنووســـــی مـــردم لە داخـــی جاسووســـــی

لەداخ ڕوو قـــایم و مەعـــلان لە کـــاری بەدی و چاپلوســـــی
ئەو کارخانچیـــانەی قەت جێیـــان نەدەبـــووەوە لە قاموســـــی

لەبەزمـــــی پـــوولەکی و درۆزن دەڕشـــێنەوە، لە میـــدیاکان
ســـوڕ دەزانـــن کـێن کە دزن ؟ پچـــڕام بەداخـــی پینەچییـــان!

لە دەســـت چەلـــوملی بەڵا! گەلیـــان کـــردووە بە قیڕوســـیا
بە پـــێش دەرکە و بەدەســـکەلا !بـــە ژێـــر چەپـــۆک، هەلا هەلا

بەچەقـۆی کـول گەل سـەردەبڕن! وەک کەر و گـا تێیـان دەخـوڕن
وەک ســـەگیش پێیـــان دەوەڕن لە ســـەر ورگیـــان هەڵـــدەپەڕن!

ئاغـــا بـــە تیـژی تێپـــەڕی نەفتـیش قووتـدراوە بـــە بـۆڕی!
تلـــی لیلـــی ! مـــووچە فـڕی ! خەڵکـیش بـا چـاوی دەرپەڕی!

٢٠١٦/١٢/٥

مەتەڵ

مەتەڵێک هەیە کێ هەڵی دێنێ؟ چ دبێژی بێژە!
بۆخۆت هەڵپەڕە! یاخود ڕاپەڕەو قامچی بچێژە!
خۆی تێرو پڕە، بەشەوو بەڕۆژ خەریکی چێژە!
گەل زۆر ئازادە ! لەکونی ژووری! تێر بقووقێنێ!
بۆی هەیە جار جار بەرد بهاوێژێ و شووشە بشکێنێ
خەڵکی نەدارە و سەر لێشێواوە و گەوجێندراوە
بێ مووچە و کارە و وەک مەڕی گێژە! هەر تێی خوڕاوە

حوکمدارێکی گێڕ و بەزەڕە
یان بێ خەبەرە، بێ هەست و کەڕە
خۆی دەخافڵێنێ، خەریک کاوێژە!
کاووجۆی زۆرە ! وا دەفیشکێنێ!
گەل بێ مەفەرە، زۆر بە دەست نوێژە!
ڕەق هەڵگەڕاوە، بێچارو گێژە

مەتەڵێ بێژە!

جام پڕە و هیچی لێ نارژێ چون لە عەقل بەدەرە
پڕ لەقرێژە!

کێ بندیوارە ؟ کێ فیتنەسازە ؟ کێ بارەبەرە؟
کێ هاو ئاخوڕە، کێ هاو ئامرازە؟ خەبەرێ بێژە!

کێ   گەندەخۆرە ؟کوێ پڕ لەغازە ؟ ؟ کوێ ســەرهەورازە؟

کێنـــدەرێ چەورە و یەکجاربەربـــادە؟ کێنـــدەرێ لێـــژە؟

هەر هەڕەو وەڕە، بـــێ هەســـت و کەڕە، مەتەڵـــێ بێـــژە!

دیـوی خـانەکەی ! پـڕکەللەی بـۆش و کـۆیلەی منجـڕە!

تێوەی گڵاون !شێت وشەیدای بوون !پێـوەی نووسـاون!

خەڵکیش چاش مـاون ! ناچـار خەریکـی خەیـاڵ پـڵاون!

هەر زەڕە زەڕی   جاشـــکی بەزەڕە، خەریکـــی شـــەڕە

زوو کەن دەربێـنن لە ژێریـان بەڕە و ئەسـکەملە شـڕە!

دەنـا تـا مـاون، بەو کەســەرەوە هەر لەخـۆ هەڵـدەن!

زوو بە ئاگـا نـێن! دەنـاڵن تـاهەن، هەرکـۆیلە و بەنـدەن!

٢٠١٦/١١/٢٠

پاشەوپاش

بیست وپێنج ساڵ ڕەتی دایە کەچی حوکمەت هەر ساوایە
خەڵکی نووستووە و لەگوێی گایە! دۆش داماو بێ کارەبایە

بە فانۆس و پلێتە و چرا پاشەوپاش لێخوڕە !بچۆ ئاش
کورد شوکرە سەد ماشەڵڵا! دەستنوێژ دەگرێ لە گۆم بەلاش

کوڕی باشن! زوو دەبنە جاش! تێکە و فڕکە دوور لە بەڵا
کڵاو وجامانەت بگرە باش ملشۆڕکە پاشەڵ بەڕەڵڵا

قارداش و جاش دەبنە یۆڵداش! پێشمەرگەش دەچتە بن تەڕاش!
کوڕە مەسولیش لێدا تەناش! ئەو بکا بەجاش خۆی بکا بەباش!

خەڵکی بکوژێ لەسەرڕەماش! گەل نەیبێ بخوات تەڕەماش!
نە کارماوە نە بزنی قەش! نە مووچەی قەبەو نەوتی ڕەش

خۆشە ژیان بە کۆیلەیی ! لە دۆمینەش بمرێ دوو شەش!
لە دامەش هەر دابمێنی! پێکەی سیگاری قونک ڕەش!

کڵاوەکەت بگرە با نەیبا هێواش هێواش بڕۆ وە پاش
هەی تێهەڵدرای بێ سەروپا بەنوێژی نیوەڕۆ شەوباش!

هەولێر ٢٦/١١/٢٠١٦

بەسیە کوردێنی کەرتڕێن!

"٢٠١٦ لەداخ برسی کردنی خەڵکی وبێباکی دەسەڵات نووسیومە"

هـــاوڵاتی وەک مەڕومـــاڵات بەچەنـــدین قـــات، دادەدۆشـــن!
نـــازانم ئێـــوە بـــێ هۆشـــن ؟ یـــان تینـــووی خـــوێنن نەخۆشـــن؟

تەنیـــا بـــۆ مـــانەوەی کورســـی شـــڕی خۆتـــان تێدەکۆشـــن
چیتـــان بـــردووە وخـــواردووە؟ ســـندانی کەن، حەپەلووشـــن؟

دە توخـــواکەی لـــێمان گەڕێـــن بەســـیە کـــوردێنی کەرتـــڕێن؟
گەر ئێوە میللەت پـــــــەروەرن لـــە سیاسەت بـــەسەرو بـــەرن!

شەرەفی خەڵک هەڕاج مەکەن خوێنی پێ میـــم فیڕۆ مەدەن
ئەو جوانیـــانەی هێشـــتا مـــاون بەرچڵپـــاوی خۆتـــان مەدەن!
کە حـــــوکمەتی و پێنـــــاکرێ یەخەی گەلــــی هەژار بەردەن

بە پـــارەی نەوتـــی ئەم خـــاکە وا لە خۆبـــایی وبـــێ هۆشـــن
بە ســانـــــایی ئـەم وڵاتــــــە و ئێـــمـەش بـە دوژمـن دەفرۆشـن
بـــا کـــار لە کـــاران نەتـــرازێ چیـــدی گەلمـــان دامەدۆشـــن
بێگومـــان لـــێمان تێنـــاگەن! دەڵێـــی هەمیشـــە سەرخۆشـــن

دیــاره دابــڕاون لەم خەڵـکە   تینــووی کورســی و زێــڕ و پــارەن
هەند چڵێس و هەمەکارەن! بۆ یــەک "کــۆمەل "دوو ئیــدارەن!
هــەند زیــانبــەخش و بــۆگــەنیـون
ڤایــرۆس گشت جەستەی تەنیـون

هەولێر ٢٠١٦

تەپڵی شەڕێ

تەپڵی شـەڕێ، بەخوێنی کوڕی هەژاران لێدەدەن!
بۆ مانەوەشیان سەریان بۆ ناو گەلانی خۆیان دەبەن!

جوێندان نەنگییە

هــۆ کــوردینە ئەی مەردیــنە پیــر و گەنــج و جەوانیــنە
هەرچــیەکن .زەردن کەسکن.ســەربەخۆن یــاخۆحیزبینە
نەنگیـیە بـۆ کـورد جوێنــدان و فیتـنە قــازانجی دوژمــنە
یەکبگــرن ئیــدی بەســیەتی ئەوە تکــاو داوای مــنە!
کەی ئەوهــایە کــوردایەتی و شۆڕشــگێڕی و مەردایەتــی ؟
ئەگەر ڕەخنەیەکتــان هەبــوو لە هەواڵــێ یــان پرســیارێ؟
لە ئــێش و دەردی هەژارێ یــان لە فیشــاڵی زۆرداریێ
بەزمانێـکی جوان و شیریـن بڵـێن قوربـان دەتـان بینـین
ڕۆژێ دادێ لەدادگـــای گەل بەســـەرتانا بقیـــژێنین!
جــا ئەودەمە شــەرمەزارو ڕیســوان دەبــن، دەبــنە گەمە
مێـژوو ڕوحـم بەکەس ناکـا پـارەو پـوول دادی کەس نـادا
هەندێ مافی خۆی وەردەگرێ و پێدەکەنێ، لەو سـەردەمە
هەندێکیش بەنەفرەت دەکرێ و دەگرییێ و دەبتە سـینەمە!

٢٠١٧

وەرە زگی خۆت مەدڕە!

گەپ:

حوکمڕانێـــکی ڕابوێـــرە بـــە خـــەڵکی
گەل چاشـماوە دەسـتی ناگـات بە سـەلکی!
لە گەڵ بەغـــدا هەڵ ناکـــات، نەوت دەخـــوا
هـی خۆمـاڵیش حەپەلـووش دەکـات بەخـوا !
ســەر بەخۆچیـــیش! بە تەمـــای تورکیـــایە
کە دوژمنـی سـەر سـەختی قەنـدیل، چیـایە
وەرە زگـــی خـــۆت لـــە داخ کۆیـــلە مـــەدڕە
ڕاپۆرتنـــووس و جاسووسـێکی سـم خـــڕە!
ڕووت و بـــرسی، دەوەڕێ وەک ســـەی دڕە
جاش میدیاچییش چەواشـەچی و دەنـگ زڕە
حیـزب پـڕە و خـــەڵکیش بـرسی و بێـــچارە
دەسەڵاتیـــش لـــە بـــان هەژارە، غـــەدارە!

ئاداری ٢٠١٧

مەرد جارێ دەمرێ

بۆچی زوڵم قەبووڵ بکەین کەسی مەرد هەرجارێ دەمرێ
"حیزی هەمبانەی لۆکەیە "چەندی تێیکەی هەر دەیگرێ!

٢٠١٧

شیعر نووسی لە خۆ بایی

"لەگەڵ ڕێزم لۆ شاعیرە خاکی و داهێنەرەکان، خۆ بەشاعیرزان گەلەک زۆربـوونە، بەداخەوە کەس کەس نـاخوێنێتەوەو چـاک و خـراپ تێکەڵاوبووە"

هەنـــدێ شیعرنووســـی بـــوغڕا زوو دەکەونە هەلەکە ســـەما
بەچەنـد شـیعرێک بـێ سـەرو بـا بە جـۆ نـادەن دەڵـێن گەنمە!

بە فیـزن، لە خـۆ دەرچـوونە بە سـەر کێـوی قـاف کەوتـوونە!
وا دەزانـــن بەرەو ئەوجـــی بـــورجی داهێـــنەری چـــوونە

وا دەزانـــن هێنـــدە بەرزن   لە بەر بەفـــر و تـــۆف نـــالەرزن!
بەڵام هەیهـوو کەی تێـدەگەن؟ بەمەغـروری بە هـیچ نـاگەن

گەر پۆست و مۆستیش وەربگرن دەست بە کلکی مافیـاش بگـرن
نـاو بـانگی سـاختەش پەیـدا کەن   لە دەربـاری مـیر و بـەگان!

ســـواڵ بـــکەن و جـــێگە ڕاخەن   ببـــنە ڕاویژکـــاری نـــادان
داهاتوویـــان هەر نارۆونـــە   ماســـتاوە شـــیعری دژوونە!

هەر بە شــەوقی مــانگە شــەوێ ســیحری درۆییــنە دەردەکەوێ!
چەند پشتگیریان بێ دەسەڵات مایکیان بۆ بگـرێ و هانیانـدات

پــاقڕ هەرگیــز نابێــت بە زێــڕ شــتی ڕاســت ناپێورێــت بە گێــڕ
زۆری بۆر و ناوبانگی بۆش خەڵکـی ژێـر پێـی نـابێ ســەرخۆش

هەرچــی لە ڕێـی گەل دا نەبــوو ڕەنجــی ســەد ســاڵی بەبــاچوو
هەبوونەبـــوو، نەبـــوو هەبـــوو! لە زۆردار درۆزن تـــر نەبـــوو!

چ ئێســـتا یــا خــود ســـەر لەزوو خەڵکێکــی مــایە پــووچ هەبــوو
شــاعیری لنگــاو قــووچ هەبــوو خــۆ دەرخەری هــیچ تــێ نەبــوو

لە خـــزمەت میللەتــێ نەبــوو دەســـتی لە بــن جەواڵ دەرچــوو
تـــاوەکو نەینـــێن لە تـــەبـــەق قەت نـــاڵێن ئەڵڵاهــو ســـەددەق!

خۆشـــم شـــیعر نووســـم بەڵام تـــڕ زلـــی ژێـــر کەوتـــنە لام!
لە خۆبـــایی نـــیم و نـــابم چـــون کۆتـــاییم دێ گەر شـــابم

٢٠١٧/١/٢٢

خۆش خەیاڵ

فەیســـــبووک دیســـــان ئەو شـــــەکرەی شـــــکان
پەنجـــــا ســـــاڵی تـــــر دەمێـــــنم لە ژیـــــان؟
کـــــورد خـــــۆش خەیـــــاڵە نـــــادۆڕێنێ قەت!
پاشـــــای ســـــەرزەوین بـــــێ ئـــــاڵا و دەوڵەت!

بۆ ژن لە هەشتی مارس

ژن لەڕۆژ هەڵاتـــی نـــاوین دەڵـــێن چەوســـاوەی دەســـت پیـــاوین
پیاوانیش چەوساوەن ئەی بـۆ چەوسـێنەری چەوسـاوان بـین؟
ئەی ژن ئەی بەرهەمهێنی پیاو هەشتی مارسیش درۆیەکەبـاو!
بـــۆ ڕۆژەکـــانی تـــری ســـاڵ دڵـــت دەکەنە کـــۆی زوخـــاڵ؟
چـــون کۆمەڵگـــای پیـــاو ســـالاری دونیـــا دەبینـــێ بەلاری
دایـــــــــک وخوشـــــــــکان کیژیـــــــــان هـــــــــاوژین
ســـــــــەرچاوەی ژیـــــــــنن هەمـــــــــوو ژیـــــــــن
کێـــی ژن دەچـــەوسێنێتەوە داری ژێـــر خـــۆی دەبـــڕێتەوە
ژن پێـــــوەری پێشـــــکەوتنە بـــــێ ئـــــازادی ژن ژیـــــن ونە
لەهەرکوێ ژن لە مەیدان بـێ یەکسـان بـێ و لەکـۆی ژیـان بـێ
عەشـــق و خۆشـــی لەوێ هەیە لەشـــکری ڕق لە دوواوەیە!
تـــا ژن نەگـــات بە یەکســـانی پیـــاویش تـــامی ژیـــان نـــازانی!
ئـــافرەت ئـــازادی خـــۆی نەوێ هەر بە بـــن پێیـــان دەکەوێ!
گەر ژن عەقڵـــی کـــراوە نەبـــێ هەر کـــۆیلە و لە دوواوە دەبـــێ
ئەی ژن ئەی جـونترین بـوونەوەر هەریەکسـانی شـایەنتەهەر

هەشتی مارس ٢٠١٦

ژاوەژاوی دەوڵەتی درۆ *

"حەفت مانگ پێش ڕیفراندۆم"

نەفـــرەت بـــێ لەژاوەژاو و قیرەقیـــڕی قەڵەم فرۆشـــان
لەبازرگـــانچی تـــاڵانچی درۆی ئـــازادی! وڵات دۆشـــان

تـــف لە وانەش کە شـــانازی بە کـــۆیلەیی خۆیـــان دەکەن
کڕنـــۆش بـــۆ مەســـئولی جەردە و بازرگانـــانی خـــوێن دەبەن!

ســـەری زمـــان وبنـــی زمانییـــان درۆی دەوڵەتـــی کـــوردییە
وەک ڕۆژی ڕوون لـــێمان دیـــارە کڵاوەکەیـــان بـــابردییە

قەت پەنـــد لەمێـــژوو وەرنـــاگرن پیشـــەکەیان گەلـــۆرییە!
تـــاقمێکی دژ بەفەقیـــرن چاوشـــۆڕی و چڵکـــاوخۆرییە

هەرخەریکی خۆبردنە پێش گێـل بەگـی و ماسـتاوچێتییە!
چەنەبـــازی و قەوچە قەوچیـــان! بـــۆ ئـــالیکی جاشـــێتییە

ئەگەر گەل بڕیـــاری نەبـــێ کارەســـاتێک وا لە ڕێـــیە
ئەم خوێن بەفیڕۆچوونەمان لەچـاو سـەرکاری بـێ جێـیە!

خەڵـکە هانـام هێنـاوە بۆتـان چـارەیکەن! ئەم دۆخەمـان
دەنا دیسـان تێهەڵـدەدرێن! دەکەونە بـن بەحـری خەمـان!

هەولێر ٢٠١٧/٢/٢٨

★ مامۆستا فەتاح خەتاب وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی

بۆ شەهید یاسین

چــل و نــۆ ســاڵ بەر لە ئەمــڕۆ، یاســینی بــرام
ئەو مامۆستایــەی زۆر وانــــــەی، گرنـگی پێـدام
جوانەمەرگبــوو، منـیش داخبــار و تــــەنــها مام
بــوومە هــاوڕێی گیــانی گیــانی، خەفەت و وزام

کــاتێ ئەو وەخـــتە شــوومەم بە بیــر دێـــتەوە
دەمارەکــانی خــوێنم گشـــت، وێــک دێـــتەوە!
خەیـــــــاڵی ئەو غەدرەم ئەبەد لێنـــــــابتەوە!
کـــوردیش تـــا وا خۆخـــۆربێ ناحەســـێتەوە

کە تەرمـــی خوێنـــاوی تۆمـــان، بـــۆ هـــاتەوە
خەم بـووە مێـوان، خۆشـیش ڕۆیــی و نەهــاتەوە

بەرواری هەشتی پێنجی ساڵی شەست و هەشـت
بــابە و دایەش، فرمێســکی خوێنییــان هەڵڕشـــت

ئـەی شەهیدی جوانەمەرگــــــم، کاکەیاسیـــــن
دوای مەرگی تۆ تووشی شۆک بووین، هەرواکاسین
هەمیشـە وێنــە و یادگاریـــت لـەدڵمایـــــــــە
هەمــوو چرپـە وجوولەیـەکم تـۆی تـیــــــایـــە
٢٠١٧/٥/٨

چۆن شیعرێکتان بۆ بنووسم

پێنج مانگ پێش ڕیفراندۆم نووسیومە ٢٠١٧/٤/٢١

دەڵــێن بــۆچی شــیعرەکانت ئەوهــا تــووڕە و دڵشــکاون؟
چــی ڕســتەی یــاخی و عــادزە بــۆ بەرگــری هەڵ پێچــراون؟

دەڵێم چون گەل بەدەست حیزبان لەم خاکە بێ ئومێـد کـراون
قوربانین لە دەسـت کەمێکـی !کەم! بـۆ کەمـان !چەوسـێندراون

هەر وەکــو ئــاردی نــاو دڕکــان زەق زەق بە بــن پێخــراون!
یــان وەک مــزە گەنــم و مەعــاش لــە بــن بەرداش، هــاڕدراون

بــۆ نــاکۆکی و پاشــقوڵگرتن.... یەکنەگــرتن .... پــف هەڵــماون
پیلانگێــــڕان! دژ بەرژەوەنــــدی هەژاران، بەگــــڕ خــــراون!

لــەم خــاکە پڕ نــەوت و غــازو خێــرو بــێــــرە!
بەهـــــاوڵاتیە ناحیزبییەکـــــان، دەکەن گێـــــرە!

بە کــۆیلە و تێئــــاڵاوەکانی خۆشــیان هەر دەکەن هێــرە!
گەل قوربانی گورگی برسی و هرسی چیـایی وهەسـپی کـوێرە؟

پیشــەی حیزبــی نــۆکەرێتی و فیشــاڵ بــازی و پەت پەتێــنە!
بزنســــمانی بــێ بەڵێــنە پووڵــداری نــا بەرهەم هێــنە

خەریکـــی پەرت پەرتکـــردنە نـــاوچەگەری و شارشـــارێنە
بـــرەودان بە جلخـــوارییە !جاشـــێتییەکی دڵ پـــڕووکێنە!

دەپـــێم بڵـــێن لە دۆخێکـــــی وا ســــەقەتا
وشـــەم وەخـــتە ملـــی خـــۆی بکـــا بەپەتـــا!

چـۆن شـیعرێکی مـوژدە دەرتـان بـۆ بهـۆنمەوە دووبـارە؟
کە دڵــم وەک زســـتانێکی ســـارد و ســـڕی بـــێ بەهـــارە

کە گەرووم پـــڕ لە تـــاڵاوە و ســـێ ژەمەشـــم ژەهـــری مـــارە!
چیم لە ڕیفراندۆمی ساختەی سەری بێ گوێ و نالەبارە؟

کەنگرو ماسـت و سـەربەخۆیی !وەختـی ڕاسـت و درۆی دیـارە
ئەرێ شـــیعر هەســـتی پـــاکە ؟ یـــان خزمەتکـــاری غەدارە؟
بەو داخە لە گەڵ خـــاک و شـــیعری ناســـک بـــوویمە غەوارە

من چەنـد باسـی خۆشویسـتنی وڵاتـم کـرد، کەس نەیویسـتم!
چەنـــدەی هـــاوارم لێهەڵســـا بـــۆ دادگەری، کەس نەیبیســـتم!

هاوارم ناگات بە هیچ کـەس، وای غەریب خۆم !هەی هاوارخۆم!
لە بێ عەقڵی و بێ سەری ئەم سەرانەی خۆم ! خەفەت دەخۆم
وا تەنهـام بە دەوری غەشـیمی و نـامۆیی خـۆم خـول دەخـۆم

نـــازانم بەم هەمـــوو دەرد و برینـــانەوە بـــۆ کـــوێ بـــڕۆم؟
چەندی زوو ڕزگاربم لـەم نـا کوردبـوونەی خـۆم !باشـترە بـۆم!

هەولێر ٢٠١٧/٤/٢١

مانگی تابان

نەرمبــووی وەک ئــاو تێــپەڕی گەرمبــووی وەک خــۆر دەرپەڕی
لــووس بــووی وەکــو ماســی خــزی   بــە ســانایی دڵمــت دزی

بە تێڕامان، خـۆتێهەڵسووان سەرسامت بووم ئەی شـۆخی جـوان
حەزم لـــێ بـــوو هەمیشـــە تـــێکەڵاوت بـــم، گـــوڵی باخـــان
لێــت تێــر نــابم، چەنــد ڕاتمووســم، بتلاوێــنم، بە دڵ و گیــان

کە تــۆ هــاتی بە ئەســپایی ڕوحـــی مانـــدووی منــت ڕاو کــرد!
هــیچ لە بەر چـــاوم لا نـــاچی دڵــی زامــدارمت بەچـــاو بــرد!
ئەی ژنـــی خرپنـــی ناســـک   بە نـــاز و فیــزی وەک ئاســـک

وەکـو بروسـکە هـاتی و ڕۆیـی تیـژ ڕۆشـتی ناسـکۆڵەی خـۆیی
دەبــووا تێــر عەشــقت بنۆشــم لەوســاوە بــێ مەی سەرخۆشــم

جـێم مەهـێڵە مـانگی تابـان عاشـقت بـووم تـا سـەر ئێسـقان
نەکەی یەکجــاری ئــۆغرکەی   دڵــی مانــدووم لە نــاو بــبەی

هــۆ ژنــی ڕەنــگ ئەرخەوانــی   وەک تیــر دەرچــووی لە کەوانــی
زوو وەرەوە بـــۆ مـــاڵەکەم   بـــێ تـــۆ شـــێواوە حـــاڵەکەم!

هەولێر تەمووز ٢٠١٧

بۆ دایکی جەرگ سووتاوم

بــۆ یــادی مەرگــی تــۆ دایە چــی وشــەی لەهەگــبەم دایە
نــاکاتە دڵۆپــە شیرێــکی لــە مەمــکت بــە منــت دایــە
دەستەوەســتان و دامــاوم کــوا وەســفت لە توانــام دایە؟
ژینت هەرگریان وشین بــوو، بــۆ هەردوو ڕۆڵەی شــەهیدت
بۆ یاســینی جــوانەمەرگ و جەمیــل ڕەنجــبەری عەگیــدت
دایــە بمبــووره نــاتــوانم، شیعــرێــکت بــۆ بهــۆنــمــەوه
لە مێــژه بە تــەمام بــاسی گــەورەیی تــۆ بنــووســمــەوه
چی دەنــووسم دەیسڕمــەوه
تــۆ زۆر لــەوه پیــرۆز تــری بــەم شێــوه بتــلاوێنــمەوه
بــۆیــە بێشــک ئــەم وشانــەم
شەرمەزارن کاتێ باسی ئاسکی دڵ بریندار دەکەم
سی وپێنج ساڵە جێت هێشتووم
لــەوساوه مــن هەتیــو کەوتــووم
بە مەرگی حاجی ساڵحی باوکم وا سەرگەردان نەبووم
هەرچەند بەویش پشتم شکا
کەچی بە مەرگی تۆ شۆک بووم ژیانم تروسکایی تییا نەما
فریشتەی شیعرم جێی هێشتم
هەست وخوستی لا نەهێشتم

دایـەی نوقمی ماتەمینـم بە چ زمانێـک بتـدوێنــم؟
تۆی سەرچاوەی جوولەو هێزم دڵی پڕ ئەویـن و سۆزم
تـا مابم وەک سووتانەکەت! دڵ هەڵقرچـاو و غەمگینـم
ئازاری زۆرت دیت قوربان ئێمەت بـە باشی پێگەیـان
چرکەیەک لە یادم ناچی لای من تۆی هەموو نیشتمان
تۆ بوویتە قوربان خاکێکی ژێر چەپۆک و بێ ناونیشان

هەولێر ٢٠١٧/٢/٢٢

دایکم لە ١٩٨٢/١/١٣ کۆچی ئەبەدی کرد.

هەولێرییەکان بۆ بێدەنگن؟*

"بۆ٢٦ یادی ڕاپەڕینی یازدەی ئازاری ٩١ ی هەولێرەکەم"

بــە داخم بــۆت هەولێرەکەم عەیامێکـــە ئەتـــک دەکرێــی
بۆ ئێمە بووی بە کانگەی خەم لە گشت لا گەمارۆ دەدرێی
ناڕەواییت دەرهەق دەکەن هەرکێی دێـتن بەڕاسـت وچەپ
بازرگانیـت پێـوەدەکات، دەتکات بە مەزاق گاڵتە و گـــەپ!
غەمگینم بۆ مێژووی کۆنـت بــە سـەقەتی نیشـان دەدرێ
دەست بۆ بەهـا جوانەکانـت ســەرووەرییەکانت دەبـردرێ
هەر ڕۆژێـک کــە تێـدەپەڕێ لاپەڕەی مێژووەکـت دەدڕێ
نا هەقیەکـی دژوار تـر، قێـزەونترت، لـــە ئاسـت دەکـرێ!
تــۆ هــەر هــەولێـــری ئـازار و ڕاپــەڕینی نـەوەت و یــەکی
شارەکەی جەمیل ڕەنجبەر ومەعروف و جەمال حەیدەری
یوسفەکـەی دەرگەڵەیی و شەهیـد بەهـرام، خەجەبـاوەی
زۆری دی لەم جـۆرە نــاوەی قوربانیــدەر و چەوسـاوەی

ڕەنجبەر لە کوێی؟ پێمان بڵێ بۆ بێدەنگ و کـش و مـاتی؟
مودەتێکــــە چـاوەڕێتین درەنـگ داهــات، هەر نەهــاتی؟
هــۆ سـونبولی خۆڕاگـــری و بـەرخودانــە بـێ وێنەکــەم
کوا کەینێ دێی؟ هۆ هاوڕێیە شیرینەکەم، هەردەبێ بێی!

تەکـان بـــدە، ڕۆڵەی شـارە خەمگینەکەم، تـۆ بـۆ نـایی؟
زوو گـۆڕەکەت هەڵتەکێنـــە! بە هێـوری ســـەر دەربێـــنە
جەمـــاوەری هەولێـــرە ئـــازاردراوەکەی خـــۆت بـــدوێنە
ئەم هەولێـــرە دڵ شـــکاوەی ئـــازادییەکەی زەفتکـــراوە
هەرچی سامانی سەر زەوی و ژێر زەویـیە و نەوتـی خـاوە
هەوای ئاسمان و هەتاوە
بە دەست هەندێ، چاوچنۆک و تێـر نەخـۆران قـۆرخکراوە
قـەڵاشی چەندیـن داڵاشـــی دڕ هێـــرشی بـۆ هێنـــاوە

هەموو ڕۆژێ بەم هەولێرە
دەڵێـن دەنگی نـا دلێـرە
بە دەست خەڵکی بێ بەزەیی شار گەلەکۆمەی لێدەکرێ
"پێی دەگوترێ :هەولێرییەکان بێ هەڵوێستن!
گەلۆر، غەریب حاڵ، دەمچەفتـن!
زووبـن حەوسەڵەم نەماوە وەک جاران یەکبن و هەستن
بڵێن هەرگیز بە ڕیسوایی ژیان ناکەین
ئازادیمان شـــەرەفمانە پشتگوێی نـاخەین
بێـدەنگ نـابین دەیسەلمێنیـــن هەولێـر هۆلاکـۆ بەزێنـــە
ڕێ بەهـەڵلووشینی نـادەیـن هـەمیشـە ناکەس تەزێـنـــە!

كڕنۆش بۆ بێدادی نابەین

مرۆڤی مەرد لە ژینـی خـۆی دا مـردن یەكجـاران دەیگـاتێ
ترسنۆكیش سـەد جـار دەمـرێ لە هەر دەقـیقە و سـەعاتێ
نابێ هیچ كەس لەهەركوێ بێ؟ هەر ناوێكی لەخۆی نـابێ؟
بـۆ مەرامی تایبەتی خـۆی پایتەختـــەكـەم بـڕەتێـــنێ!
ڕێگـــا نـــادەین كـــۆیلە و دەســـــتە پـــاچەبكرێ
هاوڵاتیانی بتۆقێنێ

ڕەنجبەرەكەم

زوو كە وەرە سەر منارەی هەولێرەكەم
بانگی ئازادی ڕادێرە بـرا دلێـرەكەم
هاوڵاتیانی ئێرە و خەڵكـی گشـت سـەریان لەوە سـوڕماوە
دەڵێن بۆچی هەولێرییەكان وا بێ دەنگـن ؟چـی قەومـاوە؟
پێیـان بڵـێ هەولێـر شـێرە هەر دەم بە سـەركەوتن فێـرە!
ئەگینا سووك و بێسەنگن هەرچـی هەن كـاس و بێـدەنگن!

مەهێلن كەس تانە و تەشەرتان لێبدا
جوانی و مەردایەتیتان بە تاڵان ببا!
بەرەڵڵایی و بێ یاسایی لەم شارەتان بەرپا بكا
مێژووی پڕشنگدارتان بەرەو شەرمەزاری و گومان ببا

ڕەنجبەرەکەی کوردان لەکوێی ؟

بە خــانزادی ســۆران بڵێــی خــاتوونەکەم تــۆ کەینــێ دێــی؟
هەردەبـــێ بێـــی! هەولێرەکـــەت لە گیانـــەڵایە و ڕۆڕۆیە!
کــاکە ئــازا و بــوێرەکەم شــێری نووســتووی ئەو دەڤەرەم
گەلێــک پێویســـتمان بە تــۆیە هەولێــرەکەم چاوەڕێتـــە!
بــۆ ئــازادی و ڕاپەڕیـــن و دادپـــەروەری، کارمـــان پێتـــە
وەک هەمیشـــە پـــێمان بـــڵێ کــێ زەلیلــی بــوێ شێتـــە
توخـــوا بەســـیە بێـــدەنگ مەبە چیـــتر مەبە بە مـــایەی زەم
پەشـــیمانی دادتـــان نـــادا بڵـــێ مـــن هەولێـــریمە و هـــەم

هەولێر ٢٠١٧/٣/١١

★مامۆستا فەتاح خەتاب وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی

وڕێنەی سەر پردێ

(دوای پێدانی خزمەتگوزاری ئاو و کارەباو... بەکۆمپانیای ئەهلی)

تەموز:

پارەی زبڵی بدەن وەک شێر ملتان شۆڕکەن! سەر بەرەوژێر
لە بن پردێ وەرنە بەر بێر! سڕەی بگرن بۆ دان وەک مێر!
با کارەبا نرخی گران بێ لەدەست خەڵکی بێ ویژدان بێ
فەرمانبەر برسی و بێ نان بێ نیو مووچەی پێ مووچەدان بێ
کەرتی تەندروستیش وێران بێ پەروەردەش هەر دەردو ژان بێ
بنوون تێر، بیست وچوار کاژێر زەلیل زەلیل چاو بەرە ژێر!
باجی پردانە و کوردانە! بدەن، دانێکی مەردانە!
سەرتان پێ شۆڕ نەکەنەوە ! لە سەر پردێ مەپەڕنەوە
با مۆرتان پێوەنێن بۆ خێر! نەکەن بژین مەرد و بوێر!
قەڵەباڵغ بوو سەر پردێ ڕێگر زیاد کەن، دەست و بردێ!
خەڵک گوناحە با درەنگ دانێ بچنە ماڵێ بۆ ناو ڕانێ!
کێ خەمی خەڵکی لەبەر بێ دەبێ لە وڵات دەر بەدەر بێ!
گەلی بێ هەڵوێست و سەرشۆڕ! شایەن زیندانە نەک بەرخۆر!
کێی ژینی سەرفرازی بوێ دەبێ ڕاپەڕێ نەک بنوێ
گەر تەمات بێ خوا بۆت چاکا بەفر لە بیابان داناکا!

هەوڵێ بدەن بێنە مەیدان بڵێن ؛نا بۆ کۆیلەیی ژیان
نا بۆچەوسانەوە و دیلی نا بۆ ژێردەستی و زەلیلی!
دەبێ عەدالەت بەر پا بێ ئازادی فەرمانڕەوا بێ
دەنا چارەنووستان ڕەشە زوڵمی خۆییش وەک گای قەشە
هەر کێی پیسفەرمانڕەوایە، دۆخی ئەو های لا ڕەوایە!
ئەگەر ئێوە خۆش داکەنن! جەردەش بە جۆش پێدەکەنن
دیکتاتۆری ملهوڕ، حیزبی! پێی خۆشەخەڵک پێویست، حیزبی!
ئەوەی دەیڵێم وڕێنەیە لە داخ غەدری بێ وێنەیە

هەولێر ٢٠١٧/٣/٢٨

له ساڵیادی مەرگی باوکم

١

هۆ باوکەگیان

دەرهەق بە قوربانیەکانت زمانم لاڵە

وەسفی هەڵوێست، نەبەردی تۆم، پێ مەحاڵە

ئەی باوکەگیان

هۆسومبول وئولگۆی باوکی خۆڕاگری ڕۆڵەی مەیدان

کە زایەڵە و گڕی شۆڕش ورده ورده کوژایەوە

ئومێد لە دڵتا کز دەبوو وەکو شەختە دەتوایەوە

بیست وحەوت ساڵی پێش ئێستا دڵی تۆش لە لێدان وەستا

لە شانزەی پێنجی نەوەتا لە تەمەنی حەفتاو حەفتا

لە سپێدەکی کش و ماتا بەجێت هێشتین بێ ماڵئاوا

لەوساکەوە، من هەر خەمبار و دڵگرانم

چی ئۆقرە و تەناهی هەیە، پێی نازانم

چیت بۆ باسکەم؟ دوای تۆ ئێمەچیمان لێهات؟

وڵات یەکپارچە بوو بەگڕو ڕاپەڕین هات

پاشان ئەفسووس براکوژیشی بەدوا داهات!

چیت بۆباسکەم؟

باشبوو نەتدی حوکمی نالەباری کوردی

دەنا ڕەنگبوو پەنجەکانی خۆت بکرۆژی!

نابمبووره تـۆ هەرگیـز تەسلیم نەدەبووی
کوڕی ڕۆژی تەنگانـە بووی
دەچوویـــــەوە بـەگـــــژ بـەفـیـــــڕۆ دەرانـــــی
خـــوێنی گەشـــی شـــەهیدانت زۆر بەڕوونـــی
لـــێگەڕێ بـــا چیـــتر برینـــت نەکـــولێنمەوە
دایەئاســـــک و فرمێسکـــــــە نەبـــــڕاوەکانی
ســـینگ کوتـــانی پرســـەت بەبیــر نەهێـنمەوە
دەنـا ڕەنگبــێ گەر دووبـارە ژینــت بــۆ بگەڕێنـنەوە
تەمەنــای مــردن بکەیــت و ســاتێ لێــرە نەمێنـنەوە!
گەورەم باوکە خۆڕاگرەکەم
غەریبی قوربانی دان و
ورە و هەڵوێســــتە شێلگیریەکانــــت دەکـــــەم
تۆهەنـدەی بـۆ گەل و نیشـتمان مانـدوو بـووی
نیـو هەنـدە بەدوای ئـارەزووی خۆتـدا نەچـووی
گەورەم باوکە
دوکانەکەی ناوبازاڕت لە بۆ شۆڕش بوو بووە مـۆڵگە
خۆشت ببووی بەپەناگە
ماڵەکەشت ببووە مەڵبەند، مەکۆ و ئومێـدی پێشـمەرگە

بـــاوکە بیـــرمە کە کـــاکە یاسینـــت شەهیـدبـــوو

رق ئەستوورتر بووی نەڕووخای

هەرکەجەمیل ڕەنجبەرەکـەت

خۆی قوربانی چەوساوان کرد، تۆ نەچەمای

کاتێ ئاسکی جەرگ سووتاوت

هانای بـۆبـەرخواو مەرگ برد

دەت نرکاند وەک تەنوور ئاگرت لێ هەڵساو بەکوڵ گریای!

دایـــکی جەمیـل ڕەنجبـــەرم ڕۆ یاســیــنی تـــازە لاوم ڕۆ

کەکاک ئیسماعیل(٢) بەداخی سەگۆڵەوە

جەڵتـەی لێـداو بـە جێی هێڵای

پیـری و خـەم هەر دوو هێرشیان لە بۆ هێنای

باوکـە غەریبی مەســەلە پـڕ حیکمەتەکانــت دەکــەم

بیـــری ڕەوانبێـژی و پەنـــدە پـڕ عیبرەتەکانـــت دەکەم

باوکە جەرگ براوەکەم

حاجی ساڵحەکەی شانازی بۆنـاوەکەم

خۆزگە ئەو هۆشەم لا دەبوو

گشــت مەســەل و هەڵوێســتەکانتم دەنووســـی

حیســـابگری ســـاڵ و مانـــگ و ڕۆژی کـــوردی

زاینـــی و شەمســـی و قەمەری درشـــت و وردی

"باوکم وبزووتنەوەی جوتیارانی دەشتی هەولێر٥٣

هەمووجـــارێ لەمەجلیســـی خـــۆش مەشرەفتـــا

کە ڕاپـــەڕینی پەنـــجا و ســێ بـــاسی دەکـــرا

(٢) ئیسماعیلی برام لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا، بە فشاری خوێن جوانەمەرگ بوو.

دەتفەرمـوو کە سـوێندت نەخـوارد، لەگەڵ عەوام

بـــەڵام گفـت و بـەڵێنی مـەردانــەت تـەمــام

بردە سـەرو گۆتـــت مــن بـێ سـوێنـد و تــەڵاق

سوغرە ناکـەم بـۆ دەرەبەگ، گــەر شـەقبا شـەق!

ئەفسـووس ڕابـوونی فەلاحــی شکسـتی هێنــا

زۆربەی جوتیاران چوونەوە بۆ سوغرەو تۆش هەر گوتت نا

ڕاست دەرچوو فەرمایشەکەت، دەتگوت دەچنەوە لای ئاغا!

بیـرمە گوتت: من هەرگیـز نەچەمامــەوە، هـەر دەمگوت نا

سـوێندی زۆربەی وەرزێـــرەکان، کــەوت وشـکا!

تـۆش بە یەکجـاری یـاخی بـووی چەشـنی قەڵا

بێگـــاری و سوغـــرەت نەکـرد و ئـــەوانیش بـــا!

بۆیە سەربەرزانە ڕۆشتی و بارگەت بۆ هەولێری تێکنـا!

بـە نـاچاری هاتیە شـاری لە هاوینی پـەنجا و حەفـتـا

هەرگیز نەچوویتە ژێر باری سوغرە و زوڵمی ئاغاو چەتە!

٢٠١٧/٥/١٦

حاجی (ساڵح گۆران)ی باوکم لە ١٩٩٠/٥/١٦ کۆچی دواییکرد.

گفتوگۆی نەسازاوەکان

"دوو مانگ پێش ڕیفڕاندۆمەکە واقعێکی تاڵ دەخاتەڕوو"

هاوڵاتی:

ئەوریفڕانـــدۆمە و بـــۆ پـــێچکەی کورســـییەکی شـــڕ و لەقە
نەک بۆسەربەخـــۆیی و ڕێچکـــەی کـــەڕامەتی کـــوردو هـــەقـــە

کۆیلەی حیزبچی:

نـــــا ئـــــێمە ڕیفڕانـــــدۆم خـــــوازین !خـــــۆش ئـــــاوازین
بەســــــەر گشـــــت گـــــۆی ئەم ســــــەرزەمینەش دەنـــــازین!
هەرچــــــی شــــــێخمان فەرمانـــــدا بـــــۆی بەردەبـــــازین!
ئـــــێمە لە جـــــۆری مـــــام ڕێـــــوی و شـــــێر و بـــــازین!
شاهەنشـــــــایی هەر لە ســــــــەرکردەی خۆمانـــــــدێ؟
تـــــاج وئاڵاشـــــمان بەڕادانـــــداوە وا بەرەو پیرمـــــان دێ!
هەردێ هەردێ، دەســــــتووریش لە بـــــۆ میرمـــــان دێ!

هاوڵاتی:

ئەی دیموکراسیەکەو کـوانێ؟ ئـازادی ڕا، حـوکمەت کـوانێ؟
هەڵبژاردنـی سـەرۆک کـوانێ؟ پەرلەمـانی لەت لەت کـوانێ؟
لێتـان ڕوونـە دەیدۆڕێنـن بۆیـــە خۆتـان دەسـەپێنـن!
هەرگیـــز بۆتـان ناچتەسەرێ فیتنـە سازی و دانـە بەرێ!

دەسەڵاتدار

ئـێمە تـازە مەزنـی ئێـوەین بە فیشـەک دەمتـان دادەخەیـن!

گەردەوڵەتمان پێ چێ نەبوو دەڵێین خەتای موعـارەزە بـوو!

گرنگە سەری ئێمە ساغ بێ! خەڵکـی تـر گشـتی یاسـاغ بـێ!

چەکـی نوێشـمان بـۆ هـاتووە ناحەزمـان دەمکـوت کـردووە!

کێ بڵێ نەخێر پێمان جاشە! پێشمەرگەش بێ هەر لەپاشـە!

بژی کورسی و سەرۆکی گشت دیکتاتۆرییەتی پشتاوپشـت!

ئۆپۆزیسیۆن:

بەپشـــــتیوانی هێـــــزی گەل دەو ڕووخێنــــــین!

ملیارەهـــــای تاڵانیتـــــان لـــــێ دەســـــتێنین!

ســـــەربەخۆیی ڕاســـــتەقینە بەدەســـــت دێنـــــین!

ئێمەبەرگریکـــــاری ڕاســـــتین! لێـــــو ناترســـــین!

بە هەڕەشـــەی خـــائین وجـــاش نـــاگەڕێینەوە پاشـــەوپاش!

بە فیشـــاڵێ ڕیفرانـــدۆمتان، مـــافی خۆمـــان لە بیرنـــاچێ!

وادەزانـــن ئەم مـــیللەتە دەگەوجێـــنرێ و ســـەرچیغ دەچـــێ؟

دەسەڵاتدار:

ســـیری بخـــۆن زۆرنـــای لیـــدەن هەڵـــپەڕن و نزایـــان بـــکەن!

هانا بۆ کـوێ دەبەن بـبەن برســـی بـــن ســـەرتان لەبەرد دەن!

تـــازە ئـــێمە دەســـەڵاتدارین گـــوێ نـــاگرین، زاڵـــم و غەدارێـــن!

خۆمان پۆشتە و تێر و پڕین قسەی کەس بە فلســـێ نـــاکڕین

هاوڵاتی:

بەزمـــی قـــۆڵ فشـــکردنەوەیە بـــەردەوامی پیســـخۆرییە!
پیـنەی شکســـت وخـــوارییە ! کـــوانێ بـــۆ دەوڵەت داریـیە؟
خەڵکـــی خەریـــکە دادەڕزێ زســـتان لەســـەرمان دەلەرزێ!
کە هیچتـــان لە بـــاردا نیـــیە! تـــا کەی ئەو قەیرانـــدارییە؟
مووچەتان پێ دابین ناکرێ داهاتی نەفتیش قووت دەدرێ!
ئـــاو و کارەبـــاش لەتـــرازە مامۆســـتا و دکتـــۆر بـــێ نـــازە
کەمئەندام و خانەنشینیش دەژین بە تەمای خزم وخویش!
نـــان و ئـــازادی و کەرامەت پیـــرۆز تـــرە لە ئـــاڵاو دەوڵەت

٢٠١٧/٧/٢٦

نەخێرم پێ هەزم ناکرێ

"دووحەفتە پێش ڕیفراندۆم"

بـــۆ دەوڵەتێکـــی بنــــاغە بەهێـــز
دەنگـــم بەڵێـــیە لە گەل بگـــرێ ڕێـــز
نەک تڕەکەڵەکـــی هەوای ســـەری گێـــژ
بە ســـووکە پـاڵێ ڕێـی پـێ بکـرێ لێـژ
بـــۆ کۆمـــارێکی کوردســـتانی بـــێ!
نەک هـی فـلان حیـزب و فیسـارانی بـێ!
مــــیللەت یەکبخــــا بە دادپەروەری
نەک شـــەڕداهێنێ بـــۆ ســـەوداگەری !

بەســیە پەرتکــردن بــۆ کورســـی و دۆلار
شـــەهیدی کـوردان کـوا دێـتن لەژمـار؟
گەر بەراســتتانە دەوڵەت دروســت دەکەن؟
بـــــۆچی هاوڵاتیــــان جەزرەبە دەدەن؟

پێشـــمەرگە یەکـــخەن گشـــت کـــۆببنەوە
بـــۆ قــــازانجی خەڵـــک بگەڕێــــنەوە
کـــوردێ دڵســـۆزبێ بـــۆ کوردســـتانی
خـــاک هەراج ناکـــا بـــۆ بازرگـــانی

هەرچەنــــدە کەمـــن یەکجـــار نـــاڕازیم
لە حـــوکمی ئێـــوە و دژ گەنـــدەڵبازیم
کەچـــی نەخێـــرم پـــێ هەزم نـــاکرێ
بەڵێـــی زۆرەملـــێش هـــیچ بەرهەم نـــاگرێ!

گەردەنگـــش بـــدەم، بەڵـــێم بـــۆ کـــوردە
نەک بـــۆ دەوڵەتێـــک بـــۆ دز و جەردە
گەر جاڕیش نـــەدرا وەرنـــــە مەیـــدانێ
بڵـــێن بەرنـــامە و پلانتـــان کـــوانێ ؟

بـــا بەرەی بەڵـــێ و نەخێـــر یەک بخەیـــن
تـــا بە هەق بە ســـەربەخۆیی بگەیـــن
بـــۆکەس نیـــیە تاسەردەســـەڵات وکورســـی
ناپـــاکە هەرکێـــی گەل بکـــات برســـی

مـــن ترســـم هەیە ڕیفرانـــدۆم درۆ بـــێ!
بـــۆ بە کـــاربردن چەواشـــەی نـــاوخۆبێ!
بـــۆ سازشـــکردن، بچـــنەوە بەغـــدا
دەوڵەتی کوردیش بدەنەوە دەست خـوا !

٢٠١٧/٩/١١

مەهێڵن دەربازبی

هۆیها دزە! بیگرن مەهێڵن دەربازبی بەسیە حیزی
پاشەڵپیسە! پاشەکەوت و مووچەی ئێوەی خڕی دزی!
سەرکۆنەیکەن، لە ناو حاویەی زبڵێی باوێن، جاترۆیکەن
سەد شەقی مزری تێهەڵدەن وەک کۆنە پێڵاو فڕێیدەن!

٢٠١٧/١٢/٣٠

ڕاپەڕین

ئەوستەمەی چاوچنۆکی
خۆیی دوای ڕاپەڕین کردی
نابووتترین بێهوودەیی
چەسپاند کەر کردی و گا خواردی

٢٠١٥

بەرشەقدانی مامۆستا خانەنشینەکە

کـە مامـۆستـا بـەر شەقـدرا بـێ ئومیدیـم گـەیـیـە لوتـکە
وا دەزانـم کـەڕامـەتـی گشتمـان بـەرشـەق دراوە و ئـەتـکە
نەفـرەت لـەو زڕتە بـۆزەی کـە تـۆی ئـەوهـا ڕاسپـاردووە
بێشک شایەنـی زینـدان و تێهەڵـدان و قـامچی و پـەتـکە!
ئەوەشـی پێـی خۆشـحاڵـبـووە ئـەرکی دەمـاخ بـەتـاڵبـووە!
بۆ ڕەزامەنـدی سـەرچەتان وەک دەروێـش تووشـی حـاڵبووە!
تۆ کێی گەمژە، تا مامۆستای خانەنشینمان بەرشـەق بـدەی؟
کێ پێی گـوتی چاوترسـێنی بـەسالاچووی میللەت بـکەی؟
چەقـۆ وەشـێن و بـەرەڵلاکان سنـدم کـەن ! هـەتـا زووە!
خەڵکە ئەو بێڕێزییە تـاکەی؟ دارو بـەرد بـێتـاقـەت بـووە!
کۆت و بەند توورِ هەڵدەن دەنـا درەنـگە وا کـات بەسـەرچووە!

هەولێر "ساڵی بەرشەقدانی مامۆستاکە"

تەكنۆلۆژیای بورجوازی مافیای گزی

گاڵتەوگەپ :"دوای تەزویرەكەی هەڵبژاردنی ٢٠١٨"

به بـەرنامـەو بەهـاكــەوە بــەسڕكردنی تاكــەوە!

به مۆرفیـــن و سیكۆتیـــن و تریــاكەوە

به هەڵلووشـــینی گـــازەوەو بەنەوتەوە

به فـرۆشتنی خاكـەوە

بـــە كەوگیـــر و بـــە سیـــكاردو بەمەنجـــەرو بـەمـــراكەوە!

هەر لـــە بـێ هیـــوا كـــردنی دەنگـــدەر بە خــراپ وچــاكەوە!

بە قوتـــدانی دەنـــگ و ڕەنـــگی تـــاك تـــاكی خانــــەوادەوە!

بـــە داپیـــرە و بـــە دایكـــەوە ! بـــە باپیـــرەو بـــە باوكـــەوە!

بە زاك و مـــــاكی ڕانەوە ! بە داڵ و نەجـــــمەی شانــــــەوە!

بە ســـەر پشـــتی خەفـــیەی كـــۆڵان! پیـــر و كەنەفـــت ولاكەوە!

بەرۆژی ڕووناك شەوتان باش! برای دوژمن بۆ یەك سەرتاش!

بە سواری هێستر ســواری جـــاش ملیۆنـــان بدەنـــە شـــاباش

بەلاگز سیش لێدەن تەناش!

خێـرا خێـرا، هێـواش هێـواش بــەرەو خـــەرەند بـــڕۆن بەلاش

بە بەگ بێـــنەوە پاشـــەوپاش بـــۆ ســـەری بەتـــاڵ و پـــڕ غەش

چەشنی بـزن و كاریلەی جوانكیلە و گای قەش

بچنە لای خمچی و پاشان سەر بگرن لە هەش!

تلی لیلی و قلی ویلی!

دیسـان دز سـەرچۆپی کێشـە و لێـرە قەت پێـی هەرنـازەلی!

هەش بە سـەری خـدر و عەلـی! بـژین بەحیـزی و زەلیلـی!

لە کەسنەزان و هەرتەلی!

تا ئەوهابی ئۆباری خەڵکی و لە ملی!

تــەکنۆلۆژیـای بورجـــوازی مافیـای گــــزی !

کـلی لـە چـاوی مامـزی خـارە کـاکـلی دەدزی!

هەولێر ٢٠١٨/٥/١٤

گزی ؛ تەزویر

سێلفی

کـوڕە! گەلحـۆ !مەسـئول تەنیـابۆ دەنـگەکەت دەتگەمژێنـێ

سـێلفییەکت لەگەڵ دەگـرێ تـا دەنـگەکەت لـێ بسـتێنێ

دوای هەڵبـژاردن نـاییبینییەوە هـیچ منەتـی پێـت نـامینێ!

خـۆڕا نـاڵێن تاسـەر بمینـێ هـین! هەرعاجباتییـان دەبینـێ!

٢٠١٨/٥/٤

شۆک!

"وەڵامی ئەپڵیکەیشنێکی فەیسبوک"

گەر بــــێ وجارێـــک لەخەونــــێش دانــــدرێم بەســــەرۆک!
ســــــوپای داگیـــــرکەر لە کوردســــــتان قــــاو* دەدەم!
هەر قەزەمـــــێ بــــۆ دوژمنـــــان بێـــــتە ســــەر چـــۆک!
بــــــێ دوو دڵــــی، حەشرێکـــــی ئەوهــــای پێــــدەکەم
ببـــــڕای ببــــڕای، ســــەرنەویبێ و تووشــــبێ بەشـــۆک!
٢٠١٨

*قاو دەدەم : دەردەکەم

تامپۆن لە فەنتەلۆس

گەر دەســـت و پێوەنـــدەکانتان، ئەوهـــا بـــکەن بـــۆ تـــامپۆنێ
کـــوڕ لە بـــاوەش، دایکـــی بەر گـــوللە بـــدات و تێـــی تەقێنـــێ

قـــانون چیـــیە؟ مـــیللەت کێـــیە؟ چەکـــی کـــاک فڵانـــم لە مشـــتە
دەکوژم، جەرگی خەڵکی دەبڕم !حیـزب و عەشرەتـم لەپشـتە!

گەرکەپووی بێچووی سەر زلێ! خوێنێ لێبێ، چی دەقەومــێ؟
ڕەنگبــێ وڵات ژێـراو ژوورکـات هێـرش بکـاتە ســەر قەومــێ!

ئەو توندڕەویەی ئێرە ڕاگرن چەکداری کوردی بەرەڵا
بۆگەنی ئێرانەی تەنی چەکبازیش لێی بۆتە بەڵا!

کوردێنیتان زیفی دەرچوو وەک دروشمی سەربەخۆیی
دەوڵەتیشتان هەر بێبن بوو دڵ و قودسەکەشتان ڕۆیی!

دەسەڵاتێکی سەقەتی بێباک لە گەل و خاک، قەپات!
تەنها چینی چەوساوەی دادۆشی وڵاتی، کردە نەهات

ئەم پەروەردە چەتەگەرییە هی حیزبی بیرۆکراسییە!
عەقڵییەتێکی خێڵبازی : نا ڕێک تر لە هی بەعسییە

لەسایەی حوکمی فەنتەلۆس کوشتن و دزین ئاسانە
مرۆڤکوژ تیایا وەک پاشایە! بۆخەڵکی بێ چەک زیندانە!

هەولێر ٢٠١٨/٦/٢٣

هەستی گیرۆدە

ئەریٚ کیـژیٚ ڕووی ڕازاوەت کـوانیٚ بە مـن وەسـف دەکـریٚ؟
هەنــدە شــیرین و قەشـــەنگی هەنگـــوین لە زارت دەبـــاریٚ

بێدەســـتی خــۆمە دڵ تەڕم هەر چەنــدە بــیٚ هێــز و پیــرم
حەز دەکەم بـۆنکەم گەردنــی جـوانیٚ خـۆی بـوو بە هـۆگرم

بــۆیە لێــرە نــاوت نــابەم تــا کەس لە نێوانمــان نەگــات
چون ئەو ئەشقەت درەنگ وەختە، بازیان لە نەونەمـام نەدات!

داواتکرد شیعریٚ دانـێم بـۆت بشـێت بـۆ بـاڵاو ڕووی گەشـت
هەسـتی گیـرۆدەم بکێشـێت نەخشـی بـرۆ و چـاوی ڕەشـت

ئەوچەنـد وشـە کـرچ و کـاڵەم پێشکەشـە بەو گـوڵ هەنـارە
بەختــت لە بەرزی دەبیــنم وەک مانــگ لە ئاسـمانیٚ دیــارە

هەند بە تەماشات سەرسام بووم خوایە هەروا پڕشنگدار بیت
جوانیت کێشـم دەکـا و ئەقڵـم دەخوازێـت دوور لە ئازاربیـت!

٢٠١٨/٨/٢٥

مامۆستایەکی پاڵەوان

مامۆستایەکی پاڵەوان
ویستی ڕووداوەکان بکا
بەشیعروکورتیلە چیرۆک
بەڵتەجیـەکی چەقو وەشێن زراوی چـوو
قەڵەمەکەی لێ شکاندو
گرتی و ئەوهەر نەچووە سەرچۆک
گوتی نەفرەت لەو حیزبەش بێ
کادیـری وەکو تۆی هەبـوو
وەک گای قەشبێ!
ئەو قوتابخانەش تۆی لێدەرچوو
تفوو تفوو لـەوحوکمەتـەش
خـۆپیشانـدەر بداتەبـەر شەق و چـەقوو
تفوو تفوو

٢٠١٨/٣/٢٩

ئەشقت کۆن نەبووە هەرنووە

گەر دەپرسی دوای دابڕانمان ئاخۆ منت لەبیر چووە؟
لەمێژە، جێت هێشتووم هێشتاش ئەو ئەشقەت لە دڵ زیندووە
تینی ئەو ئەڤینەت گوڵێ ڕۆژ بە ڕۆژ گڵپەی سەندووە
هەتا دەمرم دەناڵێنم عەشقت کۆن نەبووە، هەرنووە
هەموو جارێ کە بە لای کۆنە هەوارتان ڕادەبووورم
کزە لە جەرگم هەڵدەستێ ! دەڵێی تازە دڵ پێکراوە
گریانم بۆ حاڵی خۆم دێ هەزاران میل لە تۆ دوورم
دڵ وا شێواوە لای وایە دوێنێکە تۆی لێ ڕەنجاوە!
داخوا لەو ماوە حاڵت چۆن بووە و چۆن بۆت گوزەراوە؟
وا هەست دەکەم نەتوانیوە منت هێشتان لە دڵ ماوە
گەر وا نەبێت کەواتە تۆ درۆت لە گەڵ من کردووە
عاشقێکی ساوێلکە بووم، دیارە پێمت ڕابواردووە
گەرئەوعیشقەت بە ڕاست نەبوو بۆ ڕێت دام دەسخەڕۆت کردم
ئەو نامە گڕدارانەی ئە وینت بۆچی بۆ دەناردم ؟
ڕەنگبێ بڵێی جا کوا کچی ئەم وڵاتە ڕێی پێ دەدرێ؟
بگات بەوەی خۆشی دەوێ! یان هەر دەم ڕێی لێ دەگیرێ؟
هەر چی بڵێی دادت نادات دەردێکی وات پێم کردووە
تاخوێن لە جەستەم سووڕ دەخوات ئەو دڵەم هەر ئەشقی تووە

هەولێر ٢٠١٨/٧/٢

وەختە ئەم ژینە جێ بێڵم

"کاتێ زوڵم دەگاتە لوتکە ژیان تامی نامینێ"

بەشی یەکەم

ئێستا کە زۆر دڵم تەنگە ڕاستی وەک پووشە بێ سەنگە
هەندە تووڕە و سەرگەردانم خەفەت لەم میللەتە دەخۆم
خەفەت لە حوکمی سەقەت و عەقڵی سەقەتی خۆم دەخۆم
لێرە هەرچی ڕاست بێ نەنگە!ئەوەی ڕێزداربی هەرجەنگە
کێ هەق بێژ و گەل پەروەربێ بەردەوام هەر باری لەنگە!
ئەوا خەریکە شێت دەبم سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم
دنگ! دنگ !دەمی کوڵنگ بدەم لە کەلەشی دزێوی ستەم!
خەریکە ونکەم ڕێگاکەم ڕوو لە چۆل و سەحرا دەکەم

★ ★ ★

هۆشمەندی دەردێکی قورسە! پڕ لە دێو و درنج و هرسە!
کەرێتی خۆشە بێ پرسە ؟ مێرگوزارێکی بێ ترسە
سواری کەرێ خۆشترە لام بێ سین و جیم و بێ وەڵام
لە وەنەوشە و لە لاگزری حیز و دزی گەوج و نەفام
جزدانی بە تاڵی خۆمم پێ باشترە، لە پووڵی مۆڵ
لە بانقی پڕ لە دۆلاری مەسئولی بێ ویژدان و زۆڵ
بێ دەستی خۆم دڵم تەنگە پڕ ئاشووب و درۆی جەنگە
ڕۆژی ڕوونم شەوەزەنگە ڕاستی وەک پووشە بێ سەنگە
خەریکە هەولێر جێ بێڵم بەرەو چۆل و بەڕیا بڕۆم
وەختە ئەم ژینە جێ بێڵم دەست لە دونیای درۆ بشۆم!
نەک هەناسە سارد بناڵم، بمێنم هەر خەمان بخۆم!

هەولێر ٢٠١٧/٤/٦

دڵم زۆر عادزو تەنگە

هەندێ تاقمی چرووکی کوردی وا دژی خەڵکی لەجەنگە!

ئەوەی لێرە ئەڵقە لەگوێ و نۆکەر نەبێ، پێیان نەنگە!

ڕاستی لێرە بەڵمە برنجی شارەزوورە، هەند بێ سەنگە

عەشرەتباز و مرۆڤ کوژ نەبی بەردەوام هەر بارت لەنگە!

خائین سینگ دەردەپەڕێنێ! وەک پێڵاو بە پێی من تەنگە

زوڕنا ژەن سەرم دێشێنێ ! خۆرەتاوم شەوەزەنگە!

چەند ین ساڵە حیزبی زریان و ڕەشەبا!

حیزبی کەڵەگا و کونە با ! خەڵکی خۆی لە خشتە دەبا!

ئەوەی عەقڵی بە کار بێنێ وەک دوژمن لێی ڕادەمێنێ

بیرمەندی کارێکی قورسە ! کەرێتی خۆشە بێ پرسە؟

پیادە ڕۆیینی ناو جادەم سواری کەرێ و کەچە لادەم

هەزاران جار پێ چاکترە شەریفانە ترە هەر دەم

لە مۆنیکا و لە وەنەوشەی دوا مۆدێلی، بە خوێن کڕای

بندیوارو ڕاوەڕووتچی چەکداری خێڵی ناو زڕای

ئەڵقە لە گوێی دۆلار، درهەم سەرکردەی بێ ویژدان و خەم!

له کەرستەی مارکە وسعاتی بەچکەی بنەماڵەی بێ بەرهەم
جلکی شڕی لەنگە و کۆنەم پێڵاوی کون، پینە پینەم
هەزاران جار پێ باشترە لە ڕانکو چۆغەڵی گرانی
خۆماڵی مەرەز یان کری؟ بێچووی چەمووش و کەمزانی

له قات و ڕیباتی مۆڵی پارەی دزراوی وەک خۆڵی
نەهەنگی چاوبرسی و زۆڵی هی نەوتی خەڵکی کلۆڵی
برسیکراو و ڕەتێنراوی! خەوێنراو و تۆقێنراوی
بە نۆ قەدان ئەنگاوتراوی! چی وچیتری! لێکراوی

گیرفانی شڕ و بڕاوی! خۆمم بێشک پێ چاکترە
لە ملیاران دۆلاری کێی لە کۆنە جاش ناپاکترە!
بەئاشکرا لرفکراوی کۆنە دزی نوێ و پەنماوی!
مەسئولی لامل و غەدار! خۆ لێ گۆڕاوی جەردەی هار!

بۆیە ئاوا پشووم سوارە لەم بەناو شارە پایتەختە
ژیان بۆ من، هی وەک من چەند بڵێی سەختە

وەخـــــتە لەم هەولێـــــرە بـــــار کەم

سەری خۆم هەڵگرم یەکجاری لەم کوڵەمەرگیـە خۆم ڕزگـارکەم

تەنیـــام لێــرە، لەم هەوارەم دەســـت لە ملانـــی پەژارە و خەم

یان دەبی کۆیلەی حیزبان بی یان ژیانت چەشنی زیندان بی

هەنــد خــراومەتە ژێــر فشــاری حیزبــی نالەبــاری کــوردی

کەرســـتەی دەســـت نادروســـتی! پیلانگێــڕی دۆڕاو بــێخەم!

پیشـــە کەڵەگـــایی و دزی و زۆر شـــتی دی و جەورو ســـتەم

شوێنێک شک نابەم بۆی بڕۆم

دەنا هەقـە هـەتـا زووە دەسـت لەم حیزبچیانە بشـۆم

دەشت و دەریش یاساغە بۆم!

گەر بەردەوام بێ ئـەم دۆخـە مەرگم تەنکبووە لە ڕۆخـە

دەشزانم گەر

بشمرم جێگەیەک نییە تیای بمنێژن !

نە لێرە نە لە دەشت ودەر

دەشترسم هـەر

تـاڵاوی دوای گیان دەرچـوونـم، بـە کـەس و کـارم بچێـژن

سکاڵای خـۆم لە لای کێ بکەم ؟ عـەرزی حـاڵم بە کێ بـدەم؟

دادگاش دەستەمۆکرای حیزبە ئاسایشیش هەردەڵێ حیزبە!

منی تـاکی پـاکی بێ فـێـڵ   بـۆم ناکرێ ببمە حـیـزبی خێـڵ!

هەڵاتووی دەست چەکداری ملهوڕ، گوێمەدێی، کەس و هـۆزم!
کـزبـووە دەنــگی زوڵاڵـی جـارانی پـڕ جــۆش و ســــــۆزم
کاس و ســەرگەردان و وێـڵم وەختە ئەم شوێنـە جێ بێـڵم
دەست لەدونیای سەڕاب بەردەم
لە داخی بێ ئەقڵی خـۆم و بێتـام لـەرزۆکی ئەم خەڵکـەم
دەست لە ژینی بێ سەمـەری وەک دۆزەخی ئێـرە بـشۆم
هەزاران جار باشترە بـۆم
نەک هەناسە سـارد تـادەمـرم بنـاڵێنـم زووخـاو بـخۆم!

هەولێر ٢٠١٧/٤/٩

هەنجەت

(خۆیان دەفرۆشن)ێکی هەڵەی پەرلەمانتارێ چی قەوماند؟
نەوت دزیـــن و برســـیکردنێ مێرووڵەیەکـــی نەجوولانـــد!

دەڵـــێن هەنجەتـــی تـــر نـــانی هەرزنە خـــواردنی جـــۆیە!
دەنـــا ئەو بێڕێـــزیەی ئەوان بە شـــەهید دەیـــکەن وەتـــۆیە!

٢٠١٦/١٢/١١

بەرپێنە

هەر کاتێـــک مـــن شـــیعر دەچـــڕم
خەڵکێـــک بـەرپێنـــەم دەداتـــێ
خـــــەم دەخـــۆم لە زاڵـــم پـــڕم
کۆیـــــلەش تەنـــــگاوە بیـــــگاتێ!

٢٠١٦/١١/١٠

وشەی من

تکـــا دەکەم کـــێ میزاجـــی بە وشـــەکانم تێـــک دەچـــێ
هەرچـــی زووە بـــا لەفەیـــس بەڕێـــزەوە بـــۆ خـــۆی لاچـــێ

وشـــەی مـــن بـــۆ هـــیچ لایەن و کەســـی حیزبـــێ نەدرکـــاوە
هەر بە قوربـــان میللەتـــێکە خـــوێنی وەک ڕووبـــار ڕژاوە!

هەولێر کانوونی یەکەم ٢٠١٦

شەوێکی شووم لە تاران

ئەمشەوشەوێکی زۆرشوومی عەجەمییە، گەل خەمناکە
شەوی هەینی خنکاندن، شەممەی تیرۆری ڕۆڵەی خاکە
لەکوێ ئاخوندوعەقڵی چەقبەستوو هەبێ، ژین دەردناکە*
پێشکەوتن و ئازادی مرۆڤ قەدەغەن، چەشنی تریاکە
ئەمشەو پرسەبارم لێرە چاوەکانم بووینە پشکۆ
چون دوژمنی کەڵبەبەخوێن میللەتی خستیتە ڕۆڕۆ
سەیرە کێ تێتان هەڵدەدات؟
ئابووریتان وێران دەکات؟
ئێوە کێ دەگرن بەئامانج ؟ کوردی بێ پەنا ودەسەڵات؟
ڕۆژئاواو باکورو باشوور وا لە پرسەن بۆ ڕۆژهەڵات
ئەمشەو تاران بە مەرگی پۆلێ ئازیزان منی گریان
بەمووشەکی ڕق و کینەی تیرێکی لەجەرگم چەقان
بۆیێ ئەوها قوڕ دەپێوم لە داخی بێکەسی کوردان
وڵات ڕەشپۆشە بەدەستی ئاخوندی مەزهەبچی، نادان!

تاران ١٠ / ٩ / ٢٠١٨

*دەردناک : بەژان، فارسییە

چیبکەم لەداخی ئەم گەلە

گەربمێـــــنم بەم حــــاڵەوە لە گەندەڵســــتانێ
دە ســـاڵی تـــر ســـوتاوترم لە تەنـــوور و نـــانێ

چـــی بـــکەم لە داخـــی ئەوگەلە جـــێماوەم چانـــابێ
وارێـــك ژیـــانی تیـــا نەمـــا بچـــۆرە گۆڕســـتانێ!

٢٠١٦/٦/٨

مـن تەنهـا بـۆ گەل دەسـووتێم
هەن هێشتاش نازانن من کێم؟
٢٠١٨

پەری خەیاڵ

پەری خەیـــــالّم داگیـــــــری کــــــــردووم
ڕێ نـــــادات بــــێمە زیـــــارەتی بـــــاڵای
تێکـــــڕای ژیــــانی بەتــــاڵان بــــــردووم
هەر دانـــــــابەزێ لەبـــــــورجی بـــــاڵای

پەپـــــــوولەی هەســـــــتم بـــــــوویتە پەروانە
دەســـــــووتێ وەک مەم لە شــــــەوقی چـــــرای
شــــێت وشـــــەیدایە و ئــــۆقرەی نەمــــاوە
لەدووری نیگـــــای دەنــــــاڵێ وەک نـــــای!

دەڵـــێن ژیـــن خۆشـــە بــــێ تـــامە بـــێ ئەو
لە گەڵـــما نەبێـــــت بە درێژایـــــی شــــەو
خولّیــــــای ئەو دەمەم مــــــاچ کەم ئەو دەمەی
گـــــوێ بگـــرێ لە دڵ بـــــۆنکەم شـــــەمامەی

ئەوا بەســـــــەرچوو زەمەن جێـــــی هێشـــــتم
لەجیـــاتی ئەسریـــن خـــوێنی پـــێ ڕێشـــتم
وەرە ئەمجــــــارەش بێـــــــرە باوەشـــــــم
تەنیـــاو بەد مەســـتم بـــێ مەی سەرخۆشـــم

گیـــانە تەنیـــایی هەر بـــۆ خـــوا باشـــە
نـــــۆرەی تەبـــایی و مـــــاچ و باوەشـــــە
ڕەحمـــــــێکم پــــــێکە و زوو بگەڕێـــــوە
نەخـــــۆ دەردەچـــــێ ڕۆحـــــم لە جێـــوە!

٢٠١٨/٨/٥

بۆ ٣٨ ساڵیادی ڕەنجبەر

لەســـاڵیادی شـــەهید بوونـــت حەسرەت دەبـــارێ لە چاومـــا
گــڕ هەڵدەســـتێ لە دەروونمـــا، زووخـــاو کـــراوە بە هەناومـــا

منـــی هـــاوڕێ و خوێنـــدکارت نـــازانم باســـی چیـــت بـــۆ بـــکەم!
ئەی شـــاعیری یـــاخی کەوتیـــنە بندەســـتی تـــاقمێکی کەم

دوای تـــۆ هـــاتن جەردەی سیاســـی بازرگـــانی کـــورد فرۆشـــتن
چیت چاندبوو !هەڵیان کێشـا دەسـتیانکرد بە ئومێـد کوشـتن!

تـــاکی کوردیـــان تێـــک شـــکاند و میللەتیـــان لە قـــوڕێ چەقانـــد
چـی دوژمن پێـی خۆشبوو کردیان سەریان بۆ دانەواند لەقانـد!

تەنیـــاو بـــێ تـــۆم تێـــدا مـــاوم کەوتـــوومە بـــن بەحـــری خەمـــان
پیـــریش بەرۆکـــی گرتـــوومە وام لە چنگـــی غەدری زەمـــان!

هەولێر ٢٠١٨/١١/١٧

گلکۆی سەگێکی پیرۆز کراو

"چیرۆکە شیعرێکی ئەفسانەیی و پەروەردەییە"

پاشـــایەک هەبـــوو لە مێـــژوو چـــاوچنۆک، دژی گەل، بەدخـــوو
زێـــڕو پـــارەی زۆر خۆشدەویســـت ڕۆژێ ســـەربردەیەکی بیســـت
تاوانبـــــارێکیان هێنـــــا لای وتیـــان: گـــەورەم بیـــــدە ســـــزای
*(دە پێم بڵێن چی کردووە؟)
+کافربووەو سەگی ناشتووە!

کفـــن و تـــــەڵقینیشی داوە! ئـــــەوەش بوەســـتێ لـــــەو لاوە
لای مەزاری"شـێخ مەمونـد"ی لە گۆڕسـتانی خـوار گونـدی
ناشتوویە چەنـدی بەچەنـدی؟ نـاوی نـاوە: شـێخ ئەفەنـدی!)
عەوام کە دەچـنە سـەر گـۆڕی بـۆ مـرازی دڵ، نیـازی کـوڕی!
هەندێ پووڵیـان لـێ وەردەگـرێ بە پیـاو چـاکیش دەژمێـردرێ
ســـــەگ و تـــوولەی زۆری هەیـــە دەوڵەمەندێـــکی قـەبـەیـــە
لە پـڕێـــکا زەنگیـــــن بـــــووە پـڕۆپاگـەنـــدەی بـــۆ کـــــــردووە
ناوبـــانگی لەدەســـت دەرچـــووە! ســـەی بە پیـــرۆز ناســـاندووە)

(پاشا تووڕە بوو نەڕانـدی چـۆن سـەگ دەنێـژرێ لە شـەرعی؟
دەزانـی حـوکمی تـۆ چییـە ؟ کوشـتنیش بـۆ تـۆ بـەس نیـیە!

دەبێت پارچە پارچەبکرێی! جا لەکووره بسووتێندرێی!)
سەگەوان هەڵ لەرزی زانی پێوە بووە!
ڕێی دەرچوونی ئەستەمەو لەدەست دەرچووە
کەمێ سەنگراوە و بیرێکی لەڕێی دەربازبوون کردەوە
گوتی :+ (قوربان با بۆت باسکەم
موژدەیەکی خۆشت پێ دەم
بەڵام نابێ کەس گوێی لێ بێ
تەنیا پاشای گەورەم دەبێ بەتەنێ بێ!)
بەچپەچپ : چووە بنگوێی پاشا و گوتی:
(خاوەنەکەی ئەو سەگە بەر لە مردنی
فریشتەیەک لەخەویا هاتبووە کنی
لەو خەونە پێی ڕادەگەینێ ؛ ئەو سەگە گەلێک پیرۆزە
ناوی هەرماوە و دەمینێ لەعێلی فلان تیرە و هۆزە
سەرجەلەی سەیدی سەروەرە لە ئەولیاش سەروو ترە
دەبێ لای فلان شێخ بینێژن وەسیەتەکەی بۆ تۆ بێژن!

لەو وەسیەتەی، منی ڕاسپاردووە کەوا
نهێنی ئەو سەگ، مەرقەدەی بگەینمە پاشا
ئەو سەروەت و پارە زۆرەی
خێر و بێری ئەم سنوورەی
گشت بدرێ بە پاشای گەورەی!

من لـه ڕێگابـووم بێمـه لات

پیاوانت منیان گرت، بێ هۆش نەیانهێشت بەنـدە قسـە بکـات
بۆت بێژم خەبەرێکی خـۆش زێـڕ و زیـوی لە ژمـار نـەهات
زۆر لە نەوت و غـاز چـاکترە دەیـان "کـوپە زێـڕ"ی هـەیـە
هەمـووی لە بـۆ تـۆ دانـایە! نهێنـیش لای تـوولە سەیـە!
ئەم تـوولە سـەگە گوجیـلەی هەمـان گـۆر و دێـڵە سەیـە!
مەپرسـە چەنـد ئێسـک سـووک و نـورانی و ئەسـڵزادەیە !
کلیلـی چەنـدین قاسەیـە! خـەزنـەکی یەکجـار گەورەیـە)
پاشـا کە زانـی وا چەورە گـوتی:(تـۆ توانـای خـوای گەورە!)
کەیفسازبـوو سـەری سـوورا ڕووگـرژی بە خۆشـی گـۆڕا!
بە هەشـتاوی بڕیـاری دا نـاوی" سـە"ی پیـرۆزی لێنـا
(ماشەڵڵا لـە کـارت خـوایە سـەگی موعجیـزە ئـەوهـایـە !
چەند بەندەی خۆت خۆشویستووە چەند ڕێزت لە ئـاژەڵگرتووە
وەسیەتەکەی جـێ بەجـێکەن زووکەن کـابرای سـەگدار بەردەن

مەزارەکەی بە ناوی قوتبی سانی کەن!
با گشت ڕەعیەم خێر و خێراتی بۆ ببەن!
هەموو سەری مانگ و ساڵێ زیارەتی کەن

خێـرەکەی قەت تەواو نـابێ نـاوی شـێرە و زمانتـان ڕابـێ
بـڕۆن تـوولە و کلیـل بێنـن! نەوەی قوتبـە مەیـڕەنجێنن
بەڵکـو خـوا لێتـان ڕازی بـێ مـن ڕازیـم بـا ئەو قـازی بـێ)
کـابراش گـوتی :+دەبـێ خەڵکـی ورد و درشـتی
بچنـە سـەری، لە بـۆ مرازیـان، بە پێـی پەتـی!
ئەو بـاش سـەگە مـوعجیزەکی بـێ وێـنەیە

بـــــۆ دەوڵەتــــی شــــای ئــــێمە پشــــت و پەنـــــایە!
ئەوپووڵەی بۆ ئێرەی دێنن لای خوا سەد هەنـدەی دەسـتێنن!
+سەگدار بوو بە"باش پاسەوان" سەدا دووی بـۆ دانـا سـوڵتان

ئەو تووتکە سەگەی لێـێ جێمـا لای کۆشـکی پـا شــا دانـدرا
فەرمــانی شاهانـە درا
زیـارەتی ئەو تـووتکە سـەگەش بــە ئــەرککــرا ! دۆڵ لێـــدرا
ســاڵ دوازدەی مانـگ ئەو مەرقەدە و تووتــکەکانی پیـــرۆز کـرا
+(قەت مەهێڵن دڵی بشـکێ قـــەپ لە هەرکـــێ بگـرێ هەرکـێ؟
نەکەن بە خراپ تەماشای کەن کێ فزەی کرد سـەری پەلـدەن!
بژی تووتکە سـەگی پاشــــا جـار جـارەش وەرنە تەماشــــــا!
هەرگیز نەکەن بێ دیاری بێن لەرێی ئەو گشت هاوشاری بێن)
(مەزاری (شێخ سـە)ش پیـرۆزە! جێنـزارگەی ئەجـدادی هـۆزە!
ئەو ســـەگمەزنە میراتـــدەرە! ڕزق و ڕۆزی وەدەســتخـــــــەرە !
بەلای کەمـی سـاڵی جـارێ یـان گشـت نـــەورۆز و بـــەهارێ
خـاو و خێـزان بــۆ زیـــارەتی خۆتـان ڕسـتکەن بــۆ خزمــەتی
کێی نەچـتە سـەر مەرقەدی ئەو نەفرەتلێکـراوە و بـێ بەش لەو
ئــاو و هـــەوای نیشـتـمـانـە دەبێـتــە سۆدرەی زەمــــانـــە
گشت دەسکەوتی لەکیس دەچێ لە قیامەتێش هەر تێ دەچێ!
ئــاواتی قــەت نایێتــە دی نــاوی دەنـرێ، نــدی و بــدی
کێیش بۆتووڵە سـەگم باشبی کڕنـۆش، زیـارەت، بـۆی بەلاش بـی!

خەڵکی پۆل پۆل لەخزمەتبوون هەند کۆیلە و مەزارپەرستبوون
ڕۆژگارهات و ڕۆژگـار ڕۆیـی لــە گەڵ خــزم و کــەس وخـــۆیی
بـــوو بــە دەمـەقـــڕە و هـــەرا بـــاج و خەراجیـان بـۆ نــەدرا

میللەت هاواریان لێ هەڵسا! وتیان بەسیە تا کەی پاشا؟
دەستیان کرد بە شۆڕشگێڕان سەی پاشایان هێنا قڕان
پاشا کە ئەو وەزعەی بینی ویستی دیسان بیان گەوجێنی
لە ترسانیش هەڵدەلەرزی دەیگوت من دەیکەم چاکسازی

خەڵکی باوەڕیان پێی نەکرد تەخت و تاراجیان لە ناو برد
بە سێدارەیان هەڵواسی گۆڕ بە گۆڕ بوو نەما باسی!
کێ دەرس لە مێژوو وەرنەگرێ ڕۆژێک هەر دێ سوڕگوم بکرێ
خەڵکە مەبنە کۆیلەی بەشەر وەهمی درۆی بێ سەرو بەر
بۆ ئازادی و دادپەروەری بژین بە بوێری و جوامێری
تێچوون بۆ حوکمی زۆرداران ژینی شەرەفمەند بۆ هەژاران
گەلۆ لەمڕۆوە بڕیار دەن حوکمی زاڵمان بەسەر نەخەن
بکەونە ڕاوە گەندەڵان! قڕکەن تازی و توولەی سوڵتان
گڵکۆی سەگەکان لە ناوبەن مێژووەکی نوێ دابهێنن
نەوە دوای نەوە بیخوێنن کۆنە قاڵتاغ بسووتێنن
تاڵانکەر و مشەخۆری دێوەزمەی شەڕباز تڕۆ کەن!
چەتەی سەرمایە دز بۆگەن! ببڕای ببڕای دەستخەڕۆ کەن!

هەولێر ٢٠١٨/٣/٧

سێ بروسکە شیعر بۆ ڕەنجبەر

بروسکەی یەکەم

ئاگات لێیە ڕەنجبەرەکەم
ئەی شابازی شەهیدانی نەتەوەکەم
شاعیرە پشتگوێ خراوەکەم
هەرگیز لە فیکرم دەرناچی
دەڵێی لە ناو دەمارەکانی خوێنمـدا دێیـت و دەچـی!
لێم تێکچووە، وا دەزانـم مـن جەمـیلم! تـۆ سـابیری!
ئاگام لێتە، تـێم دەڕوانـی زۆربە عـادزی وغەمبـاری
ئاگات لێمە، چەند بەدەست ئەم جامبـازانە گرفتـارم
لە بەربیری کۆنــــە و ڕزی خەریـــکە جـێ بـێلم وارم
ئاگات لێیە؟چەنـد درۆزنبـوون لەگەڵ خـاکی
لە گەڵ ڕۆحـــی هەڵپرووکـــاوی کـــوردەواری

ئاگام لێیە، ئاگات لێیە؟
تۆ بوویتە قوربانی ڕێی خاکی چەوساوان!
کەچی دوای تۆ سوپای تێکدەران هـاتن خـوێنی شـەهیدانییان
هەراجکـــردو پووشـیان لەپشـت ئێمەبەســت و گەلیـان فەوتـان
وشـەو ڕسـتەی شـیعرەکانییان شـەهید کـــردی بـێ تێرامـان

هاتن جەردەی سیاسی هاتن

ئەوانەی کە پـــێچەوانەی بەرژەوەنـــدی خـــــەڵک و وڵاتـــن
هـــاتن خـــاک و بیـــرە نەوتیـــان دا بێچووەکانیـــان بە دیـــاری
درۆزنبـــوون لە گەڵ کەلتـــوور و زمـــان و مێـــژووی کـــوردەواری
کـــۆن لە گونـــدی و نـــویێ لەشـــاری برەویـــان دایە چەتەگەری
ئاگـات لێیە چـۆن ئومێـدی ڕەنجـدەرانیان تەفـر و توونـــکرد؟
هەرچی جوانی و قوربـانی ئەم خەڵـکەیە گشـتیان هەپرووتکـرد!
ئاگات لێیە هەرچـی دوژمـــن پێـی نەکردیـــن پـێ مانییـان کـرد
زۆر بە بێبـــاکی و ناپـــاکی و بـــێ بەزەییـــانە و دەســـت و بـــرد
بە ســـەر پشـــتمان پەڕیـــنەوە و بەکاریـــان هێنـایـــن وەکـــو پـــرد!

٢٠١٧/٢/٦

بروسکەی دووەم

ئاگات لێیە ڕەنجبەرەکەم
شۆڕەسوارە جەربەزەکەی هەولێرەکەم
شـــــاعیرە بەرگریکارەکـــــــەی ڕەنجـــــدەرانی نەتـــــەوەکەم
هـــاوڕێ فەرامۆشـــکراوەکەم هەرگیـــز لەفیکـــرم دەرنـــاچی
بەنـــاو خـــوێنی دەمارەکـــانی جەســـتەمدا دێیـــت ودەچـــی
وادەزانـــم مـــن کـــاک جەمیلـــی شـــەهیدم ! تـــۆش ســـابیری!
دەڵێی کت و مت ڕەنجبـەرم

به ژانـــی ئەو زامە قـــوولەت لەجـــەردەکان بە خەبـــەرم
بەهـــزری شـیعری بەرگـــری کـاکی مامۆستـــا و ڕابـــەرم
لێـرە لەم خـاکەی کە خۆتـان بەشـانازی بـۆی بەکوشـتدا
حـاجی سـالّح لەچـاوەڕوانی پێشـمەرگە و سـەرکەوتنا
بەداخی مەرگی تۆ و یاسین دڵی وەستا
دایەئاسک جەرگی سووتاو بەو مەراقە
سومـای چـاوەکانی لێڵ بـوو هێندە گریـا
بەو کەسـەرەش جەڵتـەی دڵ و مێشک لێیدا
ئەو نیشتمانەش کە تۆ خۆت، بۆی کرد فیدا
بۆمان بوویتە خەفەتستان
ترسـم هەیە پـڕم داتـێ ناکەسـبەچەی جەنگەڵسـتان!

ئاگـام لێـیە تـۆش بە ڕۆحـت ئاگـات لێیە؟پـاش مەرگـی تـۆ
چەنـدین جـار یەکتریـان قڕکـرد کـەوتینـە واوەیـلاو ڕۆ ڕۆ!
ئاگـام لێیە بـە چـاوی دڵ دەیـان بیـنی چۆنـن ئـەمـڕۆ؟
چییـان بەسـەر ئەوخەڵـکە هێنـا؟
خـێڵگەری و یاسـا شـکێنی و برسـی کردنییـان داهێـنـا
دزی وفـزی و مـۆدەی حیزبـی بەرژەوەنـدچییان هێنـا
بـوونە پەنـای فیکـری ڕزی و دەمـامکی مەڕیـان لەسـەرنا
بێچـووە ڕێـوی و گـورگی هاریـان لە سـەر تۆقانـدن ڕاهێنـا

بـــــــرەویان بـە ڕەوشـی تـــاڵانی مـافیا دا

تابەچکەی زۆڵی شەیتان بێ خۆی پەنادا!

تـــاریکی و سەرمایان کـــــردە خەڵات بۆ ڕۆڵەی نـەداری

خەمـۆکی و مـووچەبڕین و کۆچیـان بـۆ کـردین بە دیـاری

چـی دوژمـن پێـی ڕانەگەیشـت حیزبـی نالەبـاری کـوردی

کـۆیلەپەروەر، بـێ پـەرواو نـەپـەنگرانـــەوە هـــات و کـردی

چی سومبولی جوانی و خەبـاتی شـاخ هەبـوو هـات وبـردی!

لەشکری خێـڵ هـاتە مەیـدان بـزر بـوو پێشـمەرگەی مەردی!

پەنگرانەوە:سڵەمینەوە

٢٠١٧/٢/١٠

پرۆسکەی سێیەم

ئـاگات لێیـە؟

ڕەنجبەرە دڵ پڕخوێنەکەم

شەهیـدە شۆڕشڤانـــەکەم

پێشـــان لە نـــاو گۆرانیەکـــان لە کۆبـــوونەوە نهێنیەکـــان

پێیـــان دەگـــۆتین کە حیـــزب ئـــازادکەری خەڵـــک و خـــاکە

یـــان دەیـــانگۆت:حیزب بـــاوکە بـــۆ ئەو منـــاڵەی بـــێ بـــاوکە

حیزب لانکە بۆ ئەو مناڵەی بێ لانکە!

کەچـی ئەو حیزبانـەی ئێسـتا

پووشیان لە پشتی گەل بەستا

ڕەتانــدن بــوویتە میتــۆدی حیزبــی نــدی و بــدی کــوردی
دەڵەچەیــی و خەڵەتانــدن، بوویتەســـیمای ڕاوەڕووتچـــی
بــێ مــۆڕاڵی بــوویتە ئاســتەنگ، لەبەردەم ژینــی جــوانمەردی

ئاگات لێیە؟

دوورلە بنەمــای مــافی ئینســـان چــۆن نەداران دەڕەتێــنن
خەڵــکە لەڕو لاوازەکـــان لە ژێـــر قـــــامچی دادەڕزێـــنن!
خێرا گورگان خواردییان دەکەن!
تاڵاوی حوکمێکی سەقەت بە گەل دەدەن!
جاشولکەکان لە خۆڕایی جۆتکە داوێن
پێشمەرگە ڕاستەقینەکان پشتگوێ دەخەن! لەکونێ داوێن!

پێشان سیاسەت و تێکۆشــان ئــەوها نەبــوو!
لای تۆ باوەڕ سەر مەشقی ئەو مەیدانــە بوو
دەبووایــە ئەنــدامی حیـــزبی خزمــەتی خــەڵکــی کــردبا!
بــۆ ڕەش و ڕووت و بێچــاران بـبـوایــە بــە پشــت و پەنـــا!
ئێستاش تــەواو لنگاو قـــووچە بەرنامەیــان کـــاری پـــووچە
دەبێ خەڵک بۆیان هەڵپەڕێ و شوکور بێ بەرجەڵـدە نەدرێ!

دەبێ کادیر! حیزب ویست و پوول پەرست و دژ خەڵکی بێ!

دەمدووراو و دەست لەسەرسینگ! هەرخەریکی بێدەنگی بێ!

یان خەریکی هەڵەوەڕی و خۆبردنە پێش مەرایی بێ!

ئای کاکی خۆم چیت بۆ باسکەم ؟کەوتینە ژێر ڕکێفی خەم!

ئەمڕۆکە یەکجار بێزارم پلیشاوەی بن پێی زۆردارم

یاسای بەناو حوکمی خۆیی داندراوە بۆ غەدری خۆیی!

کێی خاوەن ڕەوشت وعەردە

ئەوەی وڵاتپارێز ومەردە

دەبێ لەژێر فشاردابێ دەستەمۆی گەماڵ وحیز بێ

وا خەریکە میللەت تێکڕا خۆزگەیان بە کفن دز بێ!

حیزبایەتی و مەردایەتی ڕۆژانی زوو باوی نەما

ئەوەی بۆ خاک وگەل دوێنێ شەهیدبووە و قوربانیدا

خەڵکی یان بەخەشیم یان بەفیڕۆی ڕێی حیزبی ناودەبا!

وەک ئاردی ناودڕک و بەردەمی ڕەشەبای حیساب دەکا

هەندێک پێیان وایەو دەڵێن لەڕێی هیچ دا، تێچوو فەوتا

ئاگات لێیە، ئاگات لێمە، لەم ڕۆژگارە چیمان لێهات؟

دۆش داماوم دەبێ تا ماوم بگریم بە داخی وڵات!

٢٠١٧/٢/١٧

چوارینەی خەیام★

جـــارێکی گــۆزەیەکم کــڕی لە گــۆزەگەرێ
گۆزە هاتە قسەو نهێنـی خـۆی وا دەردەبـڕێ؛
شاهەنشاهێ بـووم وجـامێکی زێـڕینم هەبـوو
من ئێستێ بوومەتە گـۆزەی هەر شـەڕابکەرێ

★وەرگێڕان لەفارسییەوە

جامی شەڕاب

یەک جامی شەڕاب، سەد دڵ و سەد دین دەهێنێ
تەنیا قومێک مەی، سەراپای وڵاتی چین دەهێنێ
جگە لە لەعڵی سـووری بـادە، نییە لە دنیـادا
تاڵییەک هەبێ، کە هەزار گیانی شیرین بهێنێ!

چوارینەی خەیام
وەرگێڕان لە فارسیەوە
٢٠١٨/١٠/٨
لەعل: یاقووتی سوور

چوارینە ؛خەیام

واهەور هـات و ئەسرینی باراندە سەر ســەوزە گیا
بێ مەیی گوڵڕەنگی دەمی ئەوهەرگیز پێی ناڵێن ژیا
ئەوسەوزاییەی ئەمڕۆ کەوا جێی تەماشای ئێمەیە
تا ســەوزی سەر گۆڕیمە، داخوا تەماشاکـەر کێیە؟
وەرگێڕان لەفارسییەوە

ڤیستیڤاڵی ڕەنگەکان یان تەفرەدانی لاوان؟

ئای کەپەروەردەت سەقەت بوو
وڵاتمــان بەدەســتی براکــوژی ملهــوڕ لەتبــوو
لاوانــی ســەرلێشێــــواوی! گەوجێنــــدراوی!
بــۆ فیســتیفاڵی عەشرەت و ڕەنگەکــان بەفەتــارەت چــوو
ئـــەوەی هەمانبـــوو و نـەمـانبـــوو لـــەکیسمان چـــوو
کوا ویژدانی مرۆڤی زیندوو؟
کوا ئیرادەی گەنجی چاوکراوە و پێشکەوتووی ڕۆژانی زوو؟
هەیهوو هەیهوو
ئەمڕۆ کاتی تـەفـرەدانـە کێ فیکری لای نیشتمانــە؟
کوان کوڕانی وەچەی پێشوو؟
بـــگەن بەهانـــای بەرکەوتەی لافاوەکـــەی ڕۆژهەڵاتـــێ؟
ئەمـــڕۆ لە نـــاوقوڕ چەقیـــوە و بێـــدەرەتان کەس نایگـــاتێ!
ئەرێ چ زوو لەبیرتـان چـوو؟ هەیهـوو هەیهـوو!
ئەوخەڵـکە چـۆن مێشـکی بە ترووهـات پڕبـوو؟
بـــەرەوکوێ؟ دڵـمان لـەڕەنـــگی ناپەســەندتان پڕاوپڕبــوو؟
ئـــەرێ بەراودێ بکـــەن! کێـــی ویـژدانـــی نـــەمردووە؟
یـــان تـــازەهیچ! هیـــوای گـــۆڕین، لەم دەڤەرەبەســـەرچووە؟
مـــن بێئومێـدم لـــەم نـــەوەی چـــەتە پەروەردەی کـــردووە
ببـوورن گـــەر پێتـــان وابـــێ ئـــازادیم پێـشێـــل کـردووە
تاســـەر ئێســـقان منـیش ئـــازادی پـــەروەرم
لەپاشـــکەوتوویی کۆمەڵگـــەم بـەخەبـــەرم

بەڵام نەک وا گەل وخاکتـــان لـــێ ونبـــووە
مێژووی خۆتـان، ڕەنـگ و سـەنگتان لە بیرچـووە
گەنـج دەبـێ گالیسـکەی زانسـت پـاڵ پێـوەنێ
داهێنـــان کـا، کۆنــەی چــرووک بــەلاوەنێ
نەک خەریکـی خـۆ گێـل کــردن ! دارمــانی بـەهــاکان بـێ
نەک لە ئاسـتی نەهـامەتی ژینـی خـۆی دەستەوەسـتان بـێ
بـاوەک سیزێــف نــەبەرد و بنیـاتنەری پێنــاو ئینسـان بـێ
یــاوەک پەلـکە زێڕینــە شـیتەڵ کەری ڕەنــگی بــاران بــێ
دەڵــێن گیــا لەســەر پنجـی خــۆی دەڕوێـتەوە
گەروایە چـــۆن؟ ئێـــوەی بـــۆ لێکەوتـــۆتەوە؟!
یان من هەڵــەم لەم بۆچـوونەم؟
دوێنێکــەش هــەر ئــاوا بــووە؟
تەنیــا هەر بــاو وبـژبـــووە! هەرچـــی بـــووە؟
تەنیــا توێژێــک خەمــی گشــتی هەڵگرتـــووە
ســـەرگەردان و لە نــاوچووە !ســـووتماک زینـــدەبەچاڵبووە
بەری ڕەنجیـــان خـــوراوە یـــان وەک داری ژاڵە تـــاڵبووە؟
وەک زینــدەخەو بەتــاڵ بــووە!
وەک حــاڵی مــن بێحــاڵ بــووە!

٢٠١٩/٤/٦

ئەنفالی دارستان

"لەداخ تاڵانی دارستان لەلایەن داگیرکەران"

ماوەیەک بوو بێتاقەت بووم بڕیار بوو چیدی نەنووسم
داری سەربڕاوی ئەم خاکە خستیە ناودەستم، پێنووسم!
وا دارستانی چیاکانی کوردستانتان ئەتک دەکرێن!
بێزەحمەت پارێزەرانی ژینگە و ئاوو خاکمان لەکوێن؟
دارەکانمان گوناحیان چییە؟ بۆ لە سێدارەیان دەدەن؟
گەر پێشمەرگەی ڕاستەقینەن! بۆ ڕیسوایی قەبووڵ دەکەن؟
ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ بەردیش دەهێنێتە وەڵام
تفی سەرهەورازیش بێ هەر دەیهاوێم تابەسوێ بێ زام!
چ نەنگییەکی سەرسوڕمێنە؟شەرەف ببرێ و پێ میم هەڵێ!؟
مێژوومان گەر زمانی هەبێ ! بۆ ئەنفالی خاک چ دەڵێ؟

سالّی ئەنفالی داری چیاکانی کوردستان

قەڵەمەکەی جەمیل ڕەنجبەر

"بۆ سی ونۆهەمینساڵیادی شەهیدبوونی"

سـی و نـۆ سـاڵە ڕەنجـبەری شـەڕڤانی کـوردم خەوتـووە
بـۆ چـرکەیەک قەڵەمەکەی لە بەرخـودان نەکەوتـووە

قەت لەیـادی ئەو هـاوڕێیەم مانـدوونەبووم چـون زینـدووە
کەس نەڵـێ ڕەنجـبەری کـوردان کوردسـتانی لەبیرچـووە؟

ئەو جەمـیلەی بەبـوونی خـۆی قوربانیـداو بۆخـۆی نەژیـا
ویسـتی گەلەکەی ئـازاد بـێ لەسـەرخاکی چیـا و کەژیـا

بەڵام ئەفسـووس، هەنـدێ بـاڵاکورتی وڵات لە بیریـان کـرد
ئەوشاعیرەی خەمی گشـتی لە کۆڵبـوو بـۆ گەل بـوو بەپـرد!

ئێسـتاش ئەو هەر بە خەبەرە و ئـاوەزی وەک جـاران وایە
هێشـتاش ئەو هەر تێدەکۆشـێ و گیـانی شـەیدای ڕۆژئـاوایە

ڕۆحـی ڕەنجـبەر بەرز فڕیـوەو لای کەرکـووک وگـرێ سـپییە
هەر چـوار پـارچەی دڵـی ڕەنجـبەر لە سـەنگەری بـەرگرییە

٢٠١٩/١١/٩

زامی ڕەنجبەر

ئەمــڕۆ زامــێکم دەربــووە لە ڕەنجــبەری ئێــوە دەدوێ
داربــەڕووێک کۆستیکەوتووە! دەڵــێ ڕەنجبەرتۆهـای لەکـوێ؟

گرێــک دڵمــی لەتکــردووە جەمیــل تیـا گڵــپەی ســەندووە!
ئەو بـرینەم زووخـاوی لێـدێ دار و بەردی هێنـایتە سـوێ!

٢٠١٩/١١/١٨

ئاڤێستا

"٢٠١٨ ئەو وڵاتپارێزەی لەمردن سڵی نەکردەوە"

لە دوای گیانبــازی ئەو ئاڤێســتایە، ئەو کیــژە بــوێرە
کــوردێنی هەمــووان لە ژێــر پرســیارە و درۆی ڕابــوێرە!

ســەرەنگرێ بــوونی نێــر ســالارییەکی چەتەی نــامێرە
ئەو گوڵئەســتێرە پەروەردەی خاســی ڕۆژاوای دلێــرە

بەرگری عەفرینێ دۆست ودوژمنــی گشـت تووشـی شـۆککرد
مێژوویەکــی نــوێی پــڕ لە مــۆڕاڵی نووســیەوە بــۆ کــورد!

من و پایز

هەر چەنـــد پـــایز لام خۆشـــترین وەرزە
گـــەڵای وەریـــوی ڕەنگـــین و تـــەرزە
کە پایـــز گەرمـــای هـــاوین جـــێ دێڵـــێ
بـــای فێنـــک دەدات لە گەردەن کێـــڵـــێ
لە گەڵ ئەوەش بـــۆ مـــن گشـــت پـــاییزێ
یـــادی دابـــڕان دێ گیـــانم دەشـــەمزێ
ئەوعەشـــقەی بەهـــار لای دڵ مێـــوان بـــوو
لە پایـــزێک ڕۆیـــی وێـــڵی کێـــوان بـــوو
ئـــــەو گەڵا زەردەی ڕژاوە لە زەوی
خۆشحاڵـــە جـــوانێ بـــڕوات بە نـــاوی
هەنـــد جـــوان دەنـــوێنێ گەڵاو بەژنـــی ئەو
کە خـــۆر لێـــی دەدا پـــێش تـــاریکی شـــەو
ئەی دڵ تـــاکەی ئەو هـــا بـــێ قەراری؟
بە پایـــزان نغـــرۆی پەســـت و بێـــزاری؟
ئەو زامـــــە قووڵـــــەم لە بیـــر نـــاچتەوە
مـــەگەر مـــەرگ بـــێ و ڕەشـــم کـــاتەوە !
یـــاخوا کەس وەک مـــن جەزرەبەی پـــایزان
نـــــەکێشێ دەردی دووری ئازیـــــــزان
ئەو وەرزە جوانـــە بەس بـــۆ خۆشـــی بـــێ
گـــەشت و ســـەیران و بـــادە نۆشـــی بـــێ

هەولێر ٢٠٢٠/٩/٢١

دەشەمزێ : دەژاکێ

بەتەمبەڵی و بەگەندەڵی

شیعری: گەپ

بە تەمبەڵی و بە گەندەڵی و بە بندەستی لێدە عەلۆ !
عیللەتین حیزبی دۆڕاوین تێکشکاوین بنووە و بخۆ!
بەخۆشی یان بەناخۆشی، وەک کەری بار، لێتان دەخوڕین!
هەر هاوارکەن بڵێن تاکەی پێمان ڕادەبوێرن وەتۆ؟
پێشڕەوێکی خۆسەپێنین
ئاوێ بینەو دەستان بشۆ!
شەل و گێڕین و چەکدارێکی بەزەڕین، بە کەیفێخۆ!
یان ئۆینلەرەم یان زیفلەرەم! تا مابین هەرئێوەن پەڕۆ!
لەکەیف وسەفا ناکەوین، لەبنەوەش بین هەرناکەوین!
دیکتاتۆرین لە جەوهەردا، دیموکراتینە بە درۆ!
لە تەزویر و پیلانگێڕی و هەڵێ هاتدا، کول فیکولین!
کاری ئێمە لنگاو قووچە !خۆمان شێر و ڕێوی و فیلین!
هەیدۆ هەیدۆ! لێدە تەعۆ
دەتانئاژۆین بەبێ مووچە شەوو ڕۆژبکەن باوکەڕۆ
با گەلیش بمرێ لە برسان نەیبێ نانی هەرزن و جۆ
کێ دەڵێ ئێمە کۆڵ دەدەین لە چەوساندنەوەی خەڵکیخۆ؟
هەیدۆ هەیدۆ بڕۆ باژۆ!
کوردستان مانگای شیردەرە
دایدەدۆشین، دەیخۆین وەک شیری دایکیخۆ!

بەشــی مــیللەت خــواردنی ئــێکس پــایەرە و ژەهــری مــارە
ڕیســواو دەمکوتمــان کــردووە و ســاڵ دوازدەی مــانگێ بێکــارە
لێــدە فەعــۆ! هەرچــی قــازانجی خەڵکــی بــێ ئــێمە نــایکەین
بازرگــانێکی هەڵــپە و بــێ پرەنســیپ و یاســا و ڕێســاین!
کــێ بەرامبەرمــان بوەســتێ میــدیای نــەفتــاو ڕاوی دەکــات!
خەفــیەی ڕاپۆرتنووســی گــڵاو تیقــی گــواو ســواغی دەدات!
هــــەواداری ئەدەبــــسزی مێشــــک شــــۆراو تێــــبەردەدەین
پێ وخۆشبی و پێتان ناخۆشبی کەڵەگای ئێــوە هەر ئــێمەین
هەر ئێمە شایستەی ســەری کــــزۆڵی بــێ زاخــــی ئێــوەین
ئێــمە چــاکســــازی درۆیینــــە و پــێ ڕابوێــــری دۆنــەدیــویــن
فشقیات خــوازی کــورت بــین و ناســەنگینین! دەبــێ هەبــین!
بــڕۆ، بــاژۆ
هەیدۆ هەیدۆ لێدە عەلۆ
بــا خۆمــان دەســتەباڵا بیــن خەڵکــیش بــا بــکات بــاوکــەڕۆ
کــێ دەڵــێ ئــێمە کــۆڵ دەدەیــن لەگــــەوجاندنی گەلیخــۆ؟
ئێمە سوار و ئێوەش پیــادەن نەوەی نەوەشــمان بەگــزادەن!

هەولێر ٢٠١٨/٢/٢٥

دوکان سوتاوێکی لەنگەی هەولێر

دیســـان ســـووتاوە مـــاڵ وحـــاڵەکەم
لە قـــوڕ چەقیـــوە ژیـــنە تـــاڵەکەم

بەســەت قەرز و فەرز کـونجێکم کـڕی
تـا خـۆم دەربـاز کەم لە قـات و قـڕی

کەچی نیـوەی شـەو دەسـتێکی بەدفەڕ
مـاڵی ئـاگردام دەرکەوت خێـوی شـەڕ

لەنـگەی هەولێـرێ گـڕی تێـبەر بـوو
دار و نەدارم گشــتی لە کــیس چـــوو

جەرگـی ســووتاندم ئــاگری نەگــبەت
بــاڵی شــکاندم بیــرم نــاچێ قەت

قەدەرێــک ســاڵە هەولێــر خەمبــارە
وەتـــی گەنــدەڵچی هــاتتە ئەم شـــارە

خێــر و خۆشــیمان لە خــۆ نەدیــوە
خەومـــان بە جــارێ لەچـــاو فڕیـــوە

بـــازاڕی لەنــگەی خەڵکــی ســـووتاوە
نەگبەتـــی بـــۆتە بەشـــی چەوســـاوە!

دیسـان گـڕی گـرت لەنـگەی هەژاران
تـا پـڕ هەڕمـێن بـێ مـۆڵی پووڵـداران

ئەوە چەنـد جـارە لەنـگە گـڕ دەگـرێ
خوایەکەی هەقـی مەزڵوومـان دەکـرێ؟

دەڵێـی دەسـەڵات تەمـاحی تیـایە؟
پێـی شـایەن مـۆڵی بەگـزادەی شـایە؟

دڵ پـڕ زووخـاون زۆربەی ئەم خەڵـکە
گەرحـوکمەت هەبـێ قەرەبـووش ئەرکە!

هەولێر ٢٥ / ١٠ / ٢٠١٨

پاش هەرەس

بەتەمای چیت ؟ پاش ئەم هەرەس و خیـانەت و سەرشـۆڕییە
بێگومـان لاوک و سـەردولکە بـۆ مردنـی جاشـک و تـۆڕییە!

ئەوان لێـرە خـاوەن مـاڵن !ئەوهـا ڕەگیـان داکوتـاوە
شـەهید و وڵاتپـارێز ناویـان، لە کـوولەکەی تەڕ نەمـاوە!

هەولێر ٢٠١٩/٧/٢٥

شیعرێك بۆ موحەمەد ڕەسوڵ ی هاوڕێم

بیـرمە ئەوجـارەی پێـت گـوتم گشـتمان مردنێـک قەرزاریـن
بەڵام خۆشـــە پـــاش مـــردنیش لە دڵـــی میللەتـــدا بـــژین

دڵـــتم دایەوە و پـــێم گـــوتی خـــوا نەکـــا بەو ڕۆژەی کـــاکە
گوتـــت بە خـــوا لـــێم نـــزیکە و مـــردن دوژمنێکـــی چـــاکە

چـاک نییە تـۆ گەر بشـمری نـاوەکەت دوای خـۆت دەمینـێ
بەڵام مـن بمـرم کـێ نـاوی مـوحەمەدی بیـر دەمینـێ؟

دڵـم دایـتەوەو پێـتم گـوت؛ مـادام لەکـین هەر دوو یەکـین!
کـوا ئێسـتا کـێ وەفـای مـاوە؟ ڕۆڵەی گەلێکـی بەدبەختـین

خـوا نەکـا تـۆ پـێش مـن بـڕۆی بتلاوێـنمەوە بە شـیعرێ
تـۆ شـایەنی تـا هەتـایێ نـاوت لـە مێـژوو بنـووسرێ

چەند بۆم بلـوێ لە پێهەڵـدانی جوامێریـت، قسـووری نـاکەم
کە لە وەسـفا بـۆم داڕێـژرێ لە شـیعرێکما پیـات هەڵـدەدەم

مامۆسـتای کـۆڵنەدەر قەت ئەو یادگاریەتـان لە بیـر نـاکەم
کە ڕەنجبەر شەهید بوو گوتت خۆزگە من بەو پلەیەی بگەم!

خـوات لە گەڵ هـاوڕێی بێـوێنەم هەتـا مـابم هەر لە بیرمـای
نوکتە خۆشەکانـت لە دڵ نەخشـێنراوە و لای مـن هەر مـای

هەولێر ٢٠١٩/١٠/١

سروودی بەرگری لە خاك شەرەفە

گــورگە دەمبەخــوێنی کــورد هــی جــارانە
گەف دەکـــا لە ڕۆژئاڤـــای کوردســـتانە

ڕابــن هەرچــی مرۆڤــی خــاوەن ویــژدانە
مەهــێلن کــورد تەنهــابێ لەم مەیــدانە

گەلــۆ دەی بــا لەمــڕۆژە پشــتی یەکبــین
لە ســـەنگەردا بـــۆ بەرگـــری پـــڕچەکبین

بەرگـــری لە خـــاک شـــەرەفە و فەرمـــانە
گەلـــی ڕۆژئـــاوا وەختـــی بەرخـــودانە

ئیـــرادە مـــان چەکـــمانە مـــان و نەمـــان
ڕابــن چ جــار هێــزی گەل خــۆی نەچەمــان

کەڵـــبە بە خـــوێنن دژی مرۆڤـــایەتین
عەولەمەی بەدرەوشـــت پشـــتی تێکـــردین!

ڕۆژی مەردێنـــــی و بەرگـــری لە ژیـــــنە
چـــاوی دایکـــی شـــەهید پـــڕی ئەسریـــنە

هەرچــی کــوردە لە ســەریەتی پشــتگیر بــێ
دەنا ڕەنگبێ نـۆرەی "کـش" لەویـش گیـر بـێ!

کەینــێ جەنگســاز بــردیتیەوە؟! خــوێنڕێژە!
هەر دەدۆڕێ، چـون فاشیسـت، بیـر قرێــژە!

٢٠١٩/١٠/٧

حوشتر

کەر ئێستابچتە بەغدایێ زۆر پێی عەیبە ببتە هێســتر!
ڕەنگی کەرێش هەڵنـاگرێ بە ئاسـانی دەبـتە حوشـتر!
ڕابردووی خۆی ئینکار دەکا لە هێسـتریش ڕەتـی دایە!
کورتانەکـەی فڕێدایە و خۆی پێ شایەن تەختی شایە!

هەولێر ٢٠١٩/١٠/١٠

جاشکی قەڵەم بە دەست

ئەورۆ جاشــکی قەڵەم بە دەســـت! لەم وڵاتە گەلـــێ زۆرن
پاتاڵچی و گەندەخۆر دژی، هەق و جوانی و تیشـکی خـۆرن

گیرفـان پەرسـت و سەرشـۆڕیزم و بەدفەڕن، دژی شـیعرن
لە بن پێی شای شەمووڵە وەک سیسرکەو مارمێلکە دەمرن

هەندێ لە نـاو شـیعری چـرووک دێـزە دەکەن بە شـازادە
زۆر لەکەرێش ئەولا تـرە، وەک گای هـار تووشـە بەر بـادە!

دوا ڕۆژ هەر بۆ شیعری ڕەسـەن ئەنتـی زوڵـم و بەرگـرییە
خـائین ئەوسـا کە تـڕۆیە ئەسـتێرەی گەل لەبەرزیـیە

هەولێر ٢٠١٩/٩/٢٩

شەیدای تیشکی خۆرەتاوم

ئەم چەنــد دێــرە ســەرپێییەم لەچــاوی فــاڵچییەکە نووســی!
ژیــنم پــڕ دەردە ســەری بــوو خۆشــبەختی لێمــی نەپرســی!

ڕاســتە بەعەشــقی نیشــتمان گیــرۆدەی خۆنەویســتی بــووم
بەچــاوی هــاوڕێتی و وەفــا   بە پیلــی خۆشەویســتی چــووم

بــێ غەل و غەش لە سروشـــت و هـــاوڕێی تەمەنــم دەڕوانــم
دوورم لە فیکری شــەڕانی و بەرپــێنە و فێـــڵ لە ژیانــم
خــراپەی هــیچ کەســێ نــاخوازم   لە خزمەتــدام تــا دەتــوانم

بەدڵسافیی و بێدەستی خـــۆم گەر هەڵەیــەک لێمڕەت بــوو بێ
یــان کەســێ بە گــوێرەی میــزاج   لێکــدانەوەی ســەقەت بــووبێ

بــە لا ملی یــان بە ئــەنقەســـت قۆسترابێتــەوە لای هەندێ
بێ ئینسافی نەکرێ هەردەم خاوێن بووم وەک شــەکری قەنــدێ
لە خزمەتــی گشــتی دابــووم لە ڕێــی ئەوان بــووم بە پەنــدێ

خەڵکێــک بەنــاهەق گەر هەشــبێ تەقەی هەوایــیم بــۆ بــاوێ
ڕێـــی هوشـــیاری گەل بەرنـــادەم   نـــاهێمە دواوە هەنگـــاوێ

واش تێمەگەن لەخۆبایيم خۆشبەختییەک ڕووی تێکردووم
وەتی هەم لە ناو مەینەتی ستەمدیدەکاندا نوقومبووم

من لێرەوە بە دڵێکی بێ غەش و پڕ لە خۆشەویستی
هیواخوازم هیچ هاوڕێیەک نەبتە بەندەی خودپەرستی

هەر کێی منی ئازار دابێ بێ چەندوچون لێی دەبوورم
شەیدای تیشکی خۆرەتاوم دژی شەوگاری ناجوورم

خۆم بە بەختەوەر دەزانم عومرم لە ڕێی هەق بە بادا
بۆ گەل پەشیمان نیم مەڵێن سابیر لەم ڕێبازە لادە

٢٠١٩

نارەزایی خانەنشینی ڕاستەقینە

خانەنشـــینی ڕاســـتەقینە کە چــل ســـاڵ لە خزمەتبـــووینە
بەم ڕەشنووســە! سەگسـۆنیاییە*ی حـوکمەتی گەوج ڕازی نیـنە!

چـون بـۆ خۆیـان مـووچەی قەبەو زەبەلاحیـان شـەرعاندووە!
مامۆســتاو فەرمـانبەری خـاوەن خزمەتیـان لە بیـر چـووە!

کوانێ ئـــــەوەچاکسازییە؟ ناهاوسەنـــگ و لاپرەســەنـــگە
خانەنشـــینیش نـــاڕازییە، مـــافخوراوەو دڵـــی تەنـــگە

هـۆی پەرلەمان!پەســندمەکەن   پیسکەیاســای ئەم حـوکمەتە!
گەر نـوێنەری گەلـبن دەڵـێن: چاکســازییەکەتان ســەقەتە!

گەر ڕاست دەکەن چاکسـازی لە مـووچەی خانەنشـینان دەکەن؟
یاســای ژمـارە نـوێ بەغـدایێ بـۆ خـاوەن مـاف بە کـار بـخەن

٢٠١٩/١٢/١٥

* سەکسۆنیا: هەرێمێک بووە لە ئەڵمانیا، یاساکانی لە خزمەتی دەوڵەمەندەکان بووە.

قەل

دەڵێـن قەل بـــە قەلێ دەرێ
یاخوا ڕووت وەک تەنی ڕەشبێ
گزیـــــکار بەهاوشانی خۆی
قەیناکە تۆش چاوت گەشبێ!
٢٠١٨

هەولێر

وەرن سەیرکەن چۆن لەجێی شێران
چەقەڵ و ڕێوی لێی دەکەن گێران!
ئاخ کە نەیمـاوە گوڕاحـی شـادی
کوا هەولێرەکەی شاری جوامێران؟
٢٠٢٠
گوڕاح : کەیف
گێرە:جەنجەڕکردن

دەسەڵات

ئەو دەسەڵاتە چەند چاو چنۆکە
مووچە دەخوا وەک گەزۆ و شەکرۆکە!
قـەت بێـزار نابێ لە درۆ و دەڵەسە
کوسکێشـی زۆرن دەوەڕن وەک سە!
٢٠١٨

تروسکایی

"ئەم چەند دێرەپێشکەشەبە مامۆستا ئیدریس دیبەگەیی "

شـــەهیدەکان ڕۆیـــین تـــازە هیچیـــان ئـــاوڕ نـــادەنەوە
نە ڕەنجـــبەر مـــاو نەحەماســـەتی کـــوردێنی و نەخوێنـــدنەوە

نە شـــانۆگەری و دڵخۆشـــی نە شـــەوگاری بـــادە نۆشـــی
زەمـــانەی بەد، حـــوکمی گەنـــدەڵ ئەوڕۆ بـــێ هیـــوایی پۆشـــی

بەڵام هـــاوڕێم بەچـــاوی دڵ دەبیـــنم تروســـکاییەک مـــاوە
ئەوەی ئێســـتا دەگـــوزەرێ داهـــاتووی لێـــڵە گومنـــاوە

ژیـــان بەرە و پێشـــکەوتنە نـــابوودیش بـــۆ چەوســـێنەرە
دواڕۆژ هەر بـــۆ ڕەنجـــدەرانە خەڵکـــی مەرد و کـــۆڵنەدەرە

بەشـــادی و خۆشـــی بتبیـــنم هەتـــا لە ژیانـــدای مـــاوی
تێچـــوونی زاڵـــمان ببیـــنین بە ملشـــۆڕی بە ترشـــاوی!

ڕاســـتە ئێســـتاکە هـــاڕدراوین بارمـــان لەنـــگە و مـــافخوراوین
چـــون ســـەربەرزین بـــڕوابکە ئەوان مـــردوون ئـــێمە مـــاوین!

ئەیلول ۲۰۲۰

بۆ ڕەنجبەرێك برینەكەی چڵ ساڵە خوێنی لێدەڕژێ

ئەو بـرینە هــی ڕەنجــبەرێكە چــل ســاڵە خــوێنی لێــدەڕژێ
قوربانی كوردســتانێكبوو هاوزمـان خـوێنی هاوزمـان دەمـژێ

داخــی براكـوژی و كوردكـوژیش وەک كۆڕۆنـا بینـی گرتـووین
نـــا عەدالەتـــی و برســـێتیش بەرەو بێئومێـــدی بـــردووین

خەڵكـــی هەنـــد جەزرەبە دراوە گەل وخـــاكی لە بیرچـــووە
شـــەهیدی چی؟ڕەوشـــتی جـوانی كـوردەواریش تێكچـووە!

نابینم كەس گوێ بگرێ لەو خەونـانەی تـۆ ئەوسـا هەتبـوو؟
لێـرە خیـانەت بـاوەو دەڵـێن فیـداكاریت بە فیـڕۆ چـوو؟ !

كە لەگەڵ جەمـــاوەر دەدوێـــم بە پـــارێز نـــاوی تـــۆ دێـــنم
نەک پـێم بڵـێن كـۆنە كـاچی ! تـا كەی وازت لـێ نـاهێنم؟

هەســـتی زامـــدارم هێشـــتابۆ ئەوخـــوێنەڕژاوەت دەگرێـــت
كە ئـازادی لـێ شـین نەبـوو ! چەتەش تەڕاتێنـیە لە جێـت!

گەر دەســـەڵات خـــوێی بەســـەر ئەم زامە كـــۆنەم دانەدەكـرد
من چیمدابوو لە شینگێڕی ؟ ژیـانی خـۆمم بە سـەر دەبـرد !

بەڵام چیـبكەم كە ڕەنجـــبەرم لە هەژدەی یـازدەی هەشـتاوە
جێیهێشتووم، خەم لە سـەرخەم دێ، یەخەی منـی بەرنەداوە

٢٠٢٠/١١/١٠

ڕیشەی غەدری ئەم سەدەیە

"سەروەختی پەتای کۆڕۆناو کەرەنتینە"
لــە دوو هەزارو بیست سابیــر دڵ غەمبــارو حەپــەساوە!
نــازانی بــۆ؟ شیعر دەرگــەی داخستووە و لێی ڕەنجــاوە؟
هەندەی شیعری توورە و ئامۆژگاریم بۆ ئەم خەڵکەنووسی
هــەر دەمگۆ بێدار ببنــەوە! گەندەڵان دەرکەن بە لووسی؟
عومرم لەحەفتا لایــداوەو لەمەودواش پێــم دەڵـێــن پیــرە
ئـێــرەش پڕ لــەستــەمکاری و دوژمنی جوانی و شاعیرە!
هەرچەند هێشتاش بەدڵ و بەگیانم گەنجم، دیارەمــاوم!
کەچی جەستەم شەکەت و بێ هێــزەو شوکور نەچەماوم
جگە لە کۆڕۆنای سەگســار ڤایرۆسی چەتەش سەربــارە!
خــەم لەسەرخــەم هەڵچنــراوە! ڕێــزی زاڵم بۆیێ ســوارە!
خەون و خۆزگەم لەبار براوە بەدەستی تاقمێکی چەپەڵ
قرقرتۆکی هیوای گرتووم! هەوری ڕەشی گەردوونی دەڵ!
یـــــار لە قەرەنـتـیـنــە دایــە و مــەیـلی جــارانی نەمــاوە
تینی ئەو عــەشقە پیــرۆزەی بە زەبــری هێــز ڕاگـــیـــراوە
لە خاکی بێ ئومێدان ژیــن سەخت و پڕ گێـــرە و کێشەیە
ئەوەی پێی دەڵێن نیشتمان ڕۆڵەکەی نووستووی بێشەیە!
لەبــەر ناکــەس ژیان بێتـــام و بۆیـــە!چیبکات کەسی مەرد؟
زەوی و ئاسمان لە سەرجاشان تاپۆیە! چیبکات لاوی کورد؟
زەمانـــە پشتی شکانــدووم ! غــەدرەکەی لەحەد بـــەدەرە
هـــەر کێی خاکپەرو مەرد بێ بێکەسەو قوڕی بـەســەرە!

جواننووسی و شیعر و ئەفراندن لێرە گشتی بێهوودەیە
تا ڕاپەڕینێک دەرنەینن ڕیشەی غەدری ئەم سەدەیە
هەموو عومرم لەڕێی ئازادی ئەو کوردە چوو بە بادا!
ساقی بابێ هۆشبەم سەری قاپێ شەڕابی خەست بادە!

هەولێر ٣١ / ٣ / ٢٠٢٠

بینەوە مرۆڤ(٣)

بەرکوڵ

(ڕێزی زۆرم هەیە بۆسەگ، بڕوابکەن ئاژەڵ دۆستان
بەڵام نەک بۆ سەی بەرەڵڵاو هار و ئازاردەری ئینسان
سەگ بە وەفا بووە و لەگەڵ مرۆڤ ژیاوە لە کۆنەوە
پاسەوانی سەر و ماڵی کوێخا و گەدا و جوتیار بووە
وەلێ هەرگیز پاساو نییە بۆ هیچ شاعیرێکی ئەمڕۆ
بێت خۆی بە سەگ بچوێنێ تا دژی گەندەڵ بێتە گۆ
سەگ نایێتە ڕێزی مرۆڤان نە لە ئێستا و نە داهاتوو
هەرچەند سەگە بە وەفاکان چاکتر بن لە مرۆڤی بەدخوو!
چاک بێ وخراپ بێ مرۆڤ هەرمرۆڤە و سەگیش هەر سەگ
شاعیری گەل ئۆقرە ناگرێ مافیا هەڵ نەکێشرێ لەرەگ!)

* * *

وەرن لە مرۆڤبوونی خۆتان بە شێنەیی قووڵ ببنەوە
وەرن بە مرۆڤبوونی خۆتان سەرلەبەری دا بچنەوە
لە ئاژەڵ بوون و زەلیلی و هەڵپەی چروک دوورکەونەوە
گومان لە ئینسان بوونی ئاوەزی خۆتان، بکەنەوە
گیانتان بە ئاوێکی زیوین بێ خڵت و خار بشۆنەوە
گەوهەرتان بە گڕی پیرۆز! لە ژەنگ و تۆز! بسڕنەوە

---

(٣) بینەوە مرۆڤ، شیعرێکی ڕەخنەییە، دژی هیچ کەسێکی دیاریکراو نییە، تەنها تێڕوانینی خۆمە بۆ وەستانەوە دژی ستەمکاری و پاشکەوتوویی، ڕێزم بۆ شاعیرو ڕەخنەگرەکان هەیە، هەرکەس بەجۆرێ لەشیعری ناوازەو تازە تێدەگا. من پێم وایە مرۆڤ بەرزترین و پیرۆزترین بوونەوەری سەرزەوییە.

پەرە بە مرۆڤبوونتـــــان بـــــدەن لە نــــوو پەروەردەی کەنەوە
بەفیکـری ئاشـتی وئـازادی و یەکسـانی ڕاسـت دادوەری سـاغ
نەک بە چڵکـاوی ئیبلیسـان! ببـنە گـوێ لە مسـت، قورمســاغ!
نەک بە خەیــاڵی پووچێتـــی ئینســـانێتی خـــۆ لە بیـــر کەن
چەنگـاڵ و چڕنـۆک، قـولابی وەهمــی گرگنــی، لــێ گیـرکـــەن
بـۆ بەندەری ژیانپــــەروەری و دەریاچـەی واقیع بێنــــەوە!
لەچڵپـــاوی بەرژەوەنـــدی و خەیـــاڵی پـــووچ دوورکەونەوە
پێتــان دەڵــێم؛ بشـبن بەسـەگ! بشلووڕێنـــن!دادتـان نــادا
کەس نــاتوانێ ویــژدان ســڕبووی خــاکی ئــازاردراو پەنــادا
خۆتان بەخۆ دابچنەوە
تــا هەڵنەکێشـــراون لەڕەگ، مەبـــن بە مەڕ
تــا نەکرێنـــە کـۆیلەکی بـێ ئیـــڕادە و کەڕ
مەبــن بە جانتــا هەڵگــری نێــرەوزی شــەڕ!
بە پەیڤــی ئــازای شــیعری شۆڕشــگێڕی تەڕ
بە بیــری بـــاڵاو نەســتی ڕۆشنـــی لاشــەڕ
ژیـــرانە هەڵیـــان تەکێـــنن ! بەجـــوانی چاویـــان بشـــکێنن!
گێچەڵــی حیزانــە مەگـرن! نەقــورچ و گــەڕ
هەڵمەگـرن بیـری قڕێـژاوی، کـۆنینەی تەنـگ!
مەبنەپـووش وچەڵتـووکی بێـنرخ و بێسـەنگ
بـــۆ بیـــرۆکراتی چەپــەڵ و کـەچـــەڵ گـڵاو!
مەبنە پێشـدەرکەی مەسـئولی، ڕابـوێر، پـێڵاو
نەکەن لەپەیـڤینـتــان بـۆیــان، دالەنگێنـــن!
نەکەن خۆتــان بەتووتکــە ســەگان بچوێنـــن
بەبیانـــووی لێـــدانی کۆلکەخوێنـــدەواران

یا بۆ چەپڵە و بەخشیشی هەندێ بەرپرسـان
کە شایـەنــی داشۆریـــن و تــف و جوێـنـــن
خۆتـــان بەســـەگی بەرەڵـــڵاو دێـــڵ و گـــۆڵان مەچوێنـــن!
کەرامەتــــی ئینســـــانیتان، بـــۆ هەوەســــتتان مەدۆڕێــــنن
شاعیرەکان..گەر ڕاست دەکەن دژی زوڵمن
وەک پەشێو و شێرکۆ و ڕەنجبەر
وەک شیعری قانیع و هێمن
وەک لۆرکا و حەلاجی مەزن
بــــۆ ئـــازادی ئەم مـــیللەتە بچـــریکێنن
لە پێنـــاوی چەلاوی مەسئـــولی ڕوو زەرد مەشـیـعرێنـــن!
بۆدەســـکەوتی حەزی پـــووچەڵ! دۆلاری ســـەوز، مەشـــیرێنن
بـــۆ لــــەوەڕ و گـــەڕانی هەرزانـــی بنەبـــان! مەنـووزێنـــن*
چیـدی ئەوهـا خۆتــان بچـووک مەکەنەوە، لە ســەگ مەچـن!
بەرەو پیـــری فرۆشــیارانی هیـــوای گەل و خاکتـــان مەچـــن!
بۆچی خۆتان نابووت دەکەن ؟
هانـــا بـــۆ وشـــەی دۆڕاو و هەســـتێکی داڕوخـــاو دەبەن؟
گەر تۆ ئینسان بوونی خۆت بــە بـێـــزەوەر و کـەم بــزانی؟
چـــۆن دەتـــوانی پەلاری جـــوان! بخێـــوێنیە نـــاوچەوانی؟
حوکمڕانـــــی، بێســـەواد و گەنــــدەڵ بــــەراست و ڕەوانــــی؟
کە بـــۆت نـــالوێ، تێـــی سرەوێنــی ودایشـــۆرێنی زۆر بەجـــوانی
گەرنـــاتوانی بەم حـــوکمەتە کـــەچە بڵێـــی هەستـــە بــــڕۆ!
بێـدەنگی بنـوێنە وخـۆت بـۆ بەرژەوەندیـــت مەکـــە پـــەڕۆ!
شاعیرە کان ...
گەر دەوێرن بەشیعری جوان

وەکـو حەزرەتـی شـێخ ڕەزا هـەجوویـــان کەن
سووک و ئاسان بەرنەشـتەری شـیعریان دەن
سـەیان تێـبەردەن تـا بەهـۆش خـۆ دێنـــەوە
بەڕوو ڕەشـــی وەکـــو ســەهۆڵ دەتوێنـــەوە!

مەبن بە جوانکەری زۆردار
تورگی بەرەڵا وکەمتیـــار!
لە ئاژەڵبـــوون و زەلیلـــی دوور کەونـــــەوە
جـا چەتەکـان، بە هەجـووی جـوان بشـۆنەوە
کەی وایـــە شیعـــری بـاڵا بـــەرزی نـــاوازە؟
بیانـــدەنە بەر حەمـلەی موسـتەهەق و تـازە!
بگەڕێـــنەوە بـــۆ نـــەستی ئینســـانێتی بـــە هێـــز و سەنـــگ
تـا هـەڵنەکێشـــراون لـە ڕەگ تـاکونـــــــــەدراون لـە بێـژینـگ
دونیـــای ڕووناکتـــان لێ دیارە نەکەوتینـــە نـاو گـــۆڕی تەنـگ
مەبـن بـەسـەگ
تا لەبەر چاو، چەتەی بەدناو، بەسام دیـاربن، نەک لاپرەسـەنگ!
نووزاندن ؛ نوسکاندن

٢٠١٩/٤/٢٢

بۆ کۆچی ئەمجارە

بێتاقەتبووین سی ساڵە هەر پێتان دەڵێین خۆتـان چـاکەن
دەرکەوت زۆربێ کەلکـن بـۆیە هەر خـۆ لەمەنگـۆزی دەدەن!

دەڵێــی بە پـیلان ئەو گەلە و تێکشــکاند و بــێ ئومێـد کـرد
لە دوژمــن زیاترتــان پێکــرد !ئەوان زەفەریــان پــێ نەبــرد

ئەوەی بەشــداری ئەم حـوکمە بێســەرو گـوێیەی ئەوڕۆیە
ئۆبــاڵی لاوی مەزلــوومی ســەرهەڵگرتووی لە ئەســتۆیە

ڕووقایمیتشــان بەرچــاوە دەنــا دەبــوو گشــتتان بــڕۆن
پــارەی دزراو بهێننــەوە و قوڕی ژێر پێی کۆچبەر بخـۆن!

نەک خەڵکی ناچاربە کۆچکەن هەڵبێ لە دەست بێدادیتان
لە کـۆڵمان ببـنەوە تـا گەل ئاشــت بێــتەوە بە نیشــتمان

٢٠٢١/١١/٩

ساڵیادی مەجیدی برام

مــن هەرگیــز لە بیــرت نــاکەم بــرا جــوان و جــوامێرەکەم
بــێ تــۆییمان پێــوە دیــارە ئەی پێشــمەرگە دلێــرەکەم

مەجیـدەکەی سـاڵح گـۆران هەولێـر چـۆل و هـۆلە بـێ تـۆ
تــا مــاوم، وای لە بەر چــاوم   بــۆت دەگێــڕم شــین و ڕۆڕۆ

کاکە ژیانــت گشــتی بەخشــی لە ڕێــی گەل و نیشــتمانت
چەندجار لەسەنگەر زامداربووی، نەوەستای لە تێکۆشانت

تــۆ شــایەنی؛ تــاجی ســەری، کوردســتانێکی ئــازادی
تیایــدا نەتەوەی کــورد تێکــڕا لەم خــاکە بــژی بە شــادی
٢٠٢٢/١٠/١٢

کۆرۆنا ..لوتکەی شەڕانگێزی

"کەهەندێ کەس بەملعندی دژی خۆپارێزی دەدوان "

کۆڕۆنای چـاوحیز، بێسـیفەت! دەیـهەوێ چـۆکمان پـێ بـدا
سـەرمایەی ئیمپریـالی وا لە لـوتکەی شـەڕانگێزی دا

جەنگـی بـایۆلۆجی لە گەڵ مرۆڤـایەتی ئەنجامـدەدا
دەیـهەوێ ملیۆنـان خەڵکـی لە سـەر زەوی پاکتـاو بکـا!

قێـزەونە و شـەڕی ترۆپکـی لە نـاوبردنی ئینسـانە
ئەوەی گومـانی لێـدەکرێ کاوبۆچییـەکی ڕەزاگـرانە

وەرن بـا لەم جەنـگە جیهـانییەدا تێکـڕای، مـافخوراوان
بەهۆشـیاری تەندروسـتی ڕێ بگـرین لە ڕوودانـی تـاوان

نـا بـۆ ڤایرۆسـی کۆڕۆنـای بەرهەم هێـنراو، چەکـی بەدنـاو
بەڵێ بۆ خۆپارێزی لێی، پـاکژی دەست و لـووت، دەم وچـاو

هەمیشە دوور بە لە ڤـایرۆس قەڵەبـاڵغی و خـواردنی پـیس
تـا تێـدەپەڕێ کـۆڵنەدەن هەر دەشـکێ لەشـکری ئیبلـیس

وەرەتـان قەت دانەبەزێ لێـی مەترسـن، خۆپـارێز بـن
ئەوە شـەڕی دەروونیـیە ڤایرۆسـە و دەبـێ بە هێـز بـن!

بـا یەکـتریمان خـۆش بـوێ بە خۆپـارێزی تێکدەشـکێ
سەرکەوتن بۆ زانسـتە و هەر بەرەی وەحشـیگەری دەشکێ

نەکەن بە لاملـی و نەفـامی پەتـا و ڤـایرۆس بـڵاوکەنەوە
باوەڕتـان بەزانسـت قـووڵ بـێ بەسـاغلەمی دەمێنـنەوە

وەک کەرە دێز عاسـێ مەبـن خـوا کەسـی گێـژ ناپـارێزێ!
بێ دەمامک و دەسکێش لە ماڵ دەرمەچۆ مەچـۆ ناو ڕێزێ!

هەولێر ٢٠٢٠/٣/٨

ملعندی: لاملی

ڕۆڵە گیان

ڕۆڵەگیـــــــــــان ئەگەر دەتەوێ
زوو پێشـــــکەوی کەس نەتگـــــاتێ
ســـبەینێکەت لەمـــڕۆت نەچـــێ
باشـــترینیان بە گشـــت ســـاتێ

جانتا هەڵگر

شـــاخهاتی و گـــۆردە گەلێـــک زۆربـــوونە وای لەم ڕۆژگـــارە
چـــوونەتە ئـــۆردووی دەزگـــای ســـیخوڕی بـــۆ مشـــتێ پـــارە

جانتـــا هەڵگـــری حیزبیـــی بـــێ گـــوێنە! نـــایەن لە ژمـــارە
وەك هێستری چەمووش لوشـکە دەهـاوێن! لەم لادێ وشـارە

بـــووینە داردەســـتی حـــوکمی گەل چەوســـێن! دژ بەم هەژارە
گەلـــیش واقوڕمـــاو، تـــۆقێنرای دەســـتی چەتەی غەدارە

حەیـــفە ئەو خەڵکـــی باشـــوورە کـــزە و نـــووزەی لێنـــایێ
گەر بە پێشـــــهاتێ ڕانەچڵەکێنـــــدرێ نـــــایێتە ڕایـــــێ!

مەترســـــن لێیـــــان، گوێیـــــان ڕاکێشـــــن دز ترســـــنۆکە
ئێـــوە یەکبگـــرن ئەوان دەڕووخـــێن، خـــوار لە ســـەرچۆکە!

چەورەی سەرکز و جاسووسی حیزبی هیچیـان پـێ نـاکرێ
کە گەل ڕاپەڕی، ڕۆژی حیســـاب دێ ! تێیـــان هەڵ دەدرێ!

٢٠٢٠/٢/٧

یاسای پارێزگاری چەتە

که پەلارێکتـــــان لێـــــدەدرێ که بەردێکتـــــان تێـــــدەگیرێ
وەک شـــێت و هـــار پەلامـــاری خەڵکـــی ئـــازادیخواز دەدەن
ئێـــوە کە قـــۆڵبڕ و چەتەن بە بەرد و جنێـــو شایســـتەن!
پێویســـتمان بە یاســـاییێکە دز و خائینـــان تەمبـــێ کـــا
نەک نووزەی ئازادی ببـڕێ دەرگـای ئومێـد بگـرێ لە قـوڕێ!
پەرلەمـــان تێـــری مشـــەخۆر بکـات بە ماشـــەی زوڵـــم و زۆر!
ئەوەی پشـــتگیری نانبـــڕە بە دایـــم هەر دەنگـــی گـــڕە
شـــایەنی جـــڕت و زینـــدانی و لێـــدانی تـــێلا و شـــوللاقە
بە پەڕۆی پـــیس فڕێـــی بـــدەی لە پەنـــجەرە و لە دەلاقە!
یاســـای پارێزگـــاری چەتە دەربچـــوێنن، دەرنەچـــوێنن
تـــازە گەل لێتـــان تـــوڕەیە نەرمیتـــان لە ڕاســـت نـــانوێنن!
٢٠٢٠/٨/١٦

مامۆستا زارا

گەوجیـــــنە زارا خوێنـــــدکاری قـــــانیعە و ڕۆڵەی ســـــنەیە
قـــوڕ بەســـەر ئەو داگیـــرکەرەی تەمـــای بەم زەبـــر و زەنـــگەیە

مەیدانی نەبەردی

هەر لە مەیـــــدانی نەبەردیـــــم چەقیـــــوم چـــــۆکم نەداوە
گەرچـــی بەجەســـتە پیربـــوویمە بەڵام دڵـــم هێشـــتان لاوە

دوومەترەقی زوڵمستان!

ئــاخ ئەو زوڵمســتانەی ئێــرە ســەرچاوەی کەلــلە ڕەقیــیە!
خۆیــان نــاو نــاوە دیمــوقراتا بەڕاســتیش دوومەتــرەقییە!★

ئازادیــان خنکانــدووە و دەشــڵێن ئــێمە کــوردپەروەرین
ســەرکوتچی بــێ ڕکــابەرن! هێشــتاش هەر دەڵــێن ڕابەریــن

ئەو هەمــوو تــۆمەت دانەپــاڵ چــاڵاکوان ڕاوەدوونــانە
دوو مەترەقــی حیــزبییە بــۆداوا نەکردنــی نــانە

بەچــکەی زاڵــم تێدەکۆشــێ تــا نەیــارانی بێــدەنگ کــات
لە تیقییەکــان بە تێکــدەر و گێــرە شــێوێن ناویــان دەبــات

حــوکمی دوو مەترەقــی ئێــوە شایســتەی ئەو گەلە نیــیە
بوختــان بــۆ مــافخواز هەڵبەســتان ئەو پەڕی ترســنۆکییە

خــــۆ دەزانـــم کلکەکـــانی ئەو دوومەتـــرەقییە زۆرێکـــن
هەرکێی بێدەنگ بێ لەو زوڵمە پارسەنگی حوکمە و شــەریکن!

چاکسازی چــی؟ تۆقانــدنتان بــۆ مــانەوەی ســەر کورســییە؟
گۆڕانخــوازەکەی دوێنــێ کــوا ؟ ئێســتاکەی چەنــد شــوورەییە!

٢٠٢١/٢/١١

★مەترەق ...کوتەک ... قوتەداری دەستی شەڕکەر

ڕۆندك*

عەیشان دەڵێ بابێ من دادگایی مەکەن بێ تاوانە
ئەوەی پێدڤێ لە حەپسێبێ، سەبەبکاری بێویژدانە

ڕۆندکی چاڤێ عەیشانێ ڕیسوای ئەو حوکمەتان دەکات
تۆقیون گەل ڕابن بۆیێ دەسەڵات هێز بەکار دەخات

٢٠٢١/٢/٢٧

★ڕۆندك : فرمێسك

دیوەخان

هەتا دیوەخان دەمڕاستی گەل بێ
دەبێ بارمان هەر
لەسەر پشتی کەر
یان هێستری شەل بێ !

هەولێر ٢٠١٧/٩/١٩

باجی سەرکزی*

"کەلافاو تەنگی بە هەولێر هەڵچنیٚ"

بــۆم نــاکریٚ بتلاوێــنمەوە ئەی هەولێــرە برینــدارەکەم
تــاقمێکی چــاوچنۆک، زاڵــم ڕەتانــدوویەتی شــارەکەم

ئێســـتا لە کارەســـات دەژیـــن هەژارانـــی هەولێـــرەکەم
بــیٚ ویژدانــی بە نــاو خــۆیی پســاندی تەلــی ســازەکەم!

هەولێــری جــاران نەمــاوە بە دەســت تاڵانچیــان دامــاوە
دانیشـــتووانە ڕەســـەنەکەی بڕبـــڕەی پشـــتی شـــکاوە

چاوبرســـییەکان وەک مـــۆتەکە شـــاریان لە قـــافیٚ کێشـــاوە
کەنـدو ڕێـی ئـاوی بارانیـان بـۆ قـازانجی پـووچ لووشـداوە

هەولێــری کــۆن و خەڵــکەکەی بە هەژاری جــیٚ هێڵــدراوە
ڕێــی ئــاوەڕۆکەی گیــراوە لە ژێــر ڕەحمەتــی لافــاوە

هەولێــری نــوێی بەگلەرانــیش! لای گرانبەهــای ڕۆژئــاوایە
شــوێنی لەو هەولێــرە جیــایە کە خەڵکــی ئاســایی تیــایە

هەنـدیٚ لە بـورجی عـاجییە و زۆریـنەش پشـت گـویٚ خـرایە
خەڵکیــنە زویــر مەبــن تێکــڕا بــاجی ســەر کــزیمان دایە!

٢٠٢١/١٢/١٧

★ "ساڵی لافاوەکەی هەولێر"

بۆ نەوزاد ڕەفعەت

نەوزاد گیان ئەی پڕحەسرەت ترین پرسەی شیعرو جوانی ژیان
ئەی غەریبـترین، غەریبـی بـێ پشـت و پەنـا و چـاو پـڕ گریـان

ئـۆغرت خێـر، هەمیشـە لە ڕۆحـی هەولێریانـدا زینـدووی
تـا مـابم هەر یـادت دەکەم هـاوڕێی ئـازیزمی نەمـردووی

لە تەنهایی دا

لە تەنهـایی دا باشـتر ڕوونـاکی دەبیـنم
لە خەڵوەتـدا، جـوانتر خـوای پـاکی دەدوێـنم

ئـای تەنهـایی تـۆ چەنـدە بـێ ئـازارو چەنـد بە حەوسـەڵەی!
خەڵکـی گەنیـون تـا ڕاددەی، درۆی بنکـردە و سـەرجەلەی!

هەولێری نازدار

من چەشنی ماسیم بێ هەولێـر نـاژیم
هەولێـرە دەریـای سـەرچاوەی شـادیم

هەرگیـز بـۆم نـاکرێ بە جێـی بهـێڵم
دوور لە هەولێـــرێ کەســـاس و وێڵـــم

قەڵا و منـــارەی جێـــی شـــانازیمە
لانـــکەی منـــداڵی و شـــوێنی وازیـــمە

هەولێـــری ڕەســـەن ڕەوشـــتی پـــاکە
چـــاو تێـــر و مەردە لە باشـــی تـــاکە

جێـــی قارەمـــان و گیـــان بـــازی وڵاتە
دوژمـــــن بەزێـــــنە و خـــــاوەن قەڵاتە

مێـــژووی شـــاهیدە، غەریـــب پەروەرە
لە سـۆزو وەفـای، هەر خـۆی سـەروەرە

ئـێمه و هەولێـر وا ئـاوێتەی یەکـین
ئاشـتی پەرسـتین ئـازاو لا شـەڕین

هەولێـر پـایتەختی پـێکەوە ژیـانە
مایەی خۆشبەختی گشت هەولێریـانە

خـوایە ئـاواکەی هەولێـری نـازدار
سـەری خەی بەسـەر پیلانـی زۆردار

چ داگیـرکەرێ چ دەسـتی دەرێ
نـاتوانێ هەولێـر لە خشـتە بەرێ

شـاری کـوردانە هەولێـر بێگومـان
سـەر دانـانوێنێ بـۆ دز و جەردان

چەنـدین دوژمـن هـات، شـکان لێـرانە
چـونکە هەو لێـر جێـی مەرد و مێـرانە

هەولێر ٢٠٢٢/١١/٥

کۆستێکی گران

"بۆ مامۆستا سادق ڕۆستایی پێشکەشە"

هــۆ هــاوڕێیە زمــان دۆســتەکەم ســادقەکەی هەولێــر و ڕۆســت
ناکاو بروسکەی مەرگت گەیشت کۆستێکی گران، تاڵترین کۆســت

چەنــدە شــیرین پەرتــووکی ئەم پڕۆگرامــانەت، کــوردی نووســکرد
دەســتت بە ســەریان داهێنــاو فێــر خــوازت بەرەو ئومێــد بــرد

ئەی ســادقە ســەر ڕاســتەکە بەو مەرگەت گەلێــک تاســاوم
کــوردە بە خــاک پەیوەســتەکە هەمیشــە وای لە بەرچــاوم

٢٠٢٢/٩/١٤

بۆ دیدەنیت

حەزم لە دیــدەنیتە قوربــان دێــمە خــزمەت یــاری خــۆم
بەسەر دەکشێ دڵی لەت لەت، هەند عەبداڵی دیداری تــۆم

لە بــێ تــۆیی دا تــاریکە دونیــای ڕۆشــنی مــن بێشــک
بــازاڕ و قەیســەری ئێــرەم گشــت لا بــوویتە کــونە مشــک!

٢٠٢١/١٠/٢٠

لەعەشقا

هەر کـێ لە عەشـقا نەگـاتە ئەوجـی دڵـی یـارچ ناکـات ؟
گەیشتن بە دامێنی چیـا ئاسانە گشت کەس بۆی دەروات!

دڵـم بـێ یـار بـوویتە خەڵـووز هێنـدە سـووتاوم لە دووری
بە خەیاڵ دێنمە پێش چـاوم وێـنەی یـارم بەمەجبـووری
٢٠٢٢/١٢/٢

سلێمانی

"بۆ یادی ٢٣٨ ی بنیاتنانی شاری سلێمانی"

شـاری شـارانم سـلێمانی مەکـۆی شـۆڕش و قوربـانی
خۆشەویسـت و دڵگیرتریـنی بینـایی چـاوی کـوردانی

ناحەزە کێی تۆی خۆش نەوێ وەک گۆیژەو ئەزمرت جوانی
دەسـتەمۆی بێگانـان نـابی مێـژووت لە بەرزی دەڕوانـی

دەبێ خزمەتکاری تۆ بێ کێ خۆی بە حوکمەت دەزانی
دەنا ڕۆژگار تەمێی دەکا زۆر ناکێشێ چاوەڕوانی

سلێمانی تۆ هەر پێشەنگی کوردپەروەری و تێکۆشانی
سەرچاوەی دەنگی زوڵاڵی شیعر و هونەر و گۆرانی

سەرچنار و پیرە مەگروون جوانن وەک قەڵاچواڵانت
بنیاتنەری سلێمانی بوون شێرانی پاشای بابانت

دڵ دەبووژێنتەوە کاتێ بۆ خۆشی دەچیە سەردانی
سەر ناکەوێ کێی بیهەوێ بەرە و پاش بڕوا سلێمانی

یادی دامەزرانت پیرۆز، دوو سەدو سی وهەشتەمی
سلێمانی هێزی ئومێدی کۆتایی ڕەشەبا و تەمی

شاری کوردی و نالی ومەحوی بەردەوام هەر پێشدەکەوی
بەیداخی هزری سلێمانی بە هیچ بەد کارێ نانەوی
هەولێر ٢٠٢٢/١١/١٤

ژینا ڕۆژهەڵاتی

زەق زەق دیـــارە کە ئاخونـــدی جاهیـــل دژی ژن و ژیـــانە
زراوی دەڕژێـــتن بە شـــەوقی پەرچەمـــی زێڕینـــی ژینـــا

هیچ پێت سەیر نەبێ تاریـک پەرسـتانی چەرخـی بەردیـن
فێـــرن بە بەرد بـــارانی ژن، زینـــدە بە چـــاڵ و ســـەربڕین

دیـــارە ئەوان کە بەرگەی تیشـــکی ئـــازادی، ژنـــان نـــاگرن
گەر خۆر هەڵبـێ، شەمشـەمە کـوێرە چیـدی نـاتوانن بفـڕن!

کە ژینـاش سەرپۆشـــی لادا هـاتە مەیـدانێ و ئـازاد بـوو
عەمامە لە سەر لای وایە تەخت و بەختی ئەو بەر باد بووا

تـا سـەر ئەم حـوکمە گێڕەتـان بێشـک بـۆ نـاچیتە سـەرێ
کە ژن بـــانگی ئـــازادی دا دەبـــێ ئاخونـــد، بارکـــاو هەرێ

مەزهەب گەرای مێشک شۆراو کوێردەبێ لە ئاستی جـوانی
نـــاگرێ بەرگەی لێـــزمەی ئـــاوی بـــاران و ڕووبـــار و کـــانی

عەقڵ بەنجکراوێ کاڵ فـامێ یـان سـیخەگەرێ ئاخونـدێ
ناشێ و ناکرێ بیکەی بە دەمڕاستی تاخێ یان هی گوندێ

ئەوان چـــون مێشـــک گەنیـــون دژی جـــوانینە ژنکـــوژن
دەنـا کـوا ژیـان مانـای هەیە بـێ هەناسـەی ئـازادی ژن؟

خـــاتوو ژینـــا زینـــدووەو وا ڕۆحـــی دەژی لە ڕۆژ هەڵات
هـا کـا خـۆری ئـازادی ژن، هەڵهـات و دوژمنـیش هەڵات!

هەولێر ٢٠٢٢/٩/٢٤

کینەسازی کورد کوژی

"کەلە ناوەندێکی ڕۆشنبیری لەپاریس، نەژادپەرپەرستێک چەند چالاکوانێکی کوردی تیـرۆر کرد"

زوو پێم گوتـن دیموکراسـی ڕۆژئـاواش پینـەو پـەڕۆیە
پێشکەوتنەکەشیان ڕووکەشە و جوانییەکی بێ تـام و بـۆیە
ئەوان، وان لە ژێـر هەژمـوونی بەرژەوەندییەکـی قێـزەون
دەمـامکی مـافی مرۆڤیـان ڕۆژ بـە دوای ڕۆژێ دەکـەون
دیسان بانـدی تیرۆریسـتی خـرا گەڕ دژی وڵات پارێـزان
گەر پاریس خۆی شل نەکابۆی چەقەڵ ناگەنە جێی بـازان

لە هەرکوێیەک بەخوێن دابێ لووتی کـوردێکی بەڕوومەت*!
بە گەڕ خـراوە ڕاسیزمێـکی کەمالیسـتی سـەر بە دەوڵەت
ڕۆژ نییە تیـر نەدەن لە دڵی ئـازادی خـوازی ئەم خـاکە
کینەسـازی عوسـمانلی بـۆ کـورد کـوژی گەلـێ چـالاکە
دوژمن شـەیدای خوێنخـۆرییە و ڕاهـاتووە و پـڕ ئەزمـوونە
کـوردیش کـاری دڵسـافییە و وەک نێچیـر هەر پێوەبـوونە!

٢٠٢٢/١٢/٢٤

*بەڕوومەت : بەشەرەف

ڕاسیزم :ڕەگەز پەرست

ڕێز بۆ کەردانێن

نــازانم ئەو خەڵــکە بــۆچی یەخەی گوێــدرێژیان گرتــووە؟
کێی خراپیێ ێیدەڵێن کەرە، بێ عەقڵ و گەمـژە و گـوێ درێـژ؟
ئەو بەســتەزمانەی لەوەتەی خــودا خــۆی خەڵقــی کــردووە
هەر لەخـزمەت گـوێ کورتبـووە لە پاکیـان تـا پاشـاو بە قرێـژ!
پێـی دەڵـێن: کەر، گـوایە گەوجە درایـتە بەر قـامچی و نەقیـزە
کەچــی کەر لەچــاو هەنــدێکیان پــڕلە عــیلمە و بە ئــاوەزە
گوێ کورتێ جاهیـل بـێ سـەد قـات کەرتـرە لەجاشـێکی دێـزە
بلیمەتـیـش بێ پێـم بـاشـە لێی خوری کامەی خـاوەن فیـزە!
کەر عــاقڵە و لەمە چێــتر دوو پــێش هەن نــاگەن بە هێســتر!
خەڵکینـە ڕێـز بـۆ کەر دانـێن نەک بـۆ ئەوەی لە گـژ کەرێـن!
واز لە کەری چـوار پـێ بێـنن دوو پـێ پشـتی کەر دەشـکێنن
چانییە کەر چەک بەدەست نییە کەس نـاکوژێ و نـاگەوجێنێ!
دەســەڵات و کورســیی نیــیە تــا خەڵکــی پــێ بتــۆقێنێ
چــوارپێیەک هەرگیــز پێــی نـاکرێ یەک فیشـەکیش بتەقێنــێ
دووپێش هەن گوێ نـادەن دونیـا گشـت بە ئەتـۆم بفەوتێنـێ !
شــەڕ دوژمنــی مـرۆڤە بـۆرژوا بـۆ مـانی خـۆی دەیقەومێنــێ
شــەڕی ئۆکرانیــا و ڕووســیاش دژوارە کــێ دەیوەســتێنێ؟
ئەهلــی فیکـرو عەقڵــی دونیـا زووبــن شــەڕخوازان ڕابگــرن!
دەنـا سروشـت و مـرۆڤ هەمیـان بەژەهـراوی ئەتـۆم دەمـرن!
هەولێر ٢٥/١٠/٢٠٢٢

چاونوقانێك

زەمەن چەنـــد خێــرا هـــات گـــوزەری کـــرد

چـــاو نوقانێـــک بـــوو بە هەناســـەی ســـارد

عومرێـــک بـــوو پـــڕی دەردەســـەری بـــوو

بێ بەزەیـی بـــوو دڵ وەک گاشـــەی بـــەرد

بـــۆدەرمـــان نەمـــدی خەمخـــۆرێکی کـــورد!

٣٠/١١/٢٠٢٢

پاش مەرگە سات

"دوای بوومەلەرزەکەی باکوور و ڕۆژئاوا؛

مــن بولبـولێکی دەنـگ خۆشـبووم بەردەوام گـۆرانیم دەچـڕی

زەمـــین لەرزەیەکـــی ناکـــاو گەرووی زێڕینمـــی هەڵـــدڕی

خــوای میهرەبــان بـگە هانــای گیرخــواردووی ژێــرداروپەردوو

ئەشکی چاویان بوویتە خوێناو پاش مەرگەساتی کۆستکەوتوو

٢٠٢٣/٢/٨

شارژمکەوە

"پێشکەشە بە هاوژینەکەم"

لە ڕۆژی خۆشەویستیدا ڕۆحــی خۆمـت پێشـکەش دەکەم
گوڵی سووری ژینــی مـن تـۆی بـۆیە بەگـوڵ نـاوت دەبەم

دڵــم پەیوەســـتە بەو دڵەت بێـــی تـــۆ هەدادانـــم نیــیە
ئەگەر بــێ و تــۆ زویربــی لـێم مانــایەک بـۆ ژیــانم نیــیە

نەکەی دڵــت گەرد بگـری لـێم بە هەناســەی تـۆوە مــاوم
بە ئـامێزی پـڕ میهـری خـۆت شــارژمکەوە هەردوو چــاوم

هەولێر ٢٠٢٣/٢/١٥

شارژمکەوە : وزەم دەرێ، بمبووژێنەوە

دهۆکی دەلال

ئەی شـــاری دهـــۆکی دەلال و ڕەنگیـــنم
زۆر دڵشـــادم لە پێشـــکەوتندا بتبیـــنم

ئەو دهــۆکە جــوانەی شــاری بەرخــودانە
خۆشەویســتی دڵــی مەیە، هــی کــوردانە

جێــی پێکڤەژینــی مەسـیحی و موسـڵمانە
دانیشـــووەکەی بـــادینی مەردی مەیـــدانە

ئاکرێ وشێخان و ئامێدی و زاخــۆی جـوانە
پــرا دەلالـــی مێـــژووی پــڕ لە کــۆڵنەدانە

ســۆلاف و سەرسـەنگ قیبلەگـای دڵـدارانە
خۆشـــترین جێـــی ڕابــواردنی گەشـــتییارانە

دهـــۆکی تەژی ئەڤینـــی نیشـــتمانم
هــۆ جــوانترین نەوبــووکی بونیـادی مـانم

جێـــی شـــانازی گەلـــی جزیـــر و بۆتـــانم
دڵـــی مەم و زینـــی عەشـــقی کوردســـتانم

هەولێر ٢٠٢٢/٣/٨

زمانی کوردی

وەتـی★ دایکـم بە زمـانی شـیرینی کـوردی گۆشـی کـردم
لە خزمەتیـدام بە جـوانی چـون بەو زمـانە دیـارە کـوردم

زمانەکەمـــان جێـــی شـــانازی و هۆکـــاری مانەوەمـــانە
خزمەتـــی ئەرکە جـــا بڵـــێن، زمـــانی نەتەوەمـــانە!

پیسـکە بازرگـان بـۆ قـازانج زمـانی کـوردی وێـران دەکەن
کڕنـۆش بـۆعەرەب و عەجەم   بـۆ بێگـانە و دۆلار دەبەن

زمـــانی کـــوردی ناســـنامەمە بە چـــاپووکی دەیپـــارێزم
بـــژاری دەکەم لەخڵـت وخـــار قـــایمی دەکەم مەتەرێـــزم

زمـــانم گلێـــنەی چـــاومە بە خۆشەویســـتی ئەو دەژیـــم
بە کـوردی گـۆرانی دەڵـێم قوربـانی چیـا و دۆڵ و کەژیـم

٢٠٢٣/٢/٢١

★وەتی : لەوەتی، لەوساکەوە

★مەتەرێز:سەنگەر

فیشاڵی بنەماڵان

خـــانیچۆلەی منـــداڵانیش بە ملهـــوڕی دروســـت نـــاکرێ
شـوێن و کـاتی خـۆی گەرەکە! دەوڵەت چـۆن وا پێکـدەهێنرێ؟

کە دۆڕاون حەی عەلســـەڵا کڵاوتـــان تێنـــاو کـــڵاش دڕاون!
یەخەی(پـــێ مـیم) بەردەن، ئەوان پیـــرۆز و ڕێـــز لێگیـــراون

ئاشەکـە و ئـاو لێ بــڕاوە و خوێنـی خەڵکیشتـــان لا ئـــــاوە
دەوڵـەتـەکـە و قەڵـپ دەرچـوو شپرزەیـیشتـــان بـەرچـــاوە

بـە کوردێـنی بێـــزەوەرتـــان کـەرکووکتـــان بـەم دەردەگەیـــان
قـەیـرانی نـــوێ و هێـنـاکایـە ئـەم فلیمەتـــان زۆری خـایـــان

گەلـــۆ چیـــدی بـــاوەڕ مەکەن بە فیشــــاڵی بنــــەماڵان
تێیان بخۆڕن ! هەڵیـان ببـڕن خەنـجەر بـۆ چیـیە لــە کـاڵان؟

چەند دێرێکەلەشیعرێکی درێژ   تشرینی دووەم ٢٠١٧

بگەڕێوە شیرینەکەم

بــــۆ دیـــدارێکی وەک جـــاران بە شــــەو ورۆژ دەنـــاڵێنم
ڕەحمــێ بەحــاڵم کە تــاکەی هەر بــەخەیــاڵ ڕاتــهەژێنــم؟
زووکە ســـەردانێکم بـــکە تـــا لە ژیانـــدا مـــاوم زینـــدووم
چ فایـــدەیە لە پـــاش مەرگـــم بگێـــڕی مـــاتەم و شـــینم!؟

لە دووریتـــــــا دەربەدەر و سەرلێشـــــــاو و دامـــــــاوم
کەینــێ دڵــت پــێم دەســووتێ ؟ دەپرســی لە حــاڵی ســەختم؟
مــاچێکی ئەو دەمـــەم دەرێ ژێـــرکەوە گیـــانی ڕەنجـــاوم
بــێ تــۆ هەرگیــز نــاگوزەرێ ئەی ڤینووســی خۆشەویســتم

توخــوا ئەو جــارەش وەرەوە دڵــی شـــەیدام ئاشــت کەرەوە
بــێ تــۆیی دەردێکــی گــرانە دەســـت لە ملانــی دڵ بەرەوە
زەمەن دەڕوا و جــێمان دێڵــێ پەشــیمانیش دادمــان نــادا
دولبەرێکـــــی دڵ بەری بـــــێ ویـــــژدان مەبە زوو بێـــــرەوە

لە ژوانێـکی گەرم و گوڕ گەر هاتی بـەدکار چاوی دەرێ
ژین بێ تۆ هیچ مانای نییە با ڕەقیب دڵی شـەق بـەرێ
وەک فـەرهاد کەوتوومــە کێـوان نــازدار زامەکـەم زۆر قـووڵە
گەر لێوت نەچتە سەر لـێوان ڕۆح لە جەستەم دەچتە دەرێ

تەمەنمـــان هەروا هەڵدەکشـــێ لە پـــاییزیش ڕەتـــی داوە
بەهـــاری ئـــێمە زۆر کورتبـــوو وەک گـــوڵی نێرگــز ژاکـــاوە
بگەڕێـــوە شـــیرینەکەم گـــوێ لە تـــرپەی دڵـــت بگـــرە
ئـــازابە و ئەوعەشـــقەت ســـەرخە دەنـــا ئـــارامت فەوتـــاوە

٢٠٢٢/٨/١

کورتەیەك لەژیانم

- "سابیر کوڕی حاجی ساڵحی عەزیز گۆران"ـە، لەگوندی گۆمەگڕوی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایکبووە.
- لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە لە هەولێر ژیاوە.
- هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خانەی مامۆستایانیشی لە هەولێر تەواوکردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی گرتگی دۆڵی ڕوستێ بە مامۆستای وانەبێژ دامەزراوە.
- لەساڵی ١٩٧٣ لە گوندی پیرئۆمەر بەمامۆستای بنەڕەتی دامەزراوە، ماوەی چل ساڵ پیشەی مامۆستایەتی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لە گوندی گوندەژۆر تا تێکچوونی شۆڕش ئەیلول مامۆستا بووە.
- ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٧ بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەربەند ڕایات بووە.
- لەساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیری کردووە، کوڕێک و پێنج کچی هەیە.
- ساڵی ١٩٧٧-١٩٧٩ لە گوندی گعێتل مامۆستا بووە.
- ساڵی ١٩٧٩-١٩٨١ لە گوندی کەلەکان مامۆستا بووە.
- لە ساڵی ١٩٨١-٢٠١٣ لەم قوتابخانانە مامۆستایەتی کردووە، نیگار، کرمانج، ئەربیل ئولا، تەبایی، پیرەمیرد، نالی و هێمن (سیڤان).

- بەشداری کاری سیاسی لەناو (ی. ق. ک) و (پ. د. ک.) و (ی. ن. ک.) و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان داکردووە.
- لەساڵی ١٩٨٣ وە وازی لەکاری حیزبایەتی هێناوە.
- بەشداری ڕاپەڕینی نۆهەدو یەکی کردووە.
- لە دامەزراندنی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ساڵی ١٩٧٢ لەهەولێر بەشدار بووە.
- هەندێک لە بەرهەمەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و لاپەڕەی فەیسبوکی خۆی بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی نەوەت و یەک، لەکاتی کۆڕەوەکە، شێست "دانە"ی وەک یەکەم نامیلکەی شیعری خۆی بە فۆتۆکۆپی، بەناوی (سروودی نەورۆزێکی تازە) لە مەهاباد بڵاوکردۆتەوە.
- بەشداری چەندین میهرەجانی شیعری کردووە.
- لەساڵی ٢٠١٣ دا خانەنشین بووە.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستانە.
- بەشداری کۆنگرەی، ساڵی نۆهەد و دووی شەقڵاوەی یەکێتی نووسەرانی کوردستانی کردووە.

سابیر گۆران
٢٠٢٣/٥/٢٩